# سۆفیزمو کاریگەریی

# لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا

( ١٨٨٠– ١٩٢٥ )

هەواڵنامەی کتێب

د. جەعفەر عەلی رەسوڵ

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

سلێمانی – ٢٠٠٨

ناوی کتێب:                    سۆفیزم و کاریگەری

لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا

(١٨٨٠– ١٩٢٥)

نوسینی: د. جەعفەر عەلی رەسوڵ

دیزاین: مینە

بەرگ: رەنج

چاپی یەکەم : سلێمانی ٢٠٠٨

ژمارەی سپاردن:٥٥٥ ساڵی ٢٠٠٨

چاپخانە: شڤان

تیراژ:١٥٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

هەواڵنامەی کتێب

به عەبدولخالق مەعروف ...

پێشکەشە

هەواڵنامەی کتێب

ئەم کتێبە، لە بنەڕەتدا تێزێکی دکتۆرایەو پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە کراوەو لە لایەن پرۆفیسۆر د. کەمال ئەحمەدەوە سەرپەرشتی کراوە.

هەواڵنامەی کیبر

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەكی** | ١٥-٩ |
| **بەشی یەكەم: ڕێبازەكانی سۆفیزم لە كوردستاندا** | ٦٣-١٧ |
| باسی یەكەم: سۆفیزم (پێناسەو چەمك) | ٣٣-١٨ |
| تەوەرەی یەكەم: سۆفیزم لە ڕووی زمانەوانییەوە | ٢٤-١٨ |
| تەوەرەی دووەم: پێناسەو مانای زاراوەیی سۆفیزم | ٣٣-٢٤ |
| باسی دووەم: لە بارەی ڕێبازەكانی سۆفیزم لە كوردستاندا | ٦٢-٣٣ |
| **بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی سۆفیزم لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی كورد لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا** | ١١٧-٦٣ |
| باسی یەكەم : سیاسەتی پان ئیسلامیزمی عەبدولحەمیدی دووەم و شێوازی ڕەنگدانەوەی لە هەڵوێستی ڕێبەرانی سۆفیزمی كورددا | ٩٩-٦٤ |
| تەوەرەی یەكەم: سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو سیاسەتی پان ئیسلامیزم | ٨٢-٦٤ |
| تەوەرەی دووەم: شێوازی ڕەنگدانەوەی پان ئیسلامیزم لە هەڵوێستی ڕێبەرانی سۆفیزمی كورددا | ٩٨-٨٣ |
| باسی دووەم : سۆفیزمو بیری نەتەوەیی لە لای شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری | ١١٧-٩٩ |
| **بەشی سێیەم: كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی و هەڵوێستی بەرانبەر سۆفیزم لە كوردستاندا** | ١٤-١١٨ |

| | |
|---|---|
| باسی یەکەم : کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیو سۆفیزم لە کوردستاندا | ١٤٥-١١٩ |
| تەوەرەی یەکەم : کورتەیەك دەربارەی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی | ١٢٩-١١٩ |
| تەوەرەی دووەم: دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقیو سۆفیزم لە کوردستاندا | ١٤٥-١٢٩ |
| باسی دووەم: راپەرینەکانی کورد لە رۆژگاری دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقیو پەیوەندییان بە سۆفیزمەوە | ١٦٨-١٤٦ |
| یەکەم: راپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی بارزان لە پەیوەندی بە سۆفیزمەوە | ١٥٩-١٤٦ |
| دووەم: رەنگدانەوەی سۆفیزم لە راپەڕینەکەی مەلا سەلیمدا | ١٦٨-١٥٩ |
| **بەشی چوارەم : قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشانی رێبەرانی سۆفیزم لە کوردستاندا ١٩١٨-١٩٢٥** | ٢٣١-١٦٩ |
| باسی یەکەم: شێخ مەحمود لە تەریقەتەوە بۆ مەلیکی کوردستان | ٢٠٠-١٧٠ |
| باسی دووەم: راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە نێوان بیری ئاییینیو بیری نەتەوەییدا | ٢٣١-٢٠١ |
| **دەرەنجام** | ٢٣٥-٢٣٢ |
| **سەرچاوەکان** | ٢٥٩-٢٣٦ |
| **ملخص البحث** | ٢٦١- ٢٦٠ |
| Abstract | ٢٦٣-٢٦٢ |

# پێشەکی

سۆفیزم دیاردەو بزووتنەوەیەکی رۆحـانی ـ کۆمەڵایەتییـەو کاریگـەریی خـۆی بەسـەر ژیـانی سیاسـیو کۆمەڵایـەتیو رۆحـیو ئـەدەبیی کۆمەڵگـەو گروپـە مرۆییـە جیاجیاکاندا داناوە. لە قۆناغەکانی دواتری دەرکەوتنیدا، سۆفیزم لەوە دەردەچێت بە تەنها بریتی بێت لە زیکرو خەڵوەتگیریو مومارەسەی رۆحانیەت، بـەڵکو دەگۆڕێت بـۆ بەشـداری لـە ژیـانی سیاسـیو کۆمەڵایـەتی لـە کۆمەڵگـەو دەوڵەتـدا. شـێخەکانو تەریقەتـەکانی سـۆفیزم لـە ئاسـیاو ئـەفریقا بەگشـتیو کوردسـتان بەتایبـەتی ئـەو راستییەیان نیشان دا، کە تا ئاستێکی زۆر بە تەنیا پابەندی کاری رۆحانی نـین، بـەڵکو هـەمان کـات رێبـەرو سـەرکردەی سیاسـیو هێـزی کۆمەڵایـەتی وزە بەخشـی دژی کۆلۆنیالیزمو داگیرکەرانیشن.

بیروباوەڕی سۆفیزم لە نێو کورددا لە رووی کۆمەڵایەتییـەوە بـە باشـی جێـی خۆیکردۆتەوەو هۆشیاریی ژمارەیەکی زۆری خـەڵکی داگیرکـردووە. شـێخ، کـە کەسـی یەکـەمو مورشـیدی تەریقەتـە لەبارەگاکەیـدا (تەکیـە، خانـەقا) بنچـینەو بنـەماکانی تەریقـەت فێـری مریـدو لایـەنگرانی دەکـات، دواتـر مریـدە باشـەکان بـەپێی یاسـاکانی تەریقەت دەبنە نوێنەر، یان خەلیفەو بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبـاوەڕی سـۆفییانە دەچـنە نێو گروپە کۆمەڵایەتییە خێڵەکییەکانەوە، بەم جۆرە تۆڕێکی فراوانی پێکەوە بەسـتراو بـە پرانسـیپەکانی سـۆفیزم تـەواوی کوردسـتان دادەپۆشـێت کـە لەگـەڵ جوگرافیـای عەشیرەتی بە باشی یەکدەگرێتەوە.

لە کوردستاندا، لە هەلومەرجی تێکشکاندنی دەسـەڵاتە لۆکالییـەکانی کـوردو پـەرتو بـڵاویو نـەبوونی ناوەنـدێکی بـەهێز، کـە توانـای ئاراسـتە کردنـی پرۆسـە سیاسییەکانی بەرەو ئامانجێکی هاوبـەش هـەبێت، رێبازەکـانی تەریقـەتو شـێخەکانی سۆفیزمی کوردی زەمینەیەکی لەباریان بۆ رەخسا، تا ئـەم بۆشـاییە پڕبکەنـەوە. ئـەو رۆژگارە، واتە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە شێخەکانی تەریقەت تەنیا کەسانێك بوون، بتوانن خەڵکی کـورد لـە دەوری خۆیـان کۆبکەنـەوەو سـەرلەنوێو لـە فـۆرمێکی نـوێتری دەسـەڵاتدا کۆمـەڵی کـوردی رێکبخەنـەوە. دەسـەڵاتو نفـووزی شـێخەکانی تەریقەت لە رێی زێدەگۆیی خەلیفەو مریدو لایەنگرانیانو باوەڕهێنانی بێ بیرکردنەوەی

خەڵك بەهێزو توانا شاراوەو ئەفسانەییەکانیان، پلەو پایەو پێگەی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی شێخی تەریقەتی پتەوتر دەکرد. لێرەوە شێخەکانی تەریقەت دەیانتوانی ببنە سەنتەری بەهێزی کۆکردنەوەی خەڵكو هەلومەرجە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکەش زەمینەی لەباری کۆبوونەوەی خەڵکی لە دەوری ئەوان رەخساند بوو.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە شێخەکانی رێبازی سۆفیزم لە کوردستان رێبەرایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەییو نیشتمانی گەلی کوردیان گرتە دەست، بەمانا لە کوردستاندا خۆمان لە بەرانبەر بارودۆخێکی جیاوازتر لە هی دونیای سەدەکانی سەرەتای دەرکەوتنی سۆفیزمی ئیسلامی، واتە لە چەقبەستنی کۆمەڵایەتیو خۆ بە دەستەوەدانی واقیعدا، دەبینینەوە.

لە کوردستاندا بیری سۆفیزمو رێبەرانی تەریقەتەکان دابەزینە نێو گۆڕەپانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو بە پشت بەستن بە پرانسیپەکانی جیهادو قوربانیدانو کارکردن بەماناو چەمك و زاراوەکانی دین بەرووی ستەمکاری دەسەڵاتە داگیرکەرە جیاجیاکانی کوردستان وەستانەوە، واتە شێخەکان لە راپەرینەکەی ساڵی ۱۸۸۰ی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە تا راپەرینی ساڵی ۱۹۲۵ی شێخ سەعیدی پیران، کە چوارچێوەو سنووری دیاریکراوی توێژینەوەکەی ئێمەیە نە تەنها رێبەری تەریقەتو مورشیدی باڵای ئایینی، بەڵکو بوونە رێبەری جووڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیو نەتەوەیی گەلی کوردیشو کاریگەریو قورسایی زۆریان بەهەردوو دیوی پۆزەتیڤو نێگەتیڤدا بەسەر ژیانی سیاسیوکۆمەڵایەتیو فەرهەنگی خەڵکی کوردو جووڵانەوە رزگاریخوازییەکەیەوە هەبوو.

لێرەوە هەڵبژاردنی بابەتێکی لەم جۆرەو گرنگییەکەی دەردەکەوێت، تایبەت تاوەکو ئێستا ئەم لایەنە لە مێژووی کوردی نوێو هاوچەرخدا بارتەقای پێویستبوونی لە ناوەندە زانستیو ئەکادیمییەکاندا توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە، یان لایەنیکەم نەخراوەتە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستییانەی تایبەتو سەربەخۆوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە پشت بە تاکە میتۆدێك نەبەستین، بە گوێرەی ئەوەی دەشێت بابەتو توێژینەوە جیاوازەکان

بەپێی ناوەرۆك‌و جۆری گرفت‌و ئامانجەكانیان بەمیتۆدی جیاواز كاربكەن، ئێمەش پەنامان بردۆتە بەر چەندین میتۆدی جیاجیا بۆ گەیشتن بەئەنجام‌و چارەسەری بابەتەكە (كێشەكە). هەندێك جار بە بەكارهێنانی میتۆدی مێژوویی لە ڕێی بەڵگەنامەو كەرەستەو ئامرازو سەرچاوە مێژووییەكان‌و پشكنین‌و لێكدانەوەیان ویستوومانە لە ئامانجی توێژینەوەكە نزیكتر ببینەوە، لە زۆر جێگەیشدا پەنامان بردۆتە بەر میتۆدی راڤە كردن‌و بەراوردكاری‌و هەوڵمانداوە بە روانینێكی رەخنەییانەوە گفتوگۆی بەشێك لەو تێكست‌و بیرو بۆچوونانە بكەین كە سەرچاوە جیاوازەكان خستوویانەتە روو.

ئەم نامەیە لە پێشەكی‌و چوار بەش‌و دەرەنجام‌و لیستی سەرچاوەكان‌و كورتەی توێژینەوە بەهەردوو زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی پێكهاتووە بەم جۆرە:

**بەشی یەكەم**: بۆ ڕێبازەكانی سۆفیزم لە كوردستان تەرخانكراوەو بەسەر دوو باسدا دابەشكراوە، باسی یەكەم، لە دوو تەوەرەی جیاوازدا ئاماژە بە مانای سۆفیزم لە رووی زمانەوانی‌و پێناسەو چەمكی سۆفیزم لەلای نووسەران‌و مێژوونووسانی ئیسلامی‌و ئەورووپای كۆن‌ونوێ‌و هاوچەرخ كراوە، هەروەها تێڕوانینە جیاوازەكان بۆ چەمكی سۆفیزم‌و هۆكاری جیاوازی دیدو بۆچوونەكانیان روونكراوەتەوە. لەباسی دووەمدا، كە تایبەتە بە ڕێبازەكانی سۆفیزم لە كوردستاندا، روناكی خراوەتە سەر ڕێبازەكانی سۆفیزم لە كوردستان، تایبەت هەردوو تەریقەتی قادری‌و نەقشبەندی‌و دەسەڵاتی رۆحانیی ڕێبەران‌و مورشیدەكانیان، پێگەی كۆمەڵایەتی‌و ئابوورییان، ململانێ‌و ناكۆكییەكانیان، هۆكارەكانی ئەو ناكۆكییانەو كاریگەرییان لەسەر ژیانی سیاسی‌و كۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و بە هەدەردانی وزەو توانا ماددی‌و مرۆییەكانی كۆمەڵگەی كوردەواری.

**بەشی دووەم**، تایبەتە بە رەنگدانەوەی سۆفیزم لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی كورد لە رۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا، كە دابەشی سەر دوو باسی سەرەكی كراوە: باسی یەكەم، كە تایبەتە بە سیاسەتی پان ئیسلامیزمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم‌و شێوازی رەنگدانەوەی لە هەڵوێستی ڕێبەرانی سۆفیزمی كورددا، بەسەر دوو تەوەرەی جیاوازدا دابەشكراوە. لەم دوو تەوەرەیەدا ئاماژە بە هەوڵ‌و تێكۆشانی عەبدولحەمیدی دووەم كراوە لە ڕێگەی

پەنابردنە بەر بیرۆکەی پان ئیسلامیزم بە مەبەستی رزگارکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە قەیرانە ناوخۆییو دەرەکییەکانی، بۆ ئەم مەبەستەش پەنایبردە بەر بەکارهێنانی چەمكو زاراوەکانی ئایینو بایەخێکی تایبەتیشی بە نزیکبوونەوە لە پیاوانی ئایینیو شێخانی تەریقەتی سۆفیزم دا، لەو روانگەیەوە، کە خاوەنی لایەنگرو پەیڕەوکارو مریدی زۆرن لە نێو خەڵك بە گشتی، چونکە بڕوای وابوو مسۆگەرکردنی پشتگیریی شێخەکان، پشتیوانی لایەنگرانو پەیڕەوکارو مریدەکانیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی مسۆگەر دەکات. لەم گۆشەنیگایەوە بڕیاری نزیکبوونەوە لە شێخانی تەریقەتی سۆفیزمی کردە بەشێك لە ستراتیجی کاری سیاسیی خۆیو لە دەزگاو دامەزراوە ئیداریو سیاسیو سەربازییەکانی دەوڵەت جێگەو پۆستی تایبەتی بۆ دیاریکردن، کاریگەریی ئەم سیاسەتەش لەسەر سستکردنی جووڵانەوەی سیاسیی کورد ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بووبێت روونکراوەتەوە. باسی دووەمیش، بۆ سۆفیزمو بیری نەتەوەیی لە لای شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری تەرخانکراوە، لەم باسەدا ئاماژە بە پاشخانو پێگەی ئایینیو رۆحانیی شێخ عوبەیدوڵڵاو بنەماڵەکەیو دەسەڵاتی ئابووریو بنکەی کۆمەڵایەتییان کراوە، هەروەها کاریگەریی ئەو هێزە رۆحیو ئابووریو کۆمەڵایەتییە لە راپەڕینی ساڵی ١٨٨٠ بە رێبەرایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری روونکراوەتەوەو رۆشنایی خراوەتە سەر ئەو راستییەی کە راستە عوبەیدوڵڵا لە رێی تەریقەتو ناوەندەکانی سۆفیزمو پاشخانی نەسەبو بنەماڵەوە پێگەی سیاسیو بنکەی جەماوەری خۆی بەهێز دەکات، بەڵام لە خەباتی دژی عوسمانی ـ قاجاریدا ئایین ناکاتە کێشەی جەوهەریی راپەڕین، بەڵکو ئەوەی زیاتر لە راپەڕیندا رەنگیداوەتەوە کێشەی نیشتمانیو نەتەوەیی گەلی کوردە، نە کێشەی چەوسانەوەو ستەمی ئایینی، بە واتا فاکتەری موسڵمانبوون لە نێوان کوردو عوسمانیدا نەیتوانیوە هۆشیاریو بیرکردنەوەی عوبەیدوڵڵا وەکو رێبەری راپەڕین دابپۆشێت، هەر وەك چۆن لە کارو بەرنامەی سیاسیو ستراتیجی راپەڕیندا، ئەم هۆشیارییە ئایینییە نەچۆتە پێش هۆشیاری نەتەوەییەوە.

**بەشی سێیەم**، بۆ کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیو هەڵوێستی بەرانبەر سۆفیزم لە کوردستاندا تەرخانکراوە. ئەم بەشە بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە: باسی یەکەم،

تایبەتە بە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیو سۆفیزم لە کوردستاندا. لە دوو تەوەرەی جیاوازی ئەم باسەدا، جگە لە ئاماژە بە کورتەیەك لەبارەی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، پاشخانی مێژوویی، سیاسی، زەمینەی فیکریی دامەزراندنی وەکو یەکەمین نارەزایی رێکخراو دژی دەسەڵاتو سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو بەشداری کورد تێیدا، تا گەیشتنیان بە دەسەڵاتو لابردنی عەبدولحەمید لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی لە ساڵی ١٩٠٩دا، هەوڵدراوە سیاسەتو ئاراستەی فیکریو سیاسی سەرکردەکانی کۆمەڵەکەش بەرانبەر بە ئایینو هەڵوێستیان بەرانبەر بە سۆفیزمو ناوەندەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا روونبکرێتەوە. هەروەها ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەگەرچی تورکانی لاو عەلمانی بوون، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی قورسایی رۆحیو کۆمەڵایەتیی ئایین لە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی چەمكو زاراوەکانی ئایین بە مەبەستی وروژاندنی خەڵكو کۆکردنەوەی وزەو هێزی جەماوەری، دوو دڵییەکیان نیشاننەدا، بۆیە بە پارێزەوە لەگەڵ بنەماڵەی شێخەکانو زانایانی ئایینیو ناوەندەکانی تەریقەتدا مامەڵەیان دەکرد، هەرچەندە بەم سیاسەتەیان نەیانتوانی ببنە جێگەی رەزامەندی شێخەکان، تایبەت ئەوانەی دۆستی نزیکی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوون. لە باسی دووەمدا رووناکی خراوەتە سەر هەریەك لە راپەڕینەکانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانو راپەڕینەکەی مەلا سەلیم - شێخ شەهابەدینی نەقشبەندی دژی سیاسەتی سەرانی ئیتیحادو تەرەقیو پەیوەندییان بە بیروباوەڕی سۆفیزمەوە. لەم باسەدا هەوڵدراوە ئاماژە بە پێگەی رۆحانیو پاشخانی بنەماڵەیی هەریەك لە رێبەرانی ئەم راپەڕینانەو کاریگەری بیری سۆفیزمی نەقشبەندی لە گەورە بوونی بنکەی جەماوەریو نفووزی کۆمەڵایەتی راپەڕینەکانیاندا بکرێت. دواتریش ئەوە روونکراوەتەوە، کە چۆن ناوەندەکانی تەریقەتو خودی شێخەکان لە رێگەی ئاوێتەکردنی بیری نەتەوەییانە بە بیری ئایینی هەوڵیانداوە سوود لە تەریقەتەکانی سۆفیزمی کوردی وەربگرن.

**دوابەشی توێژینەوەکە**، کە بەشی چوارەمە بۆ خەباتو تێکۆشانی رێبەرانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تا شکستی راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیران تەرخانکراوە. ئەم بەشەش بۆ دوو باسی جیاوازو

دوو راپــەڕینی جیــاواز لــە دوو پارچــەی کوردســـتانو دژی دوو دەســـەڵاتی جیــاواز دابەشکراوە. باسی یەکەم، کە تایبەتە بە شێخ مەحمودی بەرزنجی لە تەریقەتەوە بۆ مەلیکی کوردستان، تێیدا هەوڵدراوە تێکۆشـانی سیاسـی کـورد بـە ڕێبەرایـەتی شـێخ مەحمود لە باشوری کوردسـتان بخرێتـە روو لـە ڕێگـەی ئامـاژە بـە پاشـخانی ئـایینیو بنەماڵەیی شێخ مەحمود وەکـو پـەروەردەی نێـو کـەلتورو ژینگـەی تەریقـەتی قـادری، دواتریش کاریگەریی ئەو تەریقەتەو ئینجا ئایین بـە گشـتی لەسـەر ئاراسـتەی فیکریـو سیاسـی شـێخ مـەحمودو دیـاریکردنی هەڵوێسـتی سیاسـی بەرانبـەر هـەر یـەك لـە دەوڵەتەکانی ئینگلیـزو روسیاو دەوڵـەتی تـورك لـە سـاڵانی بـەر لـە جـەنگی یەکـەمی جیهانییەوە تا کۆتاییهێنان بە سێیەمین ماوەی حوکمڕانییەکەی لە سلێمانی لـە سـاڵی ١٩٢٤دا. لەم باسەدا هەوڵدراوە کاریگـەریی ئـایین لەسـەر هەڵوێسـتو بڕیـاری سیاسـیی شێخ مە حمود لە بەرانبـەر ئـەو هێـزو دەوڵەتانـەی دەسـتیان لـە گۆڕینو دیـاریکردنی هاوکێشـەی سیاسـی ناوچـەکەو بڕیـاردانی دیـاریکردنی مـافی چارەنووسـی گـەلانی بندەستی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو دیاریبکرێتو لە بەرانبەریشـدا هۆکـاری ناکۆکیو جـەنگو ململانێـی ئـەوان لەگـەڵ شـێخو، شێخ لەگـەڵ ئـەوان روونبکرێتـەوە. باسـی دووەمیش، کە دوا باسی بەشەکەیە بۆ یەکـەمین راپـەڕینی کـوردان لـە بەشـێکی تـری کوردستانو بە ڕێبەرایەتی شێخێکی سەر بە ڕێبـازی سۆفیزمی نەقشـبەندی، واتـە بـۆ راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ی کوردان لە باکووری کوردستان بـە ڕێبەرایـەتی شـێخ سـەعیدی پیران دژی سیاسەتی کەمالییەکانو هەوڵدانیان بۆ سڕینەوەی هـەموو شـتێکی کـوردی تەرخانکراوە. لەم باسەدا ڕۆشـنایی خراوەتـە سـەر هەوڵـەکانی شـێخ سـەعید لـە ڕێـی کـارکردن بەچـەمكو زاراوەکـانی ئـایین بـەئامانجی وەسـتانەوە بـەڕووی سیاسـەتی نکـولیکردنی کەمالییــەکان لــە شوناســی کولتــووریو نەتــەوەیی کــوردو دواجــاریش بەدیهێنانی مافە سیاسیو نەتەوەییەکانی کورد. لەم پێناوەشدا هەوڵدراوە مانای دینی ئاوێتەی مانای نەتەوەیی بکرێتو لەم ڕێگەیەوە بنکەو پێگەی جەماوەری راپەڕینەکەی فراوانتر بکاتو پشتگیریی تورکـانی نـاڕازی لـە سیاسـەتی کەمالییـەکانیش بـە دەسـت بهێنێت.

**لە کۆتاییدا**، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم، کە هەرچەندە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە رەنگە وا پێشان بدات مەبەستمان لە کاریگەری سۆفیزم لە نێو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، لایەنی تیۆری بێت، کە کاریگەریەکی نەبووە، راستیەکەی مەبەستمان قورسایی رۆحیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی شێخەکان، کە خاوەنی پاشخانی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نێو دونیای تەریقەت و سۆفیگەرین و هەروەها ناوەندەکانی تەریقەت لە رووی پراکتیکیەوە لە نێو بزوتنەوەکەدا شیکارو راڤە بکەین.

هەواڵنامەی کتێب

هەوانامەی کتێب

# بەشی یەکەم
# ڕێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا

هەواڵنامەی کتێب

## باسی یەکەم

## سۆفیزم ( پێناسەو چەمك )

بەمەبەستی جیاکردنەوەی مانای زمانەوانیو پێناسەو مانای زاراوەیی سۆفیزم، ئەم باسە دابەشی سەر دوو تەوەرە دەکەین:

### تەوەرەی یەکەم

### سۆفیزم لە رووی زمانەوانییەوە

بەر لە ئاماژەکردن بە هیچ پێناسەیەکی سۆفیزم، پێویستە بەکورتی وشەکانی سۆفیو سۆفیزم لە رووی زمانەوانییەوە روون بکەینەوە.

نەتەنیا نووسەرە موسڵمانەکان، بەڵکو رۆژئاواییە رۆژهەڵاتناساکانیش لەبارەی وشەکانی سۆفیو سۆفیزمو بنەرەتی ئەم وشانە راوبۆچوونی تایبەتو جیاجیایان هەیە.

لە نێوان وشەی تەسەوف (تصوف) لە زمانی عەرەبیو وشەی Mysticism لە زمانی ئینگلیزیدا جیاوازی هەستپێکراو هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت، کە پەیوەندیی بەو رەهەندە فەلسەفیو لاهوتییەوە هەیە، کە ئەزموونی سۆفیزم لەدوا مەبەستی خۆیدا بەرەو رووی هەنگاو دەنێت[1].

---

(١) محمد کمال جعفر، من التراث الصوفي (سهل بن عبد الله التستري)، دار المعارف، مصر، ١٩٧٤، ص٣. ئەزموونی سۆفیزم تاڕادەیەك بەڵگەیەکی واقعیو دانپێدانانێکی پراکتیکییە بە زیندوویی ئایینو حەقیقەتی بوونی خودا. ژمارەیەك لە توێژەران پێیان وایە، کە سۆفیزم لە پلەی پێگەیشتنو رەسەنی خۆیدا، جگە لە رەگەزێکی جەوهەریو زیندوو لە ئاییندا هیچی دیکە نییە، چونکە واقیعێکی راستەوخۆی ئایدیالیزمی ئایینییە، بەڵام مەرج نییە، سۆفیزم هەڵگری تەواوی رەگەزەکانی ئەو ئایینە بێت. المصدر نفسه، ص٣-٤.

هەولێرنامەی کتێب

ژمارە سۆفیگەرێکی زۆر بڕوایان وایە، وشەی سۆفی لە (صوف-خوری)یە وەرگیراوە. لەمبارەیەوە توسی[٢] دەڵێت: ناوی صۆفی لە (صوف-خوری)ەوە هاتووە، لەبەر ئەوەی لەبەرکردنی جلو بەرگی خوری رەفتاری پێغەمبەرانو دروشمو هێمای وەلیو پیاوچاکان بووە[٣]. جگە لە ئەلتوسی، ژمارەیەك گەورە زانای دەرەوەی سۆفیزمیش، بۆ نموونە ئیبن خەلدونو ئیبن تەیمییە هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە وشەکانی سۆفیو سۆفیزم لە وشەی (صوف-خوری)ەوە وەرگیراون[٤]. یەحیا ئیبن عودەیو کولابازیش بڕوایان وایە، کە ناولێنانی سۆفی دەگەڕێتەوە بۆ لەبەر کردنی جلو بەرگی خوری[٥]. ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیو (دائرة المعارف الإسلامية)ش هەمان راو بۆچوونیان هەیە[٦].

---

(٢) أبو النصر عبد الله بن على السراج الطوسي: سۆفییەکی زاهید بوو، بەناوچەی جیاجیادا گەڕاوە لە بەغداوە تا گەیشتۆتە میسر، خاوەنی کتێبی (اللمع في التصوف)ە، ساڵی ١٩٨٨ مردووە.

(٣) أبو النصر السراج الطوسي، اللمع في التصوف، تحقيق: عبد الحليم محمود، مصر، ١٩٦٠، ص٤٠؛ فيلسيان شالى، موجز تاريخ الاديان، ت: حافظ الجمالي، دار طلاس، ١٩٩١، ص٢٧٦؛ قاسم غني، تاريخ التصوف في الإسلام، ت: صادق نشأت، راجعه: د. أحمد ناجي القيسيء د. محمد مصطفى حلمي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧٠، ص٦٨-٦٩.

(٤) عبد الرحمن محمد بن خلدون، المقدمة، المجلد الثاني، ط٣، مؤسسة الكتب الثقافية، بيروت، ب.ت، ص١٦٠؛ أحمد تقي الدين إبن تيمية، التصوف والصوفية، جمع وتحقيق: محمد طاهر الزين، دار الأيمان، أسكندرية، ب.ت، ص٩.

(5) Yahya ibn "Adi" A Critical Edition and study of his Tahdhib al-akhlaq, by: Dr. Naji AL-Takriti, Editions Oueidat, Beirut-Paris, 1978, PP. 190-191;

أبو بكر محمد الكلاباذي، التعرف لمذهب أهل التصوف، تحقيق وتعليق: د.عبد الحليم محمود وطه عبد الباقي سرور، القاهرة، ١٩٦٠، ص٢١-٢٢.

(6) "The Encyclopaedia Britannica", Publisher: William Benton, Vol. 21, Chicago, London, Toronto, P. 523;

دائرة المعارف الإسلامية، المجلد الخامس، طهران، ب.ت، ص٢٦٥.

هەولێرێ کتێب

واته بەو مانایه سۆفیزم دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرکردنی جلو بەرگی خـوری، کـه سۆفیگەران کردبوویانه دروشمو هێما بۆ خۆیان، نـه بـۆ زانسـتێك لـه زانسـتەکانی وەك (الفقه، الحدیث، التفسیر)، یـان بـۆ حالێـك لـه حالـەکانی وەك ماتـەمی (الحـزن)[٧]، دڵ توندی(القـبض)[٨]، دڵ کرانـەوە (البسـط)[٩]، چـونکه سـۆفیگەران سـەر بـه زانسـتێکی دیاریکراوو تایبەت نەبوون، سۆفیزمیش لەسەر حالێکی تایبەت دروسـت نـەبوو، بـەڵکو له بـەرەو پێشچـوونێکی بـەردەوامی حالەکانـدا بـوو. سـۆفیگەران خۆیـان بـه پابەنـدی دروشمی سۆفیزم دەزانیو دووکەوتەی رێچکەو رێبازی پێغەمبـەرانو پیاوچـاکان بـوون وەك چـۆن هــەواڵو چـیرۆکەکان ئــەو راســتییه دەردەخــەن. عیسـا وەك نیشــانەی عیبادەتو پێغەمبەری ئیسلامیش وەك نیشانەی خاکەرایی (تواضع)ء دوورکەوتنەوە له خراپەکاری، وێنەی زاهیدێك لـه دونیـا جـلو بـەرگی خورییـان لەبـەر دەکـرد[١٠]. چـەند توێژەرێکی دیکه وشەی سۆفیزم دەگەڕێننەوە بۆ ریـزی یەکـەم (الصـف الأول)، بـەبێ بـوونی هـیچ بەڵگەیـەکی زمانـەوانی، یـان لێـك نزیکییـەکی ئـاییـنی (قرینـة دینیـة).

هەواڵنامەی کتێب

---

(٧) ماتەمی حالەتێکه دڵو دەروونی کەسی سۆفی بەرەو ئەوە دەبات، که بەردەوام دوور له خەڵكو گۆشـەگیر نەبێت. له نووسراوە کۆنەکاندا هاتووە: خودا هـەموو دڵێکـی غـەمگینی خۆشـدەوێت. لـه تەوراتیشـدا هـاتووە ئەگەر خودا بەندەیەکی خۆشویست خەم دەخاتە دڵییەوە، ئەگەر له بەندەیەکیش تووڕە بـوو دڵـی پـڕ دەکـات لــه خۆشــیو شــادی. د. عبــدالمنعم الحفـني، معجـم المصــطلحات الصــوفیة، ط٢، دار المســیرة، بـیروت، ١٩٨٧،ص٧٧.

(٨) دڵ توندی حالەتێکه له حالەتەکانی رێبواری سۆفی. کەسی سۆفی، کـه دەکەوێتـه ئـەم دۆخـەوە دڵـی بـۆ خواردنو خواردنەوەو پەیڤینو حەزو ئارەزووە دەروونییەکان نامێنێ، بەرانبەر ئەم حاڵەته دۆخی دڵ کرانـەوە (انبساط)ە، کاتێك دڵ کرایەوە ئەم شتانەی ئاماژەیان پێـدرا نـامێنن، واتـه حـەزو ئـارەزووو ویسـتی خـواردنو خواردنەوەو پـەیڤینیان دەبێـت. دڵ تونـدی دۆخێکـی کەسـی سـۆفییەو تـەنها بـه رێگـەی سـۆفیگەری، مـرۆڤ پێیدەگات. المصدر نفسه، ص٢١٣.

(٩ ) دڵ کرانەوە: تایبەته به دۆخێکی دڵ وەك چـۆن نـزاو پاڕانـەوە تایبـەتن بـه دەروونـی مـرۆڤ. ئـەم حالەتـه ئاماژەیه بـۆ رازیبـوونو لوتـفو بـەزەیی. دڵ کرانـەوە لـه دۆخـی شـاراوەدا (الخفـي) ئەوەیـە، کـه خـودا دڵو دەروونی بەندەکانی خۆی به خووو رەوشتی جوان دادەپۆشێت. المصدر نفسه، ص٣٤.

(١٠) أبو العلی عفیفي، التصوف. الثورة الروحیة في الإسلام، دار الشعب، بیروت، ب.ت، ص٣٠–٣١.

لەمبارەیـەوە ئـەبو حوسـێن نـوری[11] دەڵێـت: "سـۆفی ئـەو کەسـەیە کـە لـە رووی رۆحییەوە خۆی لە ریزی یەکەمی نزیك لە خـودا دانـاوە"[12]. القشـیري دەڵێـت: دەڵـێن وشەی سۆفیزم لە وشەی ریز (الصف) وەرگیراوە، بەگوێرەی ئەوەی کەسانی سۆفی بە دڵ لە ریزی یەکەمدان لە نزیکیو ئامادەبوون لەگەڵ خـودادا، ئەمـەش لـەڕووی مانـاوە راستە، بەڵام زمان پشتگیری ئەم بۆچوونە ناکات[13].

گرووپێکی تر لە نووسەرو رۆژهەڵاتناسان بە هۆی نزیکیو لێکچوون لـە رووی فۆنەتیکەوە لە نێوان هەردوو وشەی (صـۆفی) عـەرەبیو (سـۆفیا Sophia)ی یۆنـانی، هەروەها بەهۆی لێکچوونو نزیکـی نێـوان وشـەی (تصـوف)ی عـەرەبیو (تیۆسـۆفیا– Theosophies)ی یۆنانی، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی بڵێن وشەی (صۆفیو تصوف)ی عەرەبی لە هەردوو وشـەی یۆنـانی (سـۆفیاو تیۆسـۆفیا) وەرگـیراون[14]. بـەڵام نولدکـە

---

(١١) أبو الحسین النوری: ناوی أحمد بن محمد النوری البغدادی یە، هاوڕێی سری سـقطيء جونەیـدی بەغـدادی بووە،خاوەنی یەکێك لە رێبازە سۆفیگەرییەکانی رۆژگاری خۆی بووە، لە ساڵی ٢٩٥ك دا مـردووە. د. ئیبراهـیم ئەحمـەد شـوان، سـۆفیگەری. شـیعری ئـاییني‌و سـۆفیگەری لـە شـیعرە کوردییـەکانی مەحویـدا، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، ل٨٧، پەراوێزی ٥١.

(١٢) لە: صابر طعیمة، التصوفء التفلسف. الوسائل والغایات، مکتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٥، ص١٣–١٤.

(١٣) أبو القاسم عبد الکریم بن هوازن القشیري، الرسالة القشـیریة في علـم التصـوف، مطبعـة التربیـة، دار مـنیر، بغداد، ب.ت، ص٢١٧؛

Reynold A. Nicholson, Sufism,"The Encyclopaedia of Religion and Ethics", Edited by, James Hastings, Vol. XII, New York, 1961, P.10

(١٤) لە نێو مێژوونووسە کۆنەکاندا (بەیرونی) پشتگیری لەم بۆچـوونە دەکـات. أبـو الریحـان محمـد بـن أحمـد البیرونی، کتاب البیروني في تحقیق ما للهند من مقولة مقبولة في العقل أو مرذولـة، مطبعـة مجلـس دائـرة المعـارف العثمانیة، حیدر آباد–الهند، ١٩٥٨، ص٢٤–٢٥. لە نێو رۆژهەڵاتناسانیشدا جوزێف ڤون هامـەر پشـتگیری ئـەم بۆچوونەدەکات. بڕوانە: R. A. Nicholson وIbid, P.10.

لە نێو نوسەرە عەرەبە هاوچەرخەکانیشدا هەر یەك لە جرجی زێدانو محەممـەد لـوتفی جومعـە پشـتگیری لـەم بۆچوونە دەکەن. بڕوانە: عرفان عبد الحمید فتاح، نشأة الفلسفة الصوفیة وتطورها، دار الجیـل، بـیروت، ١٩٩٣، ص١٢١–١٢٢. محەممەد عەبدولحەمیدیش بڕوای وایە، وشەی سۆفیزم لە وشـەی سـۆفیای یۆنـانی وەرگـیراوە، نەك لە لەبەر کردنی جلو بـەرگی خـوری. محمـد عبـد الحمیـد الحمـد، الرهبنـة والتصـوف، ب.م، ب.ت، ٢٠٠٤، ص٤٥.

(Noldke) ئـەم لێكدانەوەیـە رەتدەكاتـەوەو لـەم بۆچوونەیشـیدا هـەردوو نوسـەری رۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ، كە زۆریان لەبارەی سۆفیزمەوە نوسیووە ر.أ.نیكلسن R.A. Nicholsonو ل.ماسینیۆن L.Massingon پشتگیری دەكەن. نولدكە دەڵێت: وشەی (سۆفۆس) لە زمانی ئارامیدا ناسراو نەبووە، بۆیە زەحمەتە لەزمانی عەرەبیشـدا ناسـرا بێـت. هـەروەها پیتـی (س)ی یۆنـانی لـە زمـانی عەرەبیـدا هەمیشـەو لـە تـەواوی ئـەو وشانەی بە عەرەبیكراون بە (س) هاتووە، نـەك بـە پیتـی (ص). لـە بـەر ئـەوە ئەگـەر وشەی (صـۆفی) لـە (سـۆفیا)ی یۆنـانی وەرگـیرا بێـت، ئـەوا مانـەوەی پیتـی (ص) لـە سەرەتای وشەی (صۆفی) دا لانی كەم دەبـێ بریتـی بێـت لـە دەرچـوون لـەو پێوانـەو چوارچێوەیە[١٥].

جۆزیف ڤۆن هامەر J.V.Hammerیش، كە بڕوای وایە، وشـەی (صـۆفی) لـە وشەی (جیمنۆسۆفیست–الحكمـاء العـراة)[١٦] وەرگـیراوە، جگـە لـە لێـك نزیكـی نێـوان وشەكان لە دەربڕین هیچ بەڵگەیەكی تری بەدەستەوە نییە[١٧].ئاشكراشە لە لێك نزیكی نێوان وشەی جیاواز جیاواز مەرج نییـە هەمیشـە بەڵگـەی تـەواو سـەلمێنەری راسـتییە زانسـتیو زمانەوانییـەكان بێـت. بۆیـە وەك چـۆن وشـەی (فەلسـەفە)و (فەیلەسـوف) هاتوونەتە نێو زمانی عەرەبییەوە، مەرج نییە وشەی (صۆفی)و (تەصەوف)یش هەر لە زمانی یۆنانییەوە بۆ نێو زمانی عەرەبیو كولتووری ئیسلامی گواسترابنەوە.

ژمارەیـەك نوسـەری دیكـە پێیـان وایـە، كـە وشـەی صـۆفی لـە پـاكێتی (الصـفاء)ەوە وەرگـیراوە، بـۆ ئەمـەش فـەرموودەی (ذهـب صـفو الـدنیاء بقـي الكـدر)

---

(١٥) عرفان عبد الحمید فتاح، مصدر سابق، ص١٢٢–١٢٣؛ محمد رئوف توكلي، تاريخ تصـوف در كردسـتان، چاپ دوم، انشارات توكلي، تهران، ١٣٨١، ل٣٧–٣٨.

(١٦) جیمنۆسۆفیست Gymnosophist: زاراوەیەك بوو یۆنانیـەكان بـە بەشـێك لـە كاربەدەسـتە كۆنـەكانی هندیان دەگوت، كە بە ژیانی رامانو پەرستن بەناوبانگ بوون بڕوانە: ابو العلا عفیفي، مصدر سابق، ص٣٤.

(17) R.A.Nicholson, OP.Cit. P.10

دەكەنە بەڵگە[١٨]. ئەمانە بڕوایان وایە كاتێك كەسێكی سۆفی لە دونیا دادەبڕێتو بەرەو ناخی خۆی دەگەڕێتەوە لەلایەكەوە لە هەڵەو خراپەكاری دوور دەكەوێتەوە، لەلایەكی دیكەشەوە ژیانی رۆحی خۆی لە سەر بنچینەی پاكبوونەوەی جوڵەو هەڵسوكەوتو كارو چالاكییەكانی دروستدەكات تا دواجار بە پاكبوونەوەی دڵی كەسی سۆفی كۆتایی دێت[١٩]. وێڕای ئەم بۆچوونانە، بۆچوونی تریش سەبارەت بە بنچینەی زمانەوانی وشەی صۆفی هەیە. بۆ نموونە ژمارەیەكی تر لە ئاگاداران لەمبوارەدا پێیانوایە وشەی صۆفی لە (الصفة) واتە ئەو سەكۆیەی لەبەردەمی مزگەوتی پێغەمبەر بوو لە مەدینە، یان بۆ كەسێك كە ناوی (صوفة) بووە، یان لە (الصوفانة)، كە رووەكێكی بیابانییە وەرگیراوە[٢٠].

سەرجەمی ئینسایكلۆپیدیاكانی یەكێتی سۆڤیەت، كە لەبەر دەستدان، وەك چاپی دووەمی "ئینسایكلۆپیدیای گەورەی سۆڤیەت "و چاپی سێیەمی، كە هەمانكات دواچاپی ئەو ئینسایكلۆپیدیایەیەو "ئینسایكلۆپیدیای فەلسەفی سۆڤێتی"و "ئینسایكلۆپیدیای مێژوویی سۆڤێتی" بەهەمانجۆرو ئەو بۆچوونە جیاجیایانەی كە خرانە روو سۆفیزمو رەگو ریشەیو پەیوەندی ئەو رێبازە بە گریكیو ئارامیو عەرەبییەوەو هەروەها بیروبۆچوونی رۆژهەلاتناسان سەبارەت بە سۆفیزمو كەسە ناودارەكانی، هەڵدەسەنگێنن[٢١].

---

(١٨) القشيري، مصدر سابق، ص٢١٦–٢١٧؛ صابر طعيمة، مصدر سابق، ص٢٥؛ ابو عبد الرحمن علي بن السيد الوصيفي، موازين الصوفية في ضوء الكتاب السنة، تقديم: د.سعد عبد الرحمن ندا، دار الايمان، اسكندرية، ٢٠٠١، ص٣٧.

(١٩) الكلاباذي، مصدر سابق، ص٢٤؛ جان شوڤليي،التصوف المتصوفة، ت: عبد القادر قنيني، بيروت، ١٩٩٩، ص٨–٩.

(٢٠) أبو العلا عفيفي، مصدر سابق، ص٢٩.

(٢١) بۆ درێژەی ئەم بابەتە بڕوانە:
"Sovetskaya Bolshaya Encyclopedia", Vtoroe Izdanie, Vol. XXXXI, Moskva, 1956, pp. 324-325; Trete Izdanie, Vol. XXV, Moskva, 1976, pp. 98-99; "Sovetskaya Filosofskaya Encyclopedia" , Vol. V, Moskva, Sufizm; “Sovetskaya Istoricheskaya Encyclopedia”,Vol. XIII, Moskva, 1971, p. 970.



هەواڵنامەی كتێب

هەرچەندە تەواوی ئەو بۆچوونو لێكدانەوانەی خستماننە روو قسەو باسی جیاجیایان لەسەرە، بەڵام بەشی هەرەگەورەی بۆچوونەكان چ لە رووی زمانەوانیو چ لە رووی زاراوەیی لەسەر ئەوە كۆكن، كە وشەی سۆفی لە خوری (صوف) وەرگیراوەو وشەی سۆفیزم (تصوف)یش بە مانای لەبەركردنی جلو بەرگی خوری هاتووە[٢٢].

## تەوەرەی دووەم
## پێناسەو مانای زاراوەیی سۆفیزم

ژمارەیەكی زۆری توێژەران هەوڵیان داوە پێناسەی سۆفیزم بكەن، یان پێناسە جیاجیاكانی سۆفیزم كۆبكەنەوە، وەك چۆن نیكلسۆن كردیو نزیكەی سەد پێناسەی بۆ سۆفیزم كۆكردەوە. ئامانجی نیكلسۆن لە ریزبەندیكردنی ئەو پێناسانە بەپێی كات، بریتیبوو لەوەی بگاتە ئاستی بەرەو پێشچوونی مێژوویی دیاردەی سۆفیزم لە جیهانی ئیسلامیدا. هەرچەندە نیكلسۆن نەگەیشتە ئەنجامێكی دروست لە كارەكەیدا، بەڵام ئەوەی راگەیاند، كە بایەخی ئەم پێناسانە بریتییە لەوەی، كە رەنگە

---

(٢٢) بڕوانە: عمر فروخ، تاريخ الفكر العربي إلى أيام أبن خلدون، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٢، ص٤٧٠؛ محمد زكي حسين أحمد، إسهام علماء كردستان العراق في الثقافة الإسلامية، مطبعة وزراة التربية، دار ئاراس، أربيل، ١٩٩٩، ص٢٨١؛ سيد محمد تقي مدرسي، مباني عرفان إسلامي، ت: محمد جعفر صديقي، چاپخانه أمير كبير، قم، ١٣٦٩، ل ١٣٥؛ هنرى كوربان، تاريخ الفلسفة الإسلامية، مراجعة: الإمام موسى الصدر، دار عويدات، بيروت، ٢٠٠٤، ص٢٩٤؛ صابر طعيمة، مصدر سابق، ص٢٤؛ مصطفى محمد حلمي، ابن تيمية والتصوف، دار ابن الجوزي، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٢٨، ٤٧.

تێگەیشتن لە سۆفیزم کارێکی قورس بێت، ئەگەر هەڵوەستە لەسەر پێناسە جیاجیاکانی لە سنورێکی دیاریکراو، یان لە شێوەیەکی گشتگیردا نەکەین[٢٣].

سۆفیگەران خۆیشیان بڕوایان وایە، ئاسان نییە، بتواندرێت بەوردی سنوورێك بۆ بیروباوەڕی سۆفیزم (التصوف) دیارییکرێتو پێناسەیەکی تەواوو هەمەلایەنی بۆ بکرێت. بۆیە ئاساییە، ئەگەر دیدو بۆچوونەکان چ لە بارەی زانستی سۆفیزمو چ لەبارەی پێناسەکانییەوە لە یەکتری جیاواز بن.

کولابازی لەمبارەیەوە دەڵێت: ناتوانین بەشێوەیەکی راستو دروست نێو دڵی مرۆڤ ببینینو نهێنییەکانی دەربخەین، تەنها لە ڕێی خۆماندوو کردنو هەوڵدانێکی زۆرەوە نەبێت، ئەمەش بە هەموو کەسێك ناکرێت، جگە لەوانەی کۆششی زۆریان کردووەو پلەکانی سۆفیزمیان بڕیوە، چونکە لای کولابازی سۆفیزم بریتییە لە ئەزموون، ئەزموونیش بریتییە لە هەست، هەستیش نە لۆجیکەو نە بەڵگە هێنانەوە، بەڵکو ناسینە[٢٤].

غەزالیش دەڵێت:"ناتوانین لەڕێی فێربوونەوە(التعلم) بەپلەی سۆفیگەری بگەین،بەڵکو چێژ[٢٥] دۆخ[٢٦] (الذوق والحال)و ئالوگۆڕی سیفەتەکان پێیدەگەین". هەروەها دەڵێت: "سۆفیزم دیاردەیەکی شاراوەیەو ناتوانین دەرکی پێبکەین"[٢٧].

---

(٢٣) بڕوانە: رینولد. أ. نیکلسون، في التصوف الإسلامي وتأريخه، ت: أبو العلا عفيفي، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٦٩، ص١-٤١.

(٢٤) الكلاباذي، مصدر سابق، ص٩.

(٢٥) چێژ (الذوق): کرۆکی چێژ لەلای سۆفیگەران بریتییە لە دڵ (القلب)، ئەبو نەسر سەراج ئەلتوسی وایدەبینێ کە چێژ بەیەکگەیشتنی ڕۆحە بەنهێنییە پاکو بێگەردەکان لە کەراماتو ئەو شتانەی لە دەرەوەی نەریتەکاندان. دەگوترێت: چێژ رێگای ئیمانو نزیکبوونەوەو ملکەچییە بۆ فرمانەکانی خودا.چێژ بریتییە لە ریگای ئیمان، چونکە ئەوە ئیمانە کە کەسی سۆفی بە خودا دەگەیەنێتو ئاوێتە بە بوونی خودای دەکات. بڕوانە: عبد الكريم عبد الغني قاسم، المذاهب الصوفية ومدارسها، ط٢، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٠٩- ١١٠.

(٢٦) دۆخ (الحال): شێوازو جۆری جیاجیای هەیە، حاڵەتێکە تووشی ریبوار (سالك)ی سۆفی دەبێ، بەخششێکی خوداییەو پەیوەندی بە وەرزشی گیانیو جەستەییەوە نییەو جار جار پەیدا دەبێو

هەرچی ئیبن خەلدونیشە بڕوای وایە، کارێکی قورسە بتواندرێت بە شێوەیەکی گشتگیر سۆفیزم پێناسە بکرێت، لەبەر دووهۆکار:

**یەکەم:** ئەو پێناسانەی ژمارەیەك سۆفیگەر بۆ سۆفیزمیان کردووە، مەبەستیان پێناسەیەکی زانستی هەمەلایەن نەبووە، بەجۆرێك هەموو دیاردەی سۆفیزم بەهەموو لایەنو وردەکاریەکانییەوە لەخۆ بگرێت، بەڵکو مەبەستیان گوزارشتکردن بووە لە پیرۆزیو سەروەریو باروداخو شوێنگەی تایبەت بەخۆیانو هەریەکێکیان ڕەنگدانەوەی بوونی خۆیو هەلومەرجەکەی بووەو بەپێی شوێنگەکەشی قسەیکردووە.

**دووەم:** ژیانی ئیسلامی بەهەموو لایەنە جیاوازەکانیەوە لەگەڵ گەورەبوونی دەوڵەتی ئیسلامیو تێکەڵبوونی بە کولتوورو فیکرو بۆچوونی جیاجیا، پەرەسەندنو گۆڕانێکی خێرای بەخۆیەوە دیوە، زاراوەی سۆفیزمیش لەو ڕەوتی پەرەسەندنو گۆڕانەدا بێبەش نەبووە، ڕۆژ بە ڕۆژ مانای نوێی پێدراوەو لەو مانا کۆنانە دابڕاوە، کە لە سەرەتایدا پێیدرابوو.

بەم جۆرە ئیبن خەلدون بڕوای وایە، پێدانی مانای نوێو ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر وشەی سۆفیزمدا هاتوون، بە تێپەڕبوونی کات کاریگەری پتریان کردۆتە سەر فرەجۆری پێناسەی سۆفیزم، بۆیە دواجار ماناکانی ئەم وشەیە فراوانترو هەمەجۆرتر بوونو ناتواندرێت تەنها بە یەك پێناسەی تایبەتو دیاریکراو گوزارشتی لێبکرێت[٢٨]، واتە سۆفیزم دیاردەیەکی مرۆیی ـ ئایینییە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، بە هۆی

---

دواتر نامێنێ. بۆ زیاتر لەبارەی حاڵو جۆرەکانی، بڕوانە: ألبير نصري نادر، التصوف الإسلامي، المطبعة الكاثوليكية، بيروت، ب. ت، ص٣٤-٣٥؛ ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥-٦٩.

(٢٧) لە: صابر طعيمة، مصدر سابق، ص١٤.

(٢٨) لە: المصدر نفسه، ص١٤.

ژمارەیـەك هۆكـاری جیاجیـاو بـە پێـی جیـاوازیی بـارودۆخی كۆمەڵگـە جیاوازەكـان دەركەوتووە[٢٩].

بەپێی نیكلسۆن سۆفیزم بریتییە لە بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی كە خـاوەنی بیروباوەڕو خەڵكی دیارو تایبەت بە خۆیەتی، رەفتاری رێكخراوو سەربەخۆو هەڵوێستی روون‌و كاریگەری لە تەواوی دەوڵـەت‌و ژیـانی كۆمەڵگـەدا هەیـە[٣٠]. ژمارەیـەكی تـر لـە شارەزایان پێیانوایـە سـۆفیزم بریتییـە لـە مەشـقكردن‌و راهێنـانی دەروون بەهـەژاری‌و لەبەر كردنی جل‌و بەرگی تایبەت‌و وازهێنان لـە كـاركردن‌و خۆخـەریك كـردن بـە یـادی خوداوە لە خەڵوەت‌و ئەڵقەكانی زیكردا[٣١].

بەكورتی دەتوانین پێناسە جیاوازەكانی سۆفیزم بەسەر سێ ئاراستەو رەوتی جیاوازدا دابەش بكەین:

**یەكەم:** ئەم ئاراستانە هەوڵیانداوە لە روانگەیـەكی ئەخلاقییـەوە[٣٢] سـۆفیزم پێناسە بكەن.

---

(٢٩) كەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانی‌و هونەر ـ ئیستاتیكا، چاپخانەی زانكۆی سـلێمانی، سـلێمانی، ١٩٧٩، ل٥٤–٥٦؛ أمـين الشـيخ عـلاء الـدين النقشـبندي، مـاهو التصـوف ومـا هـي الطريقـة النقشبندية، ت: محمد شريف أحمد، تقديم: عبد الكريم المدرس، بغداد، ١٩٨٨، ص٢٨.

(٣٠) نیكلسون، مصدر سابق، ص١٩.

(31) Margaret Smith, studies in Early Mysticim in the Near and Middle East, Sheldon press, London, 1931, pp. 164-165;

محمد جواد مغنية، معالم الفلسفة الإسلامية (نظرات التصوف والكرامات)، دار الكتاب الإسـلامي، ب.م، ب.ت، ص١٨١.

(٣٢) فەیلەسـوفان پێیانوایـە یاسـاكانی ئـەخلاق گشـتین‌و ناكەونـە ژێـر كاریگـەری كـات وشـوێنەوە، لۆجیك قسە لەسەر یاساكانی فیكر دەكات، ئـەخلاق لـە یاسـاكانی رەفتـاری مرۆیـی دەكۆڵێتـەوە. لـە روانگەی قوتابخانەی كۆمەڵایە تییەوە ئـەخلاقی هـەر تـاكێكی نێـو كۆمـەڵگا رەنگدانـەوەی پرانسـیپی ئەخلاقی‌و ترادیسیۆنی باوی خودی كۆمەڵگەكەیە. ویژدانی ئەخلاقی مرۆڤیش تا ئاسـتێكی زۆر بـەبیرو باوەڕو نەریتە باوەكانی كۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە، بۆیە مرۆڤەكان نە تەنها لـە رێـی ویـژدانی تایبـەت بـەخۆیان، بـەڵكو پـتر لـە رێـی ویـژدانی كۆمەڵگەكەیانـەوە جووڵـەو هەڵسـوكەوت دەكـەن. بـەپێی لێكدانـەوەی فەیلەسـوفان ئـەخلاق لـە لای زانایـانی سۆسـیۆلۆجیا وەكـو زانسـتێك مامەڵـەی لەگەڵدا

ژمارەیەکی زۆری سۆفیگەران، تایبەت دوای سەدەی (٣/ك- ٩/ ن) سروشتێکی ئەخلاقییانە بەسەر زانین و رەفتاریاندا زاڵبوو. ئیبن قەییم دەڵێت: "ئەوانە کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە سۆفیزم بریتییە لە ئەخلاق"[٣٣].

ئەبو حەفس حەداد[٣٤] دەڵێت: "سۆفیزم هەمووی بریتییە لە ئاکارو رەوشت: بۆ هەموو کاتێك، بۆ هەموو پلەیەك (مقام)، بۆ هەموو حاڵێك ئاکارو رەوشتێکی تایبەتی هەیە. هەرکەسێك پابەندی ئەو ئاکارو رەوشتانە بێت دەگاتە پلەی سۆفیگەرێتی، هەر کەسێکیش ئەو ئاکارانە لە دەست بدات دوورە لە پلەی سۆفیگەرێتی، هەرچەندە خۆیشی وابزانێت نزیکە لێیان، یان یەکێکە لەوان، سۆفییەتەکەیشی لەلای سۆفیگەران رەتدەکرێتەوە هەرچەندە ئەگەر خۆیشی وابزانێت پەسەند کراوە"[٣٥]. بەو مانایەش سۆفیزم دەبێتە تەواوی ئەدەب و رەوشت.

واتە سۆفیزم لە مانا گشتییەکەیدا سیستمێکی رەفتارییەو بۆ هەموو شتێك ئەرکی خۆی هەیە، ئەو رەفتارەش نرخ و بەهایەکی نابێت، ئەگەر کەسی مرید نەبێتە هەڵگری سیفەتەکانی سۆفیزم و سوودی لێ وەرنەگرێت. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە، کە ئەبو حوسێن ئەلنوری ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: "سۆفیزم نە نەریتەو نە زانست،

---

نەکراوە، یان لەلای ئەوان نەبۆتە زانستێك، بەڵام دەشێت بکرێت بە بابەتێك بۆ زانست، ئەو زانستەیشیان ناوناوە زانستی فینۆمینای ئەخلاقی (علم الظواهر الأخلاقية). بڕوانە: د. السيد محمد بدوي، الأخلاق بين الفلسفة وعلم الإجتماع، دار المعارف، مصر، ١٩٦٧، ص آ-ب.

(٣٣) لە: صابر طعيمة، مصدر سابق، ص١٤-١٥.

(٣٤) أبو الحفص الحداد: ناوی عەمر کوڕی سەلەمە، خەڵکی گوندی کوردابازی نیسابوری سەر بە بوخارایە. یەکێك بووە لە ئیمام و شێخەکانی سۆفیزم لە ناوچەکە. لە ساڵی ٢٧٠ی کۆچیدا مردووە. بۆ زیاتر بڕوانە: أبي عبد الرحمن السلمي، طبقات الصوفية، تحقيق: نور الدين شريبة، ط٣، مكتبة الخانجي، القاهرة، ١٩٩٧، ص١١٥-١٢٢؛ الإمام أبي المواهب عبد الوهاب بن أحمد بن علي الأنصاري الشافعي المصري الشعراني، الطبقات الكبرى، ضبطه وصححه: خليل المنصور، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٧، ص١١٩.

(٣٥) لە: عرفان عبد الحميد فتاح، مصدر سابق، ص١٣٦.

بـەڵکو بریتییـە لـە ئـەخلاق"[٣٦]، واتـە ئـەخلاق شـوێنەواری خـۆی لەسـەر دەروون جێدەهێڵێو دەبێتە پاڵنەرێکیش لەسـەر کردەوەکانی. لـەلای ئەبوبـەکر کـەتانیش[٣٧] سۆفیزم بریتییە لە ئەخلاق. کەتانی بڕوای وایە مرۆڤ چەند لە رووی ئەخلاقییەوە بەهێز بێت، هێندە لە پـاکیو بێگـەردی نزیکدەبێتـەوە[٣٨]. هەرلەمبارەیـەوە ئـەبو محەممـەد جـەریری[٣٩] دەڵێـت: "سـۆفیزم پـەیڕەو کردنـە لـە هـەموو ئـەخلاقێکی بـاشو دوور کەوتنەوەشـە لـە هـەموو ئـەخلاقێکی خـراپ"[٤٠]. شـاهی نەقشـبەند محەممـەد بەهائەددینیش (١٣١٧–١٣٨٩) دەڵێت: "سۆفیزم سەرتاپای بریتییە لە ئەدەب"[٤١].

بەپێی کۆی ئـەو پێناسـانە سـۆفیزم بارگاوییـە بـە سـیفاتی تـەواوی ئـایینیو ئەخلاقی. پابەنـدکردنی سـۆفیزم بـە ئەخلاقـەوە مانـای ئـەوە نییـە، کـە ئامـادەبوونی سۆفیزم یەکسان بێت بە ئامادەبوونی ئەخلاقو لەهەر جێگایەك باس لـە ئـەخلاق کـرا، دەبێ باس لە سۆفیزمیش بکرێت، یان راستەوخۆ دەبێتە باسکردن لە سۆفیزم، چونکە ئەخلاق چەمکێکی فەلسـەفیو کۆمەڵایـەتی تایبـەت بـە بزووتنـەوەی فیکـری سـۆفیزم نییـە، بـەڵکو بـەدەر لـەم بزووتنەوەیـە لـەنێو بیروبۆچـوونو رێبـازە فیکـریو فەلسەفییەکانی تریشدا ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیـە، بۆیـە دەشـێت بڵـێین: وێـڕای

(٣٦) لە: أبو العلا عفيفي، مصدر سابق، ص٤١–٤٢.

(٣٧) أبو بكر الكتاني: خەڵکی بەغدایە، لە جونەیدی بەغدادیو أبو الحسين النوری یەوە نزیـك بـووە، لە مەککە ژیاوەو لە ساڵی ٣٢٢ی کۆچیدا مردووە. القشيری، مصدر سابق، ص٤٥.

(٣٨) ئەمین شێخ علاء الدين نەقشبەندی، تەصەوف چی یە، دار الحرية للطباعة، بغـداد، ١٩٨٥، ل٨٧؛ أبو علا عفيفي، مصدر سابق، ص٤٩.

(٣٩) أبو محمد الجريری: ناوی أحمد بن محمد الجريریيە، هاوڕێی جونەیدی بەغدادیو سهل التستری بووە، لە ساڵی ٣١١ی کۆچیدا مردووە. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧، پـەراوێزی ٥٣.

(٤٠) لە: ئەمین شێخ علاء الدين نەقشـبەندی، سەرچـاوەی پێشـوو، ل ٨٧؛ أبـو عـلاء عفيفـي، مصـدر سابق، ص٤٨.

(٤١) لە: ئەمین شێخ علاء الدين نەقشبەندی، هەمان سەرچاوە، ل ٨٧.

بڵاوبوونەوەی پێناسەی ئەخلاقییانە بۆ سۆفیزم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت گوزارشتێکی ورد لە دەق بکات، چونکە چ خەڵکو چ ڕێبازی فیکریو فەلسەفی زۆر هەن کە خاوەنی بەهای ئەخلاقی بەرزن، یان لایەنیکەم بە ئەخلاقی بەرز بەناوبانگن کەچی پەیڕەو لە هیچ ڕێبازێکی سۆفیگەریش ناکەن.

**دووەم:** ئەم ڕەوتە لە پێناسەیاندا بۆ سۆفیزم لە ڕووی چەمکەوە جیاوازی لە نێوان سۆفیو زاهیددا دەکەن. ئیبن جوزی دەڵێت: "سۆفیزم ڕێبازێکی ناسراوترە لە زوهد، کەس بە خراپە باسی زوهدی نەکردووە، بەڵام سۆفیزم بە خراپە باسکراوە"(٤٢). ئیبن خەلدونیش بڕوای وایە سۆفیزمی فەلسەفی ڕەوتێکە هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامو زوهدی ئیسلامییەوە نییە، نە لە دروستبوونو نە لە بنەماکانیدا، هەروەها سەرچاوە ئیسلامییەکان جیاوازییان لە نێوان زوهدو سۆفیزمدا کردووەو مەرج نییە، کەسی سۆفی زاهید بێت، تا سۆفیزم ببێت بە زوهد(٤٣).

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کە ڕاستە زوهدو سۆفیزم وێڕای لێك نزیکیشیان، دوو چەمكو فەلسەفەی ڕۆحانی جیاوازن، بەڵام ئەو بۆچوونو لێکدانەوانەی پێیانوایە سۆفیزم هیچ پەیوەندییەکی بە زوهدی ئیسلامییەوە نییە، لە ڕووی مێژوویی‌و زانستیو فیکرییەوە ڕاست دەرناچن، چونکە شتێك، کە بەشی هەرە گەورەی نووسەرانی ڕۆژهەڵاتو نووسەرە ڕۆژئاواییو ڕۆژهەڵاتناسەکانیش لەسەری کۆکن ئەوەیە، کە سۆفیزم، یان سۆفیگەری ئیسلامی سەرەتا لە شێوەی زوهدو دواتر لە شێوەی سۆفیگەری یان سۆفیزمدا بەرجەستە بووە(٤٤).

**سێیەم:** خاوەنانی ئەم ڕەوتە لە پێناسەیاندا بۆ سۆفیزم جۆرەتێکەڵییەکیان لە نێوان عابدو سۆفیدا کردووە، ئەگەر کەسێك خوداپەرستی (عیبادەت)ی زۆری

---

(٤٢) لە: صابر طعيمة، مصدر سابق، ص١٥.

(٤٣) لە: المصدر نفسه، ص١٦.

(٤٤) بڕوانە: د. كامل مصطفى الشيبي، الصلة بين التصوف والتشيع، ط٢، دار المعارف، مصر، ١٩٦٩، ص٢٣٩– ٢٤٩؛ Nicholson, op. cit., p.10؛ ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤–٤٥.

کردبێت گوتوویانە ئەوە سۆفییە[٤٥]. ئیبن سینا جیاوازیی لە نێوان زاهیدو عابدو کەسی سۆفیدا دەکاتو دەڵێت: زاهید لە پێناوی ژیانی دواییدا دەست بەرداری دونیا دەبێت، عابد لە دونیادا کار دەکات لە پێناوی بەدەستهێنانی ژیانی دوایی. بەپێی ئیبن سینا ئامانجی زاهیدو عابد یەك شتە، بەڵام ئامانجی زاهید نێگەتیڤو هی عابد پۆزەتیڤە. هەرچی عارفیشە، کە لەلای ئیبن سینا بریتییە لە سۆفی تا گەیشتن بە پلەی کەماڵ (درجة الکمال)، بەردەوام دەبێت لە راهێنانو مەشقی دەروونی[٤٦]. ئەگەر سۆفیگەری بە پێوانەی خوداپەرستی بێت، ئەوە هەموو ئەوانەی خوداپەرستی گەورەو باشن دەبوایە ببن بە سۆفی، کەچی ژمارەیەکی زۆر لە عابدو خوداپەرستمان هەن بەڵام سۆفی نین، بگرە لەوانەیە هەیانبێت بڕوایان بەبەشێك لە ڕێوڕەسمو سرووتە رۆحانییەکانی سۆفیزمیش نەبێت، بۆیە مەرج نییە، کەسی خوداپەرست راستەوخۆ ببێتە کەسێکی سەر بەڕێبازی تەریقەتەکانی سۆفیزم.

وێڕای ئەو بۆچوونو پێناسانەی خستماننەڕوو، سۆفیزم لە دیدگاو روانگەی جیاوازی ترەوە روانینو پێناسەی تری جیاجیای بۆ کراوە.

مەعروف کەرخی[٤٧] دەڵێت: "سۆفیزم بریتییە لە بەدەستهێنانو گەیشتن بە راستی"، جونەیدی بەغدادیش[٤٨] دەڵێت: "سۆفیزم بریتییە لە مردنو ژیاندنەوەی مرۆڤ لە پێناوی زیکرو یادی خودادا"[٤٩].

بەشێك لە رۆژهەڵاتناسانیش سۆفیزمو تایبەتمەندییە گشتییەکانی سۆفیزمیان وا مانا کردووە کە بریتییە لە فەلسەفەی ژیان، رێگایەکە لە رەفتاری تاك بەرەو

---

(٤٥) صابر طعیمة، مصدر سابق، ص١٦.

(٤٦) بڕوانە: عرفان عبد الحمید فتاح، مصدر سابق، ص١٣٩؛ محمد جواد مغنیة، مصدر سابق، ص ١٩٤، هامش (١).

(٤٧) معروف الکرخی: کوڕی فەیرۆزی کەرخیەو مامۆستای سري سقطي بووە، سەرەتا لەسەر ئایینی مەسیحی بووە، دواتر بۆتە ئیسلامو لە ساڵی ٢٠٠ی کۆچیدا مردووە. ئیبراهیم ئەحمەد شوان. سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦، پەراوێزی (٤٥).

(٤٨ ) جنید البغدادی: ناوی جنید کوری محمدە، لە بەغدا لە دایك بووە. لە تەمەنی بیست ساڵیدا فەتوای داوەو لە ساڵی ٢٩٧ی کۆچیدا مردووە، القشیري، مصدر سابق، ص٣١.

(٤٩) صابر طعیمة، مصدر سابق، ص١٦.

بەدیهێنانی نموونەیەکی بەرزی ئەخلاقیو بەختەوەریی دەروونی. ئاسان نییە، بە زمانێکی سادە لە حەقیقەتی سۆفیزم تێبگەین، چونکە سۆفیزم دیاردەیەکی نادیارو شاراوەیە[٥٠].

سۆفیزم ئەزموونێکی رۆحی قووڵە، وا خۆی دەردەخات، کە دەشێت ماوەی دابڕاوی نێوان کەسی سۆفی (المتناهي)ء خودا (اللامتناهي) کورتبکاتەوەو بگرە نەشیهێڵێت، واتە بەو مانایە سۆفیزم زانستێك نییە، تا مرۆڤ بتوانێت لە رێی ئامرازی وەك ئەزموونکردنو بەڵگەهێنانەوە بیزانێت، یان دەستی پێبگات. لێرەوە ئەزموونەکانی سۆفیزم لە فۆرمی جیاجیادا دەردەکەون بە جۆرێك، کە هەر یەکێکیان خاوەنی خەسڵەتێکی ئیندیڤیدواڵی (الفردانية) پاکە، کە لەسەر بنچینەی سەرسوڕمانو دڵەڕاوکێ وەستاوە، وێڕای بوونی هەستێکی نامۆ بەرانبەر واقیعو راستی[٥١].

سۆفی تواوە، یان قاڵبوو لە خۆشەویستی رەهای خودادا دەگاتە حاڵەتێك ناتوانێت گوزارشت لەو شتە بکات کە بۆیدەردەکەوێتو دەیزانێت، هەروەها ناتوانێت ئەم حاڵەتە بگوازێتەوە، یان بۆ کەسانی دەوروبەری خۆی باسبکات، چونکە لەم حاڵەتەدا کەسی سۆفی توانای قسەکردنو دەربڕینی نامێنێت، حاڵەتێك ولیام جەیمس William James ناوی دەنێت: "حاڵەتی لە گۆکەوتن، یان حاڵەتی لە دەستدانی توانای دەربڕین –الإستعصاء على التعبير" [٥٢]. بەو مانایە سۆفیزم دەبێتە ئاوێتەبوون بە خۆشەویستی خودا تا ئاستی بێئاگابوونو توانەوە.

سۆفیزم تێڕامانی فەلسەفیو لاهووتی نییە، وەك عیلمی کەلام، لێکدانەوەی خەونیش نییە وەك لای فرۆید، حیکمەتێکی رۆژهەڵاتیش نییە بە مانای هاوچەرخی زاراوەکە، بەڵکو سۆفیزم بە گوتەی شۆڤلیی بەر لە هەر شتێك ئەزموونێکی ناوەکییە، جۆرە رێبازێکی ژیانو رەفتارکردنە[٥٣].

---

(١) عبد الكريم عبد الغني قاسم، مصدر سابق، ص٢٥.

(51) Happold, Fe "Musticism". A study and Anthology, Penguin Books, 1979, P.54

(52) W. James, "The Varietes of Religous Experience", PP. 380-381.

(٥٣) جان شوڤليی، مصدر سابق، ص١١.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەوەی بڵێین: سۆفیزم یەکێك لەو چەمکە تەماویو ئاڵۆزانەیە، کە پێناسەو لێکدانەوەی جیاجیای بۆ کراوە، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بە شێوازی جیاواز لە نێو سیستمە ئایینیو شارستانێتییە مرۆییە جیاجیاکاندا بەدرێژایی سەردەمو قۆناغە مێژووییە جیاوازەکان، وێڕای ئەوەی سۆفیگەران خۆیانو فیکرو دەربڕینەکانیان رەنگدانەوەی ئەزموونی شەخسیو بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو کولتووری رۆژگارەکەیان بووە، بۆیە دەبینین هەموو ئەو پێناسانەی سۆفیگەران بۆ سۆفیزمیان کردووە مانایەکی دیاریکراوو یەکلاکەرەوەمان سەبارەت بەم چەمکە ناداتێ، بەو پێیەی لای سۆفیگەران خۆیان سۆفیزم لەسەر بنەمای چێژو ویژدان (الذوق والوجدان) دامەزراوە، نە لەسەر بنەمای زانستو بڕیاردان (العلم والاحکام). بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەموو ئەوانەی پێشتر خستماننە روو دەشێت ببنە سەرەتایەکی تیۆری رێخۆشکەر بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ماناو چەمکی سۆفیزم لەلایەکو، لەلایەکی تریشەوە کارئاسانیەکی باشترمان بۆ دەکات بۆ باشتر وردبوونەوەو تێگەیشتن لە بەشو باسەکانی دواتری ئەم توێژینەوەیە.

## باسی دووەم
## لە بارەی رێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا

وەك چۆن لەبارەی زاراوەی سۆفیو پێناسەکردنی سۆفیزم بیروبۆچوونی سۆفیگەرانو زانایانو نوسەرانی کۆنو نوێ بە رۆژهەڵاتناسە رۆژئاواییەکانیشەوە لە یەکدی جیاواز بوون، بەهەمان شێوە ئەو جیاوازییانە لەبارەی سەرەتاکانی دەرکەوتن، رەچەڵەکو پێشەنگانی سەرەتای رێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم، بڵاوبوونەوەو ناکۆکیەکانیان، بەشدارییان لە جوڵانەوە سیاسییەکانو کاریگەرییان بەسەر شێوازی بیرکردنەوەو جۆری رەفتارو سایکۆلۆجیای پەیڕەوکارو لایەنگرو مریدەکانیاندا دەبینین.

سۆفیزم لە کوردستان یەکێکە لەو دیاردە رۆحییانەی جگە لەوەی پانتاییەکی فراوانی لە کۆهەستی کۆمەڵایەتی (الشعور الجماعي الإجتماعي) خەڵکی کورد

داگیرکــردووه، کاریگــەری زۆریشــی بەهــەردوو دیــوی پــۆزەتیڤو نێگەتیڤــدا بەســەر کۆکردنــەوەو ئامــادەکردنی هێــزی جەماوەرییــەوە لــە نێــو جووڵانــەوە سیاســییەکانی کورددا هەبووە، زۆر جاریش رێبەرانی رۆحانیو شێخەکانی رێبازەکانی تەریقــەت بــوون بــە رێبــەری بزووتنــەوەی رزگــاریی نیشــتمانیی گــەلی کــورد، هەنــدێك جــاریش بوونەتــە بەشێك لە سیاسەتو هێزی سەربازی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.

ســەرەتا رێبازەکــانی تەریقەتــەکانی ســۆفیزم بــە هــەمان شــێوەی زوهــدو سۆفیزمی ئیسلامی تــەنها بــە مانــای هــەنگاونان بــەرەو جیهــانێکی رۆحــانی بــوو، واتــە دونیابینی سەرەتای سۆفیزمی کوردی دونیابینییــەکی تــەواو رۆحــانی بــوو، دواتــرو لــە ســەدەی ســیازدەی زایینیــدا زاراوەکــە (ســۆفیزم) چــووە نێــو قاڵــبو چوارچــێوەی قوتابخانەیــەکی فیکــریو ئاوێتــەو پەیوەندیــدار بــە شــێوازی عیرفانییــەوە. ســەرەتا پــەیڕەوانی تەریقــەکانی ســۆفیزم لــە کوردســتان جگــە لــە ئــەزموونی عیرفــانی (واتــە ئەزموونی توانەوە لە بیری خودا، یان پەیبردنو گەیشتن بە راستی) هیچ ئارەزوویــەکی تریان نەبووەو لەوە زیاتر بیریان لە مەسەلەیەکی تر نەدەکردەوە[٥٤].

ستراکتوری کۆمەڵایەتیی کوردستان وەك چۆن دەگونجێت بــەپێی ناســنامەی کۆمەڵایــەتی، ئــابووری پێناســە بکرێــت، هــەر بــەمجۆرەش دەکرێــت لەســەر بنچــینەی ناســنامەی ئــایینی نەتــەوەیی لێکبدرێتــەوە. رێبازەکــانی تەریقەتــەکانی ســۆفیزم لــە کوردســـتان چـــەند یارمـــەتیی یـــەکبوون، هێنـــدەش یارمـــەتیی دابەشـــبوونو لـــەتکردنی کۆمەڵایــەتی، رۆحــی کۆمــەڵی کوردیــان داوە. لەلایــەك کــوردانی ســەر بەیــەك رێبــازی تەریقــەت بــەبێ لەبەرچــاو گرتنــی بنــەمای بــیری خێڵایــەتی هەســت بــە پەیوەنــدیو ئینتیمایــەکی رۆحــی هاوبــەش دەکــەن، لەلایــەکی تــر لەگــەڵ دەرکــەوتنی رێبازەکــانی تەریقەتی سۆفیزمدا ململانێو نــاکۆکی قــوڵ لــە کوردســتان لەســەر بنــەمای جیــاوازیی تەریقەت دەردەکەوێت. زۆر جاریش شێخەکانی تەریقەت، ئەوانەیشیان کە سەر بەیــەك رێبــازی تەریقــەت بــوون لەســـەر مەســـەلەی فراوانترکردنـــی پێگـــەی جـــەماوەریو

---

(٥٤) مارتین ڤان برونەسن، ئاغــاوو شــێخو دەوڵــەت، و: کــوردۆ عــەلی، ب٢، دەزگــای چــاپو پەخشــی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١١٥-١١٦.

کۆکردنەوەی مریدو لایەنگر، کە بنچینەی دەسەڵاتیانە، لەگەڵ یەکدیدا کەوتوونەتە ململانێو دووبەرەکی[٥٥].

هەرچەندە سەرچاوە رەسەنەکانی ئیسلام (قورئان وسوننەت) بنەمای سەرەکیی بیری سۆفیزمن، یان بە مانایەکی تر ئەو سەرچاوە رەسەنانە هەنگاوی یەکەمن بەرەو دونیای سۆفیزم، بەڵام وەك چۆن هەر دیاردەیەك لە ئەنجامی کاردانەوەی دیاردەی تردا دەردەکەوێت، سۆفیزمیش تەنها بەوەوە نەوەستاوە کە بریتی بێت لە بانگەشەو پەیڕەوکردنێکی تەواوی شەریعەت، بەڵکو دوورتر لە سوننەتو شەریعەت هەنگاوینا کاتێك پەیڕەوانی خۆی هان دا بۆ خۆ تەرخانکردنێکی تەواو بۆ روو لە خوداکردنو خوداپەرستی بە مەبەستی گەیشتن بە حەقیقەتو دڵنیاییو یەکبوون لەگەڵ خودادا، یان توانەوە لەبوونی خودادا (الفناء في الله)[٥٦]. بۆیە دەشێت بگوترێت دەرکەوتنی سۆفیزم نیشانەی دەرکەوتنی فیکرو قۆناغێکی نوێ بوو کە نە تەنها مۆرکی گۆڕانو پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئیسلامی، بەڵکو مۆرکی گۆڕانی ئایینەکەیشی پێوە دیار بوو، چونکە ئایینیش وەك هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تر دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی ئەو گۆڕانو ئاڵوگۆڕانەی لە رەوشی ئابووری، کولتووری، فیکری کۆمەڵگەدا روودەدەنو سەرەنجام دەبێ یان شێوە دۆگماییەکەی خۆی بپارێزێو لە سنورێکی بەرتەسکدا بمێنێتەوە، یان لەگەڵ بارودۆخی گۆڕدراوی نوێدا خۆی بگونجێنێو بەرگێکی نوێتر لە هی پێشتر لە خۆی بپۆشێت[٥٧].

دیاردەی خۆتەرخانکردن بۆ گۆشەگیریو خودا پەرستی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری محەممەد پێغەمبەر (د.خ)، لەو رۆژگارەدا ئەو کەسە بە زاهید دەناسرا کە

---

(٥٥) دیوید مك داول، تاریخ معاصر کرد، ت: إبراهیم یونسی، چاپ أول، انتشارات پانیذ، تهران، ١٣٨٠، ل٥٥–٥٦، ٦٤.

(٥٦) ول دیورانت، قصة الحضارة، ت: محمد بدران، ج١٣، ط٢، مطبعة لجنة التألیف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٦٤، ص٢١٦؛ رەشاد میران، رەوشی ئایینیو نەتەوەیی لە کوردستاندا، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری برایەتی، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٥٧.

(٥٧) رەشاد میران، هەمان سەرچاوە، ل٥٦.

تەواوی کارو کردەوەی بریتی بووایە لە خوداپەرستی. ئـەم هەڵوێستە بـەمانای ئـەوە نەبوو کە کەسی زاهید بەتەنها هەوڵدەدات قەناعەتو باوەڕی ئایینی لە دەروونی خۆیدا پتەوتر بکات، بەڵکو ئەمە پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بەشێوازی ژیانو رووداوەکانی ناوەوەی کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە هەبوو، چونکە زوهد ئـەو رۆژگارە پتـەوتر بـوو کـە شـەڕو پشـێوی کەوتـە نێـو ریـزی موسـڵمانەکانەوە، تایبـەت دوای کـوژرانی عوسمـانی کوڕی عەفانو لەشکرکێشی ئومەوییەکان، ئیتر زۆر لە هاوەڵانی پێغەمبـەر روویـانکردە گۆشەگیریو دەستبەرداری کاروبـاری سیاسـی بـوون، وێـڕای چـەندین هۆکـاری تـر کـە پەیوەندییان بە روو بەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی ئەریستۆکراتو هەروەها ترسو تـۆقین لە سزای رۆژی دوایی و...هتد هەبوو[58].

زوهـد لـە بنەڕەتـدا بریتیبـوو لـە جـۆرە نارەزاییـەکی دەربـڕین لـە فـۆرمی گۆشــەگیریو خۆخواردنــەوەدا، پــەنا بــردن بــوو بــۆ هێزێکــی میتــافیزیکی نادیــارو چاوەڕوانیکردن بوو لەو هێزە تا چارەسەری کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ بکات، بەو مانایە زوهد لـە جیـاتی هەوڵدان بۆ گـۆڕانو نوانـدنی هەڵوێسـتێکی پـۆزەتیڤ لـە بەرانبـەر سیسـتەمی بـاو، مـرۆڤ دەکاتـە بوونـەوەرێکی خـەیاڵاویو چـەند لـە واقیـع دووریدەخاتـەوە، هێنـدەش چـاوی پـێ دەبڕێتـە ئاسمـانو هیـوای خۆشـگوزەرانیو دونیایەکی تری باشتر لە دونیای خۆی پێ دەبەخشێت[59].

هەرچـەندە زوهـد لـە سـەرەتادا لـە شـێوەی خۆخواردنـەوەو گۆشـەگیریدا دەرکەوتووە، بەڵام لە ناوەرۆکدا بنەمایەکی فیکری هەبووەو کاردانەوەیەك بووە دژ بە واقیعێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی. زوهد بزووتنەوەیەك بوو بە تێڕوانینێکی نوێ بۆ ژیانو بوونو پێگەی مرۆڤ لـە ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا هاتـە بـوون، دواتـر ئـەم تێڕوانینـە چـووە چوارچێوەیەکی فەلسەفییەوەو گوڕوتینێکی گەورەی بەلایەنی فیکری دا، سۆفیزمیش

---

(٥٨) کامـل مصـطفی الشـیبي، مصـدر سـابق، ص٢٤٧-٢٤٩؛ ئیـبراهیم ئەحمـەد شـوان، سەرچـاوەی پێشوو، ل٤٥.

(٥٩) عباس عبد الکریم، کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، ب.ج، ستۆکهۆلم، ١٩٩٧، ل٢٠٠.

وەك دەرەنجامی ئەو پێشهاتو ئالوگۆڕانە هاتە بوونو رۆڵێكی دیاریشی لەو ململانێ كۆمەڵایەتییەدا بینی[٦٠].

سۆفیزم وەك بزووتنەوەی ناڕەزایەتیو بێزاری خەڵك دژ بە دۆخێكی كۆمەڵایەتی، ئابووری داسەپاو بە تەنها دەرەنجامی دەركەوتنی چەند پێشەواو رێبەرێكی رۆحانی نەبوو، بەڵكو شانبەشانی دەركەوتنی ئەمانە فاكتەری كۆمەڵایەتی هۆكارێكی بنەڕەتی گەشەكردنی سۆفیزم بوو. بارودۆخی ئابووری — كۆمەڵایەتی هاوشانی هێزو توانای رۆحیو مەعنەوی رێبەرانی رێبازەكانی سۆفیزم زەمینەی بۆ هاتنە بوونی بزووتنەوەكە خۆشكردو دواتریش لە پرۆسەی كار لەیەكتركردندا گەشەیكردو بوو بە دیاردەیەكی كاریگەر لە ژیانی هەمەلایەنەی خەڵكیدا[٦١]، واتە سۆفیزم دیاردەیەك نەبوو تەنها لە پێناوی دونیاو كاروبارەكانی دونیادا دەركەوتبێ، بەڵكو بێزاریو ناڕازیبوونێك بوو لە رێگای زوهدو خودا پەرستییەوە لە بەرانبەر ئەو شەڕو چاوچنۆكییەی، كە بەشی هەرە زۆری خەڵك روویان تێكردبوو، وەك چۆن راهیبە قیبتییەكانی میسر وەك ناڕازیبوونێك لە بەرانبەر ستەمو زۆرداری رۆمە بێزەنتییەكان روویانكردە بیابان، ئەمە چەند راكردن بوو بەرەو خود، هێندەش راگەیاندنی ناڕەزاییو بێزاری بوو بەرانبەر بە واقیعی داسەپاوو دەسەڵاتو لە هەمانكاتیشدا خۆ دوورخستنەوە بوو لە تاوانو خراپەكاری[٦٢]. ئەم جۆرە دەربڕینی ناڕەزاییو بێزارییە بەرانبەر بە دەسەڵاتو واقیعی كۆمەڵایەتیو ئابووری، ئەگەرچی دەربڕینو رەتكردنەوەیەكی نێگەتیڤانەیە، بەڵام دەشێت ببێتە هۆی بە ئاگاهێنانەوەی دەسەڵاتو خەڵكیش لە بەرانبەر واقیعێكی داسەپاوو باوی خراپ.

---

(٦٠) هەمان سەرچاوە، ل٢٠٩؛ ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥-٤٦؛ http://www.rim.org/muslim.htm

(٦١) عباس عبدالكریم،هەمان سەرچاوە،ل٢٠٧.

(٦٢) موسوعة السیاسة، مجموعة الباحثین، ج٣،ط٢، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٩٣، ص٦٦٨.

ئەگەر لە روانگەی تیۆری مەیدانخوازیو بە دەنگەوەچوون (التحدي والاستجابة)ی تۆینبی (Toynbee)یەوە ئەم جۆرە دەربڕینی هەڵوێستی ناڕەزاییبوونەی سۆفیزم لە بەرانبەر ژیانو دەسەڵات لێکبدەینەوە[٦٣]، ئەوا دەبێ بڵێین: ئەم جۆرە بە دەنگەوەچوونە هەڵبژاردنی گۆشەگیریو خۆخواردنەوە، یان دوورکەوتنەوەو دابڕان لە خەڵكو رووکردنە بیابان یان ئەشکەوت بەدەرە لە توانای دروستکردنی گۆڕانکاری، چونکە وەڵامدانەوەکە وەڵامدانەوەیەکی پۆزەتیڤ نییە، لە پێناوی دروستکردنی گۆڕانکاری لە دەسەڵاتو ستراکتوری ئابووری ـ کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا، بەڵکو راکردنە لە ژیانو هەڵبژاردنی دوورە پەرێزیو دابڕانە لە بری هەڵبژاردنی بەشداری چالاکانە بۆ گۆڕانکاری لە پێکهاتەو سیستەمی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ـ سیاسیدا. هەڵوێستو وەڵامدانەوەیەکی لەم جۆرەش بە پێی تۆینبی دەستەوەستانە لەبەردەم دروستکردنی گۆڕانو بەرەو پێشبردنی کۆمەڵو بەرهەمهێنانی شارستانێتیدا.

هەوالنامەی کتێب

(٦٣) مەیدانخوازیو وەڵامدانەوە Chellenge and Response: بیرۆکەیەکی نوێو لە داهێنانی مێژوونووسی ئینگلیز ئارنۆڵد تۆینبی (١٨٨٩–١٩٧٥) نییە، بەر لە تۆینبی، وند وود رید لە کتێبی (استشهاد الإنسان)و زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی تۆماس لە لێکدانەوەی بۆ چەمکی قەیران (الأزمة)و، هەروەها گۆتە لە کتێبی "فاوست" ئاماژەیان بە بیرۆکەیەکی لەم جۆرە داوە. هەرچی رۆڵی تۆینبی یە لەمبوارەدا بریتییە لەوەی، کە توانی ئەم بیرۆکەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە توێژینەوەی دروستبوونو رووخانی شارستانیەتەکاندا جێبەجێبکات. بڕوانە: هاشم يحيى الملاح، المفصل في فلسفة التاريخ. دراسة تحليلية في فلسفة التاريخ التأملية والنقدية، مطبعة المجمع العلمي، بغداد، ٢٠٠٥، ص٤٥٧. تۆینبی هەوڵی دا لە رێی ئەم تیۆرییەوە مەسەلەی دروستبوونو گەشەکردنی شارستانییەتەکان لە لایەکو، لە لایەکی تریشەوە هەڵوەشاندنەوەو رووخانیان لێکبداتەوە. تۆینبی بڕوای وابوو باشترین وەڵامدانەوە بۆ مەیدانخوازی بریتییە لەو وەڵامدانەوەیەی لە پلەی (مامناوەندی)دا بێت لە نێوان زۆر بە هێزو بێهێزدا، یان لەم جۆرە وەڵامدانەوەیەدا مرۆڤ دەتوانێت شارستانیەت بەرهەم بهێنێت. ارنولد توينبى، مختصر دراسه التاريخ، ت: فؤاد محمد شبل، ج١، القاهرة، ١٩٦٦، ص٤٦٥–٤٦٧، ٤٧٠–٤٧١.

بۆیە لەم روانگەیەوە ئەگەر سۆفیزم بەهەمانشێوەی زوهدی ئیسلامی تەنها بریتی بێت لە هەڵبژاردنی ژیانی گۆشەگیریو دابڕان لە خەڵك، ئەوا دەبێتە بزووتنەوەیەك، كە هەرگیز ناتوانێت گۆڕانكاری لەسەر زەمینەی واقیعدا دروستبكات، ئەگەر بیرۆكەی گۆڕانكاری هەبووبێت، چونكە ئەركی گۆڕان لە هێزە كۆمەڵایەتییەكانی سەر زەوی دەستێنێتەوەو دەیدات بە هێزی ئاسمان، گومانیشی تێدا نییە ئەو هێزانەی، كە توانای ئەنجامدانی گۆڕانكاری سیاسی ـ ئابووری ـ كۆمەڵایەتیان هەیە، بریتین لەو هێزو كەرتە كۆمەڵایەتیانەی، كە روویان ئاراستەی جوگرافیای زەوی كردووە، نەك جوگرافیای ئاسمان.

هەلومەرجی سیاسی ـ كۆمەڵایەتی ـ ئابووری دەركەوتنی سۆفیزمو قۆناغە جیاجیاكانی گەشەكردنی، سەرەنجام بوون بە هۆی دەركەوتنی چەندین رێگەو شێوازی جیاوازی سۆفیزم، كە پێیان دەگوترێت (تەریقەت). تەریقەت بریتییە لە شێوازێكی پراكتیكی رێنیشاندان بەمەبەستی دۆزینەوەی رێبازێك، كە بە چەندین پلەو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕدەبێت، لە رێگەی بیرو هەستو كردارەوە بۆ چۆنیەتیی دەرك كردنو پەیبردن بە ئەزموونی یەزدانیی راستەقینە[٦٤]. پەیڕەوانی تەریقەتەكانی سۆفیزم بریتیبوون لەو گرووپانەی رێبازیان بریتیبوو لە خۆڕاهێنانو مەشقی دەروونیو خواپەرستیو تێپەڕبوون بە قۆناغی پاكبوونەوە یان خۆپاككردنەوەو Purification بەدەستهێنانی مەعریفە. ئەمانە بڕوایان وابوو، كە بەم جۆرە راهێنانو مەشقە دەروونییە دەتوانن بەهەقو راستی بگەن[٦٥].

سەرەتا تەریقەت بەمانای هەنگاونان بەرەو رێچكەو رێبازە رۆحانییەكانو پەرەپێدانو كۆنترۆڵكردنی دەروونو ئارەزووە خودییەكانو پاككردنەوەی ناوەوەو

(64) J. Spencer Trimingham, The Sufi Orders in Islam, Oxford University Press, London, 1971, PP. 3-4.

(٦٥) حسن عمید، فرهنگ فارسی عمید، چ٢٨، چاپخانه سپهر، مؤسسه انتشارات امیر كبیر، تهران، ١٣٨٢، ل٨٣٠.

ژیانێکی زاهیدانە بوو[٦٦]، دواتر زاراوەکە گۆڕانی بەسەردا هاتو چووە چوارچێوەی قوتابخانەیەکی فیکرییەوە.

تەریقەت دوای مردنی ڕێبەری ڕۆحی تەریقەتیش لەلایەن خەلیفەو مریدو پەیڕەوانییەوە درێژە بە ڕێچکەو ڕێبازەکەی دەدرا، هەر تەریقەتێکیش زنجیرەیەکی نەسەبی ڕۆحانی تایبەت بە خۆی هەبوو، کە ئەندامانی تەریقەتی بە دامەزرێنەرەکەیەوە دەبەستەوە. ئەم زنجیرەی نەسەبە شوناسو ناسنامەی ناسینی پلەو پایەی تەریقەتەکەو دامەزرێنەرانی بوو، بۆیە هەمیشەو بە مەبەستی پێدانی هێزێکی گەورەی ڕۆحیو مەعنەوی بەتەریقەت، هەوڵدراوە زنجیرەکانی نەسەب بە کەسایەتییە موسڵمانە ڕۆحانیە ناودارو پێشەنگەکانی سەرەتای ئیسلام بگەیەندرێن. بەم جۆرە زۆر زنجیرەی نەسەبی مێژوویی –ڕۆحی ناڕاست بۆ تەریقەتەکانی سۆفیزم دروستکراون، بەجۆرێك هەندێکجار تا گەیشتن بە شەخسی پێغەمبەری ئیسلام محەممەد درێژکراونەتەوە[٦٧].

ئەوەی جێگەباسی ئێمەیەو لە کوردستانیشدا لە هەر تەریقەتێکی تر زیاتر بڵاوەو کاریگەریی ڕۆحیو کۆمەڵایەتی گەورەشی بەسەر جۆری بیرکردنەوەو هۆشیاریو پێکهاتی سایکۆلۆجی خەڵکی کوردەوە داناوە، بریتین لە تەریقەتەکانی قادریو نەقشبەندی، بە مانایەکی تر هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئایینیو ڕێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزمن لە کوردستان ئەو ڕاستییە دەزانن، کە

---

(٦٦) جواد فقی علی الضوم حیدري، الشیخ خالد النقشبندي ومنهجه في التصوف، أطروحة دکتوراه (غیر منشورة)، کلیة العلوم الإسلامیة، جامعة بغداد، ١٩٩٧، ص١٩٣.

(٦٧) لەبارەی زنجیرەی نەسەبی تەریقەتەکانی قادریو نەقشبەندی بڕوانە: یونس الشیخ إبراهیم السامرائي، الشیخ عبد القادر الکیلاني. حیاته وآثاره، مکتبة الشرق الجدید، بغداد، ١٩٨٨، ص٦–٩؛ سعید بن مسفر بن مفرح القحطاني، الشیخ عبد القادر الجیلاني وآراؤه الإعتقادیة والصوفیة، ب.م، الریاض، ١٩٩٧، ص٢٧؛ عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی، تەریقەتی نەقشبەندی (بنەماو ئامانجەکان)، ب١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٦٤–١٦٦.

بەشی هەرە زۆری خەڵکی کورد لە رووی رۆحیو مەعنەوییەوە پابەندن بە رێبازەکانی تەریقەتی قادریو تەریقەتی نەقشبەندی، بۆیە وەك زەمینەسازییەك بۆ تێگەیشتن لە بەشەکانی دواترو رۆڵی شێخو خەلیفەو مریدو پەیڕەوانی تەریقەت لەسەر ژیانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ـ رۆحی خەڵکی کورد پێویستە ئاماژەیەکی کورت بەسەرەتاکانی دەرکەوتنو بڵاوبوونەوەی ئەم تەریقەتانە لە کوردستانو دواتریش ململانێو ناکۆکی نێوانیان بکرێت.

مێژووی بڵاوبوونەوەی رێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستان بەپێی ژمارەیەك سەرچاوە دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگارێك، کە رێبازەکانی تەریقەتی شازلی(٦٨)، نور بەخشی(٦٩)،عەلەوی(٧٠) کە لقێکی تەریقەتی خەڵوەتییە (٧١) لە کوردستاندا بوونیان هەبوو(٧٢).

---

(٦٨) شازلی: تەریقەتێکی سۆفیگەرییە، لەلایەن أبی الحسن علی کوڕی عبد الله کوڕی عبد الجباری شازلی دامەزرێندراوە. بۆ زیاتر بڕوانە: دائرة المعارف الإسلامية، المجلد ١٣، طهران، ب. ت، ص٥٧–٦٣؛ عبد المنعم الحفني، الموسوعة الصوفية، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٨٠٥.

(٦٩) نور بەخشی: تەریقەتێکی سۆفیگەرییە، دەگەڕێتەوە بۆ محەممەد نوربەخش (١٣٩٣–١٤٦٥ز) کوڕی باباعەلی هەمەدانی. بۆ زیاتر بڕوانە: عبد المنعم الحفني، المصدر نفسه، ص٩٨٦.

(٧٠ )عەلەوییە: دوو تەریقەتی سۆفیگەری بەم ناوەوە هەیە: یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ عەلی کوڕی أبی طالب، ئەویتریان بۆ محمەدی کوڕی عەلی ناسراو بە باباعلوی الجعفري. جواد فقي علي، محمد بن عبد الله الجلي (مەلای گەورە)و جهوده العلمية، مطبعة وزارة التربية، منشورات مكتب التفسير، أربيل، ٢٠٠٦، ص٥٣.

(٧١) خەڵوەتییە: لقێکی تەریقەتی سەهرەوەردییە لە خوراسان، دامەزرێنەرەکەی ظهير الدينە (١٣٩٧ز مردووە). لقی زۆری لە ئەنادۆڵو حیجازو سۆماڵدا هەبوو. دائرة المعارف الإسلامية، المجلد ١٥، طهران، ب. ت، ص١٨١.

(٧٢) جواد فقي علي، محمد بن عبد الله الجلي، ص٥٣؛ عیزەددین مستەفا رەسول، سۆفیزم لە شیعری کوردیدا، "ڕۆشنبیری نوێ" گۆڤار، بەغدا، ژمارە ١٠٧، ئەیلوولی ١٩٨٥، ل٥٢؛ عز الدين مصطفى رسول، شيء عن التصوف في الأدب الكردي. "كاروان" مجلة، العدد ٥٣، أربيل، ١٩٨٧، ص١٤٠.

هەواڵنامەی کتێب

لێکۆڵینەوە لە مێژووی سۆفیزم لە کوردستان ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ڕۆڵی عارفانی کورد لە دامەزراندنو پەرەپێدانی ژمارەیەك تەریقەت دیارو بەرچاوە. تەریقەتی ریفاعی دامەزرێنەرەکەی کوردێك بووە بە ناوی ئەبو وەفا تاجولعارفین (١٠٢٦–١١٠٧ز) کە بە(کاك)یش ناوبراوە. ریشەی تەریقەتی خەڵوەتیش دەگاتەوە بە عارفانی کوردو فارسو تورك. سۆفییەکی خەڵوەتی دیمەشقیی کورد بە ناوی ئەحمەد کوڕی عەلی حەریری (١٦٣٨ز مردووە) هێڵێکی گرنگی خەڵوەتی سوریای لێوە پەیدابووە. مەحمود کوردی (١٧١٥–١٧٨٠ز). زاناو سۆفییەکی خەڵوەتی بووە. عەبدوڵڵا شەرقاوی کە ماوەی نێوانساڵانی (١٧٩٣–١٨١٢ز) دا شێخی ئەزهەر بووە قوتابی ئەو بووە. هەروەها ئەحمەد تیجانی خەڵکی جەزائیرو دامەزرێنەری تەریقەتی تیجانییە، مۆڵەتی تەریقەتی خەڵوەتی لە مەحمود کوردی وەرگرتووە[٧٣]. ئەبو یەعقوب یوسف هەمەدانی (١٠٤٩–١١٤٠ز) کوردێکی لوڕو پێشەوای تەریقەتی خواجەگان بووە، کە دواتر بە هۆی شاهی نەقشبەندەوە ناوەکەی گۆڕدراو بووە تەریقەتی نەقشبەندی[٧٤].

هەموو ئەوانەی خرانەڕوو دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە پەیوەندیی کوردو سۆفیزم پەیوەندییەکی کۆنتر لە پەیوەندی دەرکەوتنو بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکانی قادریو نەقشبەندییە لە کوردستاندا، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە عارفانی کورد کاریگەریی گەورەیان بەسەر بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکانی سۆفیزمەوە، نە تەنها لە نێو کوردستان، بەڵکو لەدەرەوەی کوردستانیشدا هەبووە.

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا لە بەر ئەوەی ڕێبازەکانی هەردوو تەریقەتی قادریو نەقشبەندی لە کوردستاندا لە ڕووی ڕۆحیو مەعنەوییەوە کۆنترۆڵی بەشی

---

(٧٣) فەرهاد شاکەلی، کوردو مێژووی بیر. تەسەوف وەك سەرچاوەیەکی فەرهەنگی کورد، "سەنتەری برایەتی" گۆڤار، هەولێر، ژمارە ١٧، ساڵی چوارەم، پاییزی ٢٠٠٠، ل٢٤٨.

(٧٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٤٨–٢٤٩.

هەرەگەورەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیان کردووە، بۆیە باسەکە لەسەر ئەم دوو تەریقەتەو بڵاوبوونەوەیان‌و ململانێ‌و ناکۆکیی نێوانیان چڕ دەکەینەوە.

یەکێك لە کۆنترین تەریقەتەکانی سۆفیزم لە کوردستان، کە تا ئێستاش لە نێو کورددا قورسایی‌و کاریگەری مەعنەوی خۆی هەیە، تەریقەتی قادرییە، کە بەناوی شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە ناسراوە.

مێژووی تەریقەتی قادری دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدەی زایینی‌و لەسەر دەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٨–١١٦٦ز) دەرکەوتووەو[٧٥]، لەسەدەی نۆزدەوە گەیشتۆتە سنوری دەسەڵاتی میرنیشینی بابان‌و شێخ مارفی نۆدێیی[٧٦] ڕێبەرو مورشیدی بووە. مێژووی تەریقەتی نەقشبەندیش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەی زایینی‌و لەسەر دەستی شێخ محەممەدی بوخارایی[٧٧] پەرەیسەندووە[٧٨].

---

(٧٥) شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە مانای وردی زاراوەکە دامەزرێنەری تەریقەتێکی سۆفیزم نییە، بەڵکو بانگەشەکەری کاری چاکەو چاکسازی‌و خاوەنی میتۆدێکی تایبەتی پەروەردەی پراکتیکی‌و دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی زانستی ناسراوە، تەریقەتەکە لە ڕۆژگاری کوڕو نەوەکانیداو لە دوای خۆی ڕواڵەتەکانی پێگەیشتن. عبد القادر موسى حمادي المحمدي، مدرسة بغداد الصوفية، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الآداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩، ص١٧٨.

(٧٦) شێخ مارفی نۆدێیی: ناوی تەواوی محەممەد مەعروف کوڕی ئەحمەد کوڕی محەممەد نۆدێیی بەرزنجییە، زنجیرەی نەسەبی بەشێخ عیسای بەرزنجی کوڕی باباعەلی هەمەدانی کۆتایی دێت، ساڵی ١٧٥٢ز لە گوندی (نۆدێی) سەر بەپارێزگای سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی لەلای باوکی‌و زانا ناودارەکانی سەردەمەکەی دەست پێکردووە، دوای تەمەنی بیست ساڵی دەستیکردووە بەوانە گوتنەوە، مامۆستاو گوتار بێژو مورشیدی تەریقەتی قادری بووە لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی، ساڵی ١٨٣٨ز کۆچی دواییکردووەو چەندین نوسراوی گرنگی دوای خۆی جێهێشتووە. بۆ زیاتر بڕوانە: محمد أمين زكى بگ، تاريخ السليمانية وأنحائها، ت: محمد جميل بندي الروزبياني، ط٢، مطبعة وزارة الثقافة، السليمانية، ٢٠٠٢، ص٢٣٩–٢٤٥؛ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، مطبعة التمدن، بغداد، ١٩٦١، ص٦٩–١٩٨.

(٧٧) شێخ محەممەدی بوخارایی: ناوی تەواوی محەممەد کوڕی بهاء الدين الشاه نقشبند الأويسي البخارييە، ساڵی ١٣١٥ز لە دایکبووەو لە ساڵی ١٣٨٩ز دا کۆچی دواییکردووە. دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندییە، محمد أمين زكى بگ، المصدر نفسه، ص٢٣٤–٢٣٥؛ پێ ڕەش، بارزان‌و حركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦–١٩١٤، ب.م، ١٩٨٠، ص١٠.



هەواڵنامەی کتێب

گەلی کورد دوای پرۆسەی فەتحی ئیسلامیو لە پاش ئیسلامبوونو بە ئیسلامکردنی، هەمیشەو تا ئێستاش لە گەڕان بە دوای بنەما ئایدیۆلۆجیەکانیدا گەڕاوەتەوە بۆ سەرەتایەکی خوداییو ئایینیش وەکو گرنگترین بەشەکانی ئایدیۆلۆجیا خۆی نواندووە. سیمای داپۆشینی هۆشیاری مرۆڤی کورد بە بەرگی ئایینی زەمینەی هەمیشەیی پرۆسەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئایدیۆلۆجی بووە. ئاشکراشە، جێگەی یەکەم لە نێو سیستەمی باوەڕە ئایینییەکان لە نێو کورد دا بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئایدیۆلۆجیای ئیسلام بووە[٧٩].

دوالیزمی (ملکەچبوون/پاداشتی رۆژی دوایی) کە یەکێك لە بنەما ئایدۆلۆجییە پڕ بایەخەکانی ئایینی ئیسلامە، لە بزووتنەوەی سۆفیزمدا زۆر بە هێزتر دەرکەوتو رەنگیدایەوە. سۆفیزم چەندی پێیکرا هەوڵی دا تواناو هۆشیاریی جەماوەر بە ئاراستەی ئەم دوو چەمکە (ملکەچبوون/ پاداشتی رۆژی دوایی) بۆ خۆیو بۆ چەسپاندنو بڵاوکردنەوەی فیکری سۆفیگەری پاوان بکات[٨٠]، تایبەت ئەگەر ئەو راستییە ئاگادار بین، کە تەواوی رێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم بریتین لە رێگای ملکەچبوون بۆ خودا لە وزە بەخشینو هەوڵو کۆششێکی تەواو دڵسۆزانەدا، بۆیە مودەریس گوتەنی: خەریکبوون بە تەریقەتەوە لە راستیدا دەبێتە خەریکبوون بەڕاستی بەئادابی شەریعەتەوە[٨١].

---

(٧٨) جواد فقي علي، الشيخ خالد النقشبندي، ص٢٠٩؛ عەبدولرەحمان بێلاف بەرزنجی، تەریقەتی نەقشبەندی (بنەماو ئامانجەکان)، ب٢،چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٧٧٨.

(٧٩) ی.ئی.ڤاسیلیەڤا، کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە. کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵانو بابان، و: رەشاد میران، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧،ل ٢٤٧.

(٨٠) هەمان سەرچاوە، ل٢٤٨.

(٨١) مەلا عبدالكريمی مدرس، یادی مەردان. مەولانا خالیدی نەقشبەندی، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٩، ل١٣٥.

بەهێزتر بوونی کاریگەری فیکری سۆفیزم سەبارەت بە پیرۆز سەیرکردن (تقدیس)ی دەسەڵاتی سیاسیو فاکتەری پاداشتی رۆژی دوایی، وایکرد سۆفیزم ببێتە ئینستیتیوتێکی سیاسی ـ ئایدیۆلۆجی. لە کوردستانداو لە هەلومەرجی پەرتوبڵاوی سیاسیو نەبوونی ناوەندێکی بەهێز، کە توانای ئاراستەکردنی پرۆسە سیاسییەکانی بەرەو ئامانجێکی هاوبەش هەبێت، سۆفیزمی ئیسلامی زەمینەیەکی لە باری بۆ رەخساو بەخێرایی بڵاوبۆوە. بۆیە سەیر نییە ئەگەر ببینین هەردوو تەریقەتی سۆفیزمی قادریو نەقشبەندی بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنورە سیاسییە کۆمەڵایەتییە خێڵایەتییەکان بە کوردستانو بە نێو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردیدا بڵاوببنەوە[٨٢]. ئەم دوو تەریقەتە لەکوردستاندا بە جۆرێك هۆشیاریی کۆمەڵایەتی مرۆڤی کوردیان بە بەرژەوەندی خۆیان پاوانکردو بوون بە خاوەن هێزی کۆمەڵایەتیی گەورە ئیدمۆندز (C.J. Edmonds)ی گەیاندۆتە سەر ئەو بڕوایەی بڵێت: "سیستەمی سۆفیزم بوو بە ئایینی جەماوەر"[٨٣].

بیروباوەڕی سۆفیزم لە نێو کورددا لە رووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر باش جێی خۆیکردۆتەوەو فیکرو هۆشیاری ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی داگیر کردووە. سۆفیزم لە نێو کورددا لەسەر ئاکارو رەوتی عەشیرەتی پێکهاتووە، شێخ، کە کەسی یەکەمو مورشیدی تەریقەتە رێوشوێنی تەریقەت لە بارەگاکەی خۆیدا، کە ناوی (خانەقا– تەکیە)یە فێری مریدو لایەنگرانی دەکات، دواتر مریدە باشەکان بە پێی یاساکانی تەریقەت دەبن بە نوێنەر، یان خەلیفەو بۆ راگەیاندنو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سۆفیانە دەچنە نێو کەرتە کۆمەڵایەتییە عەشیرەتییەکانەوە، بەم جۆرە تۆڕێکی

(٨٢) ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩.

(83) C.J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs. Politics travel and research in North-Eastern Iraq 1919-1925, London, Oxford University Press, 1957, P.63;

سیسیل جی. ادموندز، کردها ترك ها عرب ها، ت: ابراهیم یونسی، چاپ دوم، چاپخانە نوبهار، تهران، ١٣٨٢، ل ٧٦.

فراوانی پێکەوە بەستراو بە پرانسیپەکانی سۆفیزم تەواوی کوردستان دادەپۆشێت، کە لەگەڵ جوگرافیای عەشیرەتی بەباشی یەکدەگرێتەوە[٨٤].

پلـەو پایـەی شـێخو دەسـەڵاتەکەی بـەهۆی (کەشـفو کەراماتـەوە) لـە نێـو خەڵکیدا بەهێزتر دەبوو. کاریگەری ئەم دوو دیاردەیە لەهێزو توانای کەسایەتیی شێخو تێگەیشتنی بۆ سروشتی مرۆییو رەفتارو هەڵسوکەوتی شەخسی خۆیدا دەردەکەوێت، واتە لە روانینی خەڵکیدا شێخ توانای زانینی ئەو شتە پەنهانو شاراوانەی هـەبوو، کـە مرۆڤی ئاسایی هەستی پێنەدەکرد. بێگومان زێدەگۆییو پێوەنانی (مبالغة) خـەڵکیش بۆ کارەکانی کەشفو کـەرامات، پێگـەی رۆحـیو کۆمەڵایـەتیو کەسـایەتیی مەعنـەوی خودی شێخی بەهێزتر دەکرد[٨٥]. دڵسۆزیی بێ سنوری کوێرانەی مریدانو پەیڕەوانیان بـۆ مورشـیدەکانیان یارمەتیـەکی مـاددی گـەورەبوو بـۆ دەسـەڵاتی رۆحـانیی شـێخو بنچینەی ئەوەیشی بۆ دەرەخساند، کە نەك هەر ببێت بە رێبەرێکی ئایدیۆلۆجی، بەڵکو ببێتە سەرکردەیەکی سیاسیش. ئەو پەیوەندییەی نێوان شێخو مریدانی لەبـەر ئـەوەی بە رەنگـی ئـایینی لەفۆرمـە سـۆفیگەرییەکەیدا رەنگڕێـژ کرابـوو زۆر بـەهێزتر بـوو لـەو پەیوەندییانـەی، کـە ئـەو بۆیـە ئایینییـەی بەسـەرەوە نـەبوو، ملکەچـبوون شـێوەی گوێڕایەڵیەکی تەواوی مورشیدە رۆحییەکەی وەرگرتبوو، خزمەتکردنی باشـی مورشـید وەك رێسایەکی رەفتاری دەروێشانە تەماشا دەکـرا[٨٦]. رۆڵـی شـێخ وەك کەسـێك، کـە زۆر جار تا ئاستی بە پـیرۆز کردنـی سـەیردەکرا توانـاو هێـزی پەیـداکردنی دەسـەڵاتی

---

(٨٤ ) واسیلی نیکیتین، کـوردو کوردسـتان، و: خالیـدی حسـامی، چـاپخانەی زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٧، ل٦١٤-٦١٥؛ رەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨؛ عەبدولرەحمان بێلاف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٨١٥.

(85) Edmonds, OP. Cit., PP. 74-75;

أدموندز، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦-٧٧؛ جرجیس فتح الله، مبحثان علی هامش ثـورة الشـیخ عبیـد الله النهري، ط٢، مطبعة التربیة، دار ئاراس، أربیل، ٢٠٠١، ص١٤٤؛ جەعفـەر عـەلی رەسـول، ناسـیۆنالیزمو ناسیۆنالیزمی کوردی،چ١، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥٢.

(٨٦) ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣١، ٢٣٣.

پێدەبەخشی. زۆر مریدی توندڕەوو نەخوێندەوار شێخی تەریقەتیان وەك مەهدی چاوەڕوانکراوو رزگارکەر (المنقذ) دەبینیو ئومێدی ئەوەیان لێدەخواست دادپەروەریو ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی بە دیاری بهێنێ. ئەم ملکەچبوونو دڵسۆزییە بۆ شێخ لە کاتی قەیرانە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرتر دەبوو. شێخ تا لە ژیاندا بوو نەك هەر ئەرکی شێخایەتیی تەریقەت، بەڵکو ئەرکی پزیشكو یاساناسو مەلاو پزیشکی دەروونیشی دەبینی، دوای مردنیشی ئەم پیرۆزییەی بە پیرۆز کردنی مەزارەکەی تا ئاستی بە ئەفسانە کردنی بەردەوام دەبوو[٨٧].

شێخ لەبیری سۆفیزمدا بەمانای مرۆڤێکی تەواو (الکامل)و بێ کەموکورتی دەهات لە زانستی شەریعەتو تەریقەتو راستیو ئەو زانیارییانەی دەربارەی دەروونو نەخۆشییەکانیو رێگاکانی چارەسەرکردنیاندا هەیەتی، وێڕای توانای چاککردنەوەی نەخۆشانو رێگا نیشاندانیان، ئەگەر بڕوایان بە پەیامو پێگەی شێخ هەبێت[٨٨]. لەڕوانگەی شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە شێخ ئەو کەسەیە، کە بەهۆیەوە مرید بە ناسینو خۆشەویستی خودا دەگات، بۆیە پێویستە هەموو مریدێك خاوەنی شێخ بێت[٨٩]. واتە شێخی گەیلانی سۆفیزم وەك پەیوەندیی نێوان شێخو مرید دەبینێ، شێخ لە پەروەردەی سۆفیزمدا دەبێتە بەردی بناغەو بەبێ بوونی شێخێکی مورشید، مرید نە گەورەیی خودا دەناسێتو نە بە خۆشەویستیی خوداش دەگات. هەروەها گەیلانی مریدی بە کۆمەڵێك ئادابەوە پابەند کردووە، کە دەبێت لەبەرانبەر شێخدا نیشانیان بدات، تا لە رێی رەفتارەکانیەوە ببێتە مریدێکی نموونەیی، هەروەك چۆن لەسەر شێخی پێویست کردووە کە دەبێ لە هەڵسوکەوت لەگەڵ مریدەکانیدا کۆمەڵێك

---

(٨٧) برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل١١٩-١٢٠؛ روبەرت ئۆلسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبو بەکر خۆشناو، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٨-١٩.

(٨٨) عبد المنعم الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، ص١٤٣؛ عبد الرزاق الكاشاني، معجم إصطلاحات الصوفية، دار المنار، القاهرة، ١٤١٣هـ، ص١٧٢.

(٨٩) عبد القادر بن موسى بن عبد الله الجيلاني، الغنية لطالبي طريق الحق، ج٢، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ب.ت، ص٤٤٩.

هەواڵ تەمەری کەبیر

ئاداب رەچاو بكات، تا ببێتە پێشەنگێكی رەفتار باش و خاوەنی سیفاتی چاك و دواجاریش نموونەیەكی بەرز لە كۆمەڵگەدا[٩٠].

ڕێبازەكانی تەریقەتەكانی سۆفیزم لە كوردستاندا جگە لەوەی بە خێرایی لە نێو خەڵكی كورددا بڵاوبوونەوە، كارێكی زۆریشیان كردە سەر پێكهاتی سایكۆلۆجی و كۆمەڵایەتی و رۆحیی خەڵكی كوردستان. بەبڕوای عەزاوی هۆكاری ئەم زوو بڵاوبوونەوەیەی تەریقەت لە كوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ: بۆ كوردەكان كارێكی ئاسان نەبوو پەیوەندی بە زانست و قوتابخانە ئیسلامییەكانەوە بكەن، كە بە زمانی عەرەبی بوون، جگە لەوە زانای گەورە دەركەوتن، تەریقەتەكانی سۆفیزمیش جگە لە زوهد و عیبادەت هیچی تریان گەرەك نەبوو، بۆیە پەیوەندیكردن پێیانەوە كارێكی ئاسان بوو، لەبەر ئەوە مەیل و ئارەزووی خەڵكی كورد بەرەو سۆفیزم زۆر گەورە بوو، بەهەمانشێوە ملكەچییان بۆ شێخان و بۆ رێبەرانی تەریقەتیش هەر گەورە بوو[٩١].

سۆفیزم، كە لە بنەڕەتدا دیاردەیەكی دەروونی تاكە كەسییە (ظاهرة نفسية فردية)، لە كوردستاندا گۆڕدراو بووە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی. كەسی سۆفی وەك ئەوە نەمایەوە، كەپێشتر لەناو ئیسلامدا هەبوو بەجۆرێك دوور لە ژیانی كۆمەڵایەتی - ئابووری - سیاسی بەتەنها خەریكی عیبادەت و خوداپەرستی بێت، بەڵكو گۆڕدرا بۆ مرۆڤێك بەتوندی پابەندی ئەوە بوو، كە دەبێ لەگەڵ مرید و پەیڕەوانیدا كۆببێتەوە و پەیوەندی بە خەڵكی تریشەوە بكات بەبێ گوێدانە ئاستی دەوڵەمەندی و هەژاری، یان دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات، گرنگ ئەوەبوو كارلێك (تفاعل) لەگەڵ ئەو ژینگە كۆمەڵایەتییەدا دروستبكات، كە تێیدا دەژیت. تەریقەتەكانی سۆفیزم بەگوێرەی ئەوەی لە نێو كەرتە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكانی كوردستاندا لایەنگرو پەیڕەوانی زۆریان كۆكردبۆوە، ببوون بە فۆرمێكی دیاریكراو لە فۆرمەكانی رێكخستنی ژیانی كۆمەڵایەتی،

---

(٩٠) لەبارەی ئادابی مرید لەگەڵ شێخ و ئادابی شێخ بەرانبەر مرید بڕوانە: المصدر نفسه، ص٤٤٥-٤٥٣.

(٩١) عباس العزاوي المحامي، خلفاء مولانا خالد، "مجلة المجمع العلمي الكردي"، بغداد، العدد الثاني، المجلد الثاني، ١٩٧٤، ص١٩٨.

شـێخانی تەریقـەت لەبـەر ئـەوەی ژمارەیـەکی فـراوان خـەڵکیان لـە دەوری خۆیـان کۆکردبۆوە چیتر نەیاندەتوانی بەگۆشەگیریو دوور لە خەڵكو کۆمەڵگە بـژین، لێـرەوە پێویستیان بە ناسینی دەروونی تاکەکانو ژینگەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردەواری هەبوو، هـەروەها پێویسـتییان بـە توانایـەکی زۆریـش هـەبوو بۆ بـەردەوامیو رێکـردن لەگەڵ سیستەمو ژیانی کۆمەڵایـەتی، بـەو مانایـە وەك م. لیـنگس دەڵێـت: "سـۆفیزم چەند هەوڵدان بوو بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، هێندەش کاریگەری دەخستە سـەر ژیـانی کۆمەڵایەتی دادەنا"[٩٢].

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا مێژووی تەریقـەتی قـادری دەگەڕێتـەوە بـۆ پـێش مێـژووی سـەدەکانی هـەژدەو نـۆزدە. محەممـەد ئـەمین زەکـی لـە بـارەی هـاتنی تەریقەتـەکانی قـادریو نەقشـبەندی بـۆ مەڵبەنـدی بابـان دەڵێـت: نازانـدرێت ئـەم دوو تەریقەتە کەی هاتوونەتە ئەم مەڵبەنـدەو کـێ بڵاویکردوونەتـەوە، بـەڵام دەڵێـت: وەك گوێ بیستی بووم لە رۆژگاری بابانەکاندا لە ناوچـەکەدا بڵاوبوونەتـەوە. یەکـەم کـەس، کە تەریقەتی قادری لە سلێمانیو دەوروبەریدا بڵاوکردەوە شـێخ مـارفی نـۆدێیی بـوو، بـەڵام بڵاوکـەرەوەی تەریقـەتی نەقشـبەندی مـەولانا خالیـد بـوو[٩٣]. واتـە شـێخەکانی کوردستان لـە دوو تەریقـەتی سـۆفیگەری قـادریو نەقشـبەندی پێکهـاتبوون، مریـدانی تەریقـەتی قـادری (دەروێـش)و (سـۆفیش) مریـدی تەریقـەتی نەقشـبەندی بـوون[٩٤]. ناوەنـدی ئیرشـادی تەریقـەتی قـادری (تەکیـە)و ناوەنـدی ئیرشـادی تەریقـەتی نەقشبەندیش (خانەقا) بوو.

سەرەتای سەدەی نۆزدە تەریقەتی باڵادەست لە کوردستان تەریقەتی قـادری بـوو. تـەنها دوو بنەماڵـەی دەسـەڵاتداری شـێخان لـە کوردسـتاندا هـەبوون، ئـەوانیش

هەواڵنامەی کتێب

---

(92) Martin Lings, What is Sufisim? London: George Allen and Unwin Ltd, 1975, P.15.

(٩٣) محمد أمين زكي بگ، مصدر سابق، ص٢٣٧–٢٣٨.

(94) C.J. Edmonds, OP. Cit., P.63.

هەردووكیان سەر بەتەریقەتی قادری بوون: بەرزنجەییەكان[٩٥] لە بەرزنجەو[٩٦]، ساداتی نەهری لە هەكاری.

ئەم دوو بنەماڵەیە لە ڕێی پاوانكردنی پلەی شێخایەتی بۆ ئەندامانی بنەماڵەكانیان دەسەڵاتو نفووزی خۆیان بەسەر مریدو پەیڕەوانیاندا سەپاند بوو. تۆڕێكی فراوانی سەر بەم دوو بنەماڵەیەو مریدو لایەنگرانیان بە تەواوی كوردستاندا بڵاوببوونەوە[٩٧]، گەورەبوونو درێژخایەنیی دەسەڵاتی ئەم دوو بنەماڵەیە لە كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆكار، لەوانە:

**یەكەم:** هەر یەك لەم دوو بنەماڵەیە زنجیرەی نەسەبی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ پێغەمبەرو ڕێچكەی تەریقەتیش بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی. پێگەی ڕۆحیو مەعنەویی گەیلانی لە فراوانبوونی بنكەی جەماوەریو هەژموونی (هیمنة) كۆمەڵایەتییاندا سەرمایەیەكی ڕەمزیو ڕۆحی پیرۆزی پێداون.

**دووەم:** بڵاوبوونەوەی فراوانی ئەندامانی شێخانی بەرزنجەو بەڕادەیەكی كەمتریش بنەماڵەی نەهرییەكان وەك زاناو شێخ بە زۆر ناوچەی كوردستاندا، وایكردبوو لەسەر ئاستی ناوچەكەو دەوروبەریدا ناوو ناوبانگ پەیدابكەن.

**سێیەم:** شێخەكان بە گشتیو بەرزنجەییەكان بە تایبەتی، خاوەنی ژێرخانی ئابووریی بەهێز بوون، ئەندامانی بنەماڵەی بەرزنجەییەكان لە ڕێگەی پلەو پایەی ئایینیو دواتریش پێگەی سیاسییان، ببوون بە خاوەنی سامانێكی زۆر لە موڵكو زەویو سامانی ئاژەڵی[٩٨].

(٩٥) بەرزنجییەكان: بنەماڵەیەكی مێژوویی بەناوبانگو كۆنن، نەوەی باباعەلی هەمەدانین، ژمارەیەك زانای ئایینیو ئەدیبی گەورەیان تێدا هەڵكەوتووە. محمد الخال، مصدر سابق، ص٦٩.

(٩٦) بەرزنجە: ناوچەیەكە بەدووری ٦٠كم لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی، ناوەندی ناحیەی (سروچك)ە لە قەزای شارباژێری سەر بە پارێزگای سلێمانی.جمال بابان، أصول أسماء المدن والمواقع العراقية القديمة، مطبعة الأجيال، بغداد، ١٩٨٩، ص٥٣-٥٤.

(٩٧) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

(٩٨) برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل١٣٣-١٣٤.

**چوارەم:** تەریقەتی قادری بەپێی هەندێك بۆچوون زیاتر لە هەموو تەریقەتەکانی تر پابەندی شەریعەتو سوننەتەو زۆربەی شێخو رێبەرە رۆحانییەکانیشی کورد بوون(٩٩).

**پێنجەم:** نەبوونی ناوەندێکی سیاسی ــ کۆمەلایەتیی بەهێز بۆشاییەکی گەورەی لە کوردستاندا دروستکردبوو، ئەمەش رێگا خۆشکەر بوو، تا رێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم ببنە پێکهاتەیەکی سیاسیی ــ ئایدیۆلۆجیو کۆنترۆلی بیرو هۆشیاری خەلك لە کوردستاندا بکەن.

**شەشەم:** وێڕای ئەمانە هێزی مەعنەویو کەسایەتیی شێخو توانای بۆ خوێندنەوەو دەرك پێکردنی ئەو دیاردەو رووداوانەی، کە کەسانی ئاسایی تر نەیاندەتوانی دەرکیان پێبکەن، هەروەها کەشفو کەرامات، هۆکارێکی تری یاریدەدەر بوون لە گەورەکردنی دەسەلاتو نفووزی کۆمەلایەتیو چەسپاندنی زیاتری پێگەی تەریقەت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تەریقەتی نەقشبەندی خێراتر لە تەریقەتی قادری پەرەیسەند. نوێکەرەوەو بلاوکەرەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان مەولانا خالیدی (١٧٧٩–١٨٢٦ز) سەر بەتیرەی میکاییلی جاف بوو(١٠٠).

---

(٩٩) پی رەش، مصدر سابق، ص١٠.

(١٠٠) لە بارەی بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە مەولانا خالید بڕوانە: جواد فقي علي، الشيخ خالد النقشبندي، ص٢٢، هامش (٢)، ص٩٥، هامش (٢)؛ سەید تاهیری هاشمی، مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی، و: دلێر میرزا، چاپخانەی قانیع، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٣، ٤٤. بەر لە پەیدابوونی مەولانا خالید تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان لایەنگرو هەواداری هەبووە، بەلام گەورەبوونو گەشەکردنی هاوکاتە لەگەڵ گەڕانەوەی مەولانا خالید لە هیندەوە بۆ سلێمانی، سەید تاهیری هاشمی، هەمان سەرچاوە، ل٦١؛ نادر کریمیان سردشتی، تذکرە عرفای کردستان، انتشارات نگاه سبز، تهران، ١٣٨٠، ل٩١؛ دیدەنی لەگەڵ محەممەدی مەلا کەریم، بەغداد، ٢٧ی شوباتی ٢٠٠٦.

مەولانا خالید دوای چوونی بۆ هیند لە ساڵی ١٨١١دا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیو هەرزوو خەڵکێکی زۆر رووی تێکرد[١٠١]. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەزاران کەس لە هەموو لایەکی کوردستانەوە پەیوەندییان بە تەریقەتی نەقشبەندییەوە کردووە، تەنانەت ژمارەیەك لە فەرمانڕەوایانی بنەماڵەی بابان بوونە مریدی مەولانا. ریچ C.G.Rich لە یاداشتی رۆژی بیستو چواری حوزەیرانی ساڵی ١٨٢٠ دا بۆمان دەگێڕێتەوە چۆن تەواوی وتەکانی مەولانا خالید بە فەرمووده دادەنرێتو کوردەکان بە وەلیی دەزاننو دەیبەنە ریزی پێغەمبەرەوە. لە زمانی عوسمان بەگی برای مەحمود پاشای بابانیشەوە پێماندەڵێت: چ خۆیو چ مەحمود پاشاو زۆربەی سەرانی کورد مریدی مەولانان، "چونکە بە لایکەمەوە لەگەڵ شێخ عەبدولقادری بەناوبانگ لەیەك پلەدان"[١٠٢]. لە یاداشتی رۆژی بیستی تشرینی یەکەمیشدا نوسیوویەتی: "...پێش چەند رۆژێك کوردەکان لە عەبدولقادریان[١٠٣] گەورەتر دادەنا، میریش[١٠٤] وا خووی پێوە گرتبوو لە بەرانبەریدا بە پێوە بوەستێو قەننەی بۆ تێبکات..."[١٠٥].

هەواڵنامەی کیژ

---

(١٠١) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦،ڕەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو،ل٦١.

مەولانا خالید ساڵی ١٨٠٥ چۆتە حەجو زیارەتی مەککەو مەدینەی کردووە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ شام ـ عیراق ـ سلێمانیو دەستیکردۆتەوە بە دەرس گوتنەوەو خودا پەرستی، ساڵی ١٨٠٩یش روویکردۆتە هندستانو لەوێ لەسەر دەستی شا عەبدوڵڵای دەهلەوی تەریقەتو مۆڵەت (اجازة)ی خەلافەتو ئیرشادی وەرگرتووە، ساڵی ١٨١١ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. بڕوانە: محمد الخال، مصدر سابق،ص٣٨-٤٢؛جواد فقی علی، الشیخ خالد النقشبندی، ص٥٩-٧٣؛ محمد رئوف توكلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤-٢٢٥؛ مهیندخت معتمدی، نقشی از مولانا خالد نقشبندیو پیروان طریقت او، انتشارات پاژنگ، تهران، ١٣٦٨، ل٣٠-٣٥، ٣٧.

(١٠٢) کلۆدیۆس جێمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و:محەمەد حەمە باقی، چ٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٤٢.

(١٠٣) مەبەستی ریچ بە گەورەتر دانانی مەولانا خالیدە لە شێخ عەبدولقادری گەیلانی.

(١٠٤) ئەو رۆژگارە مەحمود پاشا میری میرنشینی بابان بووە.

(١٠٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٨٨.

ماوەی نێوان ساڵانی ١٨١١–١٨٢٠ بە پڕ بەرهەمترین ساڵانی ڕێبازی نەقشبەندی دەژمێردرێت لە کوردستاندا. ژمارەیەکی زۆری خەڵك بە گەڕانەوەی مەولانا بۆ سلێمانی، وێڕای دوژمنایەتی بەردەوامی قادرییەکانو ناو بە ناویش میرانی بابان، هاتنە سەر ڕێبازەکەی، تایبەت ئەو توێژە بازاڕییەی، کە هەلومەرجی پڕ لە شەڕو شۆڕی میرنشین زیانی بە بەرژەوەندییەکانیان دەگەیاند، ئەوانە دوژمنایەتی خۆیان بۆ ئەو دەرەبەگانە ڕاگەیاند بوو، کە لە دەوری هەردوو هێزی سیاسیو ئایینی — کۆمەڵایەتی لە سلێمانی کۆببوونەوە. لێرەوە نەقشبەندی چوارچێوەیەکی تازەی بۆ پێکهێنابوون، کە گوزارشتی لە بەرژەوەندی هاوبەشیان دەکرد، لەبەرئەوە لە سەرەتاوە بە گەرمی پشتگیریان لێکرد(١٠٦).

بە بڕوای نەجاتی عەبدوڵڵا ئەم لێکدانەوەیە خوێندنەوەیەکی ئایدیۆلۆجیانەی سەر بەرەو ژێرە، لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر ئەو بازاڕییانەی دژایەتی دەرەبەگەکانیان دەکرد وەکو چینێك، یان هیچ نەبوایە، وەکو توێژێکی کۆمەڵایەتیش بوونیان هەبوایە، دەبوو لایەنیکەم تەریقەتی نەقشبەندی بیتوانیایە لەناو شاردا دوای ئاوارەبوونی مەولانا خالید جێ پێیەك بۆ خۆی بکاتەوە، بەڵام تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا نەیتوانی لەگەڵ کولتووری شاردا هەڵبکات، کەچی هەر زوو بەنێو ناوچە چیاییەکاندا بڵاوبۆوە. لێرەوە نەجاتی عەبدوڵڵا دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا زیاتر سیمایەکی (ناوچیایی) بەخۆیەوە گرتو تەریقەتی قادریش وەکو تەریقەتێکی کۆنسێرڤاتۆر هەر لەناو شاردا مایەوە(١٠٧).

بە بڕوای ئێمە هەر یەکێك لەم لێکدانەوانە هەندێك لە ڕاستییان تێدایە، نەك تەواوی ڕاستییەکان. چونکە ڕاستییەك، کە ناشێت فەرامۆش بکرێت ئەوەیە، کە دەرفەتی مانەوەو گەشەکردن لە شاری سلێمانی بۆ تەریقەتی نەقشبەندی لە ڕۆژگاری

---

(١٠٦) هەڵکەوت مەلا حەکیم خانەقینی، ڕیشەو پێشینەی ڕێبازی نەقشبەندی لە کوردستاندا. "سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی" گۆڤار، سلێمانی،ساڵی شەشەم، ژمارە ٢١، شوباتی ١٩٩٨، ل١٤.

(١٠٧) "شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا ١٨٧٩–١٨٨٢". و: نەجاتی عەبدوڵڵا، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢١.

هەواڵنامەی کتێب

دەسەڵاتی بابانەکاندا کەمترو بەر تەسکتر بوو لە دەرفەتی گەشەکردنی تەریقەتی قادری، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی تەریقەتی قادری زیاتر لە نەقشبەندی لەگەڵ فەزاو کولتووری شاردا گونجاوتر بوو بێت، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوە بوو، کە لە لایەکەوە دەسەڵاتی سیاسیی بابانەکان تا رادەیێکی بەرچاو لەگەڵ رێبەری رێبازی قادری نەرمیی زیاتری نواندووەو بە کەسی ئایینی یەکەمی سنوورەکەیان زانیوە، لە لایەکی تریشەوە مەولانا خالید بە هۆی دژایەتی کردنی زۆری لە لایەن قادرییەکانەوە بە ناچاری سلێمانی جێهێشتووە. بۆیە لەوانەیە ئەگەر مەولانا ئاوارەی دەرەوەی سلێمانی نەکرابایەو لە شاردا بمابایەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو نفوزە کۆمەڵایەتییەی لەو چەند ساڵە کەمەی سەرەتای گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانی پەیدایکردبوو، رەنگە نفووزو پێگەی رۆحیو جەماوەریی نەقشبەندی لە سلێمانی زۆر لەوە گەورەتر بوایە، کە هەیە، ئەوە تەنگ پێهەڵچنینی مەولانایە لە سلێمانی ناچاریدەکات، کەنارەکانو ناوچە چیاییەکان بکاتە بنکەی بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکەی لە کوردستان نە جۆری پێکهاتەو سروشتی رێبازەکەی، یان ئەوە بەو مانایە نییە، وەك نەجاتی عەبدوڵڵا دەڵێت: کولتووری شارەکە لە کولتووری چیا پێشکەوتووترو نوێخوازتر بووبێت، کە دەشێت پێچەوانەکەی پتر راستی تێدا بێت[١٠٨]. ئاماری مریدانی مەولانا بە تەنها لە تورکیاو وڵاتانی عەرەبیدا بە گوتەی ریچ گەیشتۆتە دوازدە هەزار مریدو سیو چوار خەلیفەی کوردو سیو سێ خەلیفەی سەربە نەتەوەکانی تر[١٠٩].

---

(١٠٨) هەمان سەرچاوە، ل٢١-٢٢.

(١٠٩) ریچ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦، ١٤٢. بۆ ناوی سەرجەم خەلیفەکانی مەولانا خالید بڕوانە: مەلا عبدالکریمی مدرس، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٨٣-٨٦؛ الشیخ محمدالخال، مصدر سابق، ص٤٩-٥١.

حوسێنی خەلیقی بە بێ پشت بەستن بە هیچ سەرچاوەیەك ئاماژەی بە بوونی چوارسەد خەلیفەی مەولانا کردووە، کە پێدەچێت ئەم ژمارەیە دوور بێت لە راستییەوە. حوسێنی خەلیقی، کۆمەڵناسی کوردەواری، ب٢، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٩٢، ل٢٦٩. عەباس عەزاویش مریدانی نەقشبەندی لە هەموو وڵاتاندا بە بیست هەزار داناوە. عباس العزاوی، مولانا خالد النقشبندی. "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، بەغدا، العدد١، ١٩٧٣، ص٧١٩. جیاوازیی نێوان هەردوو ژمارەکەی ریچو العزاوی بریتییە لە هەشت هەزار کەس. ئەگەر ئەو راستیەمان لەبەرچاو بێت کە راستە ریچ لە رۆژگاری

ئەم زوو گەورەبوونەی تەریقەتی نەقشبەندی لە سنوری دەسەڵاتی میرنشینی باباندا بووە هۆی تورەبوونی شێخەکانی بەرزنجەو تەواوی شێخانی تەریقەتی قادریشی وروژاند. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی فەرهەنگیو هەلومەرجی کۆمەڵایەتی — ئابووریی ئەو رۆژگارەو شەیدایی بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتو قبوڵنەکردنی ئەویتری جیاواز، شتێك نەبوو کە چاوەڕوان کراو نەبێ ئەگەر ململانێو ناکۆکی بکەوێتە نێوان رێبازەکانی سۆفیگەری قادریو نەقشبەندی لە کوردستان، تایبەت لە ئاستی رێبەرایەتیاندا. بۆیە لەگەڵ هاتنەوەی مەولانا بۆ سلێمانیو فراوانبوونی بنکەی جەماوەری تەریقەتەکەی ناکۆکیی نێوان هەردوو تەریقەت لەسەر ئاستی زانایانو میرو خەڵکیدا گەیشتە ئاستێك بیرۆکەی کوشتنی مەولانا لە ئەندێشەی نەیارانیدا دەگەڕا(١١٠). تەنانەت شێخ مارفی نۆدێیی تۆمەتی کفرو ئیلحادی داوەتە پاڵ مەولاناو داوای لە پیاوانی ئایینیش کردووە فەتوای لەسەر بدەن(١١١).

شێخە فیوداڵەکانی قادری توێژێکی کۆمەڵایەتیی دوورە پەرێزییان پێکهێنابوو، ژمارەیەکی کەم لە بنەماڵەی شێخان ئەرکی سەرکردایەتیی ئایدیۆلۆجییان بۆ خۆیان پاوانکردبوو. خەلیفەی شێخە قادرییەکان نەدەبوونە شێخ، شێخایەتی تەنها لە نێو خانەدانانی بنەماڵەی بەرزنجییەکانو ساداتی نەهری خۆیاندا دەمایەوە. نەقشبەندییەکان هاتن ئەم ستراکتورە دۆگمایەیان تواندەوە. لە کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر لە خەلیفەکانی مەولانا خالید بوونە شێخ، بۆیە دوای کۆچی دوایی

---

مەولانادا ژیاوە، بەڵام لە ئامارەکەیدا بە تەنها باسی تورکیاو وڵاتانی عەرەبی کردووە. بەڵام مەولانا مریدی زۆری لە هندستان، پاکستان، ئەفغانستان، وڵاتی فارس، داغستانو کوردستاندا هەبووە، بۆیە هەرچەندە العزاوی هاوسەردەمی ژیانی مەولاناش نەبووەو لەسەدەی بیستدا ژیاوە، بەڵام رەنگە ژمارەکەی ئەو راستی زیاتری تێدا بێت.

(١١٠) محمد امین زکی بگ، مصدر سابق، ص٢٤٨–٢٤٩ ؛ محمد رەئوف توکلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣؛ عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٨١٨.

(١١١) محمد الخال، مصدر سابق، ص٥١؛ عباس العزاوی، مولانا خالد النقشبندی، ص٧٠ ؛ رەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

مەولانا سەرکردەی ئایدیۆلۆجیی تر دەرکەوتن[١١٢]. هـەروەها تەریقـەتی قـادری ببـووە بەشێك لە سیستەمی دەسەڵاتداریێتی بابانەکانو پشتگیری میرەکـانو ئیـدارەی بابـانی دەکـرد. ئـەو رۆژگـارەش خـەڵکێك دەرکـەوتبوون لەگـەڵ سیسـتەمی دەسـەڵاتداریێتی بابانەکاندا ناکۆك بوون، تەریقەتی نەقشبەندی بە گوتەی رەشاد مـیران وەك رێبـازێکی بەرهەڵسـتکار رووبـەڕووی سیسـتەمی سیاسـی ئـایینی ــ کۆمەڵایـەتی بابانـەکان وەستایەوە، هەر بۆیە ئاسایی بوو، ئەگەر خەڵکەکە رووی تێبکـات[١١٣]. وێـڕای ئەمانـە مەولانا پێچەوانەی دوورە پەرێزی شێخانی قادری، مەلاو رۆڵەیەکی سادەی عەشـیرەتی بووەو پتر لە خەڵکەوە نزیکبووە، جگە لەوەی مەولانا مرۆڤێکـی کـراوەو رۆشـنبیرێکی جیهاندیدە بووە، لە ئێـرانو ئەفغانسـتانەوە چـووەتە هندسـتانو وەك گوتمـان سـاڵێك لەوێدا ماوەتەوە، ئەو رۆژگارەش هندستان بە گـوێرەی ئـەوەی داگیرگەیـەکی ئینگلیـز بووە گەلێك لە کوردستان زۆرتر پەیوەندی بە دونیای نوێوە هـەبووە. هـەموو ئەمانـەو تێگەیشتنو حاڵیبوونی پتری خەڵك لە زمانو نیازی مەولانا رێگایان بـۆ هـەزاران کـەس خۆشکرد، کە لە ناویاندا چەندین مەلای گـەورەی ئـەو رۆژگـارە هـەبوون تـا لـە دەوری مەولاناو تەریقەتی نەقشبەندیدا کۆببنەوە[١١٤].

هەوڵنامەی کتێب

---

(١١٢) ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦١؛ برونەسـن، سەرچـاوەی پێشـوو، ب٢، ل١٤٥. بـە بـڕوای برونەسن باپیرە گەورەی بنەماڵـەی تاڵـەبانی تاکـە کەسـێکی قادرییـە، کـە شـێخایەتی بـە مـیرات بـۆ نەماوەتەوە. برونەسن، هەمان سەرچاوە، ب٢، ل١٤٥.

(١١٣) رەشاد میران، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

(١١٤) دیدەنی لەگەڵ محەممەدی مەلا کەریم، بەغدا، ٢٧ /شوبات/٢٠٠٦. هەرچی شێخ مـارفی نۆدێییـە بـە گوتـەی پـێ رەش نموونـەی رەوتێکـی ئـایینی پارێزگارانـە (Conservative)و پابەنـدی وشـە بـە وشەی تێکسـتەکان بـوو، هـیچ شـتێکی نوێشـی دانـەهێنا. پـی رەش، مصـدر سـابق، ص١١–١٢. ئـەم بۆچوونەی پێ رەش تەنها لەسەر ئاستی بەراوردی نێوان تەریقەتەکانی قادریو نەقشبەندی نزیکە لـە راستییەوە، ئەگینا لەسەر ئاستی گشتیدا، جگە لەوەی شێخ مارفی نۆدێیی زانایـەکی ئـایینی گـەوری خـاوەن نوسـراوی بـەنرخی رۆژگارەکـەی خـۆی بـووە، مـەولانا خالیـدو نەقشـبەندییەکانیش کـەمتر پابەندی نەریتو بیری پارێزگارانە نەبوون.

لەبەر ئەوەی ناکۆکی نێوان هەردوو تەریقەتی قادریو نەقشبەندی لە کوردستاندا پرۆسەی یەکڕیزیو یەکخستنی خەڵکی کوردی لە چوارچێوەی بیری سۆفیزمدا پەکخست، نە یەکێك لە تەریقەتەکان بە تەنهاو نە لە پرۆسەیەکی ڕۆحی هاوبەشدا سۆفیزمی کوردی لەوە لاوازترو کەمتواناتر خۆینواند، کە بتوانێت لە رووی ئایدیۆلۆجیەوە خەڵکی کورد یەکبخات.

لەبارەی ناکۆکی نێوان هەردوو تەریقەتە سەرەکییەی کوردستان نووسراوو لێکدانەوەی جیاجیا هەیە. دوای گەڕانەوەی مەولانا خالید بۆ سلێمانیو بوونی بەشێخو ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندیو گەورەبوونی دەسەڵاتی ڕۆحانیو بەهێزبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی، دوژمنو نەیاری زۆری لە سنووری دەسەڵاتی میرنشینی بابان، تایبەت لە پایتەختی بابانەکان (سلێمانی) بۆ پەیدا بوو، شێخ مارفی نۆدێیی لەنێو ئەو نەیارانەدا، کە سەرسەختانە کەوتنە رکابەریکردنی لە هەموویان ناسراوتر بوو، ئەو بڕوای وابوو نابێت مەولانا لە کوردستان دابنیشێت، بۆ ئەمەش ئەوەیکردبووە بیانوو، کە گوایە خەڵکی کورد ساویلکەو خۆشباوەڕنو لە ڕێی پێشکەشکردنی دیاری بە خانەقای نەقشبەندی، شێخانی ئەو ڕێبازە دەوڵەمەند دەبنو گرفتی گەورە بۆ ئایینو ژیانی خەڵك دروستدەکەن، دواتر نەوەکانیشیان زیاتر لە ئایین بایەخ بە کاروباری دونیاییو دەسەڵات دەدەنو لە رووە خراپەکەیەوە سوود لە پلەو پایەی شێخایەتی وەردەگرنو ئاڵۆزیو پشێویو نائارامی دەخەنە نێو وڵاتەوە[115].

مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بڕوای وایە، یەکێك لە هۆکارە بەهێزەکانی پشێویو ئاژاوە ئیرەیی پێبردنە. لەمبارەیەوە مودەریس دەڵێت: زۆر لە مەلایانی سلێمانی لە پایەو کەسایەتی مەولانا خالید لە لای میرانی بابانو خەڵکی شارو دەوروبەری نارەحەت بوون، دیارترین زانای بواری زانستو تەریقەتیش لەو ڕۆژگارە لە ناوچەکەدا شێخ مارفی نۆدێیی بووە، بۆیە چوونەتە لایو وایان تێگەیاندووە، کە مەولانا بۆ تێکدانی ئایینو نانەوەی پشێویو ئاڵۆزی هاتووە، ئەویش بە هۆی دڵسافی خۆیو سوێند خواردنی ناڕاستی ئەوکەسانەو، وەك جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئایینی

---

(١١٥) عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٨١٨.

دژی مـەولانا خالیـد کەوتۆتـە جوولـەو سـەرئەنجامیش پەشـیمان بۆتـەوە[(١١٦)].ئـەو کەسانەش، کە چاویان بڕیبووە پلـەو پایـەی شـێخایەتیو ئیرشـاد لـە بەرانبـەر پایـەی بـەرزی ئـاییـنیی مـەولانادا کـەم توانـا بـوون، ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی دیکەشـەوە ژمارەیـــەکی زۆر مـــەلاو زانــــای بـــە نـاوبانـــگی ئـــەو رۆژگـــارە چوونـــەتە نێـــو تەریقـەتەکـەی مـەولانـاوە[(١١٧)].

بەمەش ئەو کەسـانە چارەیەکیان لە بەردەمدا نەماوە جگە لـە پـەنابردن بـۆ شێخ مارفی نۆدێییو هەڵبەستنی قسەی ناڕاست لە دژی[(١١٨)].

دواجار مودەریس بڕوای، وایە کە هۆکاری هـەرە گـەورەی کۆچـی مـەولانا لـە سلێمانی بۆ بەغدا بریتیبووە لە ترسی مەحمود پاشای بابان. براو ئامۆزاکانی مـەحمود پاشاو زۆرێك لە پیاو ماقوڵانی بابان پەیوەندییان لەگـەڵ مـەولانا باشـبووەو خۆشـیان ویستووە، هەرکاتێکی مەولانا مەبەستی بووبێ ئەوانە گوێڕایەڵو ملکەچی فەرمانەکانی بوون، بۆیە مەحمود پاشا لەوە ترساوە، کـە هێـزی رۆحـیو کەسـایەتی مـەولانا ببێتـە فاکتەرێك بۆ دوورخستنەوەی خەڵك لە دەسەڵاتەکەی، لەبەر ئەوە حەزی بـە مانـەوەی مەولانای لە سلێمانی نەکردووەو هەوڵیداوە لە شارەکە دووریبخاتەوە[(١١٩)].

تـەریقەتی قـادری بەتونـدی بەناوەنـدی بڕیـارو گەوهـەری فیکـری ئیسـلامەوە پابەند بوو، هەرچی لـە دەرەوەی پـەیڕەوو شـەریعەتی ئـاییـنی ئیسـلامدا بـوو بـەکاری لادانو دژ بە بنەماکانی ئەو ئایینەی دەزانـی. لـەم روانگەیـەوە بـوو، کـە شـێخ مـارفی

---

(١١٦) مەلا عبد الکریمی مدرس، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٤٥-٤٦؛ محمد الخـال، مصـدر سـابق، ص ٥٢ - ٥٣.

(١١٧) لەوانە:شێخ قەسیمی گەورەی تەختەیی، شێخ عەبدولقادری شەمزینی، مـەلا مسـتەفای کـوڕی مەلا جەلی خورماڵی، مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مـەلا عەبـدولڕەحمانی جـەلی کـۆیی، مـلا یـەحیای مزوری، شێخ ئیسماعیلی هەنارانی بەرزنجـەییو شـێخ ئەحمـەدی سـەرداری سـەرگەڵوویی بـەرزنجی. مـدرس، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٦.

(١١٨) هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٦.

(١١٩) هەمان سەرچاوە، ب١، ل٤٦-٤٧.

نـۆدێیی ڕێبـەری تەریقـەتی قـادری لـە سـنوری میرایـەتی بابانـدا مـەولانا خالیـدی نەقشبەندی، کە بەبڕوای نۆدێیی لە شـەریعەت لایـداوە، بـەلادەر لـە پـەیامی ئیسـلامی داوەتە قەڵەم[(١٢٠)]، هەربۆیە بەنوسین هێرشـی تونـدی کردۆتـە سـەرو ویسـتوویەتی لای سەعید پاشـای والـی بـەغدا نـە تەنها لە پـلەو پـایـەی ئـاییـنیو کۆمەڵایـەتیی مـەولانا کەم بکاتەوە، بەڵکو هەوڵیداوە ناوو ناوبانگیشی بزڕێنێت[(١٢١)].

هەرچی ڕێبازی نەقشبەندییە شێوازی ڕێکخستنی لە هی قادری بـەهێزتر بـوو. تەریقەتی نەقشبەندی بـە پلـەی یەکـەم ئاراسـتەکردنی ژیـانی مرۆڤـی ڕووەو خـودا بـە پێویست دەزانی، پێیوابوو مـرۆڤ دەبـێ تـەنها لەگـەڵ خـوداو خۆشەویسـتیی خوداییـدا بێت، بەپلـەی دووەمـیش پابەنـدی بنچینەکانی سـوننەتو شـەریعەتی ئیسـلامی بـوو. لەمبارەیـەوە م. مۆلیـە (M. Mole) ی فەرەنسـی دەڵێـت: "ئامـانجی سـۆفیزمی نەقشبەندی بریتییە لەوەی، کە هەمیشە لە ڕێی ڕامان، یان پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆ بـە پێغەمبەرو وەلییەکان لەگەڵ خودادا بژیت. ئەگەر کەسی سـۆفی، یـان مرید ڕاسـتەوخۆ خودای ناسـی ئـەو کاتـە پێویسـتی بـە مامۆسـتا یـان مورشـیدێك نابێـت، تـا بـە نـورو خۆشەویستی خودای بگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر ئەو مامۆستایە لە ژیانـدا مابێـت، یـان کۆچی دوایی کردبێت" [(١٢٢)].

دەشێت ناکۆکی نێوان ئەو دوو تەریقەتە لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکرێت کە:

---

(١٢٠) عەتا قەرەداخی، کاریگەری کولتووری ئـەوان لەسـەر کـورد، چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥١.

(١٢١) شێخ مارفی نۆدێیی نامەیەکی بەناونیشانی "تحریر الخطاب في الرد علی خالد الکذاب" لەسـەر مەولانا خالید نوسیووەو ساڵی ١٨١٣ بەمەبەستی ناوزڕاندنی مەولانا بۆ سەعید پاشای کـوڕی سـلێمان پاشای والی بەغدای ناردووە، بەڵام شێخ مارف لەم هەوڵەیدا نەك سەرکەوتوو نـەبوو، بـەڵکو نووسـەرو زانایانی ئایینی ئەو ڕۆژگارە بە چەندین نوسـراوو شـیعری جیاجیـا وەڵامیانداوەتـەوە. بڕوانـە: عبـاس العزاوی، مەولانا خالد النقشبندی، ص٧١٠-٧١٥؛ محمد الخـال، مصـدر سـابق، ص٥١-٥٣؛ جـواد فقـی علی، الشیخ خالد النقشبندی، ص٣٦٥-٤٠٥.

(١٢٢) لە: جرجیس فتح الله، مصدر سابق، ص١٢٧.

**یەکەم:** هەر یەکێك لەو لایەنە ناکۆکانە بەوردی ئاگاداری حەقیقەتی لایەنەکەی تر نەبووە، ئەمەش بۆشاییو دابڕانێکی گەورەی خستۆتە نێوان شێخ مارفی نۆدێییو مەولانا خالیدەوە. نۆدێیی لەبارەی حەقیقەتی مەولاناو نیەتو مەبەستو ئیرشادییەوە زانیاری پێویستی نەبووە، بۆیە بە چاوی ترسو گومانەوە سەیری جموجۆڵو چالاکییەکانی کردووە.

**دووەم:** پەیوندی بە گواستنەوەی پلەی شێخایەتییە بۆ کەسانێك، کە شایستەی ئیرشادو ڕێنوێنیکردنی خەڵك نەبوون، بەڵکو هەموو هەوڵێکیان بۆ کۆکردنەوەی لایەنگر بووە لەدەوری خۆیان تا بەناوی ئایینو تەریقەتەوە لەڕووی ماددیەوە سوودیان لێببینن، بۆیە ژمارەیەکیان رکابەری ئەوانیتریان دەکرد[١٢٣].

**سێیەم:** ڕەنگە خاڵێکی تری ئەم ناکۆکییە پەیوەندی بە وەرگرتنی تەریقەتەوە هەبێت کاتێك شێخ مارفی نۆدێیی لە سلێمانی ڕێبەرێکی دیاری تەریقەت بووە، مەولانا روو دەکاتە هندو لەوێ تەریقەتو مۆڵەتی ئیرشادو شێخایەتی وەردەگرێت. وا پێدەچێت ئەم حاڵەتە لە رووی دەروونییەوە جۆرە پەرچەکردارێکی لای شێخ مارف بەرانبەر بە مەولانا دروستکردبێو وای لێکدابێتەوە، کە مەولانا سەنگو قورسایی رۆحانی ئەوی لە بەرچاو نەگرتووە، یان دانی بە ڕێبەرایەتیی رۆحانیی نۆدێییدا نەناوە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەو رۆژگارەی هەردوو تەریقەتی قادریو نەقشبەندی لە کوردستان لە ململانێو ناکۆکیدا بوون، کۆمەڵی کوردەواری لە رووی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووریو فەرهەنگی لە ئاستێکی تەواو نزمو دواکەوتوودا بوو، نەخوێندەواریو بێ قوتابخانەیی باڵی بەسەر ژیانی روناکبیریو پەروەردەیی کۆمەڵگەی کوردیدا کێشابوو. گومانیشی تێدا نییە، کە هۆشیاری کۆمەلایەتی لەو کۆمەڵگایانەدا گەشە ناکات، یان زۆر بە سستی گەشە دەکات، کە نەزانیو نەخوێندەواری بەسەردا زاڵبێت. وێڕای ئەمەش دەسەلاتی دەرەبەگو شێخەکانی کورد بریتیبوو لە دەسەلاتێکی کلاسیکی، ئەم جۆرە دەسەلاتەش لەبەشی هەرەگەورەی

---

(١٢٣) جواد فقي علي، محمد بن عبد الله الجلي، ص٥٨-٥٩.

کۆمەڵگە ناشارستانییەکاندا لەسەر بنەماو پێوانەی نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا دامەزراوەو لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ماوەتەوە. بەبڕوای ویبەرM Weber[124]، دەسەڵاتی کلاسیکیی لەم جۆرە، باوەڕی تەواوی بە پیرۆزیی دابو نەریتو ڕەوایەتیی ئەو پێگەیە هەیە، کە بەدەست هەڵسوڕێنەرانی کاروباری کۆمەڵایەتیەوەن.[125]

لە کۆمەڵگەیەکدا، کە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی تەواو نزمو دەسەڵاتی نەریتیو ڕێبەرانی ڕۆحانی پانتاییو جوگرافیای بیری مرۆڤی کوردی داگیرکردبێت، ئەوکاتە ڕەنگە ئاسایی بێت، ئەندامانی کۆمەڵ ببن بە لەشکرێك لە مرۆڤی بێ بیرکردنەوەو بە تەنها شێخێکی ڕێبەری تەریقەت یان میرێکی نێو بنەماڵەی دەسەڵاتدار بتوانێت لە جیاتی تەواوی مریدو پەیڕەوکارانی، یان تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگە نەك هەر بیربکاتەوە، بەڵکو بڕیاریش بدات، بەمەش هۆشیاریی ڕێبەری ڕۆحیو شێخی تەریقەت دەبێتە هۆی هۆشیاریی تەواوی ئەندامانی سەر بەو تەریقەتە.

لە کۆمەڵگەیەکی بەمجۆرەدا نەك هەر شتێکی سەیر نییە، بەڵکو چاوەڕوانکراویشە، کە ئیرەییو حەزی زۆر بۆ دەسەڵاتو پاوانخوازی لە نێوان جەمسەرە باڵاکانی دەسەڵاتی ڕۆحانی، نەك هەر نەتوانن جیاوازییەکانی یەکدی قبوڵ بکەنو بەجیاوازییەوە لە هەوڵی یەکخستنو چونیەککردنی کەرتە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا بن، بەڵکو ناکۆك بنو ناکۆکیشیان تا ئاستی بەکافر کردنی یەکدیو فەتوای کوشتن هەنگاوبنێ. لێرەوە دەکرێت بڵێین: ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو تەریقەتە هێندەی ناکۆکیی قووڵە بۆ هێشتنەوەو ڕەوایەتیدان بەدەسەڵاتی تاکڕەهەندیی ڕۆحانیی ڕێبەرانی تەریقەت، هێندە بریتی نییە لە هەوڵ لە پێناوی یەکخستنی کۆمەڵگەو چاکسازی لە ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریی ئەندامەکانیدا.

---

(١٢٤) ماکس ویبەر Max Weber: لە ٢٨ نیسانی ١٨٦٤ لە ئێرفۆرت هاتۆتە دونیاوە. یاساو فەلسەفەو مێژووو ئابووری نەتەوەیی لە هایدلبێرگو بەرلینو گوێتینگن دا خوێندووە. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی ئەڵمانی (DDP). ساڵی ١٩١٩ لە زانکۆی میونشن بۆتە پرۆفیسۆر. بە دامەزرێنەری سۆسیۆلۆجیای ئایینی لە ئەڵمانیا دادەنرێت.
http://de.wikipedia. org/wiki/max-weber

(١٢٥) لە:نیقۆلا تیماشیف، نظرية علم الإجتماع، ت: د.محمود عودة وآخرون، ب.م، ب.ت، ص٢٧٠.

وێڕای ئەو ململانێ‌و ناکۆکییەش، کە بێگومان کاریگەریی زۆری بۆ سەر ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و بە هەدەر دانی وزەو توانا ماددی‌و مرۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەبوو، بەڵام هێشتا هێزی رۆحانی شێخان لەنێو لایەنگرو پەیڕەوکەرانیان بەتایبەتی‌و کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی، ریشەو قووڵاییەکی رۆحی — کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبوو، هێشتاو بۆ ماوەیەکی درێژتریش لەو رۆژگارە، شێخەکانی سەر بە رێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا رۆڵێکی گەورەیان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییە گەورەکانی نێوان خێڵ‌و هۆزەکانی کورددا هەبوو، ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش روویاندەکردە تەکیەو خانەقاکان بەمەبەستی خۆپاراستنیان لە نادادپەروەریی دەسەڵاتی سیاسی‌و گەیاندنی کێشەکانیان بەکاربەدەستان. بەو مانایە شێخان نە تەنها رێبەری رۆحانی، بەڵکو هێزی ناوبژیکاری خودی هۆزەکان، هۆزو دەسەڵاتیش بوون. ئەمەش چەند سەنگو قورسایی رێبەرانی تەریقەتی سۆفیزمی بەهێز دەکرد، هێندەش بنەمای جەماوەری ئەو تەریقەتانەی لەنێو خەڵکی کورددا بەرینترو فراوانتر دەکرد، هەر بۆیە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکاندا شتێکی بەدەر لە چاوەڕوانی نەبوو، ئەگەر شێخانی تەریقەت سەرباری رێبەرایەتیی رۆحی ببنە رێبەری جووڵانەوە سیاسییەکانیش‌و سەرکردایەتی بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی‌و نیشتمانی گەلی کورد بەئەستۆ بگرن، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەردووک لایەنی چاک‌و خراپی لە خۆدا کۆدەکردەوە.

هەواڵنامەی کێبر

# بەشی دووەم

# ڕەنگدانەوەی سۆفیزم

# لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد

# لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا

# ( ١٨٧٦ — ١٩٠٩ )

هەوالنامەی ...

ڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ماوەیەکی پڕ لە ڕووداوو ئاڵوگۆڕ لە ژیانی سیاسی دەوڵەتی عوسمانیدا پێکدەهێنێت. لە ڕاگەیاندنی کارکردن بە دەستوورو پارلەمان تا هەڵوەشاندنەوەیان، لە بەرزکردنەوەی دروشمی پان ئیسلامیزمو ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری‌و دامەزراندنی سوارەی حەمیدییەو کردنی بەشێك لە هۆزەکانی کورد بە بەشێکی جیانەبۆوە لە دەزگا سیاسی‌و سوپایی‌و کارگێڕییەکانی دەوڵەت، تا دەگاتە ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی، خەسڵەت‌و ناسنامەی ناسینەوەی خودی عەبدولحەمیدی دووەم‌و ڕۆژگارەکەن. بۆ باشتر تێگەیشتن‌و وردتر ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوانە باشتر وایە، لە باسی جیاجیادا ڕاڤە بکرێن.

## باسی یەکەم

## سیاسەتی پان ئیسلامیزمی عەبدولحەمیدی دووەم‌و شێوازی ڕەنگدانەوەی لە هەڵوێستی ڕێبەرانی سۆفیزمی کورد دا

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ناوەرۆکی ئەم باسە پێویست دەکات، دابەشی سەر دوو تەوەرەی جیای بکەین:

### تەوەرەی یەکەم

### سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و سیاسەتی پان ئیسلامیزم

پان ئیسلامیزم یەکێك بوو لەو ڕەوتە فیکری و سیاسییانەی ئامانجی سەرەکی کۆکردنەوەی تەواوی موسڵمانانی دونیا بوو لە ژێر سایەو دەسەڵاتی خەلیفەی موسڵماناندا، بانگەشەکارانی بڕوایان وابوو، دواکەوتوویی‌و بیرۆکەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی، کە لەنێو گەلانی ئیسلامیدا بڵاوبۆوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم‌و کاریگەریی ڕۆژئاوا، بڕوایشیان وابوو، تاکە ڕێگە چارە بۆ ڕزگار بوون لەو بارودۆخە دژوارو ئاڵۆزەو بەهێزکردنەوەی ئوممەتی

ئیسلامیو جارێکیتر بوژاندنەوەی بریتییە لە گەڕانەوە بۆ ئیسلامو بیرۆکەی هێنانەدی یەکێتی ئیسلامی(١٢٦).

ریشەی بیرۆکەی پان ئیسلامیزم لە پێش رۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدایە. رەگە سەرەتاییەکانی ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی فەرمانڕەوایی سوڵتان مەحمودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩)و دواتریش لە ماوەی دەسەڵاتی هەر یەك لە سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٣٩-١٨٦١)و سوڵتان عەبدولعەزیزدا (١٨٦١-١٨٧٦) هەبووە. هەرچی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیشە یەکەم سوڵتانی عوسمانی بوو، کە ئەم بیرۆکەیەی لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا گەڵاڵە کردو کردییە سیاسەتی رەسمیی دەوڵەت(١٢٧).

لەدوای دەسەڵاتی سوڵتان سلێمانی قانونییەوە (١٥٢٠-١٥٦٦) دەوڵەتی عوسمانی لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوەو دەرەوە رووبەڕووی بێهێزیو لاوازی ببۆوە، زۆر پەیماننامەی بەسەردا سەپێندراو بەشێکی گەورەی سەر زەمینەکانیشی لە بالکان دۆڕاند. وەك پەرچەکردارێك لە بەرانبەر ئەو بارودۆخە خراپەی دەوڵەت، دەنگی ریفۆرمخوازی لە دەوڵەتدا بەرز بۆوە. بانگەشەکارانی چاکسازیی عوسمانی بەسەر دوو

هەواڵنامەی کتێب

---

(126) “Tha New Encyclopedia Britannica”, Vol. Vll, Edition 15, Chicago, London, Toronto,Geneva, Sydney, Tokyo, Manila, Seoul, P.719;

محمد عمارة، الجامعة الإسلامية والفكرة القومية عند مصطفى كمال، بيروت، ١٩٧٦، ص٤٨.

(١٢٧) "مذكرات السلطان عبد الحميد"، تقديم ترجمة: د.محمد حرب، ط٤، دار القلم، دمشق، ١٩٩٨، ص٣٧؛عصمت برهان الدين عبد القادر، العرب المسألة الدستورية في الدولة العثمانية ١٨٧٦-١٩١٤، اطروحة دكتوراه (غير منشورة)، كلية الآداب، جامعة الموصل، ١٩٩٥، ص٥٥؛

“Encyclopedia International”, Vol.14, Grolier incorporated, New York, Montreal, Mexicocity, Sydney, Printed in U.S.A, 1966, P.43;

د. علي محمد الصَّلاّبي، الدولة العثمانية عوامل النهوض والسقوط، ط١، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٤، ص٤٥٠، ٥٩١-٥٩٢؛ د. محمد حرب، سوڵتان عبد الحمیدی دووەم دوا سوڵتانە گەورەکەی عوسمانی، و: د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، نوسینگەی التفسیر، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٢٧.

ڕەوتی جیاوازدا دابەشببوون: ڕەوتی یەکەم: ئەمانە بڕوایان وابوو، باشترین شێواز بۆ چاکسازی لە دەوڵەتدا بریتییە لە گەڕانەوە بۆ پابەند بوونو دەستگرتن بە ئیسلامو کولتووری ئیسلامییەوە. ڕەوتی دووەم: بانگەشەی پێوستی پابەندبوون بە شێوازو سیستەمی ئەورووپایی نوێیان دەکرد لەو ڕوانگەیەوە، کە باشترین هۆکاری چارەسەرکردنی بارودۆخی شپرزەی دەوڵەتی عوسمانیو دامەزراوەکانیەتی[١٢٨]، بۆ نموونە ئامانجی سوڵتان سەلیمی سێیەم (١٧٨٩–١٨٠٨) لە چاکسازییەکانیدا دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیف بوو بۆ هەردوو دەزگا کۆنە ئایینیو سەربازی، بەجۆریك بتوانێت، لاوازیان بکات، بەبێ ئەوەی ڕەتیان بکاتەوە. سوڵتان سەلیمی سێیەم هەوڵی دا سیستەمێکی نوێ دابمەزرێنێ، کە بە شێوەکی سەرەکی هێزەکانی ئینکیشاریو سیستەمی فێرکردنی ئایینی بگرێتەوە. لەسەر ئاستی سەربازی سوڵتان هێزی نیزامی لە دەرەوەی چوارچێوەی هێزەکانی ئینکیشاری دامەزراند، لە ڕووی فێرکردنیشەوە بایەخی بە بەرەو پێشبردنو کردنەوەی قوتابخانەی نوێ داو بابەتی نوێی خستە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە (ئەندازیاری، ماتماتیكو زانستی وەزعیی تر)، کە دوور بوو لە فێرکردنی ئایینی تەقلیدییەوە. ژمارەیەك لە زانایان پشتگیری هەوڵە چاکسازییەکانی سەلیمی سێیەمیان کرد وەك تاتار جیق زادە، بەڵام دامەزراوی ئایینی بە گەورەترین ئامرازو پیاوەکانییەوە نەك دژ بەو هەوڵدانە بۆ ڕیفۆرم وەستانەوە، بەڵکو بەجۆرێك لە کفرو بیدعەیان لەقەڵەم دا، ئەم هەڵوێستەش بەفەرمی لەلایەن شێخولئیسلام محەممەد ڕەفیقو قازی ئەستانبوڵ مراد زادە ڕاگەیەندرا[١٢٩].

---

(١٢٨) د. إبراهيم خليل أحمد، تاريخ الوطن العربي في العهد العثماني ١٥١٦–١٩١٦، ط١، الموصل، ١٩٨٦، ص١٧٨–١٧٩؛ د. محمد حرب، سوڵتان عبد الحميدى دووەم، ل١٢–٢٢.

(١٢٩) وجيه كوثراني، الفقيه والسلطان (جدلية الدين والسياسة في ايران الصفوية–القاجارية والدولة العثمانية)، ط٢، دار الطليعة، بيروت، ٢٠٠١، ص٨٣.

بۆچوونە مێژووییەکان لەبارەی دامەزراندنی دامەزراوەی شێخولئیسلام لەیەکدی جیاوازان، بەڵام دروستکردنی ئەم دامەزراوەیە وەڵامدانەوەی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی عوسمانیو لە ژێر کاریگەری ئایینی ئیسلامدا بووە، بیرۆکەی سەرەتای دەرکەوتنیشی دەگەڕێتەوە بۆ سوڵتان مرادی دووەم (١٤٠٤–١٤٥١). لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیشدا ئەنجومەنی خوێندکاران (طلبە مجلسی) بۆ

لەگەڵ هەوڵدانەکانی سەلیمی سێیەم ئاراستەیەکی چاکسازی لە دەوڵەتدا، کە شێوازەکانی چارەسەرکردنی لە ئەزموونەکانی رۆژئاوا لە بیناکردنی دەوڵەتو پێکهاتەی دامەزراوەکانیدا دەبینیەوە، ئاراستەیەکی کۆنە پارێزانە (Conservative)ش هەبوو، کە لە دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا خاوەن هێزو نفووز بوونو جۆرە دەسەڵاتێکی ئایدیۆلۆجییان دروستکردبوو، کە وەك واقعێکی پیرۆز (واقع مقدس) هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندبوو لە گۆشەنیگای فەتوا (رێپێدانو حەرامکردن)ەوە کاریان دەکردو پاساویان بۆ وەستانەوەو بەرگری بە رووی ریفۆرمخوازانی روو لە ئەوروپا دەهێنایەوە[١٣٠]. ئەم دوالیزمە بە درێژایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست یەکێك لە دیارترین لایەنەکانی قەیرانی بزووتنەوەی چاکسازیی عوسمانی بوو.

لە سەدەی نۆزدەدا پرۆژەی دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان هێزە رۆژئاواییەکاندا دەستیپێکرد، ئەم پرۆژەیە شانبەشانی پرۆژەکانی تری داگیرکردنو خۆسەپاندنو هەوڵدان بۆ دروستکردنی ناوچەی نفووزی ئابووریو رۆشنبیری چووە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە. لێرەوە بزووتنەوەی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوا بووە لایەنێك لە لایەنەکانی قەیرانی بەردەم بزووتنەوەی چاکسازی عوسمانی، جارێك لە رێی هاندانو پشتگیریکردنی بزووتنەوەی چاکسازی بە پاساوی خێراترکردنی هەنگاوەکانی فراوانکردنی سەرمایەداریی نوێ لە دەوڵەتی عوسمانی، جارێکیتر وەك لەمپەرێك لەبەردەم هەوڵەکانی چاکسازی بە هۆی بەریەککەوتنی بەرژەوەندی کۆلۆنیالی نێوان وڵاتانی رۆژئاوا خۆیان. ئەم واقیعە

---

سەرپەرشتیکردنی کاروباری فێرکردنی شەرعی لە دەوڵەتی عوسمانیو چەند ئەنجومەنێکی تریش لەو دەزگایەدا دامەزرێندران. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی مێژووی دەرکەوتنی ئەم دامەزراوەیەو ئەرکو پێگەی ئایینی، هۆکارەکانی دامەزراندنی، کاریگەری لە سەر ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی، بروانە: هاملتون جیبو هارولد بوین، المجتمع الإسلامي والغرب، ت: عبد الحميد حسيب القيسي، ج١، القسم الثاني، ط١، دار المدى، دمشق، ١٩٩٧، ص١٠١–١٠٤؛ أحمد صدقي شقيرات، تاريخ مؤسسة شيوخ الاسلام في العهد العثماني ١٤٢٥–١٩٢٢، المجلد الأول، ط١، مطبعة كنعان، أربد ــ الأردن، ٢٠٠٢.

(١٣٠) وجيه كوثراني، مصدر سابق، ص٨٣–٨٤.

بزووتنەوەی چاکسازی بەرەو ئاراستەیەکی ترسناك برد بە جۆرێك بەرگێکی ئایینی کردە بەر بزووتنەوەکە، بە مانایەکی تر هۆشیاریی ئایینی کردە هۆشیاریی زاڵی نێو بزووتنەوەی چاکسازی عوسمانی. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ئەم حاڵەتی بارگرژیو دۆخە شێواوەی نێوان بزووتنەوەی چاکسازیو سیاسەتی رۆژئاوایی لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیداو لە ڕێی دامەزراوە ئایینییەکانو دیارترین کەسایەتیی ئەو رۆژگارە، ئەبو هودا سەیادی[131] دژ بە بزووتنەوەی دەستوریو بیرۆکەی نوێگەری، لە فیکرو کۆمەڵگەو دەوڵەتدا بەرجەستە کرد[132].

کاتێك عەبدولحەمیدی دووەم بوو بە سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی (١٨٧٦–١٩٠٩) گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بزووتنەوەی چاکسازیی عوسمانی دەستە وەستانە بەرانبەر چارەسەرکردنی گرفتە ئاڵۆزەکانی دەوڵەت، هەروەها تێکچوونی زیاتری بارودۆخی سیاسی - ئابووری – کۆمەڵایەتیی عوسمانی چ بە هۆی ئەو شۆڕشانەوە کە لە نێو گەلانی باڵکاندا سەریانهەڵدا، چ بەهۆی پەرەسەندنی چالاکیی ئەو گرووپانەی لە ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی داوای دەستووریان دەکرد[133]، وێڕای ئەوە بیرۆکەی ناسیۆنالیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە بە نێو گەلانی ژێر دەسەڵاتی

---

(١٣١) أبو الهدى الصيادى: ناوی محمد حسن وادی یە لە ساڵی ١٨٤٩ لە گوندی (خان شیخون)ی سەر بە شاری حەڵەب لە سوریا لە دایکبووە. لە رۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولعەزیزدا (١٨٦١–١٨٧٦) هاتۆتە ئەستانبوڵو بەگەرمی پێشوازی لێکراوە. لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا پێگەیەکی پڕ بایەخی هەبووەو بووە بە سکرتێری یەکەمی سوڵتان، پەیوەندییەکی توندو تۆڵی لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیددا هەبووەو یەکێك بووە لە لایەنگرانی بیرۆکەی پان ئیسلامیزم. بۆ زیاتر بڕوانە: د.علي الوردي، لمحات إجتماعية من تاريخ العراق الحديث،ج٣، ط٢، مطبعة شريعت، انتشارات مكتبة الحيدرية، قم، ١٣٧٨–١٣٧٩، ص٣١–٣٤؛ محمد عبدالرحمن يونس العبيدي، السلطان عبدالحميد الثاني والجامعة الإسلامية ١٨٧٦–١٩٠٩، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠٠٠، ص٥٠–٥١.

(١٣٢) وجيه كوثراني، مصدر سابق، ص٨٤.

(133) Bernard Lewis, the Emergence of Modern Turkey, London, 1965, P.334

عوسمانیدا بڵاوببوٚوەو ببووە هاندەرێك بوٚ راپەڕین لەپێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانیانو جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی عوسمانی[١٣٤]. هەموو ئەمانە سەرەنجام بوونە هوٚی لەدەستدانی بەشێکی زوٚر لەسەر زەمینەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەورووپاو دەوڵەتی خەلافەتی لە ئاستی سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا بەجوٚرێك لاواز کرد، کە لەوساوە زاراوەی پیاوە نەخوٚشەکە (الرجل المريض)ی بەسەردا دابڕا[١٣٥].

لە ئەنجامی ئەو بارودوٚخە خراپەدا سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بیری لە گرتنەبەری سیاسەتێکی نوێ کردەوە، سیاسەتێك لە توانایدا بێت دەوڵەتی عوسمانی لەو قەیرانە رزگار بکات، کە تێیکەوتووەو لەسەر هەردوو ئاستی ناوخوٚو دەرەوەشدا هێزو خوٚڕاگری زیاتری پێ بدات، تا دواجار گەیشتە ئەو بڕوایەی کار بە سیاسەتی پان ئیسلامیزم بکات[١٣٦]. بوٚ ئەم مەبەستەش کەوتە هەوڵدان بوٚ زیندووکردنەوەو بوژاندنەوەی بیروٚکەی خەلافەتی ئیسلامی لە نێو گەلانی موسڵماندا. بەر لە عەبدولحەمید سوڵتانەکانی تری عوسمانی بایەخی دامەزراوەی خەلافەتیان، کە چوارچێوەی سیاسی بیروٚکەی ئوممەتی ئیسلامی بوو، دەرك پێنەکردبوو، یان

هەولێرنامەی کتێب

(134) "Encyclopedia International", Vol. 14, P.43

(١٣٥) گوزارەی (پیاوە نەخوٚشەکە) دەربڕینێك بوو بوٚ حاڵەتی لاوازیی سیاسی ـ ئابووری ــ کوٚمەڵایەتی ــ سەربازیی دەوڵەتی عوسمانی، بوٚ یەکەمجار قەیسەری روسیا نیکوٚلای یەکەم (١٨٢٥–١٨٥٥) لە تەمموزی ساڵی ١٨٥٣ دا لە گفتوگوٚ لەگەڵ باڵیوٚزی بەریتانیا لە ئەستانبوڵ السیر هاملتوٚن سیمور (H.Semoure) کاتێك لەبارەی دەوڵەتی عوسمانییەوە قسەی دەکرد بەم جوٚرە بەکاریهێنا: ( I have no Power to give life to the dead and the Turkish Empire is now dead...) بڕوانە: احمد فهد برکات الشوابکة، حرکة الجامعة الإسلامية، ط١، مکتبة المنار، الزرقاء، ١٩٨٤، ص٢٩، هامش(٣)؛ أ.ب.جرانت؛ هارولد تمبرلي، أوروبا في القرنين التاسع عشرء العشرين ١٧٨٩–١٩٥٠، ت:بهاء فهمي، ج١،القاهرة، ب.ت، ص٣٨٦.

(136) "Encyclopedia International", Vol.14, P.43;

د. ابراهيم خليل أحمدء آخرون، الاسلامء العلمانية في ترکيا المعاصرة، مرکز الدراسات الترکية، جامعة الموصل، ١٩٩٦، ص٥٨–٥٩.

پێویستیان پێی نەبوو(١٣٧). سیاسەتی پان ئیسلامیزمی عەبدولحەمیدی دووەم لەسەر بنچینەی دەستگرتن بە ئایینی ئیسلامەو بانگەشەکردن بۆ یەکێتیو بەهێزکردنی بنکەکانی دەسەلاتی خۆی لەناوەوەو کۆکردنەوەو مسۆگەرکردنی پشتیوانیی رای گشتی ئیسلام لە دەرەوەی سنووری دەولەتی عوسمانیدا دامەزرابوو(١٣٨)، وێڕای هەولدان بۆ دانپێدانانی وەك خەلیفەی موسولمانان لەلایەن موسلمانانی دونیاوە، ئەمەش دەبووە دیوارێکی قایم لە بەردەم ئەو هەڕەشەو مەترسییە دەرەکییانەی دەولەتەکەی روو بە روویان دەبووەوە، سولتان عەبدولحەمید لەم سیاسەتەیدا پێیوابوو، کە دەتوانێ نە تەنها هێز بۆ دەولەتی عوسمانی بگەڕێنێتەوە، بەلکو دەتوانێ سەروەرییەکانی رابردوویشی بۆ زیندوو بکاتەوە(١٣٩). خودی سولتان عەبدولحەمید خۆی بەم جۆرە گوزارشتی لەم سیاسەتەی کردووە کاتێك دەلێت: "تاکە هێزێك دەتوانێت وامان لێبکات لەسەر پێی خۆمان بوەستین ئیسلامە... ئێمە میللەتێکی بەهێزین بەمەرجێك لە بەرانبەر ئایینە مەزنەکەماندا پاکو دلسۆز بین، راستگۆبین، ئێمە پێویستیمان بە باوەڕێکی راستو بە گەورەیی خودا هەیە"(١٤٠).

---

(١٣٧) د.عثمان علي، دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة ١٨٣٣–١٩٤٦، مطبعة الثقافة، مكتب التفسير، أربيل، ٢٠٠٣، ص١٢٠. ناوی خەلیفە وەك نازناوی سولتانەکانی عوسمانی بۆ یەکەمجار لە سالی ١٤٢٤دا دەرکەوت، بەلام ئەمە تەنها لە رووی بەلاغەتەوە بوو زیاتر لەوەی نازناوێکی رەسمی بێت، بەلام سولتان سلێمانی یەکەم (١٥٢٠–١٥٦٦) بە کرۆکو واتای راستەقینەی خۆیەوە بانگەشەی بۆ ئەم نازناوە کرد، لەوەشدا شێخولئیسلام ئیبن سعود عەمادی [ کوردێکی خەلکی ئامێدی بوو لە سالانی ١٥٤٤–١٥٧٥ پایەی شێخولئیسلامی لە دەولەتی عوسمانیدا هەبوو ] لە رووی شەرعییەوە پشتگیری دەکردو چەندین بەلگەی شەرعی هێناوەتەوە بۆ پشتیوانیکردن لە دروستیی خەلافەتی سولتانەکانی عوسمانی.

Colin Imber, The Ottoman Empire 1300-1650, the structure of Power, P.126

(138) http:// www.naqshbandi.org/ Ottomans/ khalifa/ S 34- edetail.Htm

فيروز احمد، صنع تركيا الحديثة، ت: د. سلمان داود الواسطيء د. حمدي حميد الدوري، المطبعة العربية، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٠، ص٤٣.

(١٣٩) محمد عبد الرحمن يونس العبيدي، مصدر سابق، ص٢٧.

(١٤٠) عبد الحميد بن عبد المجيد، مذكراتي السياسية، ط٥، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٦، ص١٦٤؛ د.محمد حرب، سولتان عبد الحميدى دووەم، ل٦٥.

سوڵتان عەبدولحەمید پان ئیسلامیزمی بە چوارچێوەیەکی گونجاو دەزانی لە سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەیدا، لە سیاسەتی ناوخۆدا بە مانای پابەند بوون بە شەریعەتی ئیسلامیو لە سیاسەتی دەرەوەشدا بە مانای ئاوڕدانەوە لە خەلافەتی عوسمانی بوو.

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، جیهانی ئیسلامی لە سەدەی نۆزدەدا کەوتبووە بەر شاڵاوی پەلاماری ئەوروپاییەکان، فەرەنسا لە ساڵی ١٨٣٠ دەستی بەسەر جەزائیردا گرتبووو لە هەوڵی فراوانخوازیدا بوو لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو سەرەنجام دەستی بەسەر بەشی هەرە گەورەی وڵاتانی باکوری ڕۆژئاوای ئەفریقادا گرت(١٤١)، بەریتانیا لە هیندو کەنداوی عەرەبی جێ پێی خۆی قایمکردبوو، دواتریش میسر (١٨٨٢)و سودانی (١٨٩٨) داگیر کرد، هۆڵەندەش دەستی بەسەر ئەندۆنیسیادا گرتبوو، بەم جۆرە جیهانی ئیسلامی لە گەمارۆدانو مەترسیدابوو، ئەم بارودۆخە موسڵمانانی خستە سەر ئەو بڕوایەی بە وردی بیر لە ژیانی خۆیان بکەنەوەو بەدوای نهێنییەکانی دواکەوتنیاندا بگەڕێن. لێرەوە پەنا بردن بۆ ریفۆرمو یەکخستنی قسەی موسڵمانان لە سەر تەواوی گۆی زەوی بۆ کارکردنی پێکەوەییو وەستانەوە بە رووی شاڵاوو تەوژمی فیکریی ڕۆژئاوا، کە بەرەو دونیای ئیسلامی لە کشاندا بوو، بیرۆکەی زیندووکردنەوەی یەکێتیی ئیسلامی گەورە (الوحدة الاسلامية الكبرى)ی لە چوارچێوەی سیاسەتی پان ئیسلامیزمدا هێنایە بوون(١٤٢). لەم ڕوانگەیەوە سوڵتان عەبدولحەمید هەوڵی دا وەك پاڵەوانێکی ئیسلامی لە بەرانبەر دونیای مەسیحیدا خۆی نمایشبکات، پەنابردنیشی بۆ سیاسەتی پان ئیسلامیزم لەو روانینو دونیا بینییە بەدەر نییە، کاتێك نوێنەرانی خۆی بۆ وڵاتانی دەرەوەی سنووری دەوڵەتەکەی نارد بە مەبەستی کۆکردنەوەو یەکخستنیان لە ژێر ئاڵای یەکێتیی ئیسلامو رازیبوون بە سەروەریی

(١٤١) زۆر لە سەرچاوەکان لە بری وڵاتانی باکوری ڕۆژئاوای ئەفریقا، زاراوەی ڕۆژئاوای عەرەبی بەکاردەهێنن، کە بە بڕوای ئێمە ئەمە شێواندنی راستییەکی مێژووییە، چونکە نە وڵاتەکان وڵاتی عەرەبین، نە تەواوی دانیشتوانەکانیان کە بەشێکی گەورەیان ئەمازیگینو خاوەنی زمانو کەلتوورو فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانن، خۆیان بە عەرەب دەزانن.

(١٤٢) د.موفق بني المرجة، صحوة الرجل المريض (السلطان عبد الحميد الثانيء الخلافة الاسلامية)، ط٩، دار البيارق، مؤسسة الريان، بيروت، ١٩٩٩، ص١٠٩؛ أحمد فهد بركات الشوابكة، مصدر سابق، ص٢٩–٣٠.

خەلیفەی موسڵمانان، کە بریتیبوو لە سوڵتان عەبدولحەمید خۆی[١٤٣]. تەنانـەت بـڕوای وابـوو، کـە ئـاییـنی ئیسـلامو ئـاییـنی مەسـیحی دوو روانـینو دونیـا بینـی جیـاوازنو ناتوانـدرێت لـە یـەك شارسـتانیەتدا کۆبکرێنـەوە[١٤٤]. بـارودۆخی نـاوخۆو دەرەوە لـە دەوڵـەتی عوسمـانی لـە رۆژگـاری دەسـەڵاتی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەمـدا ئـەو زەمینەیەی رەخساند بـوو، کـە ئـەم دەوڵەتـە (دەوڵـەتی عوسمـانی)و خـودی سـوڵتان عەبدولحەمید سەرکردایەتیی ئەو بانگەوازە، واتە سیاسەتی پـان ئیسـلامیزمو پـەیامی یەکبوونی موسڵمانان بگرنە ئەستۆ.

سوڵتان عەبدولحەمید بەبێ لە بەرچاوگرتنی جیاوازیی رەگـەزیو نەتـەوەییو لەو گۆشە نیگایەوە، کە هەر خۆی خەلیفەو رێبـەرو پـارێزەری موسـڵمانی دونیایـە، لـە پێناوی کۆکردنەوەو یەکخستنی موسـڵمانانی جیهـان پـەنایبردە بـەر زیندووکردنـەوەی چـەمکی دێرینـی خەلافـەتی ئیسـلامی. سیسـتەمی خەلافـەت، ئەگـەر لـە فـۆرمێکی لاوازیشدا بـووبێ، زامنـی وەسـتانەوە بـەڕووی شـاڵاوی ئەوروپاییـەکان بـووە بـۆ سـەر وڵاتانی ئیسلام، ئەوەندە بەسبوو خەلیفـە بـانگی جیهـاد بـدات، چـونکە عەبدولحەمیـد بڕوای وابوو دەوڵەتانی ئەوروپا،بە تایبەتی بەریتانیاو فەرەنسا، کە گـەلانی موسـڵمانی جیـا جیایـان لـە بندەسـتدایە مەترسـییان لـە بـەکارهێنانو پراکتیزەکردنـی چـەمکی خەلافەت دەبێت[١٤٥]. متمانەی سوڵتان عەبدولحەمیـد بـە یـەکێتیو یـەکبوونی دونیـای ئیسـلامی بـە روونـی لـەم چـەند دێـرەدا دەردەکـەوێت، کاتێـك دەڵێـت: "پێویسـتە لەسەرمان پەیوەندیمان لەگەڵ دەوڵەتانی موسڵمانان لـە هـەر جێگایـەکی دونیـادا بـن، بە هێز بکەینو پتر لە یەکدی نزیك ببینـەوە، تاکـە ئومێـدمان بـە ئایینـدە، بەنـدە بـە یەکێتیی ئیسلامییەوە. پێویستە ئەو رۆژە بێت کە ئیماندارانی ئیسلام چاوی ئومێدیان

---

(143) http:// en, Wikipedia Org/ wiki/ Abdul- Hamid- ll

(١٤٤) "مذكرات السلطان عبد الحميد"، ص٢٣.

(١٤٥) المصـدر نفسـه، ص١٤٧؛ عبـد الحميـد بـن عبـد المجيـد، مصـدر سـابق، ص١٧٤؛ علـي حسـن الخربوطلي، الاسلام والخلافة، بيروت، ١٩٦٩، ص٢٦٩ ؛ B.Lewis, OP. Cit, P.336.

ببرِنە یەك كەس، ئەویش خەلیفەی موسڵمانانە. ئەو كاتەش لە بەرانبەر دەوڵەتانی گەورەدا خاوەن هێزو توانا دەبین..."[١٤٦].

سوڵتان عەبدولحەمید لە رێی زیندووكردنەوەی نازناوی خەلافەتدا هەوڵی دا دەسەڵاتی سیاسیو پێگەی ئایینی خۆی بە هێزتر بكات، لە ناوەوەی دەوڵەتەكەیدا ئامانجی بوو پشتگیری تەواوی موسڵمانان بۆ پتەوكردنی پێگەو دەسەڵاتی بەرووی نەیارانی لە بانگەشەكارانی ژیانی دەستووریو هەروەها كۆنترۆڵ كردنەوەی ئەو ویلایەتە عوسمانییانەی، كە پشێویو نائارامییان تێكەوتبوو وەك، ویلایەتەكانی بولگاریا، بۆسنەو هرسك، سربیا، مونتینیگرۆ، بەدەست بهێنێ. لەسەر ئاستی دەرەوەشدا مەبەستی بوو پشتیوانی چەندین ملیۆن لە موسڵمانانی دەرەوەی سنووری دەوڵەتەكەی مسۆگەر بكات، ئەمەش جگە لە بەهێزكردنی توانای رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا، مافی بەرگریكردن لە موسڵمانانی دونیاشی پێدەدا بە گوێرەی ئەوەی خەلیفەی موسڵمانانە، لەم دیدگایەشەوە بوو بە راگەیاندنی جیهادی ئیسلامی پیرۆز هەرەشەی لەهەر دەوڵەتێك دەكرد، كە هەوڵی دەست درێژی بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی، یان هەر هەرێمێكی ئیسلامی تر بدات[١٤٧].

عەبدولحەمیدی دووەم جیا لە سوڵتانەكانی پێشتری عوسمانی، كە نازناوی خەلیفەیان بەكاردەهێنا، لەسەر بنچینەی یەكریزیو یەكخستنی قسەی موسڵمانانو هێنانەدیی یەكێتییان لە چوارچێوەی بیرۆكەی پان ئیسلامیزمدا، مانایەكی نوێی بەو چەمكە بەخشی، عەبدولحەمید مەبەستی بوو، لەرێی ئەم سیاسەتەوە موسڵمانانی دونیا بە خەلافەتی عوسمانی گرێبداتەوەو سوڵتانی عوسمانیش وەك خەلیفەی تەواوی موسڵمانانی دونیا نیشانبدات[١٤٨].

---

(١٤٦) عبد الحمید بن عبد المجید، مصدر سابق، ص١٧٤.

(١٤٧) د. علي الوردي، مصدر سابق، ج٣، ص٢٤؛ محمد عبد الرحمن یونس العبیدي، مصدر سابق، ص٦٩.

(١٤٨) محمد عبد الرحمن العبیدي، المصدر نفسه، ص٦٨.

زیندووکردنـەوەی نازنـاوی خەلیفـە لـە رواڵەتـە دیارەکـانی سیاسـەتی پـان ئیسلامیزم بوو، عەبدولحەمیدی دووەم ئـەم نازنـاوەی تێکـەڵ بـە کێبڕکـێو ململانێـی جیهانی کردو هەموو توانای خۆیشی لەپێناوی بانگەشە بۆ کردنـی لـە تـەواوی هەرێمـە موسڵمان نشینەکاندا بۆ خستەکار.

واتە سیستەمی خەلافەت توانای کۆکردنەوەو جوڵاندنی بەشی هەرە گـەورەی موسـڵمانانی دونیـای هـەبوو بـە ئاراسـتەی تاکـە کەسـێك بـەهۆی یـەکێتیی بـاوەڕو پەیوەنـدیو پابەنـدبوونی ویـژدانیو ملکەچبوونێکی رەهـا بـۆ فەرمانـەکانی ئـەو تاکـە کەسـە، کـە خەلیفەیـەو لـە رۆژگـاری ئەبوبـەکری سـدیقەوە نوێنەرایـەتی موسـڵمانان دەکات. چەمکی خەلافەت لە مێشكو بـیرو نـاخی موسـڵماناندا بـە مانـای بیرخـەرەوەو کۆکەرەوەی یادەوەرییەکانی مێژووی رابردووی خەلافەتی راشدینو ئوممەتی ئیسـلامی بوو، ئەوانەی وێڕای جیاوازییان لە رەگەزو رەنگو نیشتماندا لـە رووی ئایینیـەوە سـەر بەیەك "ئوممەت" بوون، ئەم پابەندبوونە تا دوا ئەڵقەی زنجیرەکانی بـەردەوام دەبێـت بـەجۆرێك سـوڵتانی عوسمـانی لـە هۆشـیاریی موسـڵماناندا لـە رۆژهـەڵاتو رۆژئـاوادا جێگەیەکی تایبەت داگیر دەکات. رۆژانی هەینی لە دوای خوێندنـەوەی گوتـاری بێژان، موسڵمانان بەدەنگی بەرز دوعایان بۆ سەرکەوتنی سوڵتانو وەزیـرو سـەرکردەو سـەربازەکانی دەکـرد تـا رۆژیـی دوایـی، سـوڵتانی عوسمـانی لـە چـاوو هۆشـیاری موسڵماناندا نـە تـەنها موجاهیـدو فیـداکار لـە رێـی خـودادا، بـەڵکو پـارێزەری هـەردوو خانەی پیرۆز (الحرمین الشریفین)ی خوداو موسڵمانانیش بوو[١٤٩].

لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا، کە هێشتا کۆمەڵگەی بەر لە قۆناغی پیشەسازییە، "سەرمایە"ی رەمزی گرنگو پڕبایەخە. پەیوەندیی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە بەهەموو گرووپـە کۆمەڵایەتییەکانییـەوە بـە "سـەرمایە"ی رەمـزی بریتییـە لـە پەیوەندییـەکی ئۆرگـانیکی، دەوڵـەتی عوسمـانیش لـەڕۆژگاری سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەمـدا بـە

(١٤٩) د. مصطفی حلمی، الأسرار الخفیة وراء إلغاء الخلافة العثمانیـة، ط٢، دار الـدعوة، الأسـكندریة، ٢٠٠٢، ص٦٢.

گوێرەی ئەوەی، کە هێشتا دەوڵەتێکی دواکەوتووی ڕۆژهەڵات بووو سەرمایەی ماددی تێیدا بەدروستی پێشنەکەوتبوو، هەژاریو برسێتیو جەنگو قەیرانی سیاسی خستبوویە ژێرباری هەڕەشەوە، لە کۆمەڵگەیەکی بەم جۆرەدا ئاسایی بوو دروشمی پان ئیسلامیزمو چەمکی خەلافەت وەك "سەرمایە"یەکی ڕەمزی کاریگەریی خۆی بەسەرگرووپو کەرتە کۆمەڵایەتییە مەزهەبیو ئیتنیکییە جیاجیاکانی نە تەنها جوگرافیای دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە، بەڵکو بەسەر ئاراستەی فیکریوخەباتی گەلانی دەرەوەی سنووری سیاسی دەوڵەتی عوسمانیو هەندێکجاریش مسۆگەر کردنی پشتیوانییان بۆ خەلیفەی موسڵمانان دابنێت. لێرەوەیە عەبدولحەمید وەك سەرکردەو سوڵتانێکی ڕۆژهەڵاتی دەیەوێت لە ڕێی بیرۆکەی پان ئیسلامیزمو چەمکی خەلافەتەوە بە تەواوی موسڵمانانی دونیا بڵێت کە ئەوە تەنها خەلیفەی موسڵمانانە دەتوانێت بوونو مانەوەی خۆیانو وڵاتەکانیان بپارێزێتو لەو ڕێگایەشەوە یەکڕیزیو یەکێتیو هاوکاریی هێزی موسڵمانانی دونیا بۆ خۆی مسۆگەر بکات. دەشێت بگوترێت سوڵتان عەبدولحەمید باش دەرکی بە پێکهاتەی دەروونیو کۆمەڵایەتیو کەسایەتیی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کردووەو کاریگەریی کولتووری ئیسلامیشی لەسەر پێکهاتەی ئەو کەسایەتییە بەوردی لەبەر چاو گرتووە. لە ڕاستی دوور دەکەوینەوە ئەگەر پێمانوابێت عەبدولحەمید تەنها بە مەبەستی بەرگرتنو وەستانەوە بەڕووی پەلامارەکانی ڕۆژئاوا پەنای بردۆتە بەر پان ئیسلامیزم، چونکە کارکردنی عەبدولحەمید بەم سیاسەتە چەند بۆ وەستانەوە بەڕووی هێزە دەرەکییە ناموسڵمانەکانی ئەورووپا بوو، لەوە زیاتر بۆ مانەوەو درێژەدان بە فەرمانڕەواییو نە تەنها پاراستنی جوگرافیای دەسەڵاتی عوسمانی، بەڵکو بۆ گەورەترکردنی ئەو دەسەڵاتەو حەڵاڵکردنی خاکی ئەو گەلانەش بووە، کە عوسمانییەکان لە ماوەی مێژوویی جیاجیادا دەستیان بەسەردا گرتبوون. وێڕای ئامانجێکی گرنگی تر، کە بریتیبوو لە وەستانەوە بە ڕووی بڵاوبوونەوەی "ڤایرۆسی" بیری ناسیۆنالیزم، کە لە نێو گەلانی موسڵمانی سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا دەستیکردبوو بە بڵاوبوونەوە[١٥٠] عەبدولحەمیدی

(150) L.L. Snyder the New Nationalism, New York, 1968, P.199

دووەم لەوە دڵنیا بوو کە پەنا بردن بۆ بزواندنی هەستی ئایینی بەناوی هاوئایینیو خۆ بە خەلیفە زانینو مەترسییەکانی سەر دونیای ئیسلام، جگە لە پێکهێنانی هێزێکی ئیسلامی ـ سیاسی جیهانی، دەتوانێت لە ڕێی هێنانەدیی یەکێتیی ئیسلامییەوە لە سیاسەتی جیهانیشدا قورسایيو کاریگەریی خۆی هەبێت، وێڕای ئەوەی سەروەری بۆ دەوڵەتی خەلافەت (دەوڵەتی عوسمانی) دەگێڕێتەوەو سوڵتان خۆیشی دەبێتە ئەو سەنتەرەی تەواوی موسڵمانانی دونیا وەك هێمای هێنانەدیی خەونی یەکێتیو یەکبوونی رۆحیو سیاسیی موسڵمانان بۆیدەڕوانن. بۆیە ئەو بۆچوونانەی پێیانوایە عەبدولحەمید لە پەنا بردنە بەر سیاسەتی پان ئیسلامیزم مەبەستی ئامادەکردنی دژە هێرشێکی ئیسلامییانە بووە دژ بە هێرشو پەلاماری جیهانی رۆژئاوای مەسیحی، کە لە هەوڵی دەست بەسەر داگرتنی دونیای ئیسلامیدا بوون بینینی تەنها یەك دیوی ڕووداوەکانە، نە تەواوی ڕووداوەکان.

سوڵتان عەبدولحەمید بەباشی لەکارکردنی ئایینو بەها ئایینییەکان لەسەر ئەندامانو گرووپە کۆمەڵایەتیو پێکهاتە ئایینیو ئیتنیکییەکانی کۆمەڵگەی عوسمانی ئاگادار بووە، بۆیە ویستوویەتی لە ڕێی خۆ دەرخستنو خۆ ڕاگەیاندن وەك پارێزەری ئەو بەهایانە، یەکێتیی نێوان موسڵمانان وەك سەرچاوەی هێز بۆ خۆیو بۆ پارێزگاری لە سنووری دەوڵەتەکەی دابین بکات، ئەمەش تا ئاستێکی زۆر لەو بۆچوونەی سۆسیۆلۆجیستی عەرەب بورهان غەلیون نزیکمان دەکاتەوە، کە دەڵێت: "کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بەها ئایینییەکانی کردووە بە پەناو بنەمای یەکێتیو هاریکاریی هێز بۆخۆی"(١٥١).

عوسمانییەکان هەمیشە لە پەنابردنیان بۆ چەکی ئایینی، مەبەستیان بووە لەلایەکەوە سوود لە وزەو توانای مرۆییو جەنگیی گەلانی جیاجیای سنووری دەسەڵاتی سیاسییان وەربگرن، لەلایەکی تریشەوە ویستوویانە لەڕێی سیاسەتێکی

(١٥١) د. برهان غليون، اغتيال العقل، ط٢، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٠، ص٢٣٤.

رووپۆشکراوەوە بە بەرگی ئایینی تەواوی ئەو گەلانە لە سەرەتاییترین مافە نەتەوەییو مرۆییەکانیان دابڕن. بۆیە کاتێك سوڵتان عەبدولحەمید رووبەڕووی بێهێزی بۆوەو بە ئاگاهاتنەوەی گەلانی ژێر دەسەڵاتیشی سەبارەت بە مافە نەتەوەییەکانیان بینی، دوو هەنگاوینا، کە هەردووکیان بۆیەی ئایینییان بەسەرەوە بوو، یەکەم: هەوڵی پێکهێنانی جامیعەی ئیسلامیدا بەو پێیەی، کە تەواوی موسڵمانانی عوسمانیو دەرەوەی سنووری دەوڵەتی عوسمانی برای ئایینین. دووەم: دامەزراندنی سوپایەك بوو لە گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، کە رێژەی کورد تێیدا لەوانیتر زیاتر بوو، بەناوی سوارەی حەمیدییە، کە هەندێکجار بەناوی ئیسلامەوە بۆ لێدانی نەتەوەو ئایینە جیاجیاکانی چوارچێوەی دەسەڵاتی دەڵەتەکەی بەکاردەهێنرا(١٥٢). سوڵتان عەبدولحەمید وێڕای بەرزکردنەوەی پەیامی یەکبوونی ئیسلامی، کەچی لە پێناوی مانەوەی دەسەڵاتەکەیو بەپێی خواستنی بەرژەوەندی دەوڵەتەکەیو هاوکێشە سیاسیو سەربازییەکانی ئەو رۆژگارە سڵی لە پەنابردنە بەر هاوکاریو کۆمەکی ئەوروپایی نەکردۆتەوە، ساتع حوسەری لەمبارەیەوە دەڵێت: "پێویستە ئەوەمان بیرنەچێت، کە ئەوە بەریتانیای مەزن بوو بۆ چەندین جار دەوڵەتی عوسمانی خاوەن خەلافەتی ئیسلامی لەدەست بەسەرداگرتنی روسیا رزگار کردو هەر بەریتانیاش بوو، کە پێشڕەوی لەشکری روسیای لە ئەنادۆڵدا وەستاند، بەمەش بارەگای خەلافەتی ئیسلامی لە دەست بەسەرداگرتنی ئەم لەشکرە رزگار کرد"(١٥٣).

---

(١٥٢) عبد القادر مجيد القشوري، العصبية القومية في منظور الإسلام، چ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦، ص٣٣٧.

(١٥٣) ساطع الحصري، أبحاث مختارة في القومية العربية، دار المعرفة، القاهرة، ١٩٦٤، ص١٣٦.

کاتێك لە جەنگی عوسمانی ـ روسیا (١٨٧٧-١٨٧٨)دا بارودۆخی جەنگی دەوڵەتی عوسمانی شپرزە بووو رێگا بەرەو ئەستانبوڵ لەبەردەم سوپای روسیادا کرایەوە، دەوڵەتی عوسمانی لە ١٩/ کانوونی دووەم/ ١٨٧٨دا جگە لە داوای ئاگر بڕی سەربازی، وەزیری دەرەوە مەسرور پاشاو وەزیری خەزێنە نامیق پاشای بۆلای سەرکردەی گشتی سوپای روسیا گراندۆك نیکۆلا برای قەیسەری روسیا لە کیزانلك نارد، سوڵتان عەبدولحەمید خۆیشی بروسکەیەکی بۆ ڤکتۆریای شاژنی بەریتانیا ناردو تێیدا داوای هاوکاریو ناوبژیوانی لێکردبوو بۆ ئەم ئاگربڕە. بەریتانیا، کە مەترسی نزیکبوونەوەی سوپای

سـولّتان عەبدولحەمیـد بـۆ یەکخسـتنی ریـزی موسـڵمانان ریگـاو شـێوازی جیاجیای گرتە بـەر، لـەوانە: پـەیوەندیکردن بـەڕێبەرانی تەریقەتـەکانی سـۆفیزم، دامەزرانـدنی قوتابخانـەی عەشـیرەتی، بـەتاڵکردنـەوەی پیلانـی دوژمنـان، دروسـتکردنی هێڵی ئاسـنی حیجاز(١٥٤). هەروەها سوودێکی زۆری لە رۆژنامەگەری ئیسـلامی وەرگـرتو ژمارەیـەك زانـای سیاسـیو بانگەشـەکارانی ئیسـلامی بـۆ هەرێمـە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامی نارد تا پەیوەندی بە گەلانی موسڵمانی ئـەو هەرێمانـەوە بکـەنو بیرۆکـەی پـان ئیسـلامیزمیان بـۆ روونبکەنـەوە، زانسـتە ئیسـلامییەکان بڵاوبکەنەوە، کتێبە ئیسلامییە سەرەکییەکان چـاپ بکـەنو مزگەوتـەکان ببوژێننـەوەو نوێیان بکەنەوە(١٥٥). جگە لەوەی سـوڵتان بەهـەزاران دانـە قورئـانی چـاپکردو بەسـەر

---

روسـیای لـە ئەسـتانبۆڵ لـەلا دروسـت بـوو، شـاژنی بـەریتانیا داوای دزرائیلـی لـە سـەرۆك وەزیرانـی وڵاتەکـەی کـرد دەسـت بخاتـە نێـو مەسـەلەکەوەو سـەرەنجام کەشـتیگەلی بـەریتانیا بـەرەو دەریـای مەڕمەڕە رەوانە کرا. بۆ دەقی نووسراوەکەی ڤکتۆریا بـۆ دزرائیلـی بڕوانـە: الأمـير شـكيب أرسـلان، تأريخ الدولة العثمانية، حققه وعلق عليه: حسـن السـماحي سـويدان، ط١، دار إبـن الكـثير ودار التربيـة، دمشق–بيروت، ٢٠٠١، ص٣٠٢–٣٠٣؛ أورخان محمد علي، السلطان عبـد الحميـد الثـاني حياتـه وأحـداث عهده، ط١، دار الأنبار، العراق، ١٩٨٧، ص١٣٥.

(١٥٤) د. علي محمد الصلابي، مصدر سابق، ص٥٩٢.

هێڵـی ئاسـنی حیجـاز (١٩٠١ – ١٩٠٨) پرۆژەیـەکی سـتراتیجی عوسمـانی بـوو بـۆ بەسـتنەوەی هەرێمـە جیاوازەکانی عوسمانی بەناوەندی خەلافەتەوە. ئـەم پرۆژەیـە بـە مەبەسـتی بەسـتنەوەی حیجـاز بـە ئەستانبوڵ لەبەرژەوەندی حاجیانو پەیوەنـدی بەسـتن لـە نێـوان موسـڵمانانو خەلیفـەی موسـڵمانان سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەستیپێکرد. درێژیی هێڵەکە نزیکەی هەزارو پێنج سەد کیلۆمەتر بوو، بەهۆی ئەم هێڵەوە دیمەشق بە مەدینەو حوران بەدەرعەو دەریای سپی ناوەڕاسـت لـەڕێگای حـەیفاوە دەبەسترایەوە. ئەم پرۆژەیە لەلایەن موسـڵمانانی نـاوەوەو دەرەوەی سـنووری دەوڵـەتی عوسمانیـدا کۆمەكو هاوکاری پێکرا. بۆ زیاتر لەبارەی بایەخی ئەم پرۆژەیە لەڕووی سیاسی، ئایینی، سـتراتیجیی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بڕوانە: د. محمد حـرب، سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم، ل١٦٤–١٧٢؛ أحمـد فهد بركات الشوابكة، مصدر سابق، ص١٧٧–١٩٧.

(١٥٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. محمد حرب، هەمان سەرچاوە، ل١٣١–١٤٩، ١٥٢–١٦٣.

هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دابەشیکردن، ژمارەی قوتابخانە ئیسلامییەکانی زۆرترکردو بەتەنها ژمارەی خوێندکارانی قوتابخانە ئاینییەکان دەگەیشتە چل هەزار فەقێ یان سۆختە، هەروەها زانا ئاینیو خوێندکارەکانیانی لە خزمەتی سەربازی بەخشیبوو، ئەمەش بۆ خۆی هۆکارێکی هاندەر بوو بۆ رووکردنە خوێندنی ئایینی لە ترسی گیران بە سەرباز[١٥٦]. لە ساڵی ١٨٨٦ یشدا عەبدولحەمید ژمارەیەك مووی پێغەمبەری بەسەر ژمارەیەك مزگەوتی بەناوبانگ لە جیهانی ئیسلامدا کرد بە دیاریو هەر مزگەوتێك تاڵە موویەکی پێدرا. رۆژی گەیشتنی تاڵە مووەکان یەکێك لە رۆژە پیرۆزەکان بوو، موسڵمانان بەهەلهەلەو تەکبیرو دوعاکردن بۆ سوڵتان لە پێشوازی تاڵەمووەکاندا دەوەستان[١٥٧].

---

لەو کەسانەی لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی پان ئیسلامیزمدا رۆڵیان هەبوو: جەمالودینی ئەفغانی، مستەفا کامل لە میسر، شێخ أبو الهدی الصیادی لە سوریا، عبدالرشید إبراهیم لە سیبیریا وەك نوێنەری سوڵتان. لە بارەی رۆڵی ئەمانە لە بڵاوکردنەوەی پان ئیسلامیزمدا بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٣٢–١٤٩.

(١٥٦) د. علي الوردي، مصدر سابق، ج٣، ص٢٥.

(١٥٧) المصدر نفسه، ص٢٥. بەشی عیراق لەو مووانە بریتیبوو لە پێنج تاڵ، کە درانە مزگەوتەکانی ئەبو حەنیفە، گەیلانی، موسا کازم، کەربەلاو نەجەف. لە مەراسیمێکی جەماوەری ــ ئایینی گەورەو بە بەشداری والی بەغداو گەورە فەرمانبەرانی حکومەتو هێزی سەربازیو پیاو ماقوڵانو داگیرساندنی بخور پێشوازی لەو تاڵە مووە کرا، کە لە نێو شوشەیەکی گرانبەهاو سندوقێکی زێردا گەیشتە ئەعزەمییە لە بەغدا. بڕوانە: المصدر نفسه، ج٣، ص٢٥–٢٦.

دوای چەندین جار سەردان بۆ تەکیەی قادری کەسنەزانی لە سلێمانیو دیدارو گۆڕینەوەی بیرو را لەگەڵ یەکێك لە خەلیفەکانی شێخ محەممەدی شێخ عەبدولکەریمی سەرۆکی تەریقەتی قادری کەسنەزانی، بینیمان لە یەکێك لە ژوورەکاندا وێنەیەك هەڵواسرا بوو تێیدا شێخی تەریقەت لەسەر ئەژنۆو هەردوو دەستی خستۆتە سەر زەویو سەری بۆ شووشەیەك بەرزکردۆتەوە کە یەکێك لە دەروێشەکانی خۆی بۆی راگرتووە، گوایە تاڵێك لە مووی سەری پێغەمبەر (د.خ) لە نێو شووشەکە دایە. کاتێك پرسیارم کرد ئەو تاڵە مووە چۆن گەیشتۆتە دەستی ئێوە، جەنابی خەلیفە گوتی شێخ لە بەغد=ا = لە بنەماڵەیەکی کۆنی ئەو شارە دەستیکەوتووە بەبێ ئەوەی ناوی بنەماڵەکە بزانێت. بە گوێرەی خەلیفە خەڵکێکی زۆر دەچن بۆ زیارەتکردنی تاڵە مووەکە.

ناشێت هەروا بە سادەیی مرۆڤ لە توێژینەوەی زانستیدا بچێتە ژێر باری بڕواهێنان بە راستی چیرۆکی ئەو تاڵە مووانە چ ئەوانەی سوڵتان عەبدولحەمیدو چ ئەوانەی لە کوردستان لە تەکیەی قادری لە سلێمانیو خانەقای نەقشبەندییەکان لە بیارەو تەوێڵە هەنو دەبێ بە پارێزو گومانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە شتە پیرۆزەکانی دین چجای هی شەخسی پێغەمبەر خۆی بێت چ لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدو چ لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا بە کۆمەڵی کوردی

هەواڵنامەی کتێب

وێڕای ئەمانە ئەستانبوڵی ئەو ڕۆژگارە ببووە ناوەندێك بۆ ڕێبەرانی ئیسلام لە خەباتی دژ بە ئەوروپاییەکان[(١٥٨)].

سوڵتان عەبدولحەمید بڕوای وابوو، کە چاو تێبڕینو پەلاماردان بۆ سەر ناوچەکانی دەسەڵاتی بەردەوام دەبێت، بۆیە بیرۆکەی پان ئیسلامیزمی بە باشترین ڕێگە چارە دەزانی بۆ یەکخستنی گەلانی جیاجیای بندەسەڵاتی لە تورکو عەرەبو کوردو...هتدو کۆکردنەوەیان لە یەك بەرەی یەکگرتوودا لە ژێر دروشمی "ئەی موسڵمانانی دونیا یەکگرن"[(١٥٩)] و باوەڕی وابوو دەبێ کاریگەریی ئەم سیاسەتە بگاتە تەواوی موسڵمانانی دونیا لە ئاسیاو ئەفریقا جێگای تریش، تەنانەت بگاتە ئێرانی شیعە مەزهەبیش، هەرچەندە لێك تێگەیشتنێکی دروست لە نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئێراندا نەبوو. بەم جۆرە سیاسەتی پان ئیسلامیزم بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو دواتریش بوو بە تەوەرەیەکی سەرەکیی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی[(١٦٠)].

بیرۆکەی پان ئیسلامیزم ئەوەی لە سوڵتان عەبدولحەمید دەخواست بە تەواوی توانایەوە بە رووی سیاسەتو کولتووری ڕۆژئاوایی بوەستێتەوە، بۆیە هەمیشە دەستوورو پارلەمانی وەك دوو ڕووپۆش بۆ هەرچی زیاتر تێکدانی بارودۆخی عوسمانیو سەپاندنی بەهاو نەریتی سیکیولاریزمی ڕۆژئاوایی بەسەر کۆمەڵگەی

---

ئێستایشەوە بە ئاسانی دەتوانێت خەڵکی سادەو ئەوانەی بێ بیرکردنەوەو لە یەکەم بیستنو ڕوانینیاندا بڕوا دەهێنن بخەنە ژێر باری قەناعەتو باوەڕهێنانی بێ پرسیارەوە، وێڕای ئەوەی ئەو پیرۆزییانە ئامرازێکی ئاسانو گرنگی کۆکردنەوەی جەماوەرو سڕکردنی بیرو هۆشیارییانە لە بەرژەوەندی گەورەکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی چ سەبارەت بە سوڵتان عەبدولحەمیدو چ سەبارەت بە شێخەکانی تەریقەت لەو ڕۆژگارەو ئێستایشدا بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی سەردەمە مێژووییەکان.

(١٥٨) د.موفق بني المرجة، مصدر سابق، ص١١٠.

(١٥٩) د.علي الوردي، مصدر سابق، ج٣، ص٢٤.

(160)Saban Cals, The Origins of Modern Turkish Foreign Policy Ottoman Psychological Background, “ dpe: Dis Politika – Foreign Policy, Ankara, Vol. XXV11, 2001”, http://www.Foreignpolicy.org.tr;

د.موفق بنى المرجة، مصدر سابق، ص١١١؛ احمد فهد بركات الشوابكة، مصدر سابق، ص٢٣.

عوسمانيی موسڵمانەوە دەبینی[161]. لە روانگەی عەبدولحەمیدەوە دەستووری ساڵی ١٨٧٦[162] لەسەر بنچینەی چەمك و بەها رۆژئاواییەكان دامەزراوەو بەرهەمی هەلومەرجی سیاسیی و كۆمەڵایەتیی و ئابووریی ئەو وڵاتانەیەو لەگەڵ سروشتی دەوڵەتی عوسمانی، كە بۆ ماوەی پێنج سەدەیە حوكمی شەریعەتی بەسەردا زاڵە، ناگونجێت و سەرەنجام كاریگەریی خراپ لەسەر دەوڵەتی خەلافەت جێدەهێڵێت، بۆیە عەبدولحەمید جگە لە لابردنی مەدحەت پاشا[163]

---

(١٦١) د.عثمان علي، مصدر سابق، ص١١٨.

(١٦٢) دەستووری ساڵی ١٨٧٦ لە ١١٩ ماددە پێكهاتبوو، سوڵتان عەبدولحەمید لە ژێرباری ناچاریی و گوشاری مەدحەت پاشاو نامق پاشاو زیا پاشاو لایەنگرانی تری دەستوور وەك تاكتیك پێی رازیبوو، بەڵام لە ١٣/ شوبات/١٨٧٨دا پارلەمانی لەكارخست و بڕیاری وەستاندنی كاركردن بە دەستووریشی دا.

http://www.naqshbandi.org/Ottomans/Khalifa/534-detail-htm

بۆ دەقی تەواوی ماددەكانی دەستووری ساڵی ١٨٧٦ بڕوانە: د. موفق بني المرجة، مصدر سابق، ص٤٣٨–٤٤٦.

(١٦٣) مەدحەت پاشا (١٨٢٢–١٨٨٥): سیاسەتمەدارو ریفۆرمستێكی بەناوبانگی دەوڵەتی عوسمانی بوو، ساڵی ١٨٦٠ والی نیش لە بالكان و لە ١٨٦٤ والی ئەلطونە و لە ١٨٦٩ - ١٨٧٢یش والی بەغداد بووە، دواتر دووجار كراوە بە سەرۆك وەزیران (صدر الاعظم)، یەكەمجار ساڵی ١٨٧٢ لە رۆژگاری سوڵتان عەبدولعزیزو دووەمجاریش ساڵی ١٨٧٦ لە رۆژگاری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا. لەو ماوەیەدا سەرۆكایەتیی حیزبی (تەرەقی وحوریيەت)ی دەكردو بەرپرسی دەستووریش بوو. بڕوانە: ستیڤن هیمسلی لونگریك، اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ت: جعفر الخياط،ط٥، دار الرافدين، بيروت، ٢٠٠٤، ص٣٥٨–٣٦٠؛ د. علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، ج٢، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٧١، ص٧٤–٧٩.

مەدحەت پاشاو لایەنگرانی سەرەتا بڕوایان وابوو كە عەبدولحەمید لە زیندووكردنەوەی دەوڵەتی روو لە هەرەسی عوسمانی هاوكاریان دەبێت وەك چۆن رووداوەكانی مانگەكانی سەرەتای دەسەڵاتی بە ئاراستەی ئەو بۆچوونە بوو، بەڵام پێچەوانەی ئەمە عەبدولحەمید لە ٥/ شوبات/ ١٨٧٧دا مەدحەت پاشای لە پۆستەكەی لابردو دووریخستەوە بۆ دورگەی عەرەبی. د. ارنست أ.رامزور، تركيا الفتاة وثورة ١٩٠٨، ت: د. صالح أحمد العلي، مراجعة: د. نقولا زيادة، دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٦٠، ص٤٣–٤٤، ٤٦؛ د. علي الوردي، المصدر نفسه، ج٣، ص١٤–١٥.

هەوارتەمەن كتێب

لەسەر کارەکەی، بڕیاری وەستاندنی کارکردن بە دەستووروو لەکارخستنی پارلەمانیشی دا[١٦٤].

وێڕای هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێکرا، سوڵتان عەبدولحەمید پەیمانگایەکی تایبەتی بە مەبەستی ئامادەکردنو پێگەیاندنی بانگەشەکارو ڕێنوێنیکار (الوعاظ والدعاة) بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی پان ئیسلامیزمو بانگکردنی موسڵمانان لە ئەستانبوڵ دامەزراند[١٦٥]. هەروەها بایەخێکی تایبەتیشی دا بەنزیکبوونەوە لە شێخەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم، لەو روانگەیەوە، کە لایەنگرو پەیڕەوکارو مریدی زۆریان هەر لە خوێندکارانی قوتابخانە ئایینییەکانەوە بگرە تا بەخەڵکی ئاسایی دەگات، هەیە، عەبدولحەمید بڕوای وابوو مسۆگەر کردنی پشتیوانیی شێخەکانو راکێشانیان بەلای خۆیدا بە مانای مسۆگەرکردنو راکێشانی تەواوی لایەنگرو پەیڕەوکارانیان دێت[١٦٦]، بۆیە بڕیاری نزیکبوونەوە لە شێخەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزمی کردە بەشێك لە ستراتیجو سیاسەتی دەوڵەتەکەی.

هەواڵنامەی کتێب

(١٦٤) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١١٨-١١٩؛ احمد فهد بركات الشوابكة، مصدر سابق،ص٣٦،٣٨.

(١٦٥) د. محمد عبدالرحمن يونس العبيدي، مصدر سابق، ص٧٠.

(١٦٦) د. علي الوردي، مصدر سابق، ج٣، ص٢٤؛ حنا بطاطو، العراق. الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، ت: عفيف الرزَّاز، الكتاب الأول، ط٢، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٩٥، ص٢٠٠.

# تەوەرەی دووەم
# شێوازی رەنگدانەوەی پان ئیسلامیزم
# لە هەڵوێستی رێبەرانی سۆفیزمی کورددا

سۆفیزم یەکێك لە دیارترین هۆکارە بزوێنەرەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کاریگەری قوڵو فراوانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە سەر دەوڵەتو ژیانی کۆمەڵگە بەیەکەوە سروشتێکی سۆفیگەری تایبەتی بە ژیانی گشتی بەخشیبوو، ئەمەش لە رێورەسمو نەریتەکانیاندا بە روونی رەنگیدابۆوە، وەك هاتنە سەر تەختی فەرمانڕەوایی سوڵتان، پێکهێنانی هێزی سەربازی عوسمانی، ژیانی زانستیو روناکبیری، وێڕای ژیانی کۆمەڵایەتیی گشتی، کە بە شێوەیەکی فراوان تەریقەتەکانی سۆفیزمو تەکیەو خانەقاکانیان بایەخیان بە بڵاوبوونەوەی تەکیە تایبەتیەکانیان دەداو جێگاو بینای تایبەتیان بۆ دروستکردبوون، هەروەها هاوکاری زۆری شێخانی تەریقەتەکانیان کردو لە ناوەندەکانی دەسەڵاتیان نزیککردنەوەو ئیمتیازی ماددی–کۆمەڵایەتیی زۆریان پێدان(١٦٧). رەنگە تێگەیشتن لەمە زۆر قورس نەبێت، کە هۆکاری سیاسیو کۆمەڵایەتیی جیاجیا لە پشت ئەم بایەخدانەی دەوڵەتی عوسمانی بە تەریقەتەکانی سۆفیزمو رێبەرە رۆحانیەکانیانوەستاوە، لەوانەیە دیارترینی ئەو هۆکارانەش هەوڵدان بووبێ بۆ راکێشانو مسۆگەرکردنی مەیلو سۆزی خەڵکی ئاسایی بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە رێی رێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزمەوە.

---

(١٦٧) عباس العزاوي، التصوف في التأريخ. أوراق خطية للمؤلف، محفوظة في مكتبة المجمع العلمي العراقي، قسم المخطوطات، برقم ٢، تسلسل ١، ص١٤٧؛ منذر الموصلي، عرب وأكراد– رؤية عربية للقضية الكردية، ط١، دار الغصون، بيروت، ١٩٨٦، ص٢٦٩.

سۆفیزم لە دەوڵەتی عوسمانیدا بایەخێکی زۆری پەیداکردبوو، سوڵتانەکانی عوسمانی بایەخی تایبەتییان بە ڕێبازەکانی سۆفیزمو لایەنگرو مریدو پەیڕەوکارو ڕێبەرە ڕۆحانییەکانیانو ناوەندەکانی ئیرشادو تەریقەت دەدا. بۆ نموونە کە سوڵتان مرادی چوارەم (١٦٢٣–١٦٤٠) گەیشتە بەغدا، فەرمانی دا بە دەست پێداهێنانو چاککردنەوەی مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەو جێگایانەی کە ڕووبەڕووی وێرانکاری ببووەوە[١٦٨].

دەوڵەتی عوسمانی بۆ ماوەی چەندین سەدە بەشێکی گەورەی جیهانی ئیسلامی لە ژێر دەستدابوو، مەسەلەی ئیسلامو پابەندبوون بە ئایینی ئیسلامەوە لە مانەوەو پاراستنی دەسەڵاتیان بۆ ئەو ماوە زۆرەو بەسەر ئەو ناوچە جوگرافییە فراوانەدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو. لە ماوەی ئەو سەدانەدا ژمارەیەکی زۆر تەریقەتی سۆفیگەری لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، بە تایبەتی لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ، بەدەرکەوتن، ژمارەیەك لەو تەریقەتانە ڕۆڵێکی گەورەیان لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچانەدا بینی[١٦٩].

تەریقەتی بەکتاشی[١٧٠] لە ریزی پێشەوەی ئەو تەریقەتانەی سۆفیزم بوو، کە لە ئەنادۆڵدا بڵاوببۆوە. بەکتاشی وەك ڕێبازێکی سۆفیگەری چ لە ریزەکانی هێزەکانی

(١٦٨) علي شاكر علي، تأريخ العراق في العهد العثماني ١٦٣٨–١٧٥٠، ط١، منشورات مكتبة ٣٠ تموز، الموصل، ١٩٨٥، ص٧١.

(١٦٩) د.عبدالجبار قادر غفور، الديانة والطرائق الصوفية. له: د. ابراهيم خليل احمد وآخرون، تركيا المعاصرة، مديرية دار الكتب، جامعة الموصل، مركز الدراسات التركية، ١٩٨٨، ص٨٩.

(١٧٠) بەکتاشیەت ڕێبازێکی سۆفیگەری بوو، دامەزرێنەرەکەی حاجی بەکتاش بوو (بەکتاش نازناوێکی تورکییە بەمانای ئەمیر)، زنجیرەی ڕۆحیو مەقامو بنەماو ڕێچکەی ڕۆحی تایبەت بەخۆی هەبوو. بەکتاشیەت لە رووی عەقیدەو ڕێبازو ڕەفتارو مومارەسەی کۆمەڵایەتیی بەدەرکەوتنی ئینکیشاری (Yeniceri) لەسەر دەستی سوڵتان مرادی یەکەم نەبێت، نەگەیشتە پێگەیشتنو کامڵ بوون، کاتێك ئەم تەریقەتە بووە بنەمایەکی گرنگ لە ڕێکخستنە سەربازییەکانی ئینکیشاری لە کۆتایی سەدەی شازدەدا. لاوازیو بێهێزی بەکتاشیەتیش هاوکاتی لاوازکردنی سیستەمی ئینکیشاری بوو لە ڕۆژگاری سوڵتان مەحمودی دووەم لە ساڵی ١٨٢٦دا. بۆ زیاتر بڕوانە:

" J.S. Trimingham, The Sufi orders in Islam, Oxford, 1971, PP.80-83;

ئینکیشاری، چ لە نێو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی عوسمانی بە گشتی جموجۆڵو چالاکی خۆی دەستپێکردبوو، ئەم ڕێبازەی سۆفیزم بەجۆرێك لە نێو سوپای ئینکیشاریدا هێزو دەسەڵاتی پەیدا کردبوو زۆرجار ئەم هێزانە بە "عسکری بکتاشیة–بکتاشیة أوجاغی" دەناسران. لە کۆتایی سەدەی شازدەدا بە ڕەسمی دان بە بەکتاشیەتدا نرا. ژمارەیەك لە توێژەران پێیانوایە، کە بەکتاشیەت بریتییە لە وێنەیەکی تورکی ئاینی ئیسلام. ئەم ڕێبازەی سۆفیزم لە سەرانسەری دەوڵەتی عوسمانیدا تەکیەو ناوەندەکانی ڕێو ڕەسمی تەریقەتی دامەزراند[(١٧١)].

جگە لە بەکتاشی، عوسمانییەکان بایەخێکی تایبەتیشیان بە تەریقەتی مەولەوی دەداو لە ڕوانگەی ئەو بایەخدانەوە بوو، کە لە زۆر لە شارەکانی عیراق (بەغدا، کەربەلا، موسڵ، نەجەفو زۆر شاری تر) تەکیەو ناوەندی تایبەتیان بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی تەریقەتەکەیان دامەزراندو پێداویستییەکانیان بۆ دابینکردن[(١٧٢)]. ڕەنگە ئەم بایەخدانەی دەوڵەتی عوسمانی بەتەریقەتی مەولەوی بەشێکی پەیوەندی بە گەورەبوونی تەریقەتی بەکتاشیەوە لە نێو هێزەکانی ئینکیشاریەوە هەبێ، تا بتوانن لەم ڕێگەیەوە هاوسەنگییەك لەگەڵ بەکتاشیەتدا ڕابگرن. تەریقەتی مەولەوی بەجۆرێك پەرەیسەندو دەسەڵاتی زیادیکرد لە مەراسیمی هاتنە سەر کاری سوڵتانی عوسمانیدا خەنجەریان پێشکەش بە سوڵتان دەکرد[(١٧٣)].

دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتاکانی دامەزراندنیەوە لە بەشێك لە بنچینەکانی سیاسەتی دەرەوەیدا متمانەی کردۆتە سەر شێخەکانی ڕێبازەکانی سۆفیزم. دەوڵەت ئەو سۆفیو زاهیدانەی بەرەو ئەو ناوچانەی ئەورووپا دەنارد کە دەیویست داگیریان

---

موسوعة الأديان في العالم" (الفرق الإسلامية)، الطبعة الأصلية، بيروت، ٢٠٠٠، ص١٢٢–١٢٣؛ "موسوعة عالم الأديان"، مجموعة الباحثين، بإشراف: ط.ب. مفرِّج، ط٢، دار نوبيليس، بيروت، ٢٠٠٥، ص٥٨–٥٩.

(١٧١) د. عبدالجبار قادر غفور، مصدر سابق، ص٩٠.

(١٧٢) عباس العزاوي، التصوف في التأريخ، ص٢٦.

(١٧٣) أحمد فكاك البدراني، مصدر سابق، ص٣٩.

بکات، ئەوکەسانە لەو ناوچانە نیشتەجێ دەبوونو تێکەڵ بە خەڵکەکەی دەبوونو یەکدیان دەناسی، ئەمە بۆ خۆی جۆرێك لە بانگەشەی عوسمانی بوو بۆ ئیسلام، تا رێگا بۆ دەست بەسەر داگرتنی ئەو ناوچانە لەلایەن سوپای عوسمانییەوە خۆشبکات، وێڕای بەکارهێنانی ئەو سۆفیو زاهیدانە لە ناوەوەو دەرەوەی دەوڵەتدا بۆ زانینی رای گشتی ئیسلامی لەو پەڕی تورکستانەوە تا باکوری ئەفریقا(١٧٤).

لە دەوڵەتی عوسمانیدا پیاوانی تەریقەتەکانی سۆفیزمو لایەنگرو پەیڕەوانیان هەمیشە بە چاوی گومانەوە لەو سوڵتانانەی عوسمانییان دەڕوانی، کە بەرەو سەمتی (اتجاە) نوێخوازی ئەوروپایی دەچوون، بە تایبەتی سوڵتان مەحمودی دووەم، کە سوپایەکی نوێی لەسەر شێوازی رۆژئاوایی دروستکردبووو هێزەکانی ئینکیشاریو رێبازی سۆفیزمی بەکتاشی تەواو لاواز کردبوو. سۆفیگەران بەردەوام بە ترسەوە سەیری سەمتی نوێخوازی رۆژئاواییان دەکرد، بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، کە ئەم رێبازانەی تەریقەتی سۆفیزمو رێبەرە رۆحانییەکانیان لە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم نزیك ببنەوە، چونکە سوڵتان زۆر خۆی لە بیری نوێخوازەیی نێودەوڵەتیی عوسمانی رۆژئاوایی دەپاراستو بە نەیارو دوژمنی خۆی دەزانین. سەرەڕای ئەوەی عەبدولحەمید بە وردی لەوە تێگەیشتبوو، کە ئەم رێبازانەی تەریقەت سەنتەرێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی گرنگن لە رووی بەهێزکردنی بنەما سیاسیو کۆمەڵایەتیو سەربازییەکانی دەوڵەتو پارێزگاری لێکردنی، بۆیە رێزی لێگرتنو بایەخی زۆری پێدانو لێیان نزیکبۆوە(١٧٥).

سوڵتان عەبدولحەمید لە بانگەشەکردن بۆ بیری پان ئیسلامیزم ئەو سۆفیو زاهیدانەی بۆ خزمەتی ئەو بیرۆکەیە بەکارهێناو پەیوەندییەکی پتەوی لەنێوان

---

(١٧٤) د. محمد حرب، سوڵتان عبدالحمیدی دووەم، ل١٤٩.

(١٧٥) هەمان سەرچاوە، ل٧٠-٧١.

شایانی گووتنە سوڵتان عەبدولحەمید خۆیشی جگە لەوەی لە تەمەنی لاوێتیەوە خوێندنی ئایینی تەواو کردبوو، رێنماییەکانی تەریقەتی سۆفیگەریشی لە شێخی تەریقەتی شازلی محمد زافرو شێخی تەریقەتی قادری ئەبو هودا سەیادی وەرگرتبوو. http://www.enfal.de/ecdad18.htm

ئەستانبوڵو تەکیەو خانەقاکانی ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییانە لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا دروستکرد[١٧٦]. بۆ ئەم مەبەستەش لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیدا لیژنەیەکی ناوەندی لە زاناو شێخانی تەریقەتەکان دامەزراند، بۆ ئەوەی لە کاروباری جامیعەی ئیسلامیدا وەك راوێژکار هاوکاری سوڵتان بکەن، دیارترین ئەندامانی ئەم لیژنەیە بریتیبوون لە: شێخ ئەحمەد ئەسعەد لە حیجاز، شێخ ئەبو هودا سەیادی، شێخ محەممەد زافر تەرابلوسی، شێخ رەحمەتوڵڵا لە مەککە[١٧٧]. وێڕای دامەزراندنی لیژنەی بچووك لە هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی لیژنەی ناوەندیدا، کە دیارترینیان لیژنەی مەککە بوو، بە سەرپەرشتی شەریفی مەککەو ئەرکەکەیشی بڵاوکردنەوەی ماناو چەمکی جامیعەی ئیسلامی بوو، لە نێو ئەو خەڵکەی لە وەرزی حەجدا بە مەبەستی حەجکردن روویاندەکردە مەککە، لیژنەیەکی تر لە بەغدا هەمان ئەرکی لە ئەستۆدا بوو لە نێو لایەنگرو هەوادارانی تەریقەتی قادری، کە بە شێوەیەکی فراوان لە باکووری ئەفریقاوە بۆ زیارەتی مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانی روویاندەکردە بەغداو ساڵێکیان ژمارەیان گەیشتە بیستو پێنج هەزار کەس. لیژنەی بەغدا ئەو کەسانەی بۆ وەرگرتنی بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامیو بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالی فەرەنسی لە باکووری ئەفریقا ئامادە دەکرد، دەزگای هەواڵگری فەرەنسا لە باسکردنی ئەو کەسانەی لە بەغداوە بۆ باکوری ئەفریقا دەگەڕانەوەو دژایەتی فەرەنسییەکانیان دەکرد، دەڵێت: "ئەو دژایەتییە بریتییە لە دەمارگرتن (إستفزاز)ی ژمارەیەك پیاوی ئاینی سەر بە تەریقەتی قادری"[١٧٨]. هەروەها سوڵتان عەبدولحەمید ژمارەیەك زاهیدو سۆفی بە مەبەستی شکست پێهێنانی هەوڵەکانی ئینگلیز لە پێناوی سەندنەوەی پایەی خەلافەت لە عوسمانییەکانو سپاردنەوەی بە عەرەب بەرەو هندستان نارد[١٧٩]. بەریتانیا مەبەستی بوو خەلافەت لە عوسمانییەکان بسەنێتەوەو

(١٧٦) هەمان سەرچاوە، ل١٤٩.

(١٧٧) هەمان سەرچاوە، ل١٥٠؛ د. علي محمد الصلابي، مصدر سابق، ص٤٥٧.

(١٧٨) لە: د. علي محمد الصلابي، المصدر نفسه، ص٤٥٧.

(١٧٩) المصدر نفسه، ص٤٥٨؛ د. محمد حرب، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، ل١٥٢.

بیدات به عەرەب بۆ نموونە بە ئەشرافەکانی مەککە، کە سەر بەخۆی بوون. لە ٢٥/ حوزەیران/١٨٧٧دا ج. ل. م. بیردوود G. L. M. Bird wood، کە فەرمانبەرێکی گەورەی ئینگلیزو شارەزای کاروباری هند بوو، سەرنجی حکومەتی هندی بۆ ئەوە راکێشا، کە خەلافەتی عوسمانی دزراوە، خەلافەت مافی شەریفی مەککەیە، بێدەنگیی موسڵمانان لە بەرانبەر بانگەشەی سوڵتانی عوسمانی لە مافی خەلافەت کارێکی خراپو ناڕەوایە.[١٨٠] هەروەها جیمس زوهراب James Zohrab، کە لە ساڵی ١٨٧٩ وە کۆنسوڵی بەریتانیا بوو لە جەددە، دەڵێت: "شەریفی مەککە بەو سیفەتەی لە نەوەی پێغەمبەرە بۆ موسڵمانان وەك پاپا وایە سەبارەت بە کەنیسەی رۆمانی..."[١٨١]. لە دوو نامەدا بۆ هەر یەك لە سالیزبوریو گرانڤێلی یاریدەدەری، لایارد باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەستانبوڵ دەڵێت: "پیلانەکانی دژ بە بەریتانیا لە ئەستانبوڵ دادەڕێژرێن لە نێوان باڵێکی دەمارگیری عوسمانی لەگەڵ موسڵمانە لایەنگرەکانیان لە هندستان"[١٨٢]. هەروەها بەکرێگیراوانی عوسمانی لە نێو حەجاجەکانی هندستان لە مەککەدا چالاکانە ئەوە بڵاودەکەنەوە، کە: ((بەریتانیا دوژمنی ئیسلامەو ئارەزوو دەکات خەلافەتی عوسمانی لەناو بەرێتو دینی محەممەد لەبوریەك هەڵوەشێنێت)).[١٨٣] وێڕای ئەمانە پەیوەندی لە نێوان سوڵتان عەبدولحەمید وەك سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانیو سەرۆکی جامیعەی ئیسلامیو خەلیفەی موسڵمانان لەگەڵ گرووپەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزمو شێخەکانیاندا لە تورکستانو باشووری ئەفریقاو چیندا هەبوو، کە بە گوتەی د. سەلابی تا ئێستا بەڵگەنامەکان پەردەیان لەسەر ئەو پەیوەندییانە هەڵنەداوەتەوە[١٨٤].

(١٨٠) لە: د. عبدالرؤوف سنو، النزعات الكيانية الإسلامية في الدولة العثمانية ١٨٧٧-١٨٨١ (بلاد الشام ـ الحجازـ كردستان ـ ألبانيا)، ط١، بيسان للنشر والتوزيع، بيروت-لبنان، ١٩٩٨، ص٩٤.

(١٨١) لە: المصدر نفسه، ص٩٧.

(182) F.O. 881/4341, Layard to Salisbury, no.3, Constantinople, 6.4.1880

لە: المصدر نفسه، ص٩٣.

(183) F.O. 881/4341, Layard to Granville, no.10, Therapia 25.5.1880

لە: المصدر نفسه، ص٩٣-٢١٩.

(١٨٤) د. علي الصلابي، مصدر سابق، ص٤٥٨-٤٥٩؛ د. علي الوردي، مصدر سابق، ج٣، ص٢٤.



هەوارنامەی کورد

دەوڵەتی عوسمانی بەڕەسمی پشتگیری هەردوو تەریقەتی بەکتاشیو مەولەوی دەکردو تەواوی تەریقەتەکانی تریشی دەپاراست. لە هەمانکاتیشدا زانایانی ئایینی هاندەدا تا پەیوەندییان لەگەڵ تەریقەتەکانی سۆفیزم بەهێز بکەن. بەم جۆرە بەیەك گەیشتنی رەوتی فیکری سۆفیزمو دەسەلات بوو بە هۆی فراوانبوونی مەیدانو دەسەلاتی سۆفیزم، بە جۆرێك ژمارەیەکی زۆر لە زانایان تێکەڵ بە تەریقەتەکانی سۆفیزم بوونو بەشێکی زۆری کەرتە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵیش پەیوەندییان پێوە کردن. بەم رەنگە سۆفیزم ناوەندو چالاکی بەردەوامی هەبوو، بۆیە ئاسایی بوو لەم قۆناغەدا مرۆڤ خۆی بە یەکێك لەم تەریقەتانەوە ببەستێتەوە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا رۆحی بەرەنگاربوونەوەو هۆشیاریی نەتەوەیی لە نێو دەستەی خوێندەواری ئەرمەنو کوردو عەرەبو توركدا دژ بە سیاسەتی سەركوتكەرانەی عوسمانی سەریهەڵدابوو، بۆیە ئاسایی بوو لەو رۆژگارەدا، کە هێشتا پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی پێش سەرمایەداری رەنگرێژی ژیانی کۆمەلایەتی بەشی هەرە گەورەی خانە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگەی عوسمانی دەکردو رووداوو دیاردەکانیش زۆر جار لە رێی شێخو تەکیەو خانەقاکانەوە لێکدەدرانەوە، سوڵتان عەبدولحەمید خۆی لە رێبەرانی تەریقەتەکانی سۆفیزمو سەرۆك هۆزەکان نزیك بکاتەوە.

وەك لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێکراوە شێخەکانی کوردستان تەنیا کەسانێك بوون، کە دوای رووخاندنی میرایەتییەکانی کوردو ئاڵۆزتربوونی دۆخی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابووریی کوردستان، بتوانن خەڵکی لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو تەکیەو ناوەندەکانی تەریقەت بکەن بە سەنتەرێکی گرنگی گەورەکردنی هێزو نفووزی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابووریی خۆیان. واتە شێخەکانی تەریقەت دەیانتوانی چ لە رێبەرایەتیو لایەنگری جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد، چ لە تێکەڵبوون بە دەزگا سیاسیو سەربازیو کارگێڕییەکانی عوسمانیو بوون بە بەشێك لە هێزو سیستەمی دەسەلاتو سیاسەتی ئەم دەوڵەتە رۆڵی کاریگەرو گەورە ببینن. وا پێدەچێت سوڵتان عەبدولحەمید بە وردی دەرکی بەو قورساییە رۆحیو کۆمەلایەتییەی شێخان کردبێت، کاتێك سیاسەتی ناوەوەی دەوڵەتەکەی بە

ئاراستەی نزیکبوونەوە لە رێبەرانی تەریقەتەکانی سۆفیزمو تەکیەو خانەقاکان دادەڕێژێت.

سولّتان عەبدولحەمید لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە لە ساڵی ١٨٧٦ دا مەسەلەی ئایینی ئیسلامی وەك ستراتیجێك لە ژیانی عوسمانیدا هێنابووە پێشەوە، سیاسەتێك جگە لەوەی لە بەشی هەرە گەورەی کۆمەڵدا نفووزی هەبوو، ئەڵقەی پەیوەندیو ژیانی نێوان سولّتانو خەڵك، نێوان دەزگاو دامەزراوە سیاسییەکانو کۆمەڵگەش بوو. ئەمەش لە زنجیرە دەزگایەکی ئیسلامیدا بەرجەستە کرابوو، لە شێخولئیسلامی ئەستانبوڵەوە بگرە تا ئەو تەکیەو ناوەندانەی تەریقەت، کە لە شارو شارۆچکەو گوندەکاندا بلاّوببوونەوە. تا لە ئەستانبوڵ دوور بکەوتبایەوە، باوەڕ بە بیری ئیسلامی زیاتر دەبوو، تایبەت بە لەبەرچاو گرتنی هەڕەشەو مەترسی مەسیحییەکان لە رۆژهەلاّتی ئەنادۆڵو کوردستاندا، شێخەکانی نەهریش بەشێکی جیانەبۆوەی نێو ئەم تۆڕە ئیسلامییە بوون(١٨٥).

ئایین چ لە مانا گشتیەکەیداو چ لە فۆرمی سۆفیزمدا لە لایەکەوە ئامرازێك بوو بۆ هاندانو ورووژاندنی خەڵك، لەلایەکی تریشەوە ئامرازێك بوو رووەو کۆنەپەرستی، کە دەبووە رێگرو کۆسپ لە بەردەم نوێبوونەوەو بیری نوێخوازیدا. ئیسلام رایەڵێك بوو، کولتووری شارستانیی عوسمانیو کولتووری میللی خەڵکی گوندەکانی بەیەکدی دەگەیاند، کە لە (ئیسلامی گوندی)و بە تایبەت لە تەکیەکاندا خۆیدەنواند، دەبوایە لەگەڵ ناوەندەکانی ئیرشادو بنەماڵەی شێخاندا بە پارێزەوە مامەڵە بکرابا(١٨٦). لێرەوە بوو سولّتان عەبدولحەمید لە چوارچێوەی کارکردن بە بیرۆکەی پان ئیسلامیزم چەندین کەسایەتیی ئیسلامیو دیاری نێو تەریقەتەکانی سۆفیزمی لە کوردو عەرەب لەدیوانی سولّتانیدا دامەزراند(١٨٧).

---

(١٨٥) دیوید مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.

(١٨٦) هەمان سەرچاوە، ل١٧٨.

(١٨٧) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١٢٠؛ منذر الموصلي، مصدر سابق، ص١٩٤–١٩٥.

لە جەنگی عوسمانی - روسی (١٨٧٧-١٨٧٨)دا شێخەکانی تەریقەت وەفاداریی خۆیان بۆ سوڵتان عەبدولحەمید نیشاندابوو، سوڵتان بە کردەوە ئەو دڵسۆزییەی لە ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەشداری جەنگەکەو[١٨٨] ڕێبەری تەریقەتی قادری کاك ئەحمەدی شێخو شێخ سەعیدی کوڕی لە بەشداریکردنو هاندانو وروژاندنی کوردەکان بۆ جیهاد کردن لە دژی روسەکان بینیو لە بەرانبەردا چەندین پارچە زەوی دەوڵەتی لە پارێزگای سلێمانی بە شێخ سەعید بەخشی[١٨٩].

لەو ماوەیەدا (١٩٠٤)، کە شێخ سەعید لەسەر داوای سوڵتان عەبدولحەمید روویکردبووە ئەستانبوڵ زیاتر لە سوڵتانو دەستو پێوەندەکانی نزیکبۆوە[١٩٠]، هەر

---

(١٨٨) ن. أ. خالفين، الصراع على كردستان (المسألة الكردية في العلاقات الدولية خلال القرن التاسع عشر)، ت: د. أحمد عثمان أبو بكر، مطبعة الشعب، بغداد، ١٩٦٩، ص١٠١؛ پ. ی. ئەڤیریانۆڤ، کورد لە جەنگی روسیا لەگەڵ ئێرانو تورکیادا، و: د. ئەفراسیاو هەورامی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧٨-١٧٩؛ صالح محمد أمين، کوردو عەجەم (مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران)، چ١، ب. ج، ١٩٩٢، ل١٥٤.لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دوو جەنگ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانیو روسیادا روویدا، یەکەمیان جەنگی ساڵانی (١٨٥٣-١٨٥٦) بوو، کە بە جەنگی قرم ناسراوە، دووەمیان جەنگی ساڵانی (١٨٧٧-١٨٧٨) بوو کە بەشکستی عوسمانییەکان تەواو بوو. د. کمال مظهر أحمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، مطبعة أركان، بغداد، ١٩٨٥، ص١٢، هامش "٨". لە سەروبەندی جەنگی ساڵانی (١٨٧٧-١٨٧٨)دا بوو، سوڵتان عەبدولحەمید لە ڕێگەی شێخولئیسلام حەسەن خەیرولڵا لە ٢١/ مایس/ ١٨٧٧دا دوو فەتوای دەرکرد، یەکیان بۆ جیهادی پیرۆز دژی کافران، ئەویتریان پێدانی نازناوی (غازی) بوو بە سوڵتان عەبدولحەمید لە فەرمانو لەسەر مینبەرەکاندا وەك ئاماژەیەك بۆ فەرموودەی پێغەمبەر: ((من جهز غازيا فى سبيل الله فقد غزا)). د. علي الوردي، مصدر سابق، ج٣، ص١٥.

(١٨٩) محمد أمين زكي، مصدر سابق، ص٢٤٦؛ د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١٨٦؛ م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، بلاك روز، لەندەن، ١٩٩٠، ل١٤٦، ١٤٨.

سوڵتان عەبدولحەمید لە بری هاوکاری کاك ئەحمەدی شێخ شانبەشانی (خەلیفەی موسڵمانان لە غەزای دژی روسیادا) پێنج گوندی خەڵاتکرد کە بریتیبوون لە: نۆدێ، عازەبان، بزەینیان، وێڵەدەر، خەراجیان.

م. رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل١٣٠ ; Edmonds, OP. Cit. P.75

(١٩٠) رفيق حلمي، یادداشت (کوردستانی عیراقو شۆڕشەکانی شێخ مەحمود)، ب١، چ٢، چاپخانەی ڕۆشنبیریو لاوان، هەولێر، ١٩٨٨، ل٣٥ ؛ عبدالرحمن ادريس صالح البياتي، الشيخ محمود الحفيد

ئەو رۆژگارەش بوو یەكێك لە كوڕەكانی سوڵتان عەبدولحەمید نەخۆش دەكەوێتو گوایە بە دوعای شێخ سەعید چاك دەبێتەوە. هەروەها وەك دەڵێن لەبەر ئەوەی عەبدولحەمید لە ژێر هەڕەشەو مەترسی كوشتندا بووە، بەردەوام ئەو دوعا گوللەبەندەی هەڵگرتووە، كە شێخ سەعید پێیدابوو، عەبدولحەمید بڕوای وابوو، كە بەهۆی ئەو گوللەبەندەوە لە پەلامارێكی ترسناكی كوشتن، كە لەلایەن دەستەیەكی ئەرمەنیەكانەوە لەسەرەتای سەدەی بیستدا كرایە سەری رزگاری بووە[191]، وێڕای ئەمانە سوڵتان عەبدولحەمید شفرەی نهێنی تایبەت بە خۆی بە مەبەستی پەیوەندیگرتن دابوو بە شێخ سەعیدو لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵیدا [192]، بەتایبەتی لە كاتی قەیرانەكاندا داوای لە شێخ دەكرد دوعای بۆ بكات[193]. شێخ سەعید یەكێك بوو لەو كەسایەتییانەی، كە هاوكاریو كۆمەك بەكۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی دژ بە سوڵتان عەبدولحەمیدی بە خیانەت داناوە، بۆیە كاتێك ئیتیحادو تەرەقی داوایان لێكرد شێخ سەعید خۆی، یان یەكێك لە كوڕەكانی سەرۆكایەتی لقی ئەم كۆمەڵەیە لە سلێمانی بە ئەستۆ بگرێت، رەتیكردۆتەوە. رەنگە ناسینی شێخ سەعید لەلای بازرگانو ئاغاو

---

(البرزنجي) والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، ط١، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥، ص٣٩.

(١٩١) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١٨٦–١٨٧. پیرەمێردی شاعیر لە نامیلكەی (كەراماتی كاك ئەحمەدی شێخ)دا دەڵێت: كاك ئەحمەدی شێخ گوللەبەندێكی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید ناردووەو سوڵتان بە هۆی ئەو گوللەبەندەوە لە پەلامارێكی ئەرمەنەكان كە سەد تا دووسەد كوژراوو بریندارى لێكەوتەوە رزگاری بووەو دڵۆپێك خوێن لەلەشی نەرژاوە. بڕوانە: م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل١٣١. شایانی گوتنە سەرچاوەكان لە نێوان كاك ئەحمەدی شێخو شێخ سەعیدی كوڕیدا لەبارەی=
= ئەوەی كامیان گوللەبەندیان بۆ سوڵتان عەبدولحەمید ناردووە جیاوازی نیشاندەدەن. بڕوانە: درك كینان، كردهاو كردستان، ت: ابراهیم یونسی، چاپ أول، مؤسسه انتشارات نگاه، تهران، ١٣٧٢، ل٥٨؛ برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٣٨٢–٣٨٣؛ د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١٨٦–١٨٧؛ م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل١٣١; Edmonds, OP. Cit., PP. 75-76;

(١٩٢) رفیق حلمي، سەرچاوەی پێشوو، ب ١، ل٣٥–٣٦ ؛ عبدالرحمن البیاتي، مصدر سابق، ص٤٠.

(١٩٣) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١٨٧.



هەولاتامەی کتێب

دەسەڵاتدارانی سلێمانی بە ((شێخی سوڵتان)) بەشێکی پەیوەندی بەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی شێخ سەعیدو سوڵتان عەبدولحەمیدەوە بووبێت[١٩٤].

دەسەڵاتی سیاسیی شێخان کاریگەریی زۆری بەسەر گەورە بوونی دەسەڵاتی ئابوورییانەوە هەبوو، چونکە سوڵتان عەبدولحەمید بەردەوام لە بەرانبەر هاوکارییان بۆ دەسەڵاتەکەی دیاریو بەخششی لە شێوەی گوندی کشتوکاڵی سەر بە دەوڵەتی پێدەدان. جگە لەمە شێخان وەك ئاغاو دەرەبەگو دەسەڵاتدارانی تری کوردستان رژێمی تاپۆیان[١٩٥] بە سوودی خۆیانو بە مەبەستی کرینی زەوی لە جووتیارانو تۆمارکردنی لەسەر ناوی خۆیان بەکارهێنا. هەروەها سوڵتان عەبدولحەمید یارمەتییەکی ساڵانەی بۆ تەکیەی قادری شێخ سەعید تەرخانکرد، کە بڕەکەی دەگەیشتە نزیکەی چل هەزار لیرەی زێڕ لە مانگێکدا، ئەو زەویو موڵکانەش، کە هی شێخان بوون لە باجو سەرانەی دەوڵەت بەخشرابوون. بەم جۆرە خێزانو بنەماڵەی شێخان بوون بە بنەماڵەی ئەریستۆکرات، سەرباری ئەوەی هەمانکات بنەماڵەی خاوەن نفووزی ئایینی گەورەش بوون[١٩٦]، واتە رۆحانییانی کورد لە یەك کاتدا خاوەنی نفووزی ئایینیو زەویو سامانی ئاژەڵیو خاوەن موڵکی گەورەش بوون، بەمانا پیاوانی

---

(١٩٤) م. جەمیل رۆژبەیانی، شێخ مەحمودی حەفید زادە، "ڕۆشنبیری نویٔ" گۆڤار، بەغدا، ژمارە (١١٣)، مارتی ١٩٨٧، ل٥٨؛ م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، ب١، ل١٤٥.

(١٩٥) ساڵانی ١٨٥٨و ١٨٥٩ سوڵتانی عوسمانی دوو یاسای لەمبارەیەوە بڵاوکردەوەو لە رۆژگاری فەرمانڕەوایی مەدحەت پاشا لە عیراق (١٨٦٩–١٨٧٢) دەستکرا بە جێبەجێکردنی ناوەرۆکەکەیان، ئەو ئاڵوگۆڕەش یەکێك لە ئەنجامەکانی تێکەڵبوونی وڵاتی عوسمانی بە جیهانی سەرمایەدارییەوە بوو.

(١٩٦) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١٨٧. م. ر. هاوار لەسەر زاری شێخ بابا عەلییەوە دەڵێت: سوڵتان عەبدولحەمید مووچەیەکی تایبەتی بە لیرەی ئاڵتوون بۆ شێخ سەعید بڕیبووەوە، بەڵام بڕی مووچەکەی دیارینەکردووە. بڕوانە: م. ر. هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٢٠٤. بێگومان دەبێ بە گومانو پارێزەوە مامەڵە لەگەڵ تەرخانکردنی بڕی چل هەزار لیرەی زێڕ لە مانگێکدا لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە بۆ شێخ سەعید بکرێت، چونکە ئەو ژمارەیە بۆ ئەو رۆژگارە، گەلێك زۆرە.

ئـایینیو شـێخانی تەریقـەت لـە رووی خاوەنـداریێتی موڵـكو سـامانەوە چـوونە ریـزی دەرەبەگو ئەریستۆكراتەكانی تر[(١٩٧)].

سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم بـەر لـە راپەڕینەكـەی سـاڵی ١٨٨٠ی شـێخ عوبەیدوڵڵای نەهری سیاسەتی نزیكبوونەوە لە پیاوە ئایینییەكانی كورد، كە خۆیان لە رێبەرانی تەریقەتەكانی سۆفیزمدا دەبینیەوەو سەرۆك هۆزەكانی كوردی گرتبووە بـەر. پان ئیسلامیزمو كاركردن لەسەر هەوڵدان بۆ هێنانەدیی یەكڕیزی نێوان موسڵمانانیش لە رۆژگاری ئەوپەڕی لاوازیی هۆشیاریی نەتـەوەییو بڵاوبوونـەوەی نەخوێنـدەواری لـە كۆمەڵگـەی كوردیـدا، رەنگـە باشـترینو ئاسـانترین دروشمێكـی سیاسـیو سـتراتیجی بوویێت نـەك تـەنها بـۆ نزیكبوونـەوە لـەكورد، بـەڵكو بـۆ مسـۆگەر كردنـی پشـتگیریو كۆمەكی كوردی موسڵمان بۆ عەبدولحەمیدی دووەم وەك سوڵتانی عوسمانیو خەلیفەی موسڵمانان. دامەزراندنی فەوجـەكانی سـوارەی حەمیدییـە هـەنگاوێك بـوو بەئاراسـتەی هێنانـەدی ئـەو ئامانجـە سیاسییانە[(١٩٨)]. بـۆ هانـدانو بەشـداریكردنیان لـە ریزەكـانی حەمیدییـە، سـوڵتان عەبدولحەمیـدو پیـاوانی ئـایینی بەیاننامەیـەكیان ئاراسـتەی كوردەكان كردو داوای پەیوەندیكردنو بەشداری لـە حەمیدیـەیان لێكـردن، چـونكە بـە بڕوای ئەوان ئەو فەوجانـە بـۆ بـەرگریكردن لـە ئایینی ئیسـلامو شـەرەفی موسـڵمانان دامەزراون بەشداریكردنیان لە حەمیدییە بە جیهادێكی پیرۆز وەسفكردبوو. كاریگـەریی بەشداری لە جیهادو یەكبوونی ریزی موسڵمانان هۆكارێكی گرنگ بوو بـۆ بزوانـدنی زانـا ئایینییـەكانو شـێخانی تەریقەتـەكانی سـۆفیزم لەكوردسـتان، تـا رۆڵێكـی گـەورە لـە هاندانو جووڵاندنی هەستو سۆزی ئایینی كوردەكان بۆ چوونە نێو ریزەكانی لیواكـانی حەمیدییەدا ببینن. ساڵی ١٨٩١ لە ئەستانبوڵ كۆنگرەیەكی كوردی فراوان بەسترا، كـە تێیدا سەرۆك هۆزو خانەدانو پیاوانی ئایینی ئامادەی بوون، سوڵتان عەبدولحەمیـد بـە بەشـدارانی كۆنگرەكـە گەیشـتو ئەركـەكانیانی بەرانبـەر بیروبـاوەڕی ئیسـلامیو

(١٩٧) أ. شاميلوف، حول مسألة الإقطاع بين الكرد، ت: د. كمال مظهر أحمد، ط٢، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٤، ص٦٨–٧٠.

(١٩٨) رۆبەرت ئۆڵسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

وڵاتەکەیان، کە لە ژێر هەڕەشەو مەترسی دوژمناندا بوو، بەبیر ئامادەبووان هێنایەوە(١٩٩). وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، سوڵتان عەبدولحەمید بەر لە دامەزراندنی حەمیدییە هاوکاریو دڵسۆزی بەشێك لە سەرۆك هۆزەکانی کوردو شێخانی تەریقەتەکانی سۆفیزمی لە کوردستان، بە تایبەت لە وەڵامدانەوە بە بانگەوازی جیهاد دژی روسیای قەیسەری بینی بوو. نەك تەنها هۆزە کوردەکانی دانیشتووی سەر سنورەکانی روسیا، بەڵکو کوردانی ویلایەتی موسڵ بە چەندین فەوجی چەکدار بەشدارییان لە جەنگی عوسمانی ـ روسی (١٨٧٧–١٨٧٨)دا کردبوو، لەمەشدا کاك ئەحمەدی شێخو شێخ سەعیدی کوڕی رۆڵی گەورەیان لە هاندانی کوردەکان، تا وەك خۆبەخش بەشداری لە جیهادی دژی روسەکاندا بکەن، بینیبوو(٢٠٠).

سوڵتان عەبدولحەمید لە بەدەستهێنانی پشتگیریی موسڵمانە سوننەکان تا رادەیەکی باش سەرکەوتوو بوو، سوارەی حەمیدییەش ئامرازێکی کاریگەری چاکبوو بۆ پەیوەستکردنی کوردی سوننە بە سوڵتانەوە. یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی ئەم خۆ پەیوەستکردنەی کورد بە سوڵتان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئینتیماو دڵسۆزی هۆزەکانی کورد (شێخانی تەریقەتیش ـ توێژەر) بەرانبەر خودی سوڵتان لە هەستو پەیوەندی نەتەوایەتییان توند ترو پتەوتر بوو(٢٠١). عەبدولحەمیدی دووەم لە رێی پێدانی پاداشتی زۆرو پشتگیری زانایانی ئایینیو شێخانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە لایەكو دەست واڵاکردنی کوردان بۆ تاڵانو جەردەیی لەلایەکی ترەوە، مەبەستی بوو، کوردەکان بە تەواوی بەلای خۆیدا رابکێشێتو لەمڕووەشەوە تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو بوو. بیری پان ئیسلامیزم، کە کەسایەتی دیاری خۆی لە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا دۆزیبۆوە، لەهەمانکاتدا لە رێی سیاسەتی عەبدولحەمیدەوە

---

(199) Steven Dugid, The Politics of Unity, The Hamidian Policy in Eastern Anatolia, Middle Eastern Studies, 1973, PP.137-140.

لە: د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١٢٢–١٢٣.

(٢٠٠) المصدر نفسە، ص١٢٦.

(٢٠١) برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٢٥٨.

ڕەنگدانەوەی زۆریشی بەسەر کوردانەوە هەبوو، بە جۆرێك وەك برونەسن دەڵێت: کورد وەك پیاو چاکێك لە سوڵتان عەبدولحەمیدیان دەڕوانیو ناویان نابوو "باوکی کوردان"[٢٠٢]. ئاوێتەبوونی بەشێکی گەورەی کورد بە دەزگا سیاسیو کارگێڕیو سەربازییەکانی عوسمانی بە ئاستێك گەیشت، کە لە زۆر ناوچە بە فەرمانی میری، موفتیو مەلاو پیاوانی ئایینی تر هەستی کۆمەلانی خەڵکیان دەبزواندو بۆ کوشتنی کافران (ئەرمەنەکان) هانیان دەدان. بۆ نموونە، لە کوشتاری یەکەمی ئەرمەندا لە مانگی ئابو ئەیلولی ساڵی ١٨٩٤دا لە ناوچەی ساسۆن موفتی پاڵو خەڵکی بۆ کوشتن هاندەدا، کاربەدەستانی ئەرزەڕۆم هاواریان دەکرد "گاور بکوژن لە هیچ مەترسن"؛ "مردن بۆ گاوران، ژیان بۆ موسڵمانان" یش دروشمی مەلاو دەروێشانی سیواسو ئورفە بوو. لە ناوچەی عەرەبقیریش خەڵکیان وا تێگەیاندبوو، کە کوشتنی ئەرمەن "ئەرکی سەرشانی ڕۆڵەکانی موحەممەدە". لێرەوە زۆر کورد کەوتنە گیانی پیاوانی ئەرمەنو کڵێساکانیان، تەنانەت کوشتاری ئەرمەنەکانیان بە (غەزا) دادەنا[٢٠٣].

لێرەوە دەشێت بگوترێت، کە سوڵتان عەبدولحەمید چ پێش ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠داو چ دوای ڕاپەڕینەکە بەلایەنیکەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە توانی سوودێکی باش لە هێزو توانای مرۆیی ڕێبەرانی تەریقەتەکانی سۆفیزمو بەشێکی گەورە لە هۆزەکانی کورد وەربگرێت، سوڵتان لە ڕێی بیری پان ئیسلامیزمو یەکێتیی ریزی موسڵمانانو سوود وەرگرتن لە مانای ئایینیی چەمکی خەلافەت توانی ژمارەیەکی گەورە لە ڕێبەرانی تەریقەتەکانو سەرۆك هۆزەکانی کورد

---

(٢٠٣) هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٧٨، ٢٥٩–٢٦٠.

(٢٠٤) بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥، ل١٠٧، ١٢٠–١٢١. پێویستە ئاگاداری ئەوەش هەبین، کە پەیوەندیی توندو پتەوی ئەرمەنەکان بە روسیاوەو هاندانیان دژی کوردەکانو کردەوەکانی چەتە چەکدارەکانیان کاریگەری خۆیان بەسەر گرژبوونی پەیوەندییەکانی کورد ـ ئەرمەنەوە دانا.

بە سوودی دەسەڵاتەکەی‌و بیرۆکەی عوسمانیزم[٢٠٤] ئاوێتەی دامودەزگا سیاسی‌و سەربازی‌و کارگێڕییەکانی دەوڵەتەکەی بکات، بەمانایەکی تر بیری پان ئیسلامیزم‌و دەزگاکانی، کە لەو پێناوەدا دامەزرێندرابوون رەنگدانەوەی زۆریان بەسەر بیرو هۆشیاری شێخانی تەریقەت‌و هۆزەکانی کوردەوە هەبوو. لە رۆژگارێکدا، کە جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی لە ناوەندە جەماوەرییەکانی ئەرمەن پەرەیسەندبوو، گەلانی بالکان لە خەباتی رزگاری دژ بە دیسپۆتیزمی عوسمانیدا بوون، لەماوەیەکی مێژوویی ئاوادا نە هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی ـ کولتووری لە کوردستاندا دەرناکەوێت، بەڵکو سەرۆك هۆزو خێڵەکانی کوردو رێبەرانی سۆفیزمیش (جگە لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ماوەی راپەڕینەکەیدا) دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەت‌و ستراتیجی عوسمانی‌و سوڵتان عەبدولحەمیدو هێزێکی بەهێزی پارێزەری خەلافەت.

لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگیی دواکەوتووی وەك کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئاسایی بوو، هۆشیاریی ئایینی لە هەر جۆرێکی تری هۆشیاری بەهێزتر بێت. لە کوردستان بە پێی ستراکتورە کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکەی زەمینەیەکی لەبارو کەرەستەیەکی مرۆیی گەورە بە هۆشیاریی ئایینی (مەزهەب ـ تەریقەت)، بە هۆشیاریی خێڵ ئامادە بوو، بۆیە کاتێك بیری پان ئیسلامیزم‌و پەیامی یەکبوونی ئیسلامی دەبێتە ستراتیجی کاری سیاسیی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، رێبەرانی تەریقەتەکانی سۆفیزم‌و بەشێکی گەورە لە سەرۆك خێڵەکانی کورد بێ دوو دڵی بەرەو پیری دەچن‌و دەبنە بەشێك لەو ستراتیجە ئیسلامییە، ستراتیجێك بە گوتەی د. عەبدولرەئوف سەنو رۆڵێکی گەورەی لە هێشتنەوەی کورد وەك گەلێکی بێ دەوڵەت

هەواڵنامەی کتێب

---

(٢٠٥) عوسمانیزم لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە سەر بنچینەی هاونیشتمانی‌و هاووڵاتیبوون دانەمەزرا بوو، چونکە لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا جیاوازیی هەستپێکراو، تایبەت لە نێوان خەڵکی موسڵمان‌و نا موسڵماندا لە ئارادا بوو. پان عوسمانیزم (جامیعەی عوسمانی) هەوڵێك بوو بۆ تواندنەوەی گەلانی بندەستی عوسمانی لە چوارچێوەی (ئوممەتی عوسمانیدا)، کە تێیدا بالا دەستی زمان‌و کەلتووری تورك‌و موسڵمانبوون روون‌و بەرچاو بوو.

هـەبوو[٢٠٥]. ئـەوەی پێوسـتە لـەو مـاوە مێژووییـەدا، لـەو هاوکێشـە سیاسـییە دەربهاویشـترێ راپەڕینەکـەی سـاڵی ١٨٨٠ی رێبـەری تەریقـەتی نەقشـبەندی شـێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییە، کە لە باسێکی تایبەتدا لێی دەدوێین.

وێـڕای هـەموو ئەوانـەی باسـکران، ئـەو ئومێـدەی سـوڵتان عەبدولحەمیـد لـە کـوردانی موسـڵمانی سـوننە مەزهـەبی دەخواسـت، لـە پشـتگیریی بانگـەوازی پـان ئیسلامیزمو خەلیفەی موسڵمانان وادەرنەچوو، چونکە نـە تـەنها کـورد بـەڵکو تـورک‌و عەرەب‌و ئەرمەن‌و چەرکەس‌و ئەلبان‌و...هتد کەوتنە خۆ رێکخستن دژ بە دیسـپۆتیزمی سوڵتان عەبدولحەمیدو دەسەڵاتە رەهاکەی.

هەوڵنامەی کتێب

## باسی دووەم
## سۆفیزم‌و بیری نەتەوەیی
## لە لای شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری

دوای لە ناوبردنی میرنشینەکانی کورد باری نائارامی کوردستان ئـاڵۆزتر بـوو، عوسمانییەکان سوور بوون لەسەر سیاسەتی دەسەڵات سەندنەوە لە میرە کوردەکـان‌و سـەپاندنی دەسـەڵاتی ناوەنـد بەسـەریاندا. لـە خـاڵی یەکەمـدا توانییـان سـەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام لە خاڵی دووەمدا، واتە سێنترالیزەکردنی دەسەڵات‌و سـەپاندنی بەسـەر خـەڵکی کوردسـتاندا، سـەرکەوتوو نـەبوون. دەوڵـەت نـەیتوانی ئـەو بۆشـایی

(٢٠٦) د. عبد الرؤوف سنو، مصدر سابق، ص١٢٨.

دەسەڵاتە لە کوردستان پڕ بکاتەوە، کە لە ئەنجامی نەهێشتنی میرایەتییە لۆکاڵیەکانی کورد دروستببوو. میرایەتییەکان لە نێو بران، بەڵام دەسەڵاتی ناوەندی، کە بێبەش بوو لە دەسەڵاتی ئەو میرانە، وەك دەیویست، بۆشاییەکەی پێ پڕ نەکرایەوە. بە نەمانی دەسەڵاتی میرەکان لەجاران زیاتر ئاڵۆزیو پشێوی کەوتە نێو ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی کوردەواریو هۆزەکانی کورد. بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی شێواوی کوردستان دەوڵەتی عوسمانی پەنایبردە بەر پەلامارو هێرشی سەربازی، بەڵام بەم پەلامارانە نە هەر بارودۆخەکەی پێ چارەسەر نەکرا، بەڵکو ئاڵۆزتری کرد[٢٠٦].

دوای لەناوبردنی میرایەتییەکان دەرەبەگو سەرۆك هۆزەکانی کورد لەوە کەم تواناتر بوون، بتوانن هەمان ئەو رۆڵە لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی خەڵکی کوردستاندا ببینن، کە پێشتر میرە کوردەکان بینیبوویان، چونکە ئەمانە وێڕای ناکۆکیو ناتەباییان کەمتر لێوەشاوەییان نیشانداو سنووری دەسەڵاتیشیان بەر تەسكو بەسەر هۆزە جیاجیاکاندا رانەدەگەیشت، زۆر جاریش هاوشانی کاربەدەستانی عوسمانی ستەمی زۆریان دەرهەق بە جووتیارانی کورد دەکرد، بە تایبەت لە سەندنی باجو سەرانەو هەرچی زیاتر شێواندنی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوورییان[٢٠٧]. بێزاریی خەڵکی کورد لە دەست سیستەمی سەربازی عوسمانی گەیشتبووە ئەوپەڕی، هەژاری برسێتی لە خەڵکی کوردستان بڕیبوو، ئابووریی کوردستان لەوپەڕی خراپیو وێرانەییدا بوو، برسێتی بەجۆرێکی هێند ترسناك لە ساڵانی (١٨٧٩-١٨٨٠) لە ناوچە کوردنشینەکاندا بڵاوببۆوە، ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە ناوچەکانی هەکاری، بەتلیس، باشقەڵا، بایەزیدو...کە لە برسان مردن، واتە بەهەق ئەو ساڵانە ساڵی برسێتی بوون[٢٠٨].

---

(٢٠٦) جرجيس فتح الله، مبحثان على هامش، ص١٧.

(٢٠٧) د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٢٣-١٢٤.

(٢٠٨) لەم بارەیەوە بڕوانە: ن. أ. خالفين، مصدر سابق، ص١١١-١١٧؛ د. جلیلی جلیل، راپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، و: د. کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٨٧، ل٦٧-٧٢، جلیلی

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بۆشاییەکی سیاسی گەورە لە کوردستاندا دروستببوو. شێخەکانی تەریقەت ئەگەر لە رۆژگاری دەسەڵاتی میرایەتییەکانی کورددا زیاتر پەیام هەڵگری دیوە رۆحییەکەی ناو فەزای خێڵەکیی کورد بووبن، ئەوا لەگەڵ نەمانی ئەو دەسەڵاتەدا توانییان لە ماوەیەکی کورتدا وەك هێزێکی خەباتگێڕ چ لە رووی سیاسیو چ لە رووی ئۆرگانیزە کردنی هۆزە کوردییەکان خۆیان بهێننە پێشەوە[٢٠٩].

لە ماوەی دەسەڵاتی میرایەتییەکاندا شێخەکانی سۆفیزم نەیاندەویست بەڕووی دەسەڵاتی میرە کوردەکان، کە هەژموون (هیمنة)ی خۆیان بەسەر مریدەکانیاندا سەپاندبوو بوەستنەوە. ئەو ماوەیە سەبارەت بە شێخانی تەریقەت زیاتر ماوەی جەختکردنەوە بوو لەسەر رێنماییەکانی سۆفیزمو بڵاوکردنەوەی، بڕوا وابوو، کە بزووتنەوەی سۆفیزم دوور لە دەستوەردان لە ژیانی سیاسی دەمێنێتەوەو دەست ناخاتە نێو کاروباری حوکمڕانیو نابێتە هەڕەشەو مەترسی بۆ سەر دەسەڵات، بەڵکو بایەخو قورسایی خۆی تەنها لە سەر لایەنی رۆحی چڕ دەکاتەوە[٢١٠]. بۆیە رەنگە ئەمە یەکێك لەو فاکتەرە یارمەتیدەرانە بووبێت، وێڕای بوونی دەسەڵاتی سیاسیی رەهای میرەکانی کوردو نفووزی کۆمەڵایەتیی زۆریان، کەچی تەریقەتەکانی سۆفیزم بۆ نموونە هەردوو تەریقەتی قادریو نەقشبەندی لە سنووری دەسەڵاتو جوگرافیای سیاسی تەواوی میرایەتییەکانی کوردستاندا بڵاوببوونەوە. واتە بڵاو بوونەوەی سۆفیزم سنووری سیاسیو جوگرافیای خێڵەکی میرایەتییە لۆکاڵییەکانی کوردی تێپەڕاند، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە دونیا بینیو دیدی رۆحانی سۆفیزمەوە هەبوو، کە لە سەرەتادا تەنها ئایینی بوو، لەگەڵ دەسەڵاتە زەمەنییە لۆکاڵییەکانی کوردستاندا

---

جلیل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت: د. عبدي حاجي، ط١، منشورات دار الرازي، بيروت، ١٩٩٢، ص٣٢.

(٢٠٩) ((شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامە فەرەنسەییەکاندا ١٨٧٩–١٨٨٢))، ل١٨.

(٢١٠) پی رەش، مصدر سابق، ص١٤.

دژایەتییەکی ئەوتۆی نەبوو(٢١١). بەڵام کاتێك میرایەتییەکان لە نێوبران و میرە کوردەکانیش بێدەسەڵات کران، بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە سەر ئاستی رێبەرایەتییەوە پێی خستە نێو قۆناغێکی نوێوە، کە تێیدا توێژێکی کۆمەڵایەتیی نوێ، کە بریتیبوون لە شێخەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم جڵەوی رێبەرایەتیکردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کوردیان گرتە دەست. بە مانایەکی تر لە رێبەرایەتی کۆکردنەوەی خەڵکی کوردو ئاراستە کردنی بزووتنەوە سیاسیی و چەکدارییەکاندا "شێخ" جێگای "میر"ی گرتەوە.

لە هەلومەرجی ئاڵۆزو بارودۆخی دژواری ئەو رۆژگارەی کوردستاندا شێخەکانی تەریقەت تاکە کەس بوون، بتوانن خەڵکی کورد لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو سەر لە نوێو لە فۆرمێکی نوێتری دەسەڵاتدا کۆمەڵی کوردی رێکبخەنەوە. وەك لە بەشی یەکەمی باسی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێکرا، پلەو پایەو دەسەڵاتی شێخ بەهۆی کەشفو کەراماتو توانای دەرککردنی بە شتە شاراوەکانو زێدە گوێی زۆری خەلیفەو مریدو لایەنگرانیانو باوەڕ هێنانی کوێرانەو بێ بیرکردنەوەی خەڵکیش بەم هێزو توانا ئەفسانەییو خەیاڵییەی شێخ، پێگەی سیاسیو ئابووریو رۆحیو بنکەی کۆمەڵایەتیی شێخی تەریقەتی پتەوتر دەکرد. لێرەوە شێخەکانی تەریقەت دەیانتوانی ببنە سەنتەری بە هێزی کۆکردنەوەی خەڵكو رۆڵی گەورەو کاریگەریش بە هەردوو دیوی چاكو خراپدا لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی کۆمەڵگەی کوردەواریدا ببینن. شێخە رۆحانییەکانو پەیڕەوانی تەریقەت لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا توانییان رۆڵێکی دیار لە ژیانی سیاسیو خەباتی رزگاریی نەتەوەیی گەلی کورددا ببینن و لە میرە کوردەکانی پێش خۆشیان سەرکەوتووتر بن(٢١٢).

وەك بەشی زۆری گەلانی دونیا، بڕوا بوون بە رۆڵی پاڵەوانو زۆر جاریش بەرزکردنەوەی تا ئاستی پەرستن یەکێك لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریش

---

(٢١١) المصدر نفسه، ص١٤.

(٢١٢) جرجيس فتح الله، مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيد الله النهرى، ص١٤٤–١٤٥.

بوو. زۆر لە گەلانی دونیا لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتییاندا بەنێو فەزای چاخی پاڵەوانێتیدا تێپەڕیونو بڕوایان بە کەسایەتی پاڵەوان وەك فریاد رەسێك هەبووە. لەو روانگەیەشەوە، کە دۆخی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیی خەڵکی کورد لەو پەڕی خراپیدا بوو، کورد لە هەر کاتێکی تر زیاتر وێڵی دوای دەرکەوتنی رێبەرێکی کاریزمایی، یان فریادڕەسێك بوو، شێخ عوبەیدوڵڵا تا ئاستێکی زۆرو لە دیدی ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی کورد، کە خۆیان لە خەلیفەو مریدو پەیڕەوکارانی تەریقەتو سەرۆك هۆزو ئەندامانی خێڵەکانی کورددا دەبینیەوە، بوو بەو رێبەرە کاریزماییو فریاد رەسە. بە گوێرەی خەڵکی ئیماندارو خێڵەکییانی کورد عوبەیدوڵڵا ئەو کەسایەتیو رێبەرە خاوەن تواناو بەهێزە بوو، کە لە توانایدا بوو دۆخی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیی کوردەواری بە دونیایەکی پڕ لە ئاسوودەییو دادپەروەری بگۆڕێت، بە تایبەت، کە عوبەیدوڵڵا کوڕی شێخ تەهای سەرۆکی بنەماڵەی شەمزینییەکانو میراتگری ئایینیو ناوو ناوبانگی خێزانەکەیان بوو لە دونیای رۆحیو ماددیدا[٢١٣]. باوکی شێخ عوبەیدوڵڵا (شێخ تەها) بە گوتەی خالفین گەورەترین رێبەری ئایینی کوردەکانی بندەستی عوسمانیو ئێرانی بوو[٢١٤]. بۆ نموونە پەیوەندیو پشتیوانیی محەممەد شای قاجار (١٨٣٤ – ١٨٤٨) لە شێخ تەها تەنها لەبەر پەیوەندیی تاکە کەسی شێخ لەڕاست دەروێشو سۆفییانی، یان مەیلی سۆفیگەرییانەی شای قاجار نەبوو وەك ژمارەیەك لە مێژوو نووسان پێیان وایە، بەڵکو زیاتر بزوێنەری سیاسی لە پشتی دامەزراندنی ئەم پەیوەندیو پشتیوانییەوە هەبوو[٢١٥]. شاو کاربەدەستانی تری قاجاری باش لەوە بەئاگابوون، کە ئەم پیری

(213) Wadie Jwaideh, the Kurdish National Movement, Its Origins and Development, First Edition, Syracuse University Press, New York, 2006, PP. 76-77.

(٢١٤) خالفين، مصدر سابق، ص٧٢.

(٢١٥) علي دهقان، سر زمين زردشت (أوضاع طبيعى، سياسى، أقتصادى، فرهنگى، اجتماعى، تاريخى، رضائيه)، چاپ أول، انتشارات ابن سينا، ١٣٤٨، ل٣٩٩–٤٠٠؛ موجتەبا بورزویی، بارودۆخی

تەریقەتەی نەقشبەندی مریدو پەیڕەوکاری زۆری لە هەردوو دیوی سنووری دەسەڵاتی عوسمانیو ئێرانیدا هەیە. شای قاجار دەرکی بە پێگەی بەهێزی ئایینیو کۆمەڵایەتیی شێخ تەها کردبوو، بۆیە هەمیشە پشتگیری لێدەکرد، چونکە دەیزانی شێخ دەتوانێ لە رووی سیاسییەوە بەشێکی گەورە لە هۆزەکانی کورد کۆنترۆڵ بکاتو بە رووی بابیعالی یان دەربارى شا رابوەستێت، یان لایەنیکەم نەیدەویست شێخ تەها لەلایەن عوسمانییەکانەوە دژ بە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی قاجاری کەڵکی لێوەربگیرێت[٢١٦]. لەو روانگەیەوە شای قاجار ساڵانە دیاریو خەڵاتی بۆ شێخ تەها دەناردو پێنج گوندی ناوچەی مەرگەوەڕیشی پێبەخشی[٢١٧]. نەك تەنها ئێران، بەڵکو دەوڵەتی روسیاش لە گەورەیی دەسەڵاتی شێخ تەهاو پەیوەندیی ئەو لەگەڵ رێبەری داغستانی شێخ شامیل[٢١٨] دەترسا. شێخ تەها لە نێو کوردانی قەفقازیا، شێخ شامیلیش لە نێو کوردانی رۆژئاوای ئازەربایجان مریدێکی زۆریان هەبوو، لە نێوان ئەم دوو شێخە رێبەرەدا پەیوەندییەکی پتەو هەبوو[٢١٩]. ئەو کاتەش، کە مەولانا خالید بەرەو شام کۆچی کرد، دوو کەس لە خەلیفەکانی لە ئەوانی تر زیاتر نفوزو دەسەڵاتیان پەیدا کرد، یەکێکیان شێخ عوسمان سیراجودین (١٧٨٠-١٨٦٦)ی بیارەو ئەویتریان شێخ تەهای نەهری (؟-١٨٥٣) بوو.

هەواڵنامەی کتێب

---

سیاسی کوردستان، و: نازناز محمد عبد القادرو ئەوانیتر، چ١، چاپخانەی وەزراەتی پەروەردە، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، کوردستان ـ هەولێر، ٢٠٠٥، ل٦٠.

(٢١٦) موجتەبا بورزویی، هەمان سەرچاوە، ل٦٠-٦١.

(٢١٧) علي دهقان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٠.

(٢١٨) شێخ شامیل سەرکردەیەکی نیشتمانپەروەی داغستانی بوو، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا بۆ دەیان ساڵ بە رووی هێزەکانی روسیای تزاری لە قەفقازیا راوەستا. پەیوەندی پتەوی لەگەڵ شێخ تەهای باوکی شێخ عوبیدوڵڵای نەهریدا هەبوو. د. عثمان علی، مصدر سابق، ص٨٤.

(٢١٩) موجتەبا بورزویی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١. بۆ زیاتر لە بارەی پەیوەندی نێوان شێخ تەهاو شێخ شامیل، بڕوانە: خالفین، مصدر سابق، ص٧٢-٧٣.

بنەماڵەی شێخانی نەهری خاوەنی دەسەڵاتی دینیو دونیایی بوون، لە رووی سەیدایەتییەوە نەسەبی خۆیان دەبردەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانیو[٢٢٠]، لە رووی ئاینیشەوە پیاوی ئایینی ناودداریان تێدا هەڵکەوتبوو، لە رووی ماددییەوە خاوەنی گوندی زۆرو زەویی کشتوکاڵی فراوانبوون، دەسەڵاتی ئیرشادی تەریقەتیش پایەی ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی لە جاران بەهێزتر کردن. شێخ عوبەیدوڵڵا نەوەی ئەو بنەماڵە گەورەو خاوەن نفوزە بوو[٢٢١]. دوای مردنی شێخ محەممەد ساڵحی مامی لە ساڵی ١٨٦٥دا، عوبەیدوڵڵا بووە جێنشینو رێبەری تەریقەتی نەقشبەندی، بەمردنی شێخ عوسمان سیراجودینیش لە ساڵی ١٨٦٦دا، بۆتە تاکە شێخی ئیرشادی تەریقەت. دوای وەرگرتنی رێبەرایەتی تەریقەت، عوبەیدوڵڵا توانی سەرنجی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کورد بۆ لای خۆی رابکێشێو لە نەهرییەوە رێبەرایەتی جەماوەرێکی بەرفراوان بکات، کە خۆی لە سەدان مەلاو ئاغاو سەرۆك هۆزو مریدو سۆفی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانو وڵاتانی ئیسلامیدا دەبینیەوە، [٢٢٢]. شێخ عوبەیدوڵڵا پیاوێکی خاوەن نفووزو بەدەسەڵات بوو، شارەزای زانستەکانی عیرفانو ئاینو خوێندەوارێکی باشو شاعیرێکی بەتوانا بووە، لە دوورخستنەوەی ستەمو زۆرداری لە بێدەسەڵاتان مرۆڤێکی گەورەو دادپەروەر بوو[٢٢٣]. بە هاتنی

---

(٢٢٠) بنەماڵەی شێخانی نەهری لە سەرەتادا سەر بە رێبازی تەریقەتی قادری بوون، دواتر هاتوونەتە سەر رێبازی تەریقەتی نەقشبەندی، بۆیە نەسەبی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی. بڕوانە: واسیلی نیکیتین، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١٦؛ مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥؛ د. سادقی شەرەفکەندی، کورتەی مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد، و: تەها عەتیقی، چاپخانەی ئاپیك، سوید، ١٩٩٥، ل٣٦-٣٧.

(٢٢١) صالح محمد أمين، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.

(٢٢٢) محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٤٦.

(٢٢٣) وەفایی، بیرەوەرییەکانی وەفایی ((تحفة المريدين))، گردو کۆی: قازی محەمەد خزر، و: محەمەد حەمە باقی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل٣٥-٣٦؛ جەلیلی

عوبەیدوڵڵا بۆ سەر کورسی ڕێبەرایەتی تەریقەت وەفایی گوتەنی: ڕۆژگار بوو بە ڕۆژگارێکی دیکەو سەردەمێکی ڕێکوپێکتر هاتە کایەوە[٢٢٤]. عوبەیدوڵڵا یەکێك بوو لە دەرەبەگە گەورەکانی کوردستان‌و ژمارەی گوندەکانی دەگەیشتە دوو سەد گوند[٢٢٥]. زۆربەی بەرهەمی تووتنی ناوچەی هەکاری موڵکی شێخ عوبەیدوڵڵا بوو[٢٢٦]، ڕۆژانە بە گوتەی کیرزن زیاتر لە پێنج سەد تا هەزار کەس سەردانی شێخیان کردووە لە خانەقاکەیدا[٢٢٧].

عوبەیدوڵڵا دوای وەرگرتنی ڕێبەرایەتی تەریقەت‌و گەورەبوونی نفووزی کۆمەڵایەتی، سۆفیزمی نەقشبەندی ئاوێتەی کاری سیاسی کردو وەکو یەکەمین ڕێبەری ئایینی بە دەسەڵات لە نێو بنەماڵەی شێخاندا جڵەوی ڕێبەرایەتیکردنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردی بەئەستۆ گرت. ژمارەیەکی گەورە لە خەڵکی کورد بە جۆرێك بڕوایان بە عوبەیدوڵڵا هەبوو پێیان وابوو خودا بە تایبەت ئەو پیاوەی بۆ

---

جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان، ل١٠٧؛ نامەی ژمارە (٨) هاوپێچی (٣) بۆ کۆنسوڵی گشتی ئابۆت (ورمێ ٨ تەمموز ١٨٨٠). وەرگیراوە لە: لە تاریکیەوە بۆ ڕووناکی. بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ١٨٨٠، و: جەمال میرزا عەزیز، چ١، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٧–١٨؛ محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ل٤٥–٤٧.

(٢٢٤) وەفایی، هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

(٢٢٥) جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان، ل٨٠؛ د. کمال مظهر أحمد، دراسات في تأريخ إيران الحديث والمعاصر، ص٢٣٦.

(٢٢٦) جەلیلی جەلیل، هەمان سەرچاوە، ل٨١.

(٢٢٧) بڕوانە: د. كمال مظهر أحمد، مصدر سابق، ص٢٣٦؛ نامەی ژمارە (٨) هاوپێچی (٣) بۆ کۆنسوڵی گشتی ئابۆت (ورمێ ٨ تەمموز ١٨٨٠). وەرگیراوە لە: لە تاریکیەوە بۆ ڕووناکی، ل١٧.

وەفایی شاعیر، کە نزیکەی چواردە ساڵ لە خزمەتی شێخ عوبەیدوڵڵادا بووە، دەڵێت: هیچ ڕۆژێك میوان لە سێ سەدو چوار سەد کەمترم نەدیوە، مەگەر لە سێ مانگەی زستاندا بەهۆی بەفرو سەرماوە ئەو ژمارەیە کەمتر بایە، هەندێکجار ژمارەی میوان دەگەیشتە هەزارو پێنج سەد کەس. وەفایی، بیرەوەرییەکانی وەفایی، ل٣٧.

هەواڵنامەی کتێب

رزگار کردنی ئەوان ناردووە. راستییەکەیشی کوردان لە ملکەچییان بۆ رێنماییو فەرمانەکانی شێخ ئەوەیان نیشانددا، کوردەکان فەرمانەکانی شێخ عوبەیدوڵلایان بە دڵو بەگیان جێبەجێدەکردو لە پێناویدا سەرو گیانیان دەکردە قوربانی[٢٢٨]. بەڕوای خەڵکی کورد بە عوبەیدوڵلا گەیشتبوو بەو رادەیەی پێیان وابوو نێردراوێکی خوداییەو بە رۆحێکی پیرۆزیان دەزانیو باوەڕیان بە موعجیزە ئەفسانەییەکانی دەکرد، لە واقعیشدا عوبەیدوڵلا خۆی هەر بەو جۆرە دەبینیو لەو باوەڕەدابوو، کە کەسایەتییەکی هەڵبژێردراوە بۆ هەڵسەنگاندنو چاککردنی بارودۆخەکە، خاوەنی پەیامە وەك چۆن لایەنگرو دووکەوتوانی بەم جۆرەیان دەبینی[٢٢٩].لەو بارودۆخە دژوارەی کوردستاندا دەرکەوتنی رێبەرێك، کە بە زمانی پێغەمبەر بدوێتو بە فەرمانی سوڵتانی رەفتار بکاتو وەلامدەرەوەیەکی پڕ لە سۆزو گونجاوی ئەندامانی گەلەکەی بێت، دەیتوانی کاریگەرییەکی قووڵو گەورە بەسەر کۆکردنەوەو ئاراستەکردنی پێکهاتە کۆمەلایەتییە جیاجیاکانی خەڵکی کوردستانەوە دابنێت[٢٣٠].

ڕاپۆرتەکانی کۆنسۆڵی بەریتانیا ئاماژە بەوە دەکەن، کە "شێخ عوبەیدوڵلا بە نفوزترین کەسە لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، شەخسی خۆیو دەسەلاتەکەی لە نێو کوردانی سنووردا زۆر لە هی سوڵتان پیرۆز ترە"[٢٣١]. سەرچاوە روسییەکانیش بە "بە ناوبانگترین رێبەری رۆحیی کوردیان" داناوە[٢٣٢].

---

(228) Wadie Jwaideh, Op. Cit., P. 77 ;

کریس کۆچیرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، و: محمد ریانی، چ٢، تاران، ١٣٦٩، ل٥٠.

(229) Wadie Jwaideh, Ibid, P. 77 ; پ.ی.ئەڤیریانۆڤ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠

(230) Ibid, P. 77.

(٢٣١) نامەی ژمارە (٢٢) هاوپێچ لە مەیجەر ترۆتەرەوە بۆ مستەر گۆشن (ثیرابیا ٢٠ تشرینی یەکەمی ١٨٨٠). لە: لە تاریکییەوە بۆ رووناکی، ل٢٨–٣٠ ؛ وەدیع جوەیدە، " شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریکیو بەریتانیدا، و: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، بلاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٤.

(٢٣٢) بڕوانە: د. عبد الرؤوف سنو، مصدر سابق، ص١١٨.

هۆکـاری ئـابووریو کۆمەڵایـەتی لـە کوردسـتانو تێکشـکاندنی دەوڵـەتی عوسمانی لەسەر دەستی روسیا رێگە خۆشکەر بوون بۆ دەرخستنی زیاتری کەسایەتی عوبەیدوڵڵاو فراوانکردنی نفووزو دەسەڵاتی، بە تایبـەت کاتێك رێبـەرەکانی پێشـتر لـە گۆڕەپانەکـەدا دیـار نـەمابوون، یـان بڵاوبوونـەوەو توانـاو هێـزی کۆکردنـەوەی جەماوەریان نـەمابوو، خـەڵك رووی لـە شـێخ عوبەیـدوڵڵا کرد، تـا بارودۆخەکـەیان بـۆ بگۆڕێـت. عوبەیـدوڵڵا وێـڕای رەگو ریشـەی ئـایینیو دەرەبـەگی، وەك رزگارکـەرو رێبـەرێکی سیاسـی لـە نێـو خـەڵکی کـورددا دەناسـرا[٢٣٣]. دەوری تەریقەتـەکانی سۆفیزمیش لە کوردستان هێند بە هێزبوو جەلیلی گوتـەنی: "خـۆ هەڵواسـین بـەم یان بـەو تەریقـەت لـە هەسـتو پەیوەنـدی خێڵایـەتی بـەکارتر بـوو"[٢٣٤]. مریـدەکان لـە خانەقاکەی شێخ عوبەیدوڵڵا کۆدەبوونەوە، خەلیفەکانو نوێنەرانی تری تەریقەت بەنێو خانەقاو تەکیەکاندا بڵاوبوونەوە، شێخ لە رێی ئەمانـەوە نفـووزی کۆمەڵایـەتیی خـۆی بەر فراوانتر دەکردو بیروباوەڕی سیاسی خۆیشی لەسـەر بناغەیـەکی نـە تـەنها ئـایینی وەك جەلیلی جەلیل دەڵێت[٢٣٥]، بەڵکو لەسەر بناغەیەکی ئایینی ـ نەتـەوەیی داڕشـت،

---

(٢٣٣) المصدر نفسه، ص١١٩؛ ((شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا))، ل٢٢.

(٢٣٤) جەلیلی جەلیل، راپەڕینی کوردەکان، ل٧٩.

(٢٣٥) هەمان سەرچاوە، ل٨٠.

پێویستە بگوترێت رۆڵـی پیـاوانی ئـایینی بەتـەنها تایبـەت نییـە بـە کـورد، ئەگـەر بـۆ ئاماژەش بێت پێویستە رۆڵی زۆرێك لـە پیـاوانی ئـایینی شانبەشـانی بازرگـانو سـەرۆك هـۆزو جووتیـاران لەبەرچاو بگرین، بۆ نموونە: لە شۆڕشی بیستی عێراقـدا، یـان رۆڵـی پیـاوانی ئـایینی (شـیرازی بـۆ نموونـە) لـە شۆڕشی مەشروتەخوازی ئێراندا ١٩٠٥–١٩١١، بزووتنەوەی مەهدی لە سودان، عەبدولقادر جـەزائیریو ئیبن بادیس لە جـەزائیر، شـێخ عیـزەددین ئەلقەسـام لـە فەلەسـتینو زۆری تـریش. هـەموو ئەمانـە دژ بەداگیرکاری کۆلۆنیالی لە وڵاتەکانیاندا لە ژێر دروشمی جیهاددا خەباتو تێکۆشانیان دەسـتپێکردبوو، یان بەو سیفەتەی پیاوی ئایینین، یان تێکۆشەری نیشتمانپەروەرنو هۆشیارییان لـە چوارچـێوەیەکی ئاینیدایە. بڕوانە: فالح عبد الجبار، المادية والفكر الديني المعاصر (نظرة نقديـة)، ط١، مركـز الأبحـاث والدراسات الإشتراكية في العالم العربي، ب.م، ١٩٨٥، ص١٥.

چونکە عوبەیدوڵڵا بە تەنها کەسایەتییەکی ئایینی نەبوو، بەڵکو وەك جوەیدە دەڵێت: عوبەیدوڵڵا هەردوو کەسایەتیی ڕێبەری نەتەوەیی‌و ئایینی لە خۆیدا کۆکردبۆوە[٢٣٦]. ناوی شێخ ببووە هێماو سیمبولی ڕێزو خۆشەویستی، لەگەڵ ناوهێنانیدا خەڵکی بەڕێزەوە لە جێگای خۆیان هەڵدەستانە سەرپێ، بەم جۆرە ناوو ناوبانگی کەسایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵا گەیشت بەو ئاستەی هەزارەها کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە نە تەنها ڕووی تێبکەن‌و پشتگیری خۆیانی بۆ دەربڕن، بەڵکو وەك (باوکی کوردان)ی بناسن[٢٣٧].

لەو ڕۆژگارەدا، کە نەخوێندەواری وەك ڤایرۆسێکی کوشندە لە نێو جەستەی ژیانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردەواریدا جێی گرتبوو، شێخەکان‌و پیاوانی ئایینی تر لە کوردستان توێژی خوێندەوارو ڕۆشنبیری دیاری نێو خەڵك‌و کۆمەڵ بوون، بۆیە شتێکی سەیر نەبوو بەپێی قورسایی‌و گەورەیی نفووزی ڕۆحی‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیرییان لە مێژووی سیاسیی کوردستان‌و ناوچەکەدا ڕۆڵ بگێڕن‌و ڕێبەرایەتیی بەشی زۆری ڕاپەڕینەکانی کوردیش لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بکەن، چونکە جگە لەوەی شێخان توانای خەڵك کۆکردنەوەیان خەڵك لە دەوری خۆیان هەبوو، خەڵکیش لەبەر ئەوەی بڕوایان پێیان هەبوو هەر لە دەوری ئەوان کۆدەبوونەوەو ملکەچی فەرمانەکانی ئەوان دەبوون.

وەك لەبەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ڕوونکرایەوە، لە سەرەتای دەرکەوتنی سۆفیزمدا کەسی سۆفی بڕوای وابوو ژیانی دونیایی ماڵێکە بۆ ئەزموونکردن، بۆیە مرۆڤ دەبێ هەوڵبدات لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێکی گەورەتر، کە یەکبوونە لەگەڵ پەروەردگاردا (الإتحاد بالخالق) یان لایەنیکەم نزیکبوونەوەیە لە

---

(3364) Wadie Jwaideh, Op. Cit., P.77.

(٢٣٧) جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان، ل١٠٧.

جێی ئاماژە پێکردنە، کە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیشدا کەم نەبوون ژمارەی ئەو کوردانەی کە وەك پیاو چاکێك لە سوڵتانیان دەڕوانی‌و ئەویشیان ناونابوو (باوکی کوردان). بڕوانەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٧٨.

خودی خودا (الذات الإلهية) خۆی له خراپییه‌كانی رزگار بكات، ئه‌مه‌ش به‌ بڕوای زۆرێك له‌ نووسه‌ران دیوه‌ نێگه‌تیڤه‌كه‌ی بیری سۆفیزمه‌، چونكه‌ له‌ جووڵه‌و چالاكیو به‌رەنگاری داده‌ماڵێتو ژیان به‌ نوێژو زیكرو رۆحانییه‌ت ده‌سپێرێت. به‌ڵام پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌ سۆفیزم له‌ كوردستان زۆرجار مه‌به‌سته‌كانی پۆزه‌تیڤو سیاسی بوون. سه‌ده‌كانی نۆزده‌و بیست شێخه‌كانی سۆفیزم رێبه‌رایه‌تی بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی نه‌ته‌وه‌یی گه‌لی كوردیان كردو شێخ عوبه‌یدوڵڵای نه‌هریش له‌و بواره‌دا پێشه‌نگو رچه‌شكێن بوو. به‌واتا له‌ كوردستاندا خۆمان له‌ به‌رانبه‌ری بارودۆخێكی جیاواز له‌ هی دونیای سه‌ده‌كانی سه‌ره‌تای ده‌ركه‌وتنی سۆفیزمی ئیسلامی، واته‌ له‌ چه‌قبه‌ستنی كۆمه‌ڵایه‌تیو خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دانی واقیعدا ده‌بینینه‌وه‌، له‌ كوردستاندا سۆفیزمو رێبه‌رانی ته‌ریقه‌ت دابه‌زینه‌ نێو گۆڕه‌پانی ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تیو سیاسیو به‌ پشت به‌ستن به‌ پرانسیپی جیهادو قوربانیدان چوونه‌ كۆڕی خه‌باتی چه‌كدارانه‌وه‌(٢٣٨). واته‌ شێخان نه‌ته‌نها رێبه‌ری ته‌ریقه‌تو مورشیدی باڵای ئایینی، به‌ڵكو بوونه‌ رێبه‌ری جوڵانه‌وه‌ی رزگاریخوازی نه‌ته‌وه‌یی گه‌لی كوردستانیش.

راسته‌ عوبه‌یدوڵڵا پیاوێكی ئایینی بووو سه‌رمایه‌ی ره‌مزی خۆی له‌ ته‌ریقه‌ته‌وه‌ وه‌رگرتبوو، ته‌ریقه‌تی نه‌قشبه‌ندیش له‌ زه‌مینه‌سازی بۆ راپه‌ڕینه‌كه‌ی له‌ ساڵی ١٨٨٠دا دژ به‌ ده‌سه‌ڵاتی خه‌لیفه‌ی موسڵمانان سوڵتان عه‌بدولحه‌میدی دووه‌م رۆڵی كاریگه‌ری هه‌بوو، به‌ڵام ئایین یان دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تی دینی ئامانجی شێخ عوبه‌یدوڵڵاو ستراتیجی راپه‌ڕینه‌كه‌ی نه‌بووه‌. بۆ ده‌رخستنی ئه‌و راستییه‌ش كه‌ راپه‌ڕینه‌كه‌ی عوبه‌یدوڵڵای نه‌هری هه‌ڵگری گوتارێكی ئایینی رووتی بێ چوارچێوه‌ی سیاسی ـ نه‌ته‌وه‌یی نه‌بووه‌، پێویست ده‌كات كورته‌یه‌ك له‌ هه‌ڵوێستو دروشمی سیاسیو په‌یڤینو ستراتیجی شێخ عوبه‌یدوڵڵا له‌ راپه‌ڕیندا بخه‌ینه‌ڕوو.

به‌ گوته‌ی به‌شی هه‌ره‌ زۆری توێژه‌رانی كوردو بیانیو به‌ڵگه‌نامه‌كانی ئینگلیزیش، كه‌ هی رۆژگاری راپه‌ڕینن، ستراتیجی سیاسی راپه‌ڕینی ساڵی ١٨٨٠ بریتیبوو له‌ رزگاربوون له‌ ده‌سه‌ڵاتی هه‌ردوو ده‌وڵه‌تی عوسمانی ـ قاجاریو پێكهێنانی

---

(٢٣٨) پی ره‌ش، مصدر سابق، ص٩.

کوردستانێکی یەکگرتوو سەربەخۆ[٢٣٩]. عوبەیدوڵڵا لە پێناوی رزگارکردنی هەردوو بەشی کوردستانو یەکخستنی سەرۆك هۆزەکانی کورد لەیەك چوارچێوەی کاری سیاسی ـ رێکخراوەییدا لە خەباتو تێکۆشاندا بوو، وێڕای هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستانو بەدەستهێنانی پشتگیری دەوڵەتە گەورەکانی ئەو رۆژگارەی ئەوروپاو دونیا، لەم پێناوەشدا پەنای بردۆتە بەر شێوازی جیاجیای خەباتو کاری سیاسیو دیپلۆماسی[٢٤٠]. هەروەها راپەڕینەکە خۆی دژ بە خەلیفەی موسڵمانان رەنگە دەرخەری ئەو راستییە سیاسییە بێت، کە چیتر فاکتەری هاوئایینی لە توانایدا نییە، ناکۆکیی نێوان گەلی کوردو وڵاتانی داگیرکەری کوردستان دابپۆشێت. لەودیو شوناسی موسڵمانێتی کوردەوە سەرەتای خۆناسینی نەتەوەییو هۆشیارییەکی نوێ هێڵێکی ئەگەر کاڵیش بووبێت، وەك د. رەفیق سابیر دەڵێت: بە نێوان (من)ی کوردو (ئەوی دی) عوسمانیدا کێشاوە[٢٤١] ئەمەش بە روونی لە نامەو پەیڤینی سەرکردەی راپەڕینەکەو داخوازییەکانیدا دەبیندرێت.

شێخ عوبەیدوڵڵا لەو نامەیەدا، کە بۆ (کۆچران)ی مسیۆنێری ئەمریکایی ناردووە، دەڵێت: "گەلی کورد میللەتێکی جوداو تایبەتە...یاساو دابونەریتی تایبەتییان هەیە...ئێمەیش میللەتێکی دابەشکراوین دەخوازین بەڕێوەبردنی خۆمان بەدەست خۆمانەوە بێت... ئەو مافانەمان هەبێت کە میللەتانی تر هەیانە..."[٢٤٢].

---

(٢٣٩) نامەی ژمارە (٧٧) هاوپێچی (٥) لە ئابۆت کۆنسوڵی گشتییەوە بۆ مستەر تۆمسن (ورمێ ٧ تشرینی یەکەمی ١٨٨٠). وەگیراوە لە: لە تاریکیەوە بۆ رووناکی، ل١٢٩–١٣١؛ نامەی ژمارە (٨٠) هاپێچی (٢) لە کاپتن کلایتن بۆ مەیجەر ترۆتەر (وان ٢٧ تشرینی دووەم ١٨٨٠). وەگیراوە لە: لە تاریکییەوە بۆ رووناکی، ل١٣٣–١٣٥ ؛ وەدیع جوەیدە، " شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریکیو بەریتانیدا"، ل٢٢–٢٣.

(٢٤٠) صالح محمد أمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥–١٥٦.

(٢٤١) "شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسیدا"، لە: پێشەکی د. رەفیق سابیر، ل٧.

(٢٤٢) نامەی ژمارە (٦١) هاوپێچی (٣) لە شێخ عوبەیدوڵڵاوە بۆ د. کۆچران (تشرینی یەکەمی ١٨٨٠). لە تاریکییەوە بۆ رووناکی، ل٨٥–٨٦؛ دۆسیەی ژمارە (٣)ی کارتۆنی ژمارە (٦١). لە شێخ

هەریەك لە جوەیدەو ماكداول بڕوایان وایە، كە ڕەنگە ترس لە حوكمڕانی ئەرمەنەكان لە كوردستان یەكێك لە گرنگترین ئەو هۆكارانە بووبێ، كە عوبەیدوڵڵای بۆ یەكخستنی كوردانو ناساندنی كورد وەكو میللەتێكی جودا لە عوسمانی وروژاندووە[٢٤٣]. ڕەنگە ئەم بۆچوونەی جوەیدەو ماكداول بەشێك لە ڕاستی تێدا بێت، بەڵام تەواوی ڕاستییەكان نییە، چونكە بە تەنها ترس لە ئەرمەن نییە، كە عوبەیدوڵڵای بۆ ناساندنی منی كورد وەك شوناسێكی جیا لە ئەویدی عوسمانی دەناسێنێو دەخوازێت لە چوارچێوەیەكی سیاسیدا یەكیبخات، بەڵكو ستەمو زۆری سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابووری عوسمانیو كاریگەری خەباتی سیاسی ـ نەتەوەیی ئەرمەنو گەلانی بالكانو دەركەوتنی هۆشیاری نەتەوەییە، لایەنیكەم لە ئاستی ڕێبەرایەتیدا زەمینەی بابەتی بۆ ڕاپەڕین دەڕەخسێنێو ستراتیجو بەرنامەی كاری سیاسیو دامەزراندنی پەیوەندییەكانی لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە بۆ دیاریدەكات.

گومانی تێدا نییە، عوبەیدوڵڵا لە ڕێی تەریقەتو ناوەندەكانی سۆفیزمو پاشخانی (Background) نەسەبو بنەماڵەوە پێگەی سیاسیو بنكەی جەماوەری خۆی بەهێز دەكات، بەڵام دواترو لە خەباتی دژ بە عوسمانی ـ قاجاریدا ئایین نابێتە كێشەی جەوهەری ڕاپەڕین، بەڵكو ئەوەی زیاتر لە ڕاپەڕیندا ڕەنگیداوەتەوە كێشەی نیشتمانیو ڕزگاریی نەتەوەیی كوردە، نەك كێشەی چەوسانەوەو ستەمی ئایینی. عوبەیدوڵڵا بۆ گەورەتر كردنی بنكەی جەماوەریی ڕاپەڕینەكەی هەوڵیداوە بە باشترین شێوە سوود لە ئایینی ئیسلامو ڕێبەرایەتی تەریقەتی نەقشبەندی وەربگرێت، بۆیە شتێكی سەیر نییە، ئەگەر ببینین لەو گوتارەی لە نەهری بۆ پیاوانی ئایینیو سەرۆك

---

عوبەیدوڵڵاوە بۆ دكتۆر كۆچران (١٠/١١/١٨٨٠)، توركیا، ژمارە (٣)، ١٨٨١، ل٤٧. لە: وەدیع جوەیدە، " شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریكیو بەریتانی دا"، ل٢٥. بۆ دەقی تەواوی نامەكە بڕوانە: " شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریكیو بەریتانی دا"، ل٩٤-٩٥ ؛ لە تاریكییەوە بۆ ڕووناكی، ل٨٥-٨٦.

(243) Wadie Jwaideh, Op. Cit., PP.82-83 ;

مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤

خێڵەکانی کوردی خوێندۆتەوە عوسمانییەکان بە خودا نەناسو لادەر لە ئایینی ئیسلام لە قەڵەم بداتو داوا لەکوردان بکات، لە پێناوی ئـایینو رزگـاری نیشـتمانەکەیاندا دژی عوسمانیو قاجـاری تێبکۆشـن[٢٤٤]. واتـە لـە عوبەیـدوڵڵاوە شـێخانی سـۆفیزم بەتـەنها ئەرکەکانی تەریقەتو پەیامی رۆحی بەئەستۆ ناگرن، بەڵکو وەك رێبـەری جووڵانـەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد ئەرکی سیاسـیو نەتـەوەییش دەخەنـە سـەر ئەرکـە ئـایینیو رۆحانییەکانیان. ماکداول لە بـارەی عوبەیـدوڵڵاوە دەڵێـت: مـەولانا خالیـد مریـدەکانی خۆی فێرکردبوو، کە بۆ مانەوەی سوڵتان، کە بـوونی ئـایینی ئیسـلام پابەنـدی بـوونی ئەوە، هەروەها بۆ نەمانی دوژمنـانی ئـایین دوعـا بکـەن". ماکـداول بـڕوای وایـە شـێخ عوبەیدوڵڵا تا کۆتایی ژیانی بـۆ ئامۆژگارییـەکانی مـەولانا خالیـدی مامۆسـتای وەفـادار بووە[٢٤٥].

ماکداول تووشی هەڵەیەکی گەورەو ناتێگەیشتنێکی قووڵ بـووە سـەبارەت بـە عوبەیدوڵڵا، کاتێك گەیشتۆتە ئەو بـاوەڕەی، کـە شـێخ مانـەوەی ئـایینی ئیسـلامی لـە مانـەوەی سـوڵتانی عوسمـانی، واتـە خەلیفـەی موسـڵمانان عەبدولحەمیـدی دووەمـدا بینیوەتەوە، یان شێخ دەسەڵاتی رۆحانی خۆی بۆ تکاو نزاو پاڕانەوە لەبـەردەم قـاپی یەزدان بۆ لەناوبردنی دوژمنانی ئیسلام تەرخانکردووە.

گومان لەوەدا نییـە، عوبەیـدوڵڵا پیـاوێکی لـە خـواترس، دڵسۆزی تەریقـەتو ئیمانـدارێکی گـەورە بـووە، بـەڵام تـەواو پێچـەوانەی بۆچـوونەکەی ماکـداول خـەباتو تێکۆشانی شێخ لەنێو نامەو بەڵگەنامـەکان (پێشـتر ئامـاژە بـە ژمارەیـەکیان کـراوە)و گوتارەکەی لە گوندی نەهریدا، کە تێیدا عوسمانیەکانی بەبێ دەرهاویشـتنی خەلیفـەی موسڵمانان سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بە خـودا نـەناسو لادەر لـە ئـایینی ئیسـلام ناوبردووەو هەردوو دەوڵەتی موسـڵمانی عوسمـانیو قاجـاری هاوئـایینی کوردیشـی بـە

---

(٢٤٤) بـۆ دەقـی گوتارەکـە، بڕوانـە: ئـەڤیریانۆڤ، سەرچـاوەی پێشـوو، ل٢٤١–٢٤٣؛ د. عـەزیز شەمزینی، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانیی کوردستان، و: فەرید ئەسەسـەرد، چ٣، لـە بڵاوکراوەکـانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٨٤–٨٥.

(٢٤٥) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦–١٢٧.

زەروو وەسفکردووە، کە ڕێ لە پێشکەوتن‌و بەرەو پێشچوونی گەلی کورد دەگرن، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستییەن، کە فاکتەری موسڵمانبوون لەنێوان کوردو عوسمانیدا، نەیتوانیوە ببێتە هۆشیاریی زاڵی نێو بیرکردنەوەی سیاسییانەی شێخ عوبەیدوڵڵاو تەنانەت لەکارو بەرنامەی سیاسی‌و ستراتیجی ڕاپەڕینەکەیشیدا ئەم هۆشیارییە ئایینییە نەچۆتە پێش هۆشیاری نەتەوەییەوە، چونکە ئەگەر وابوایە، لە جیاتی یەکگرتنەوەو دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆو جیابوونەوە لە جەستەی سیاسیی دەوڵەتی خەلافەت، کارکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی دینی دەکردە بنەمای ستراتیجی کاری سیاسی لە ڕاپەڕینەکەیدا، یان لایەنیکەم هاوشانی خەلیفەی موسڵمانان لە هەوڵی پتەوکردنی چوارچێوەی سیاسی جامیعەی ئیسلامی‌و هەرچی زۆرتر بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی پان ئیسلامیزمدا دەبوو، کە خەلیفەی موسڵمانان ڕێبەرو بانگەشەکاری بوو. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر عوبەیدوڵڵا بۆ لەناوبردنی دوژمنانی ئایینی ئیسلام دوعاخوێنێکی بەئەمەکی بەر قاپی یەزدان بوایە، هەرگیز ڕێی تێناچێت بەشێکی پڕ بایەخ لە خەباتی سیاسی‌و دیپلۆماسیی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی هاوکاری‌و دامەزراندنی هاوپەیمانی‌و هاوخەباتیی نێوان کوردی موسڵمان‌و ئەرمەن‌و ئاسوری مەسیحی لە کوردستاندا بخاتە کار[٢٤٦]. لەوەش زیاتر شێخ عوبەیدوڵڵا لە جووڵەو بزووتنەوەی دیپلۆماسیی بەرەو ڕووی دەوڵەتانی ئەوروپا، تایبەت ڕوسیاو ئینگلیز ئامانجی بەدەستهێنانی پشتیوانی مەعنەویی ئەو دەوڵەتانە بۆ خەباتی نەتەوەیی کوردو دانپێدانانی یاسایی بوو بە دەوڵەتی کوردستانی یەکگرتووو سەربەخۆو ڕزگار بوون لە دەسەڵاتی دەرباری قاجارو بابیعالی عوسمانی[٢٤٧].

---

(٢٤٦) لەبارەی هەوڵەکانی عوبەیدوڵڵا بۆ دامەزراندنی پەیوەندی‌و دۆستایەتی لەگەڵ مەسیحییەکان، بڕوانە: جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان، ل١٠٨-١١٠، ١٤٥-١٤٨؛ صالح محمد أمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣-١٦٥، محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا، ل١٦٤-١٦٥، ١٨٨-١٨٩.

(٢٤٧) بۆ پەیوەندی عوبەیدوڵڵا بە دەوڵەتانی ئەورووپاوە، بڕوانە: صالح محمد أمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨-١٨٦.

هەموو ئەمانە پێماندەڵێن شێخ عوبەیدوڵڵا پێچەوانەی لێکدانـەوەی ماکـداول پیاوێکی زاهیدو گۆشەگیری دوور لە خەڵكو ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کـورد نـەبووە، تا لە خانەقاکەیەوە بە نوێژو ڕۆژووو زیکرو دوعـای خێـر ئەسـتوندەگی تـاوڵی مـورادی سیاسی خەلیفەی موسڵمانان عەبدولحەمیدی دووەم رابگرێتو دواتریش هـەر بـەزەبری دوعا خوێندن دوژمنانی ئایینی ئیسلام لەناو بەرێت، چونکە عوبەیـدوڵڵا بـەدەر لـەوەی کە ڕێبەری تەریقـەتێکی خـاوەن نفـووزی کۆمەڵایـەتی زۆری وەکـو نەقشـبەندی بـووە، کەسایەتییەکی سیاسـیو تێکۆشـەرێکی نەتـەوەییش بـووە. عوبەیـدوڵڵا پیاوێـك بـووە سیاسـەتی کـردووە، جووڵـەو چـالاکی سیاسـیو دیپلۆماسـی لەگـەڵ کۆنسـۆڵخانەو نوێنـەرانی وڵاتـانی گـەورەی دونیـادا هـەبووە، تەریقـەتی سـۆفیزمی لـە خانـەقاو تەکیەکانەوە هێنایە دەرو بەرگێکی سیاسیو نەتەوەیی کرد بە بەردا، باشیش دەرکی بەو راستییە کردووە، کە کورد لەلایەن هێزێکی موسڵمانەوە فەرمانڕەوایی دەکرێتو لە ژێر سەیوانی خەلیفەی موسڵماناندایە، بەڵام لە ژێـر ئـەو سـەیوانە ئایینییـەوە لەلایـەن دەوڵەتی خەلافەتەوە لە ڕووی سیاسیو کۆمەڵایـەتیو ئابوورییـەوە ستەمو زۆرداری بەرانبەر دەکرێت، بۆیە دژ بە دەسەڵاتو دیسـپۆتیزمی خەلیفـەی موسـڵمانان سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم رادەپەڕێت.

عوبەیدوڵڵا لە نێو کۆمەڵێکی خێڵەکی ـ دەرەبەگیدا دێت، مەسەلەی کـورد لـە ڕێگای گوتارێکی نەتەوەیی بۆ یەکخستنی هەموو کـورد لـە قەوارەیـەکی سـەربەخۆ بـە بـەکارهێنانی زاراوەکـانی (نەتـەوە)و (نیشـتمان)و جـەختکردن لەسـەر تایبەتمەندییـە کولتووریو نەژادییـەکانی کـورد دەخاتـە ڕوو[٢٤٨]، وەك چـۆن لـە نامەکـەی بـۆ دکتـۆر کۆچرانو لە گوتارەکەی نەهریو لە دروشمو ستراتیجی ڕاپەڕینەکەیدا ئەم ڕاسـتییە بـە ڕوونی دەردەکەوێت.

عوبەیـدوڵڵا وێـڕای ئـەوەی کەسـایەتییەکی ئـایینی ـ نەتـەوەیی بـوو، ڕاپەڕینەکەیشی خاوەن ئامانجو بەرنامەی نەتەوەییانە بووە، یان لایەنیکەم هەوڵیـداوە پێگەی ئایینی سۆفیزم لـە خـەباتو بـوونی نەتەوەییانـەدا فۆرمەلـە بکـاتو وێنەیـەکی

(٢٤٨) د. عبد الرؤوف سنو، مصدر سابق، ص١٢٣.

هەواڵنامەی کتێب

ناسیۆنالیستانە بە دین بدات. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا راپەڕینەکەی عوبەیدوڵڵا نەیتوانی ببێتە بزاڤێکی جەماوەری چ لە ئاستی سەرکردایەتیو چ لە ئاستی پێکهاتەی دەزگاکانیدا. هەروەها نەبووە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری هۆشیارو رێکخراو، بەڵکو سروشتو خەسڵەتی عەشیرەتیو تاکڕەوی بەسەریدا زاڵبوو، بەڵام بوو بە رێگە خۆشکەرێك لە بڵاوکردنەوەی هەرچی زیاتر هەستو هۆشیاریی نەتەوەیی کوردیو بەرجەستەکردنی بیری نەتەوەییو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە چوارچێوە ناسیۆنالیستییەکەیدا[٢٤٩].

وێڕای بوونی بەڵگەی زۆر لەسەر پێدانی وێنەی ناسیۆنالیستانە بەدین لەلایەن شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە، بەڵام پێویستە ئەو راستییە سۆسیۆلۆجیو ئابووریو سیاسییە لەبەر چاو بگرین، کە ئەو رۆژگارە هێڵە گشتییەکانی فیکرو بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردی ئاراستە دەکرد. خوێندنەوە بۆ چەمکەکانی نەتەوەو دینو ناسیۆنالیزم لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە سۆسیۆ ـ سیاسیو ئابوورییەدا رەنگە، تا رادەیەکی زۆر لە نزیکبوونەوە بۆ گەیشتن بە راستییە زانستیو فیکرییەکان دوورمان بخاتەوە.

لە رۆژگاری راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لە ساڵی ١٨٨٠دا نەتەوەو ناسیۆنالیزم وەك دوو زاراوەو قەناعەتی فیکری ـ سیاسی بەبیری بەشی هەرە گەورەی ئەندامانی کۆمەڵی کوردەواری نامۆو نەناسراو بوو، ئەندامانی کۆمەڵی کوردی بەر لەوەی ئەندامی نەتەوە بن ئەندامی تەریقەتو خێڵ بوون، کوردستان ئەو رۆژگارە لەسەر بنچینەی کشتوکاڵی–ئاژەڵداری بەڕێوە دەچوو، ژمارەیەکی کەمی خەڵك لە شاردا نیشتەجێ بوونو، لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە دابەشی سەر چەندین تیرەو هۆزی جیاجیابوو، لە رووی رۆشنبیرییەوە فەرهەنگی عوسمانی ـ ئێرانی زاڵبوو، نەخوێندەواریو بێ قوتابخانەیی سیمای ژیانی گشتی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو، لە رووی سیاسییەوە وەك سەدەکانی پێشووتر، کورد هەر ژێردەستەی دوو زلهێزەکەی رۆژهەڵات عوسمانی ـ ئێرانی بوو، سەرۆك خێڵو هۆزەکانی کوردیش بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتە شەخسیو خێڵایەتیەکانیان دڵسۆزیو وەفاداری خۆیان لە

(٢٤٩) جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، بيروت، ١٩٧١، ص٨٨–٨٩.

یەكێكەوە بۆ یەكێكیتر دەگۆڕی[٢٥٠]. واتە تەریقەتیش، وێڕای پێگەی بەهێزو كاریگەریی قووڵی لە بوونو پێكهاتەی سایكۆلۆجی ئەندامانی خێڵەكانی كورد، كەچی هێشتا لەوە كەمتواناتر بوو بتوانێت، هەمان ئەو ڕۆڵە لەیەكخستنو یەكڕیزی كوردانـدا ببینێت، كە تەریقەتی سەنووسی بۆ نموونە لەلای هۆزە بەدوەكانی سیرنایكا (بەرقە) لە لیبیا بینی ئەویش، یەكخستنی سەر لەبەری پارچە جیاجیاكانی كۆمەڵی خێڵەكی بوو لە ژێر ڕەشماڵی تەریقەتدا[٢٥١]، یان وەك چۆن گەورەبوونو یەكخستنی میرنشینی ئال سعود پەیوەندییەكی پتەوی بە ئایدیای وەهابیزمەوە هەبوو، بەڵام ئایدیۆلۆجیای سۆفیزم لە كوردستان هەرگیز نەیتوانی تاقە سیستەمێكی ئایدیۆلۆجی بەرهەم بهێنێو لە ترایبالیزم (tribalism) لا بدات[٢٥٢].

لە كۆمەڵێكی بەم جۆرەو پێكهاتەیەكی سیاسی ـ كۆمەڵایەتی ـ ئابووریی وەك كوردستاندا شتێكی ئاسایی بوو، كە دڵسۆزیو ئینتیما بۆ بنەماڵە، بۆ خێڵ، بۆ ئایینو مەزهەبو تەریقەت لەسەروو دڵسۆزیو ئینتیما بۆ نەتەوەو بەرژەوەندی نەتەوەییو نیشتمانی بوەستێت. جگە لەوەش لە كۆمەڵگەیەكدا، كە هێشتا گوندو كولتووری گوندنشینی سیمای زاڵی ژیانی كوردەواری بێتو ڕەنگرێژی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی كردبێت، دەركەوتنی ناسیۆنالیزمو هۆشیاریی بەنەتەوە بوون وەك پرانسیپێكی سیاسی ڕەنگە كارێكی قورس بێت، بەبێ دەركەوتنی ناسیۆنالیزمو جوڵانەوەی ناسیۆنالیستیش نەتەوە نابێتە خاوەن ناوەڕۆكو خەسڵەتی سیاسی، تەنانەت نابێتە خاوەن ئامانجێكی سیاسی ڕوونو دیاریكراوی نەتەوەییانەش لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەوانیتردا. لێرەوە دەشێت بگوترێت ڕاستە عوبەیدوڵڵا خاوەنی ئامانجو ستراتیجی نەتەوەییانە بوو، بەڵام زەمینەی ئابووری ـ كۆمەڵایەتی ـ سیاسی كۆمەڵی كوردی ئەو ڕۆژگارە نە هەر دەرفەتی شۆڕبوونەوەی ئەو بیرۆكەو ئامانجو دروشمانەی بۆ نێو كەرتە كۆمەڵایەتییە جیاجیاكانی كۆمەڵی كوردەواری بۆ

(٢٥٠) صالح محمد أمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

(٢٥١) برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل١٤٧–١٤٨.

(٢٥٢) ڤاسیلیەڤا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦١–٢٦٢، ٢٧٧.

نەڕەخساند، بەڵکو ڕێگرێکی بابەتی بەردەم بوونی بە قەناعەتێکی فیکریو سیاسی بە کۆمەڵی خەڵکی کورد بوو.

ماوەتەوە بڵێین، ڕاپەڕینەکەی عوبەیدوڵڵا لە ڕووی بنکەی جەماوەریو هێزی چەکدارەوە خەسڵەتێکی تەواو عەشیرەتی هەڵگرتبوو، سەرکردایەتی تاکڕەوو بنکەی خێڵەکییانەی کۆمەڵایەتی - سەربازی سیمای دیاری ڕاپەڕین بوو. بزووتنەوەی عەشیرەتیش بە درێژایی مێژوو بە حوکمی سروشتی جەمسەرە چینایەتیو کۆمەڵایەتییەکەیو نەتوانایی ڕێبەرایەتیکردنی ڕاپەڕین تا سەرکەوتن یان بەردەوامبوون بۆ ماوەیەکی درێژ کەمتوانایی خۆی نیشانداوە. ئەم لێکدانەوەیە تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر عوبەیدوڵڵاو ڕەوتی سەرهەڵدانو بەردەوامبوونی ڕاپەڕینەکەیدا ڕاست دەردەچێت، چونکە وەستانی، یان لە جوڵە خستنی سیاسی - چەکداری عوبەیدوڵڵا ڕاستەوخۆ لە جووڵە خستنی ڕاپەڕینو کۆتاییهاتنی بەدوادا هات.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

# کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی

# و

# هەڵوێستی بەرانبەر سۆفیزم لە کوردستاندا

## (١٩٠٨-١٩١٨)

## باسی یەکەم

## کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیو سۆفیزم لە کوردستاندا

ناوەرۆکی ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر هەڵوێستی ئیتیحادو تەرەقی بەرانبەر سۆفیزمو کاردانەوەی رێبەرانی سۆفیزمو پیاوانی ئایینی بەرانبەر بەوان. ئەمەش وا پێویست دەکات، کە بەر لە ناسینی هەڵوێستو کاردانەوەکان، سەرەتایەکی کورت لە بارەی پاشخانی مێژوویيو سیاسیو فیکریی ئەم کۆمەڵەیە لە دامەزراندنییەوە تا هاتنە سەر کورسی دەسەڵاتو لابردنی عەبدولحەمیدی دووەم بزانین. بۆیە باسەکەمان دابەشی سەر دوو تەوەرە کردووە:

### تەوەرەی یەکەم

## کورتەیەك دەربارەی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی

وەك لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێکرا، ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٧٦–١٩٠٩ واتە سیو سێ ساڵ لە ژیانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بە ویلایەتە تورکیو کوردیو عەرەبیو ئەوروپاییەکانییەوە، کە عەبدولحەمیدی دووەم تێیدا نەك هەر سوڵتان، بەڵکو خۆی بە خەلیفەی موسڵمانانیش دەزانی، ماوەیەکی ئاسایی مێژووی ژیانی ئەو ئیمپراتۆرییەتە نەبوو، بۆیە شتێکی لە چاوەڕوانی بەدەر نەبوو ئەگەر لەو ماوەیەدا شانبەشانی بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلانی بالکانو ئەرمەنەکان، گەلانی تری وەك ئەلبانیو عەرەبو...هتد لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوەو دەرەوەی عوسمانی خەباتی خۆیان لە پێناوی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو ریفۆرم لە دەوڵەتی عوسمانیدا یەکبخەن. دروستبوونو گەورەبوونو دواجاریش ئەنجامدانی کودەتاو هاتنە سەرکاری کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بەشێوەیەکی سەرەکی بەرهەمی هەلومەرجی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیی ئەو ماوە مێژووییە بوو.

ڕاستە شۆڕشی تورکانی لاو (الشبان الترك) بەرهەمی چەند دەیەیەك لە چالاکی گرووپێکی بچووکی ئازادیخوازانی عوسمانی بوو، کە دەشێت سەرەتاکانی ئەم بزووتنەوەیە بۆ ڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولعەزیز (١٨٦١–١٨٧٦) بگێڕینەوە، ئەو ڕۆژگارەی کاریگەریی ڕۆژئاوا بەسەر دەوڵەتی عوسمانییەوە زیاتر بوو[٢٥٣]. ئەدیبانی تورك وشەو زاراوەکانی نیشتمانو دەستوورو پارلەمانیان بەکاردەهێنا، ئەو وشەو زاراوانەی، کە سەبارەت بە بەشێکی گەورەی خەڵکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی نەناسراو بوون. ئاڵۆزیی بارودۆخەکە ئەوانەی ناچار دەکرد بیروباوەڕی خۆیان لە دەرەوەی ئیمپراتۆرییەت لەسەر بارودۆخەکە دەرببڕن. واتە ڕێی تێدەچێت، ئەگەر بگوترێت بزووتنەوەی تورکانی لاو سەرەتا مۆرکێکی ئەدەبی ـ فیکری هەبووەو دواتر بە خێرایی مانای سیاسی لەخۆگرتووە، کاتێك سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەژێر

(٢٥٣) د.أرنست أ. رامزور، مصدر سابق، ص٣٩ ؛ د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١٤.

کاریگەریی دەزگاکانو کولتووری فیکری رۆژئاوادا داوای رزگار بوون لە ستەمی سوڵتانەکانی عوسمانیو کارکردن بە دەستووریان دەکرد[٢٥٤].

لە ئایاری ساڵی ١٨٨٩ دا رێکخراوێکی خوێندکاریی نهێنی لە قوتابخانەی پزیشکیی سەربازی لە ئەستانبوڵ دامەزرێندرا. دامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوە ئیبراهیم تەممۆی ئەلبانی، عەبدوڵڵا جەودەتو ئیسحاق سکوتی کوردو محەمەد رەشید چەرکەسی بوون[٢٥٥].

ناوی رێکخراوەکە یەکێتی عوسمانی (الإتحاد العثماني)[٢٥٦] و ئامانجیشی وەستانەوەبوو بە رووی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدو پێکهێنانی دەوڵەتێکی هاوشێوەو گونجاو لەگەڵ فیکری سیاسی هاوچەرخ لە شێوەی ئینگلتەرە، فەرەنسا، ئەڵمانیا، لەسەر بنچینەی دەستوورو ئازادیو دیموکراتی[٢٥٧]. لیژنەی یەکەمی ئەم رێکخراوە لە دوازدە ئەندام پێکهاتبوو لەسەر رێچکەی کۆمەڵەی کاربۆناری ئیتاڵیایی

---

(٢٥٤) رامزور، المصدر نفسه، ص٤٠.

لەنێو ئەو ئەدیبانەی سەرسەختانە داکۆکییان لە رەوتی نوێگەری ئەدەبی تورکی دەکرد، نامق کەمال، زیاد پاشا، مستەفا فازڵ پاشا،نوری بەگ، رەشاد بەگ و...هتد بوون. بۆ زیاتر بڕوانە: المصدر نفسه، ص٤٠–٤٨.

(٢٥٥) د. محمد حرب، سوڵتان عبد الحمیدی دووەم، ل٢١٣؛ جرجیس فتح الله، یقظة الکرد – تاریخ سیاسی ١٩٠٠–١٩٢٥، ط١، مطبعة وزارة التربیة، دار ئاراس، أربیل، ٢٠٠٢، ص٥١. لە هەندێك سەرچاوەی تردا جگە لەم چوار کەسە چەند ناوێکی تریش بەرچاو دەکەون، وەك: ئیسماعیل کەمال، عەلی حسێن زادە، حیکمەت ئەمین، ئیسماعیل ئیبراهیم. د. کمال مظهر أحمد، کردستان في سنوات الحرب العالمیة الأولی، ت: محمد الملا عبد الکریم، ط٢، دار آفاق عربیة للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٨٤، ص١١٥–١١٦، هامش (٦٣)؛ محمد خلیل أمیر، علاقة الأكراد بمذابح الأرمن، ب. م، ب. ت، ص١٦٧.

(٢٥٦) ناوی تەواوی رێکخراوەکە کۆمەڵەی یەکێتی عوسمانی (إتحادی عثمانی جمعیتی) بوو.

(٢٥٧) د. محمد علي الصلابي، مصدر سابق، ص٤٨٨–٤٨٩؛ د. محمد حرب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤.

هەواڵنامەی کتێب

کاریدەکرد[٢٥٨] واتە لە یەکەمین ناڕەزایی ڕێکخراودا دژی سوڵتان عەبدولحەمید کوردەکان بەشدارییەکی بەرچاویان هەبوو. لەو چوار خوێندکارەی یەکێتیی عوسمانییان دامەزراند دووانیان کورد بوون، ئەوانیش لایەنگری مۆدێرنیزەکردن بە شێوازی ئەورووپایی بوونو ڕۆڵێکی گرنگی فیکریو سیاسییان لە ڕێگە خۆشکردن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیدا بینی، ئەو دوو کوردە ئەوساکە هێندەی وەك ڕەعیەتی عوسمانیو لایەنگری چەمکی عوسمانیزمو هەموو ئیمپراتۆرییەت کاریاندەکرد ئەوەندە نەتەوەپەروەری کورد نەبوون[٢٥٩].

(٢٥٨) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣؛ جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٥١. لەبارەی ناوی ئەندامانی ئەو لیژنە دوازدە کەسییە، بڕوانە: رامزور، مصدر سابق، ص٥١.

کاربۆناری Carbonari کۆمەڵەیەکی نهێنی شۆڕشگێڕ بوو، سەرەتای سەدەی نۆزدە لە ئیتاڵیا دامەزرێندرا. ئامانج لە دامەزراندنی هەوڵدان بوو بۆ گەڕاندنەوەی بنەماڵەی بۆربۆن بۆ سەر کورسیی فەرمانڕەوایی ناپۆلی، بەلام دواتر ئامانجەکەیان گۆڕی بۆ ڕێککەوتنو هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی ئیتاڵیای لاوی نهێنی کە نیشتمانپەروەری ئیتاڵیایی جۆزیف مازینی (١٨٠٥–١٨٧٢) دایمەزراندبوو، کە دژی سیستەمی کۆنەپەرستی ئیتاڵیاو بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی ئەو وڵاتە لە تێکۆشاندا بوو. ناوی کاربۆناری بۆ چەندین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە فەرەنساو ئیسپانیاو پورتوگال بەکارهاتووە. مك داول، هەمان سەرچاوە، ل١٧٢، هامش(٢)؛ جرجيس فتح الله، المصدر نفسه، ص٥١–٥٢، هامش (٣). رامزورو زۆر توێژەری تریش جەخت لەوە دەکەنەوە، کە کۆمەڵەی یەکێتیی عوسمانی لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەی کاربۆناریدا بووە. ئەگەرچی ڕەنگە ئەم بۆچوونە ڕاست دەرچێت، بەڵام زانیاری لەبەر دەستدا نییە، ئەوە پشت ڕاست بکاتەوە، کە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە بیرو بۆچوونی کاربۆنارییان ناسیبێ، لە کاتێکدا ئاماژەی ڕوون لە لایەن دامەزرێنەرانییەوە هەیە، کە یەکێتیی عوسمانی کاریگەریی کۆمەڵەی یۆنانی نهێنی فیلیکی ئیتیریا ( Filiki Eteria)ی بەسەرەوە بووە. بڕوانە: نادية ياسين عبد، الإتحاديون. دراسة تأريخية في جذورهم الاجتماعية وطروحاتهم الفكرية أواخر القرن التاسع عشر ـ ١٩٠٨، اطروحة دكتوراه (غير منشورة) كلية الآداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٦، ص١٣٧.

(٢٥٩) مك داول، هەمان سەرچاوە، ل١٧٣، ١٧٥.

لە بڕیاردان لەسەر هەڵوێستی جەودەتو سکوتی بەرانبەر بە چەمکی عوسمانیزم پێویستە ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگیرێت، کە عوسمانیزم لە سەرەتادا پشتی بە دوو بنەما بەستبوو، کە بریتیبوون لە (یەکێتی)و (یەکسانی) لە نێوان تەواوی هاووڵاتییانی ئیمپراتورییەت بەبێ جیاوازی، بەڵام دواتر بەرەو ئاراستەیەکی شۆڤینیو بەتورك کردنی گەلانی تر هەنگاوی نا. ئامانجی سەرەکیی نیشتمانپەروەرانی عوسمانی ئەو ڕۆژگارەش بریتیبوو لە کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی ستەمکارانەی عەبدولحەمیدو زیندووکرنەوەی دەستوری ساڵی ١٨٧٦. بە گوتەی د. کەمال مەزهەر، سکوتی هەستێکی

ساڵی ١٨٩٦ لە ئەنجامی ئاشکرابوونی پلانی کودەتای تورکانی لاو دژی سوڵتان عەبدولحەمید، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامەکانیان دەستگیرکرانو بۆ ناوچە دوورە دەستە جیاجیاکانی دەوڵەتی عوسمانی دوورخرانەوە، لەوانە: کازم پاشا، حاجی ئەحمەد، شێخ نائلیو هەردوو براکەی حەقی بەگو عەینی بەگو هەژدە کەس لە ئەندامانی خێزانەکەیان، شێخ عەبدولقادری شەمزینیو بیست کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان. عەبدوڵڵا جەودەتیش بۆ لیبیاو، سکوتیش بۆ دوورگەی ڕۆدس دوورخرانەوە. ئەم دووانەی دوایی ساڵی ١٨٩٧ توانیان بەرەو پاریس رابکەن. جەودەت وێڕای نووسینی وتار بۆ ڕۆژنامەی "مشورەت" کە ئەحمەد پاشا لە پاریس دەریدەکرد لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا لەگەڵ سکوتی هاوڕێی ڕۆژنامەی (عوسمانلی)یان دەرکرد[٢٦٠] تا ئەو کاتەی سوڵتان عەبدولحەمید لە ڕێی گفتوگۆوە توانی بە وەڵامدانەوەو ڕازیبوون بەمەرجی دەرکردنی لێبوردن بۆ زیندانییە سیاسییەکانی تەرابلوس لە لیبیا قەناعەتیان پێبکات دەستبەرداری دەرکردنی ڕۆژنامەکەیان ببنو سەرەنجام ساڵی ١٨٩٩ ڕۆژنامەکە وەستێنرا، ئینجا سوڵتان هەردووکیانی وەك پزیشك لە باڵیۆزخانەکانی عوسمانی لە نەمساو ئیتاڵیا دامەزراند[٢٦١].

---

قووڵی بەرانبەر بە کێشەی گەلەکەی هەبووو پەیوەندی توندو تۆڵیشی بە بەدرخانیەکانەوە هەبووە، کە لە ریزی پێشەوەی بزووتنەوەی کوردیدا بوون لە ناوەوەو دەرەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا. د. کمال مظهر، کردستان في سنوات، ص١١٦-١١٧، هامش (٦٤). هەرچی عەبدوڵڵا جەودەتیشە پێیوابوو هەموو یەکێتییەك بە یەکێتیی ئیمپراتورییەتی عوسمانیشەوە دەبێت لەسەر بنچینەی بڕیاردانی ئازادو دانان بە تایبەتمەندی نەتەوەییو مافو بەرژەوەندی گەلانی جیاجیای نێو یەکێتییەکە بێت، دەوڵەتی سویسرایشی وەکو نموونەیەکی ئەو بە یەکەوە ژیانە لەسەر بنچینەی ئازادیو دیموکراسی دەبینی. بڕوانە: د. عبدالجبار قادر غفور، المفكر الكردي الدكتور عبدالله جودت ١٨٦٩-١٩٣٢، ت: عبدالفتاح علي يحيى، "کاروان" گۆڤار، بەغدا، ژمارە ٤٦، تەمموزی ١٩٨٦، ص١٥٢.

(٢٦٠) رامزور، مصدر سابق، ص٦١-٦٣، ٨٢؛ د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، ل١٨٢-١٨٣؛ مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥-١٧٦. ئەو ڕۆژگارە پاریس ناوەندێکی گرنگی چالاکیی کۆمەڵەی یەکێتیی عوسمانی بوو لە دەرەوەی ئیمپراتورییەتداو ئەحمەد ڕەزا بەگ یەکێك لە دیارترین ئەندامانی ئیتیحادییەکان لەوێ سەرکردایەتیی ڕێکخستنەکانی دەکرد. د. عبدالجبار قادر غفور، مصدر سابق، ص١٤٧. شایانی گوتنە، هەردوو ڕۆژنامەی "مشورەت"و "عوسمانلی" زمانحاڵی کۆمەڵەی یەکێتیی عوسمانی بوون.

(٢٦١) د. كمال مظهر أحمد، كردستان في سنوات، ص١١٦-١١٧.

له ماوەی نێوان سالآنی ١٨٩٣–١٨٩٤ دا ژمارەیەك كەسایەتیی دیار هاتنە نێو ریزەكانی ئیتیحادو تەرەقیو دیارترینیان حاجی ئەحمەد ئەفەندی[٢٦٢] و شێخێكی رێبازی تەریقەت نائلی ئەفەندی[٢٦٣] بوون. دەشێت هاتنی ئەمانە بۆ ریزەكانی ئیتیحادو تەرەقی بەسەرەتای دانانی مێژووی فراوانبوونی كۆمەڵەكە دابندرێت، چونكە ئەمانە هەردووكیان خاوەنی نفووزێكی زۆری كۆمەڵایەتی بوون لە ئەستانبوڵ. حاجی ئەحمەد ساڵی ١٨٩٦ بووە سەرۆكی لیژنەی ناوەندی كۆمەڵەكە لە ئەستانبوڵو رێنماییو فەرمانی بۆ چەندین گرووپ دەردەكرد، یەكێك لەو گرووپانە بە سەرۆكایەتیی شێخ نائلی بوو، كە بە شێوەیەكی سەرەكی لە زاناو قازی ئایینیی پێكهاتبوون[٢٦٤].

له ئەنجامی پەیوەندیی نهێنیی نێوان ئەندامانی كۆمەڵەی یەكێتیی عوسمانی نهێنی لە ناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئەحمەد رەزا بەگ[٢٦٥] لە پاریس، كە نوێنەری باڵی مەدەنییەكان بوو، رێككەوتنێك لەبارەی یەكخستنی كاری سەربازیو

---

(٢٦٢) حاجی ئەحمەد ئەفەندی: فەرمانبەرێكی مەدەنی فەرمانگەی ژمێریاری جەنگی عوسمانی بوو، لەبەر ئەوەی چووبوو بۆ حەج، پێیان دەگوت حاجی. رامزور، مصدر سابق، ص١٧٠، هامش (٢٢).

(٣٢٦) شێخ نائلی ئەفەندی: سەر بەیەكێك لە تەكیەكانی دەروێشی بەناوی (جای لق) بوو. بۆچوونی تریش هەیە دەڵێت: نائلی ئەندامی تەریقەتی بەدەوییە بووە. نائلی لەگەڵ سامی پاشا زادەو ئایەتوڵڵا بەگ "كۆمەڵەی عوسمانلیانی نوێ" (یەنی عثمانلیلر)یان دامەزراندووە، بەڵام رودرك هـ. دافیسون لە زانكۆی جۆرج واشنتۆن كە پسپۆڕی بابەتی (یەنی عثمانلیلر)ە دەڵێت: نەپاشا زادەو نە شێخ نائلی لە دامەزرێنەرانی ئەم كۆمەڵەیە نین. بڕوانە: رامزور، المصدر نفسه، ص١٧٠، هامش (٢٣، ٢٤).

(٢٦٤) المصدر نفسه، ص٥٤–٦١.

(٢٦٥) ئەحمەد رەزا بەگ: لە باوكێكی توركو دایكێكی نەمسایی بوو، رۆژگارێك بەڕێوەبەری قوتابخانەی كشتوكاڵی بوو لە ویلایەتی بورسەو هەوڵیدەدا لە رێی نووسینی وتارەكانیەوە بیری خەڵكی روناك بكاتەوە، دوای نائومێد بوونی ساڵی ١٨٨٩ روویكردە فەرەنسا. ئەو ماوەیەی لە فەرەنسا بوو توانی لە رێی نوسینەكانیەوە، كە لە بڵاوكراوەكانی ئەو وڵاتەدا بڵاویدەكردنەوە سەرنجی ژمارەیەكی گەورە لە نارازیانی دەوڵەتی عوسمانی بە لای خۆیدا رابكێشێتو ژمارەیەك لە نارازیانی عەبدولحەمیدیش لە دەوری كۆببوونەوە، بۆیە كۆمەڵەی یەكێتی عوسمانی هەوڵیدا بیهێنێتە ریزەكانییەوە. بڕوانە: نادیە یاسین عبد، مصدر سابق، ص١٤٠–١٤٢.

مەدەنی دژی سوڵتان عەبدولحەمید هاتە بوون، سەرەنجام ناوی ئیتیحادو تەرەقی (الإتحادء الترقي)یان بۆ کۆمەڵەکە دانا[٢٦٦].

لە هاوینی ١٨٩٧وە هەموو چالاکییەکی تورکانی لاو لە ناوەوەی ئیمپراتۆرییەتدا تا رادەیێکی زۆر کزو لاواز ببوو. هەر رێکخراوێك جۆرە لە گرنگیو قورساییەکی هەبووبێ، یان راستتر بڵێیین دژی سیاسەتەکانی سولتان عەبدولحەمید بووبێ، نەیتوانیوە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٩٧–١٩٠٧دا لە ئەستانبوڵ بژی. بە گوتەی رامزور گومانێکی زۆر هەیە لەو ماوەیەدا هەوڵ دان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەك هەبووبێ[٢٦٧].

ئایین، کە بە کردەوە لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا خۆیسەپاندبوو، ئەگەر چی ئامرازێکیش بوو بۆ کۆنەپەرستیو دەبووە کۆسپ لە بەردەم نوێبوونەوەدا، بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی قورسایی رۆحیو کۆمەڵایەتیی ئایین، تورکانی لاو لە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی بەمەبەستی وروژاندنی خەڵكو کۆکردنەوەی وزەی جەماوەری دوودڵییەکیان نیشان نەدا. بۆیە دەبوایە تورکانی لاو بە پارێزەوە لەگەڵ بنەماڵەی شێخەکانو زانایانی ئایینیو ناوەندەکانی تەریقەتدا مامەڵەیان بکردبا[٢٦٨]. پەنابردنی سەرکردەکانی ئیتیحادو تەرەقی بۆ ئایین دەشێت بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەبێت، کە سولتان عەبدولحەمیدی دووەم خاوەنی پێگەو نفوزێکی ئایینی بەهێز بووو کۆکردنەوەو یەکخستنی موسڵمانانی دونیا لە ژێر دروشمی پان ئیسلامیزم یەکێك لە ستوونە گرنگەکانی کاری سیاسیو ستراتیجی بوو، لێرەوە لەسەر کار لابردنی بڕیارێکی ئاسان نەبوو، دەبوایە بە چەکی دین شەڕی چەمکە دینییەکانی وەکو جامیعەی ئیسلامیو خەلافەت بکرێت، تا بتواندرێت لەلایەکەوە رەوایەتی ئایینی بە لەسەر کار لابردنی بدرێت، لە لایەکی تریشەوە تا لایەنگرو پشتیوانانی سولتان دڕدۆنگو هەست

---

(٢٦٦) د. علي الصلابي، مصدر سابق، ص٤٨٩–٤٩٠؛ د.محمد حرب، سەرچاوەی پێشوو. پ، ل٢١٥.

(٢٦٧) رامزور، مصدر سابق، ص١١٧–١١٨.

(٢٦٨) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧–١٧٨.

برینـدار نـەبن‌و بـڕوا بـەوە بهێـنن، کـە بەرژەوەنـدی ئیسـلام‌و دەوڵـەتی عوسمـانی گۆڕانکارییەکی لەم جۆرە لە سیستەمی دەسەڵاتی سیاسیدا دەخوازێت، بێگومـان لـەم ڕێگەیەوە دەتواندرا سەرنجی کوردەکانیش بەلای خۆیاندا رابکێشن.

ڕەنگە ماسۆنیەت(٢٦٩) تاکە ڕێکخراوی نهێنی، یان نیمچە نهێنی نـەبوو بـێ لـە گەشەکردنی بزووتنەوەی تورکانی لاودا، دوای بووژانەوەی لە ناوەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا ڕۆڵی هەبوو بێ، بەڵکو بزووتنەوەکە سوودی لە ژمارەیەك لە تەریقەتـەکانی سۆفیزمیش بینیـوە بەئەنـدازەی سـوود وەرگرتنـی لـە مەحفەلـەکانی ماسـۆنیەت(٢٧٠). کۆمەڵـەی ئیتیحـادو تـەرەقی تێگەیشـتنێکی ڕاشـکاوانەی لەگـەڵ هـیچ یـەکێك لـە تەریقەتەکانی سۆفیزم نەبووە، بەڵام هەوڵیداوە بە هەرشێوەیەك بۆی بکرێت سوودیان لێوەربگرێت. هەریـەك لـە تەریقـەتی بەکتاشـی‌و مەولـەوی کارئاسـانی‌و هاوکارییـان پێشـکەش بـەو ئەندامانـەی ئیتیحـادو تـەرەقی کـردووە، کـە بـۆ ئـەنادۆڵ دوورخرابوونەوە(٢٧١). یەکێك لە ئەندامانی تەریقەتی بەکتاشی بەناوی فازیل بـەگ(٢٧٢)،

---

(٢٦٩) ماسـۆنیەت: وەك بزووتنەوەیـەکی فیکـری-ئـاینی سـاڵی ١٨٦١ یەکـەم مەحفـەلی خۆیـان لەدەوڵەتی عوسمانی بەناوی (الشورى العثمانية العالية) دامەزراند. یەکەم سوڵتانی عوسمانی ماسۆنی مـرادی پێنجـەمی براگـەورەی سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم بـوو. لـە نێـوان ئیتیحـادو تـەرەقی‌و ماسۆنیەتدا پەیوەندی‌و هاوکـاری هـەبووە. لـەبارەی ماسـۆنیەت‌و پەیوەنـدی بـە ئیتیحـادو تـەرەقی، بڕوانە:

http://www.baladynet.net/Balady/mason/histdev.html; http://www.fdaat.com/vb/showthread.phd.?t=1928 .

(٢٧٠) رامزور، مصدر سابق، ص١٢٧-١٢٨.

(٢٧١) بۆ زیاتر لە بارەی پەیوەندی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بە بەکتاشیەتەوە بڕوانە:

Baki Öz, Ittihatve Tarakki Ve Bektasiler. http:\\ www.alewiten.com/ittihatterakki.htm

(٢٧٢) فازیل بەگ: هاوڕێی ڤۆڵتیرو لە ژێر کاریگەری نووسینەکانی ئەودا بوو، بۆ ماوەیـەکی زۆر ببـوو بە نموونەیەك بۆ بزووتنەوەی تورکـانی لاو، چالاکیەکانی فازیـل بـەگ لـە بـواری فەلسـەفی‌و ئـەدەبی‌و زانستی‌و سیاسی‌و نەتەوەییدا بوون. رامزور، مصدر سابق، ص١٢٩.

هەولێرنامەی ئێتر

هەندێك بۆچوونی فەلسەفیو فیکری خستە نێو تەریقەتی بەكتاشیەوەو بەتێپەڕبوونی كاتیش كاریگەری بەسەر بزووتنەوەی توركانی لاوەوە دانا. وا پێدەچێت جۆرە لە پەیوەندییەك لە نێوان تەریقەتی بەكتاشیو بزووتنەوەی توركانی لاودا هەبووبێت. ژمارەیەك لە ئەندامانی توركانی لاو ئەندامی تەریقەتی بەكتاشی بوون، لەوانە: تەلعەت پاشا، رەزا تۆفیق، شێخولئیسلام موسا كازم ئەفەندی. بەپێی هەندێك بۆچوون بەكتاشییەكان ئومێدی ئەوەیان بە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ی توركانی لاو هەبوو، كە ببێتە مایەی دامەزراندنی دەوڵەتێكی بەكتاشی لە ئەلبانیا. بە گوتەی رامزور جێی گومانە، كە بەرنامەو سیاسەتی توركانی لاو لە هیچ كاتێكدا بەشێك بووبێت لە بیروباوەڕی بەكتاشی. رۆڵی بەكتاشیەت بە هەمانشێوەی ماسۆنیەت تەنها بریتیبوو لەكێشكردنی خەڵك، كە لەهەمانكاتدا بەرنامەی توركانی لاویش كێشیدەكردن[٢٧٣].

پاش یەكخستنی باڵە جیاوازەكانیان، كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی توانی لە ٢٣/ تەمموز/ ١٩٠٨دا دەست بەسەر پایتەختدا بگرێتو عەبدولحەمید ناچار بە راگەیاندنی گەڕانەوە بۆ كاركردن بە دەستوورو پارلەمان بكات[٢٧٤]. واتە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گۆڕانكارییەكی گرنگ، بەڵام تەمەن كورت لە ژیانی سەربازی - سیاسی - كۆمەڵایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا رووی دا، كە بریتیبوو لە كۆتاییهێنان بە سیو سێ ساڵ لە دەسەڵاتی دوا سیمبولی ستەمكاری لە دەوڵەتی عوسمانیو كاركردن بە دەستوورو فەراهەمكردنی ئازادیی سیاسیو كولتووری بۆ گەلانی بندەستی عوسمانی.

شۆڕشی ئیتیحادو تەرەقی سوڵتان عەبدولحەمیدی تەنها وەكو هێمایەك بەبێ دەسەڵاتی لەسەر كورسی حوكمڕانی هێشتەوە، چونكە كەمنەبوون ژمارەی ئەو كەسانەی بە دەسەڵاتی خەلیفەی موسڵمانانەوە پەیوەست بوون، بەڵام شكستی

---

(٢٧٣) المصدر نفسه، ص١٢٩-١٣١.

(٢٧٤) د. عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢. لە هەندێك سەرچاوەی تردا رۆژی ٢٤/ تەمموز/ ١٩٠٨ بە مێژووی گەڕاندنەوەی بڕیاری سوڵتان عەبدولحەمید بۆ كاركردن بە دەستور داندراوە. د. علي الصلابي، مصدر سابق، ص٤٩٠.

بزووتنەوەی نیسانی ١٩٠٩[٢٧٥] بە دواییهێنان بە دەسەڵاتی عەبدولحەمید کۆتاییهات. لێرەشەوە ئیتیحادییەکان بواری کارکردنێکی فراوانتریان لەبەردەمدا کرایەوە بۆ بوژاندنەوەو زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆرییەت. بەڵام زۆری نەخایاند لە جێگەی هاوکاریو بەیەکەوە ژیان، ئیتیحادییەکان پەنایانبردە بەر سیاسەتی ستەمو تۆقاندنو بەرتەسککردنەوەی بازنەکانی ئازادیو سەرەنجامیش ستراتیجی کاری سیاسیو فیکرییان بەرەو تۆرانیزمو پان تورکیزم هەنگاوی نا[٢٧٦]، "ئەگەر لە سەرەتاوە دەوڵەت نەتورکێنین یەکسانی لەنێوان هاووڵاتیاندا نایەتەدی" ئەمە قسەی تەلعەت پاشاو جاوید پاشا بوو[٢٧٧].

دوای ساڵی ١٩٠٨و دوای ئەوەی تورکانی لاو ناوەڕۆکی ئەو دروشمانەیان بەتاڵکردەوە، کە کودەتایان لە پێناودا کردبوو، نوخبەی کوردی بەدوو ئاراستەدا هەنگاوی نا، یەکەم: پێکهێنانی ڕێکخراوی کوردیو، دووەمیش: کارکردن بوو لە چوارچێوەی ڕێکخراوو هێزە عوسمانییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دژ بە سیاسەتی ئیتیحادو تەرەقی، دیارترینی ئەو کەسایەتیانەش: مەولانا زادە رەفعەت، جەنەراڵ شەریف پاشا، زەین ئەلعابدین فانی زادە رەواندوزی، عەبدوڵڵا جەودەتو لوتفی فکری بوون. پاش دەست لەکارکێشانەوەی لە ئیتیحادو تەرەقی لە ساڵی ١٩٠٩ شەریف پاشا یەکێك لە بەهێزترین ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە سێکوچکەی ستەمکاری ئیتیحادو تەرەقی (جەمال، تەڵعەت، ئەنوەر) بوو لە تورکیا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٠٩–١٩١٨دا[٢٧٨].

---

(٢٧٥) لە نیسانی ١٩٠٩ بەشێك لە یەکە سەربازییەکانی ئەستانبوڵ هوتافیان بۆ ژیانی عەبدولحەمیدو شەریعەتی ئیسلام کێشاو داوای دوورخستنەوەی ئیتیحادییەکانیان لە سەرکردایەتیو ئیدارەو بواری ڕۆژنامەگەری کرد. ئەم ڕاپەڕینەی دژی ئیتیحادو تەرەقی لەلایەن کۆمەڵەیەکی ئیسلامییەوە بەناوی یەکێتیی محەممەدی (الإتحاد المحمدي)یەوە سەرپەرشتی دەکرا کە ٥/ نیسان/ ١٩٠٩ بە سەرۆکایەتی حافز دەروێش وەحدەتی (واعیزی ئەستانبوڵ)و بەهاندانی عەبدولحەمید دامەزرێندرابوو، ئەمانە لە ١٣/ نیسان/ ١٩٠٩ دژی ئیتیحادو تەرەقی ڕاپەڕین، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. د. عثمان علي، المصدر نفسه، ص١٤٣–١٤٤.

(٢٧٦) زنار سلوپی، في سبيل كردستان (مذكرات)، ت: ر. علي، ط١، رابطة كاوه للثقافة الكردية، بيروت، ١٩٨٧، ص٢٤–٢٥؛ د. علي محمد الصلابي، مصدر سابق، ص٤٩٠.

(٢٧٧) بڕوانە: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤.

(٢٧٨) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١٤٨–١٤٩.

پاش دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی دامەزراندنی ڕێکخراوو کۆمەڵەی خاوەن ئامانجی سیاسی ـ نەتەوەیی لە ٢٣/ ئاب/ ١٩٠٩دا لە لایەن ئیتیحادو تەرەقییەوەو گرتنەبەری سیاسەتی هێرشو پەلامار بۆ سەر بوونی نەتەوەییو کولتووری گەلانی جیاجیای بندەستی عوسمانی، کوردەکان لە دەوری حزبە میانڕەوەکانی وەك حوڕی موعتەدیل (الحر المعتدل)[٢٧٩]، حوڕییەتو ئیئتیلاف (الحرية والإئتلاف)[٢٨٠] دا کۆبوونەوەو ڕۆڵی
گرنگیشیان لە دامەزراندنی ژمارەیەك لەو حزبە عوسمانییانەدا بینی[٢٨١].

ڕاستە لە کوردستاندا خەڵکی کورد بە دروستی لە ژیانی دەستووریو پارلەمانی تێنەدەگەیشتنو بەشێك لە پیاوانی ئایینیش بە مەترسی لەسەر ئیسلامیان دەزانی، هەرچەندە پێشترو لە قۆناغی خەبات دژی سوڵتان عەبدولحەمیددا ژمارەیەك لەو کوردانە هاوشانی سەرکردەکانی ئیتیحادو تەرەقی لە چالاکیدا بوون، بەڵام دواتر دوای ستەمو زۆری ئیتیحادییەکانو پەنابردنە بەر سیاسەتی پان تورکیزم دەتوانین، بڵێین زانایانی ئایینیو شێخانی ڕێبازەکانی سۆفیزم بێگومان بە ئامانجی جیاواز

هەواڵنامەی کتێب

---

(٢٧٩) حوڕی موعتەدیل: حزبێکی میانڕەو بوو، ٢١/ تشرینی دووەم/ ١٩٠٩ لەسەر دەستی پتر لە ٣٠/ سی نوێنەری پارلەمانی عوسمانی دامەزرێندرا. ئەم حزبە بڕوای وابوو ویلایەتەکان مافی خۆیانە کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن.

(٢٨٠) حوڕییەتو ئیئتیلاف: لە ٨/ تشرینی دووەم/ ١٩١١دا لە حزبی موعتەدیلو بەشێکی تر لەو ئەندامانەی لە ئیتیحادو تەرەقی جیابوونەوە، دامەزرێندرا. ئەم حزبە بڕوای بە بیرۆکەی لیبرالیزمو لامەرکەزیەت لە ژیانی سیاسیدا هەبووو لەلایەن ئەمیر سەباحەددینەوە سەرۆکایەتی دەکرا. ئەمانە لە ساڵی ١٩١٢دا بۆ ماوەیەکی کورت دەسەڵاتیان گرتە دەست تا ئەو کاتەی ئیتیحادییەکان لە ٢٣/ کانوونی دووەم/ ١٩١٣دا دووبارە هاتنەوە سەر کورسی دەسەڵات. رامزور، مصدر سابق، ص٢٢–٢٣؛ د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١٤٥.

(٢٨١) د. عثمان علي، المصدر نفسه، ص١٤٩. بۆ نموونە شەریف پاشا سەرۆکی ڕاستەقینەی حزبی حوڕییەتو ئیئتیلاف بوو لە دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانیو سەرچاوەیەکی گرنگی دابینکەری داراییان بوو.

ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەگژداچوونەوەی سیاسەتی ستەمکارانەی ئیتیحادو تەرەقیو دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکانو ژیانی ڕۆژنامەگەرییدا بینی.

## تەوەرەی دووەم
## دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقی
## و
## سۆفیزم لە کوردستاندا

تێکۆشان لە پێناوی ریفۆرمی دەستووری، کە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی سەرکردایەتی دەکرد، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر گەلانی نا تورکی سنووری دەسەڵاتی عوسمانییەوە هەبوو، لەوانەش گەلی کورد بوو کە بڕوای وابوو لە ئەنجامی سەرکەوتنی تێکۆشان دژی ئۆتۆکراتییەتی عوسمانی ئامانجەکانی ئەوانیش دێنەدی. لەسەر ئەم بنچینەیە بەشێك لە کوردەکان شانبەشانی ئەلبانیو ئەرمەنو عەرەب...هتد لە تێکۆشانو سەرکەوتنی ئیتیحادو تەرەقیدا هاوبەشیانکرد[٢٨٢]. کورد وەك تەواوی گەلانی تری بندەستی عوسمانی بە گۆڕانی سیستەمی سیاسیو هاتنە سەرکاری کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی دڵخۆشبوون. کوردەکان بە پۆشینی جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ لە شەقامەکانی ئەستانبوڵ خۆشحاڵییان دەربڕی[٢٨٣]. بەڵام هەر زوو ئامانجە شۆڤینییەکانی سەرکردەکانی ئەم کۆمەڵەیە دەرکەوت کاتێك ماوەیەکی کورت خۆیان لەسەر کورسی فەرمانڕەواییدا بینییەوە، گومانی تێدا نییە، لە وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایینو تایەفەی جیاجیای ئایینیو کۆمەڵایەتی وەکو دەوڵەتی عوسمانیدا هەر هەوڵدانێك بۆ بەزۆر یەکڕەنگ کردنی وڵات بە ڕەنگی تاکە نەتەوەیەك یان تاکە

(٢٨٢) زنار سلوپی: مصدر سابق، ص٢٥؛ ماجد عبد الرضا، المسألة الكردية في العراق إلى ١٩٦١، منشورات مكتبة بغداد، بغداد، ١٩٦٩، ص٣٣.

(٢٨٣) د. عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢–٢٢٣.

ئایینێك‌و پێداگرتن لەسەر سێنترالیزەكردنی دەسەڵات، كێشەی سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی بە دوای خۆیدا دەهێنی‌و داوا كاریی گۆڕین یان ریفۆرمی سیاسی‌و فراوانكردنی پەراوێزەكانی ئازادی‌و خەبات بۆ بەدیهێنانی مافە سیاسی‌و كولتوورییەكان دەبێتە دروشم‌و ستراتیجی نەتەوەو ئایین‌و تایەفە جیاوازەكان. لێرەوە شتێكی چاوەڕوانكراو بوو كوردەكان نەك تەنها لە كۆمەك بە ئیتیحادو تەرەقی بكشێنەوە بەڵكو رێكخراوی تایبەت بە خۆیشیان دابمەزرێنن.

ئەگەر سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەیویست جامیعەی ئیسلامی وەك هۆكارێك بۆ پارێزگاری كردن لە قەوارەی ئیمپراتۆرییەتەكەی بەكاربهێنێ، ئەوا سەركردەكانی ئیتیحادو تەرەقی بۆ هەمان مەبەست پەنایان بردە بەر سیاسەتێكی پەڕگریی نەتەوەییانە. ئیتیحادییەكان سەرەتا ئەم سیاسەتەیان لە چوارچێوەی بانگەشە بۆ یەكێتی عوسمانی، كە ئامانجی گۆڕینی تەواوی گەلانی ئیمپراتۆرییەت بوو بۆ ئوممەتی عوسمانی (أمة عثمانية) داڕشتبوو[٢٨٤]. أ.ف.میللر، كە پسپۆڕی مێژووی توركیای نوێیە، دەڵێت: ئیتیحادییەكان مەبەستیان بوو، لە رێی بیرۆكەی یەكێتی عوسمانییەوە سەرجەم گەلانی سنووری ئیمپراتۆرییەت بكەن بە تورك[٢٨٥]. واتە دوای كودەتا، سەركردەكانی ئیتیحادو تەرەقی جەختیان لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی دەكردەوە، نەك ناسنامەی ئوممەتی ئیسلامی‌و عوسمانیزم، ئەمەش وایكردبوو، گەلانی تری ئوممەتی ئیسلامی، كە لە سنووری دەسەڵاتیاندا بوون چاویان لێبكەن[٢٨٦].

ڕاپەڕینی ئیبراهیم پاشای میللی[٢٨٧] دوای تێپەڕبوونی مانگێك بەسەر راگەیاندنی دەستوور لە ئەستانبوڵ دەستیپێكرد، بەڵام دوای كوژرانی بە دەستی

---

(٢٨٤) د.كمال مظهر احمد، كردستان، ص٩٥؛ محمد خليل أمير، مصدر سابق، ص١٧٢.

(٢٨٥) د.كمال مظهر احمد، كردستان،ص٩٥.

(٢٨٦) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨–١٧٩.

(٢٨٧) ئیبراهیم پاشای میللی: نەوەی ئەیوب پاشای میللی‌و سەرۆكی هۆزی میللی بوو، دوای جەنگی عوسمانی–ڕوسی (١٨٧٧–١٨٧٨) ناوی ئیبراهیم پاشا كەوتە درەوشانەوە. بە پێی راپۆرتەكانی كۆنسوڵخانەكانی روسیاو ئینگلیز لە ناوچەكە ئیبراهیم پاشا فەرمانڕەوای یەكەمی ویلایەتەكانی دیاربەكرو حەلەب‌و ئورفەو ماردین بووە. هەروەها

عوسمانییەکان، وەك هێزێکی مەترسیدار لە کایەکە ونبوو. کوژرانی ئیبراهیم پاشا بەو خێراییە زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ ئەو کەسایەتیو شێخانەی، کە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا دەسەڵاتدار بوونو بنچینەو بنەمای دەسەڵاتی لەرزاندن. لەو کاتەدا بوو ژمارەیەك لە شێخەکانی ناوچەکە دژی سیستەمی نوێ دەستیانکرد بە وروژاندنی هەستو سۆزی خەڵك. لە رۆژگاری دەستپێکردنی ریفۆرمی عوسمانی، شێخەکانی تەریقەت بەکارهێنانی وشەو زاراوەکانی وەك (میللەت ـ کۆمەڵ) لەجێگەی زاراوەی "ئوممەت"یان بەدڵنەبوو، کە ریفۆرمیستە عوسمانییەکان بەکاریان دەهێنان، هەروەها لەجیاتی وەفاو دڵسۆزی بۆ سوڵتانو خەلیفە پەنایان بۆ واتای نائایینی دەبرد. سەرەنجام دەنگی ناڕەزایی لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەبیسترا، موفتی خارپووت کاتێك هەواڵی شۆڕشی ئیتیحادییەکانی بیست بە سەرسوڕمانەوە گوتی: "ئەوە ئیدی کۆتایی ئیسلامە"[٢٨٨] .

دوای بڕیاری لەسەر کارلادانی سوڵتان عەبدولحەمید، شێخەکانی تەریقەتو سەرۆکەکانی حەمیدییە لە باکوری کوردستانو ئەرمەنستاندا کۆبوونەوە، بە گوتەی ئارشاك سافراستیان جێگری کۆنسوڵی ئینگلیز لە بەتلیس "ئەمانە سوێندیان بە قورئانو ئایینییان خواردبوو، کە بۆ شەریعەتو بەڵێنەکانیان وەفادار بن...دژی تورکانی لاو خەبات بکەن...تورکانی لاو وەك کۆمەڵە خەڵکێکی بێدینو دژە ئیسلام بناسن، کە گاڵتە بە نوێژو بنەما سەپێنراوەکانی تری ئایین دەکەن"[٢٨٩] .

---

بەشدارییەکی کاریگەری فەوجەکانی سوارەی حەمیدییەی کردووەو پەیوەندیی بە هێزی بە عەبدولحەمیدی دووەمەوە هەبووەو نا زناوی (میری میران)ی لە لایەن سوڵتانەوە پێدراوە. ئیبراهیم پاشا وێڕای دەسەڵاتی سیاسیو سەربازی دووەمین کەسایەتی دەوڵەمەندی دەوڵەتی عوسمانی بووە لە دوای سوڵتان عەبدولحەمیدەوە، بۆیە کاتێك ئیتیحادییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەستو عەبدولحەمیدیان لەسەرکار لادا، لەناوبردنی ئیبراهیم پاشا (ئەستێرەی یلدزو کوڕی نازداری سوڵتان) لە پێشینەی سیاسەتو بەرنامەیاندا بوو. بۆ زیاتر بڕوانە: د.احمد عثمان أبوبکر، اکراد الملي وابراهيم پاشا، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.

(٢٨٨) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤–١٨٥.

(٢٨٩) لە: هەمان سەرچاوە، ل١٨٥–١٨٦.

لە کوردستانی بندەستی دەوڵەتی عوسمانیدا، کوردەکان چ وەك روناکبیرو خوێندەوارانی عەلمانی، چ وەك سەرۆك هۆزو شێخەکانی تەریقەت لە چالاکی کۆمەڵەو رێکخراوەکانی دژی عوسمانی ئامادەبوونێکی بەرچاویان هەبوو، بەشێك لەوانە لە رەتکردنەوەی سیاسەتی ستەمکارانەی سوڵتان عەبدولحەمیدو دواتریش لە وەستانەوە دژی دەسەڵاتی شۆڤینیزمی تورکانی لاو لە خەباتو تێکۆشاندا بوون. لە کۆمەڵەو رێکخراوەکانی رۆژگاری دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقیدا بنەماڵەی رۆحانیانی کورد، تایبەت شێخەکانی نەهری، شانبەشانی روناکبیرانی عەلمانی کورد رۆڵی گرنگیان لە بەرەو پێشبردنی جووڵانەوەی سیاسیو کولتووری کورددا بینیوە. دەشێت بنەماڵەی رۆحانیانی نەهری شانبەشانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان وەك دوو دامەزرێنەری دوو ئاقاری گەورەی ناسیۆنالیزمی کوردی سەیر بکرێن. بۆ نموونە یەکێك لە ئەندامە چالاكو دامەزرێنەرەکانی یەکەمین کۆمەڵەی کوردی خاوەن بەرنامەی سیاسی کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقی کورد(کورد تعاونو ترقی جمعیتی) شێخێکی رێبازی تەریقەتی نەقشبەندی (شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) بوو، کە دواتر بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەکە[(290)]. لەم کۆمەڵەیەدا بوونی سەرۆکێکی شێخو بیروباوەڕی ئیسلام نەبۆتە کۆسپ لە رێی هەوڵدان بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی کوردی

(٢٩٠) کۆمەڵەی تەعاونو تەرەقی کورد لە ئەیلولی ١٩٠٨ لە لایەن ژمارەیەك نیشتمانپەروەری وەك: شێخ عەبدولقادری شەمزینی، ئەمین عالی بەدرخان، شەریف پاشای خەندانو ...دامەزرێندرا. بۆ زیاتر لە بارەی ئەم کۆمەڵەیەو بەرنامە سیاسییەکەی بڕوانە: مالمیسانژ، جەمعییەتی تەعاونو تەرەقیی کوردو رۆژنامەکەی، و: زریان رۆژهەلاتی، پێداچوونەوەی: سدیق ساڵح، چاپخانەی دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی حەمدی، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١١–٣٥ ؛ جەلیلی جەلیل، بوژانەوەی رۆشنبیریو نەتەوەیی کورد کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ـ سەرەتای سەدەی بیستەم، و: سدیق ساڵح، چاپخانەی هەواڵ، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٤٣–٥٩.

زنار سلوپیو جەمال نەبەز دەڵێن: پێش ئەم کۆمەڵەیە، ساڵی ١٩٠٠ کۆمەڵەیەکی کوردی تر بەناوی (عەزمی قەوی کورد) دامەزراوە. زنار سلۆپی، مصدر سابق، ص٢٢؛ جەمال نەبەز، کوردستانو شۆڕشەکەی، و: کوردۆ، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، بڵاوکراوەی سۆکسە، سوید، ١٩٨٥، ل٩٤.

موسڵمانو ئەرمەنی مەسیحی، بە مانایەکی تر بەرنامەی کۆمەڵەکە بە ئاراستەی مسۆگەر کردنی دۆستایەتیو پشتیوانی ئەرمەنەکان بووە بۆ کورد لە خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەییدا[291]. بەرنامەی کۆمەڵەکەو بوونی شێخێکی تەریقەتی نەقشبەندی لە سەرۆکایەتی کۆمەڵەکەدا تا رادەیێك لە راستی ئەو بۆچوونەی ئۆڵسن (R.Olson) نزیکمان دەخاتەوە، کە دەڵێت: لە کوردستاندا بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی پێچەوانەی خواستی عەلمانیانی کورد بەنێو مەزهەبو تەکیەکاندا بڵاوبۆوەو شێخەکان بوونە پشتیوانی[292]. هەر لەمبارەیەوە وەدیع جوەیدە (Wadie Jwaideh)، دەڵێت:"لەبەر هۆو بەڵگەی زۆر هەرچەندی دەربارەی بایەخی تەکیەکان (هەروەها خانەقاکان-تویژەر) وەك بنکەی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نەتەوەیی بگوترێت، زێدەڕۆیی نییە. ئەو بیروباوەڕانەی لەم بنکانەوە سەرچاوەیان دەگرت، لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کورددا بە فراوانییەوە پێشوازییان لێدەکرا، چونکە نیشانو مۆری شێخەکانیان بەسەرەوە بوو. هەروەها شێخەکان خۆیان نەتەوە پەروەری بە پەرۆشبوونو لە نزیکەوە پەیوەندییان بەخەڵکی کوردەوە هەبوو، بە توندی هاودەردیان بوونو هەستی هاوبەشیان هەبوو، وێڕای ئەوەی بە هۆی بیروباوەڕو پێشینەی فێربوونیانەوە لایەنگری ترادیسیۆنو حکومەتی ئیسلامی بوونو لە حکومەتی سیکیولاری تورکانی لاو، کە بایەخی بە ئایین نەدەدا، رازینەبوون"[293].

شێخ سەعیدی بەرزنجی شێخی تەریقەتی قادریو رێبەری رۆحانی بێ ڕکابەر لە سلێمانی دۆستێکی نزیکی عەبدولحەمیدی دووەم بوو، کاتێك هەواڵی کارکردنەوە بە دەستوورو سنووردارکردنی دەسەڵاتی سوڵتانی بیست، یاخیبوونی دژی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی وروژاند. رەنگە بەشێکی زۆر لە هۆکاری یاخیبوونی شێخ سەعید پەیوەندی بەمەترسیی لە دەستدانی دەسەڵاتو پێگەیەك بێت، کە لە رۆژگاری

---

(٢٩١) مالیسانژ، هەمان سەرچاوە، ل٥٥-٦١ ؛ م.رسول هاوار، کوردو باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووهەمی جیهان، ب١، چ١، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٤٩٢-٤٩٣.

(٢٩٢) ئۆلسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥-٣٦.

(293) Wadie Jwaideh, Op. Cit., PP. 105-106.

دەسـەڵاتی عەبدولحەمیـدی دووەمو بـە پشـتگیری ئـەو بەدەسـتیهێنابوو[٢٩٤]. هـۆزی هەمەوەند چەکێکی بەهێزی دەستی شێخ سەعید بوو، شێخ بە پێی هەندێك سەرچاوە گوشـارێکی زۆری خسـتبووە سـەر بازرگانـانی ناوچـەکەو بـەبێ هـیچ پاسـاوێك پـارەو سـامانی زەوتـدەکردن[٢٩٥]. کرانـەوەی دەسـتی شـێخ سـەعید لـە لایـەن سـوڵتان عەبدولحەمیـدەوەو گوشـار بـۆ سـەر بازرگانـانی سـلێمانی دوژمنایـەتیو بێزارییـەکی شاراوەو خەفەکراوی دژی شێخو بنەماڵەکەی لەلای بازرگانەکان دروستکردبوو[٢٩٦].

که ئیتیحادییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەشـێکیان بـە ئاراسـتەی تۆڵـە سەندنەوە لە شێخ سەعیدی بەرزنجیو هاوشێوەکانی کە لایەنگری عەبدولحەمید بـوون کەوتنە کارکردن، ئەوەی ئەم بۆچوونو ئاراستەیەشی بەهێزتر دەکرد پشت بەسـتنی بزووتنـەوەی تورکـانی لاو بـوو بـە توێـژی کۆمەڵایـەتی نـوێی کۆمەڵگـە لـە دەوڵـەتی عوسمانی، کە ببوون بە بنچینەی پێکهێنانی لقەکانی ئیتیحـادو تـەرەقی لـە ویلایـەتو ناوچە دوورەکان لە ئەستانبوڵ[٢٩٧].

لقی سلێمانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لەو کەسانە پێکهـاتبوو، کـە نـەیارو دوژمنی شێخ سەعید بوونو بریتیبـوون لـە بازرگانـەکانو ژمارەیـەك لـەو ئەفسـەرانەی تازە لە (مەکتەبی حەربییە) دەرچووبوونو مەیلیان بەلای ئازادیو وەستانەوە بەڕووی خاوەن نفووزەکان لە ناوچەکەدا هەبوو[٢٩٨]. ئەوانە شێخ سەعیدیان بـە هەڕەشـەیەکی

---

(٢٩٤) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦ ؛ جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٦٠.

(٢٩٥) حنا بطاطو، مصدر سابق، الكتاب الأول، ص١٩٥.

(٢٩٦) رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٦.

(٢٩٧) هەمان سەرچاوە،ب١، ل٣٧؛ عبدالرحمن ادريس صالح البياتي، مصدر سابق، ص٤٩.

(٢٩٨) رفیـق حلمـی، هـەمان سەرچـاوە، ب١، ل٣٨؛ م.رسـول هـاوار، شـێخ مـەحمودی قارەمـان و،ب١،ل١٤٧.

بە پێی بەشی زۆری سەرچاوەکانو شێخانی بەرزنجەش خۆیان، مەحمود پاشای جـاف سـەرۆکی لقـی سلێمانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بووە. رفیق حلمی، هەمان سەرچاوە، ب١،ل٣٨؛ د.عثمـان علـي، مصدر سابق، ص١٨٩؛ م. رسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمـان و، ب١،ل١٤٧. بـەڵام کمـال رەئـوف

ترسناك بۆ سەر بەرژەوەندییەكانیان دەزانیو پێیان وابوو دەبێ لەناو ببرێت[٢٩٩].

وێڕای ئەمانەش داوایان لە شێخ سەعید كرد، بێتە ناو لقی ئەم كۆمەڵەیەوە، بەڵام شێخ ئەمانەی بە بێدینو دوژمنی شەریعەت دەزانیو ئەوەی رەتكردەوە ببێتە ئەندامی كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی[٣٠٠].

وەستانەوەی شێخ سەعیدی بەرزنجی بەڕووی دەسەڵاتی ئیتیحادییەكان لە لایەكەوە پەیوەندی بە مەترسی لەدەستدانی پێگەو دەسەڵاتەكەیو لە لایەكی ترەوە پەیوەندی بە كاریگەریی سیاسەتی پان ئیسلامیزمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو ئەو دەسەڵاتو سامانەوە هەبوو، كە سوڵتان بە شێخی بەرزنجی بەخشیبوو. بۆیە دەشێت یاخیبوونی شێخ سەعید وەك پەیوەندیی نێوان شێخو پێگەكەیو پەیوەندیی بە دەسەڵاتو سیمبولی موسڵمانانو خەلافەتەوە سەیر بكەین نەك وەك پەیوەندیو لێكدانەوەی لە چوارچێوەی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی كورددا.

پاش هاتنە سەركاری ئیتیحادو تەرەقی، ژیانی شێخ سەعید كەوتە مەترسییەوە، چونكە بوونی ئەو لە سلێمانی دەبووە كۆسپ لەبەردەم سیاسەتی ئیتیحادییەكان لە سەپاندنی مەركەزیەتی دەسەڵات بەسەر سلێمانیداو كەمكردنەوەی

---

محەمەد بڕوای وایە مەحمود پاشای جاف هیچ پەیوەندییەكی بە لقی سلێمانی ئەم كۆمەڵەیەوە نەبووە. كەمال رەئوف محەمەد، جەمعیەتی ئیتیحادو تەرەقی عوسمانی ـ لقی سلێمانی، كوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارەكانی ١٤٨٦ لە ١٩٩٧/١٠/٣٠، ١٤٨٧ لە ١٩٩٧/١١/٢، ١٦٠٦ لە ١٩٩٨/٥/٥.

(٢٩٩) عبدالرحمن صالح البياتی، مصدر سابق، ص٤٩.

شێخ سەعیدی بەرزنجی لە ساڵی ١٩٠٩ لە شاری موسڵ خۆیو شێخ ئەحمەدی كوڕیو چەند كەسێكی تر بە پیلانی توركەكان كوژران. لە بارەی شێخ سەعیدو هاوڕێكانیو بیروڕا جیاوازەكان بڕوانە: رفیق حلمی، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٩-٤٤ ؛ عبدالمنعم الغلامي، الضحايا الثلاث، مطبعة الهدف، الموصل،١٩٥٥، ص٥-٦، ١٢-١٨ ؛ جەمیل رۆژبەیانی، شێخ مەحمودی حەفیدزادە، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨-٦١ ؛ د.عثمان علي، مصدر سابق، ص١٨٩-١٩٤، ٢٠٧-٢١٤ ؛ م.رسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و،ب١، ل١٤٩-١٦٥.

(٣٠٠) د.عثمان علي، مصدر سابق، ص١٨٩.

نفووزی ئیسلامو زانایانو شێخەکانی تەریقەت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی وەك هەنگاوێك بەرەو سەپاندنی عەلمانیەت. شێخ سەعید ژمارەیەکی زۆر نەیاری چ لە سنووری سلێمانیو چ لە ناوەندی شارەکەدا هەبوو. بەرژەوەندی نەیارانی شێخ لەگەڵ بەرژەوەندی ئیتیحادییەکان یەکیدەگرتەوە سەبارەت بە هەوڵ دان بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتی شێخ سەعید[٣٠١].

ئەم چەند رستەیە رەنگە بەشێك لە راستییان تێدا بێت، بەڵام ناشێت بەو رەهاییە مامەڵە لەگەڵ کەسایەتیی شێخ سەعید وەکو شێخێکی ئایینیو رێبەری تەریقەتی قادریدا بکرێت. لە راستی دووردەکەوینەوە، ئەگەر وەستانەوەی شێخ سەعید بەرووی ئیتیحادییەکان وەك یاخیبوونی شێخێکی تەریقەت لە بەرانبەر فیکری عەلمانیدا ببینین، چونکە کەمنەبوون ژمارەی ئەو کەسانەی لە سلێمانیو دەرەوەی سلێمانیدا، کە نە عەلمانیەتی ئیتیحادو تەرەقیو نەدەسەڵاتی شێخ سەعیدی رێبەری رۆحی تەریقەتی قادرییان قبوڵبوو، لەوانەیە شێخەکانی تاڵەبانیو رکابەرییان لەگەڵ شێخ سەعید نموونەیەکی ئەو راستیيە بێت. بۆیە وا پێدەچێت ترس لە پێگەی شەخسی شێخ لە رووی ئابووریو کۆمەڵایەتیو کەمکردنەوە لە هێزو دەسەڵاتی، دیارترین هۆکاری هەڵوێستی رووبەڕووبوونەوەی شێخ سەعید لەگەڵ ئیتیحادییەکان بووبێت، ئەگینا سیاسەتی پان ئیسلامیزمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو بەخشینی ئیمتیازو سامانو زەوی بە شێخی رێبەری تەریقەت جگە لە خزمەت بە شێخ خۆی چ خزمەتێکی بە کوردو بەرەو پێشبردنی جووڵانەوەی رزگاریی نەتەوەیی گەلی کورد نەکردووە تا لە بەرانبەر ئیتیحادییە عەلمانیەکاندا وەکو نەیارو دوژمن بوەستێتو هاوشانی عەبدولحەمیدیش وەکو خەلیفەی موسڵمانان هاندەری وروژاندنو ئامادەکردنی خەڵکی کورد بۆ غەزاو جیهاد بێت. بە پێی سەرنجی ئێمە رەنگە

(٣٠١) عبدالمنعم الغلامي، المصدر نفسه، ص٥-٦ ؛ د.عثمان علي، المصدر نفسه، ص١٨٧-١٨٨.وێڕای فەرمانبەرو سەرکردە سەربازییەکانی تورك، کە لە ریزی پێشەوەی نەیارانی شێخ سەعیددا بوون، بازرگانەکانی سلێمانی لە پلەی دووەمو دواتریش ئاغاو بەشێك لە شێخەکانی کورد رکابەری شێخی بەرزنجی بوون. د.عثمان علي، المصدر نفسه، ص١٨٨.

هـەردووكیان چ عەبدولحەمیـدی دووەمو چ ئیتیحادییـەكان چ لـە خۆنزیككردنـەوە لـە كـوردو سـەرۆك هـۆزو شـێخەكانی تەریقـەت چ لـە سـەركوتكردنیان هاوئامـانج بـووبن، ئەویش بریتی بووە لە كپكردنەوەی دەنگـی ئـازادیو نەهێشـتنی ئـەو زەمینـە خـۆییو بابەتییەی، كە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی كورد پێویستی پێبوو.

شێخ عەبدولقادری كوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریش، كە رێبـەرێكی گـەورەی تەریقەتی نەقشبەندی بووو لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی نۆزدەوە لەگـەڵ باوكیـدا دوورخرابۆوە بـۆ مەككـە، پـاش كودەتـای سـاڵی ١٩٠٨ گەڕایـەوە بـۆ ئەسـتانبوڵو لـە زۆربەی چالاكییە نەتەوەییەكانی كوردانی ئەو شارەدا بەشداریكردووەو رۆڵی بەرچـاوی بینیوە[٣٠٢]. لە پاییزی ساڵی ١٩٠٩دا شێخ عەبـدولقادر هەرچـەندە ئـەو كاتـە سـەرۆكی ئەنجومـەنی پیـاو مـاقوڵان (مەجلیسـی ئـەعیان)ی عوسمـانی بـوو، لـە شـەمزینان كۆنگرەیەكی كوردی ـ ئەرمەنی پێكهێنا. وتەكانی ئەو گوتـارەی كـە شـێخ عەبـدولقادر لـەو كۆنگرەیـەدا ئاراسـتەی ئامـادەبووانی كـرد، بـەلای فـەرمانڕەوایانی توركـەوە خۆشنەبوون "ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەرمەنەكان وەك دوو برا بژین، دەبێ ئەو زەوییانەیان بۆ بگەڕێنینـەوە، كـە خۆیـان بـە خـاوەنی دەزانـنو هێشـتا بۆیـان نەگەڕێندراوەتـەوە. پێویستە بۆ پتەوكردنی لەیەكدی گەیشتنی نێوان هاووڵاتیـانی عوسمـانی تێبكۆشـین". ئیتیحادییەكان بەرانبەر بەم قسانە هەرچەندە لەدەرەوەی ئەم زاراوانـەدا نـەبوون، كـە خۆیان بەكاریاندەهێنان خۆشحاڵییان نیشـانندەدا بـەبیانووی ئـەوەی شـێخ عەبـدولقادر لەگەڵ سەرۆك هۆزەكانو ئەو كەسانەش، كە لە سـنووری ئێرانـەوە هـاتوون گفتوگـۆی كردووە، بۆیە، كە گەڕایەوە بۆ ئەستانبوڵ گرتیان[٣٠٣].

كاریگەریو پێگەی كۆمەڵایەتی ـ ئایینیی شێخان لەنێو جەماوەردا وایكردبوو چ كۆمەڵەی ئیتیحادو تـەرەقی،چ وڵاتانی گەورەی دونیا هەوڵبدەن پشـتگیریی شـێخانی تەریقەتو پیاوانی ئایینیی دەستڕۆیشتوو بۆ خۆیان مسۆگەر بكەن، بۆیـە دەبیـنین لـە

---

(٣٠٢) برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٢٢٩؛ واسیلی نیكیتین، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٥.

(٣٠٣) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧؛ جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٦٣-٦٤.

بەرانبەر گەورەبوونی مەترسیی سەرۆك هۆزو شێخەکانو نزیکبوونەوەیان لە ئەرمەنو روسیا، سەرکردەکانی ئیتیحادو تەرەقی پەنایان بۆ هەمان ئەو دروشمانەی سوڵتان عەبدولحەمید بردەوە کە خۆیان لە سەرەتای شۆڕشدا رەتیانکردبوونەوە. عەلمانیانی ئیتیحادو تەرەقی بەمەبەستی دوورخستنەوەی کوردەکان لە ئەرمەنو روسەکان پەنایان بردە بەر سیاسەتی پان ئیسلامیزم. لە حوزیرانی ١٩١٠ دا والی ناوچەی وان شێخ محەممەد سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ناردە ئێران بەمەبەستی هاندانی ئەوانەی، کە پێشتر سەرۆکی فەوجەکانی حەمیدییە بوون تا بگەڕێنەوە بۆ سنووری دەوڵەتی عوسمانی. هەروەها حکومەت لە جێگەی سوارەی حەمیدییەی هەڵوەشاوە دامەزراوەیەکی سەربازی تری بەناوی فەوجی سووکی عەشیرەتی بۆ دامەزراندن. لە پاییزی هەمانساڵدا ژمارەیەك وەفد لە ئەستانبوڵەوە بەرەو کوردستان نێردران، ئەم ناردنی وەفدانە تا ئاستێکی زۆر یارمەتیدەر بوو بۆ وەستاندنی هاوکاریی کوردو ئەرمەن. لە کۆتایی هەمانساڵدا سێ پشکنەری سەر بە ئیتیحادو تەرەقی، کە هەر سێکیان بە پان ئیسلامیزمەوە پابەندبوون کەوتنە گەڕان بەنێو هۆزەکانی کورداو سەرۆك هۆزەکانیان بۆ شەڕی دژی روسیا هان دا[٣٠٤]. بەدرخانییەکانیش، کە لەگەڵ شێخ عەبدولقادر لە ناکۆکیدا بوون[٣٠٥]، هەوڵیاندا سوود لە نفووزی کۆمەڵایەتی شێخو

(٣٠٤) مك داول، هەمان سەرچاوە، ل١٩٠.

(٣٠٥) هەر یەك لە ئەمین عالی بەدرخانو شێخ عەبدولقادری شەمزینی رەنگە چاویان لەوە بووبێ ببنە سەرۆکی کوردەکانی بندەستی تورکیا. ئەمین بەردخان دەیگوت میرنشینی بۆتان لە کۆنەوە خاوەن نفووزو دەسەڵات بووە، هەرچی شەمزینانیشە لەشێخو سەیدی خاوەن دەروێش زیاتر هیچی تر نەبوون. لایەنگرانی شێخ عەبدولقادریش ئەوەیان بڵاودەکردەوە، کە میرنیشینیی بۆتان هەر ئەوەی لەدەستهاتووە سەرکردەی سەربازی نەك حوکمدار دروستبکات، هەردوولایشیان لەلای کاربەدەستانی تورك بوختانو قسەی ناڕاستیان دژی یەکتر دەکرد. م. س. لازارێڤ،کێشەی کورد ١٨٩٦-١٩١٧،و: د. کاوس قەفتان، ب١، مطبعة الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩، ل٢٢٦. ناکۆکی نێوان ئەم دوو بنەماڵەیە لەو رۆژگارەدا زیانی قورسی بە مەسەلەی یەکێتیو یەکڕیزیی کوردو هێنانەدیی مافەکانی گەیاند، ناکۆکییەك کە ناشێت لە دەرەوەی روانینو بیرکردنەوەی هەر یەك لە سەرکردەکانی ئەم دوو بنەماڵەیە وەکو دوو ئاراستەی فیکری عەلمانیو ئایینی بەڕاستی لێکبدرێتەوە.

سەرۆکە نارازییەکانی دژی ئیتیحادو تەرەقی وەربگرن. لەدەوروبەری کۆتایی ۱۹۱۱دا بەدرخانییەکانی دانیشتووی بۆتان شەپۆلی بێزاری دژی ئیتیحادو تەرەقیان لەناو سەرۆك هۆزو شێخەکاندا تا ناوچەی دەسەڵاتو نفووزی شێخەکانی بەتلیس سەرپەرشتی دەکرد[(٣٠٦)]، لە ساڵی ۱۹۱۲یشدا لە هەوڵدانێك بە مەبەستی ئامادەکردنی کوردەکان بۆ بەشداریکردن لە جەنگی بالکان، حکومەت کۆنگرەیەکی بۆ شێخانو زانایانی ئایینی کوردستانو سەرۆکەکانی فەوجەکانی حەمیدییە بەست، بەڵام کۆنگرەکە بەبێ پێشکەشکردنی هیچ هاوکارییەکی کورد کۆتاییهات[(٣٠٧)].

حزبی حورییەتو ئیئتیلافیش دوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرتەدەست لەسەر سیاسەتی پان ئیسلامیزم بەردەوام بوونو هەوڵیان دا لە پەنای ئەم سیاسەتەوە کوردەکان زیاتر بەلای خۆیاندا رابکێشن. لە ئابی ۱۹۱۲دا شێخ عەبدولقادری شەمزینیو مەلا سەعیدی نەورەسی[(٣٠٨)] وەك نێردراوی حکومەت گەشتێکیان بە کوردستاندا کردو لە هەوڵی ئەوەدا بوون سیاسەتی تورك بە پێی بیروباوەڕی

(٣٠٦) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨.

(٣٠٧) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص٢٥٣.

(٣٠٨) مەلا سەعید یان شێخ سەعید نەورەسی (نورچی) (١٨٧٣–١٩٦٠) کوڕی میرزا کوڕی نوری یە، لە گوندی نەورەسی قەزای هیزان لە هەرێمی بەتلیسی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە دایكو باوکێکی کورد هاتۆتە دونیاوە. بە هۆی زیرەکیو لێهاتوییەوە بە (بدیع الزمان) ناوبانگی دەرکردووە. لایەنگرانو پەیڕەوانی بە نەورەسییەکان یان نورچییەکان (نورچیلر)، رێبازەکەیشی بە نەورەسی (نورچی) =

= ناسراون. نەورەسییەکان زیاتر لە گرووپێکی ئایینی ئیسلامی نزیك بە تەریقەتی سۆفیزم دەچن تا بزووتنەوەیەکی رێکخراو.

بۆ زیاتر بڕوانە:

http://Saaid.net/feraq/mthahb/28.htm ; http://www.alwihdah.com ; http://www.alkaskf.net ;

Hakan Özoğlu, Kurdish Notables and the ottoman state University of New Yourk press, Albany, 2004, PP.113-115 ;

هەژار باکوزی، سەعیدێ کورد (بدیع الزمان)، "مەتین" گۆڤار، دهۆك، ژمارە (٨٥)، شوباتی ١٩٩٩، ل٢٦.

هەوڵنامەی کتێب

ئیسلامەتی بۆ کوردەکان روونبکەنەوە[٣٠٩]. پێویستە ئاگاداری ئەوە هەبین، کە بەشێکی زۆر لە شێخو بەگە کوردەکانی بندەستی تورکیا سوێندیان خواردبوو گوێڕایەڵی شێخ عەبدولقادری شەمزینی بنو دوای بکەون[٣١٠].

شێخ تەهای شەمزینیش[٣١١] یەکێکی تر بوو لە شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی، کە لە ململانێی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانی ئەو رۆژگارە لە ناوچەکەدا هەر یەك لە تورکیاو ئێرانو روسیا هەوڵیاندەدا سوود لە قورسایيو نفووزی کۆمەڵایەتيو ئایینیی وەك کەسایەتییەکی ئایینی ـ کۆمەڵایەتی وەربگرن، بۆیە رەنگە سەیر نەبێت، ئەگەر ببینین لەو لیژنە دوو قۆڵییە کوردی ـ ئێرانییەی لە مایسی ١٩١٣دا دژی دەسەڵاتی روسیا لە کوردستانی بندەستی ئێراندا پێکهات، جگە لە موعەززەم ئەلدەولەی موتەسەریفی ورمێو ژمارەیەك لە مووچە خۆرە گەورەکان، ژمارەیەکی زۆریش مەلاو سەیدو خانەکانی کوردی تێدابوو[٣١٢]. واتە قورسایی پێگەی رۆحيو کۆمەڵایەتیی پیاوانی دینو تەریقەت هەمیشە وەك فاکتەرێکی پڕ بایەخی یەکلاییکردنەوەی ململانێ ناوچەيیو نێودەوڵەتیەکان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا لەلایەن حکومەتو دەسەڵاتدارە سیاسییە جیاوازەکان بە وردی لەبەر چاوگیراوە. بێگومان هەر ئەم پێگە رۆحانییەیە وادەکات دەسەڵاتی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی (قائمقام) لە ناوچەیەکی وەکو شەمزینیان لە ئاستی نەبووندا بێت، چونکە خاوەنی دەسەڵاتی راستەقینە کوڕو نەوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی بوون[٣١٣]. واتە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٠٨–١٩١٤ شێخانی تەریقەتو زانایانی ئایینی رەنگە بیانتوانیبا رۆڵێکی گەورەتر لە سیاسەتی ناوچەکەو گۆڕینی ئاراستەکانی ئەو

---

(٣٠٩) د. عثمان علي، المصدر نفسه، ص٢٦٠ ؛ لازارێڤ، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٢١.

(٣١٠) لازارێڤ، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٢٤٥.

(٣١١) شێخ تەها کوڕی شێخ محەممەد سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینییە.

(٣١٢) هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٥٠٥.

(٣١٣) هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٣٣٢.

سیاسەتەدا ببینن، ئەگەر تەریقەتیان بە ئاقاری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد لە سیاسەتدا بەرجەستە بکردباو تەریقەت لە سیمبولێکی رۆحییەوە بکرابایە ئامرازی یەکێتیو یەکخستنی سیاسیو کۆمەڵایەتیی گرووپە کۆمەڵایەتییە خێڵەکییەکانی کورد. بەڵام نە هەر ئەمەیان پێنەکرا، بەڵکو لە زۆر کاتدا پێچەوانەی ئەم بۆچوونە لە جیاتی یەکخستن کۆمەڵی کوردیان جارێکی ترو بەگوێرەی ناکۆکییە نێو خۆییەکانیان زیاتر پارچە پارچە کرد. بۆ نموونە سەرەتای ساڵی ١٩١١ ناکۆکی توند کەوتە نێوان شێخ عەبدولقادری شەمزینیو شێخ تەهای برازای، کە دوو جەمسەری گەورەی رۆحانی تەریقەتی نەقشبەندیو خاوەن نفووزی کۆمەڵایەتی گەورەی جەماوەریش بوون[٣١٤].

هەر لە بواری هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لە نفووزی شێخان، عەبدولڕەزاق بەدرخان وەك تێکۆشەرو روناکبیرێکی کورد هەولیدا سەرنجی شێخەکانی باشووری کوردستان بەلای خۆیدا رابکێشێت. بە پشت بەستن بە راپۆرتی کۆنسوڵی ئینگلیز لە وان لە ساڵی ١٩١٣دا کۆنگرەیەك بۆ شێخەکانو زانایانی ئایینی ئیسلام لە کوردستان بە مەبەستی گفتوگۆکردن لە بارەی پشتگیری لە هەوڵەکانی عەبدولڕەزاق بەدرخان بەسترا. باشقەلا، کە شارۆچکەیەکی نزیك وان بوو سەرکردایەتیی رزگار کردنی لە ئەستۆی ئەو هێزانەدا بوو، کە شێخ تەهای شەمزینی سەرپەرشتی دەکردن[٣١٥]. جگە لە عەبدولڕەزاق بەدرخان، شێخ تەهای شەمزینی دیارترین کەسایەتیی کوردی ئەو رۆژگارە بوو، کە دەیویست بە پشتگیری روسیا مافەکانی کورد بێنێتە دی، لە ئەنجامی ئەمەشدا لە ئەستانبوڵ بێزاری لە زیادبوونی ژمارەی ئەو کوردانەی لە بەرانبەر هەڵوێستی روسیا دەربارەی کورد بیرو رایان باشبوو زیادیکرد[٣١٦].

---

(٣١٤) لە بارەی ناکۆکی نێوان شێخ عەبدولقادری شەمزینیو شێخ تەهاو دابەشبوونی خێڵەکانی کورد بەسەر ئەم ناکۆکییەنو دەست تێخستنی تورکەکان، بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ب١، ل٢٨٧.

(315) F.O. 195? 2449/45 British Vice Consul Van, No.12, May 8, 1913.

لە: د. عثمان علي، مصدر سابق، ص٢٥٤.

(٣١٦) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

سەعیدی کوردیش، کە بە مەلا سەعیدی نەورەسی دەناسرا ڕۆڵێکی گرنگی لە بەگژداچوونەوەی بیرۆکەی ڕەگەزپەرستی ئیتیحادو تەرەقیدا هەبوو. نەورەسی بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامی وەك چوارچێوەیەکی فیکری بۆ عوسمانیزم خستەڕووو لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەوەی ئیتیحادییەکان لە بیرۆکەی نەتەوەیی و نەژادی دەیخەنەڕوو پشت بە بنەڕەتێکی ئیسلامی نابەستێو پێچەوانەی بنەماکانی زانستیشە، چونکە زانست ناڕاستیو خورافەی بوونی ڕەگەز یان خوێنی پاکی دەرخستووە[٣١٧].

کاتێك کە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لە ساڵی ١٩٠٨ دا کودەتایان بەسەر عەبدولحەمیددا کردو دروشمی (یەکێتی ـ ئازادی ـ چاکسازی)یان بەرز کردبۆوە تا لە پشتییەوە سیاسەتی شۆڤینیانەیان نە تەنها دژی ئیسلامو موسڵمانان، بەڵکو دژی گەلانی نا تورکی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیش بشارنەوە، شێخ سەعید نەورەسی لە نێو کۆمەڵەی یەکێتی محەممەدی (الإتحاد المحمدي) دا هەمان دروشمی ئیتیحادییەکانی لە بەرگێکی ئیسلامیدا بەرز کردەوە[٣١٨]. نەورەسی دژی سیاسەتی ئیتیحادو تەرەقی دەجووڵایەوەو تێدەکۆشا بۆ دامەزراندنی زانکۆیەکی ئیسلامی لە کوردستان بۆ خزمەتی موسڵمانان لە شێوەی زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە[٣١٩].

نەورەسی ساڵی ١٨٩٦ چەند پێشنیارێکی بە مەبەستی ئەنجامدانی ریفۆرمی ئیسلامی، کە تێیدا جەختی لەسەر ناوچەکانی کوردستان کردبۆوە، پێشکەش بە دەوڵەت کرد، بەمەش جۆرە لە بەدگومانییەکی لەلای سوڵتان عەبدولحەمید سەبارەت بە خۆی دروستکرد بوو، واش پێدەچێت نەورەسی بەم کارەی ویتسبێتی هەستو مەیلی شوناسی ئیسلامییانە بەهێز بکا، نەك مەیلی جیابوونەوەو سەربەخۆییخوازی. نەورەسی جەختی لەسەر کادیری خوێندەواری کورد زمان دەکرد بە ئامانجی گۆڕینی

---

(٣١٧) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص١٤٩–١٥٠.

(318) http://Saaid. Net/feraq/mthahb/28.htm.

(319) http://www.Annour Magazine.htm ;

سەعیدی نورسی، باوەڕنامەیا من ژ هەردوو مەدرەسەێین بەلایی، بەرهەڤکرنو وەرگێڕان: تەحسین دۆسکی، چ١، دەزگەها سپیریز یا چاپو وەشانێ، دهۆك، ٢٠٠٥، ل٢١–٢٢.

ئەنـدامانی خێـڵ‌و هۆزەکـان بـۆ هـاووڵاتی عوسمـانی، واتـە نەورەسـیش وەك شـێخ عەبـدولقادر بـۆ یەکپارچـەیی خـاکی عوسمـانی وەفـادار بـووە(٣٢٠). دوو سـاڵ دوای تێپەڕبوونی کودەتای ئیتیحادو تەرەقی‌و لە پاییزی ساڵی ١٩١٠دا نەورەسـی لـە کـاتی تێپـەڕبوونی بـە شـاری دیاربـەکردا لـە گوتارێکـدا بـۆ خـەڵکی ناوچـەکە گوتبـووی: "کوردستان هی کـوردو ئەرمەنـەو هـی تـورك نییـە"(٣٢١). رەنگـە مـك داول راسـتی بـۆ چووبێ، چونکە نەورەسی هـەرگیز نـەبوو بـە کـوردێکی جوداییخـواز، خـەباتی ئـەو لـە پێناوی ریفۆرم لە ناوچە کورد نشینەکان‌و باشکردنی ژیانی خێڵە کوردەکان بوو بەپێی چەمکەکانی ئایین‌و تێگەیشتنێکی ئیسـلامییانە، نـەك خـەبات‌و تێکۆشـانی نەتـەوەیی. لەوانەیە هەڵبژاردنی ناوی (محەممەد)یش بۆ ناولێنانی کۆمەڵەی "یەکێتی محەممەدی" کەنەورەسی ئەندامێکی کاراو دیـاری بـوو، هـەر لـەو پاشـخانە ئایینییـەوە سەرچـاوەی گرتبـێ، بـە ئامـانجی سـوود وەرگـرتن لـە پـیرۆزی‌و خۆشەویسـتی نـاوی پێغەمبـەری ئیسلام‌و گرێدانەوەی رۆحی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسـیی موسـڵمانان لـە چوارچـێوەی ئـەو سـیمبولە ئایینییـە گـەورەو پـیرۆزەدا، بـە مەبەسـتی وەسـتانەوە بـەڕووی کۆمەڵـەی ئیتیحـادو تەرەقیـدا، چـونکە نەورەسـی هێنـدەی هـەڵگری فیکـرو پـەیامێکی ئـایینی ئیسـلامی بـوو، هێنـدە لـە بازنـەی فیکـری نەتـەوەیی‌و کولتـووری نەتەوەییـدا بـیری نەدەکردەوە، نەورەسی دەڵێت: "ئەگەر هەزار رۆحم هەبوایە بـەبێ دوودڵـی دەمکـردە قوربانی تەنها یەك حەقیقەت لە حەقیقەتەکانی ئیسلام...من دان بە هیچ شتێکدا نـانێم جگە لە میللەتی ئیسلام"(٣٢٢). بێگومان ئەم قسانە بە مانای ئەوە نـین، کـە نەورەسـی کەسایەتییەکی تەواو ئایینی‌و خاڵی لـە خۆشەویسـتی بۆ مەسـەلەی نەتـەوەیی بـووە،

---

(٣٢٠) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠-١٨١.

(٣٢١) هەمان سەرچاوە، ل١٨٨.

(322) http://Saaid. Net/feraq/mthahb/28.htm.

چونکە ئەو شانبەشانی ئایینی ئیسلام، مەسەلەی میللی بەیەکێك لە بنەما گرنگەکان دەزانی، کە پێیوابوو دەبێ پارێزگارییان لێبکرێت.[٣٢٣]

لەوانەیە لە راستی دوورنەکەوینەوە، ئەگەر بڵێین تەواوی رووداوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٠٨–١٩١٤ رەنگە سەرانی ئیتیحادو تەرەقی هێندە نیگەران نەکردبا، ئەگەر شێخەکانی بارزان و شێخەکانی بەتلیس بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان راپەرینیان دژی دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقی دەست پێنەکردبا.

لە بەهاری ساڵی ١٩١٣ەوە هەوڵدان بۆ یەکخستنی ریزی نەتەوە پەروەرانی کورد سەبارەت بە تورکەکان جێگەی مەترسی بوو. حوسێن بەدرخان و عەبدولڕەزاق بەدرخانی ئامۆزای دژی ئیتیحادو تەرەقی بە توندی لە کارو چالاکیدا بوون، ئەمانە هەوڵیاندەدا سەرۆکە ناوخۆییەکانی، وەك: شێخ عەبدولسەلامی بارزان، شێخ تەهای نەهری و تەنانەت مار شەمعونی رێبەری رۆحی ئاسووریەکان و رێبەرانی ئێزدیش لەم کارەدا بەشدار بکەن[٣٢٤]. هەروەها شێخ مەحمودی بەرزنجی پەیوەندی لەگەڵ بەدرخانییەکاندا دامەزراندو هەر لەو ساڵەدا هەوڵی دا لەگەڵ کامیل بەگو حوسێن بەدرخاندا بۆ خەبات لە پێناوی رزگاریی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی فیدراڵی رێکبکەوێت[٣٢٥]. بەتلیسیش بەهۆی بوونی شێخەکانی (خێزان)ەوە ناوچەیەکی نائارام بوو بۆ تورکەکان. کاتێك عەبدولڕەزاق بەدرخان کانوونی یەکەمی ١٩١١ بۆ یەکەمجار ئەو شێخانەی بینی، دەوڵەت بە مەبەستی رێگرتن لە راپەڕین، کەوتە ناردنی کەلوپەل و دابینکردنی پێداویستییەکانی ناوچەکە. سەبارەت بە شێخ تەهای شەمزینیش دەوڵەت سیاسەتی نانەوەی دووبەرەکی گرتەبەر، لە کۆتایی ساڵی ١٩١٢ دا دەوڵەت شێخ عەبدولقادری شەمزینی بەخشی، عەبدولقادر بە توندی کەوتە لە کەدار

(٣٢٣) بڕوانە: د. عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية. ملاحظات تأريخية ودراسات أولية، ط١، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠١، ص٥٩٤–٥٩٥.

(٣٢٤) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

(٣٢٥) لازارێڤ، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٣٣؛ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی، ل٤٣.

کردنی شێخ تەهای برازای‌و بۆ ئەم مەبەستەش هیچ دەرفەتێکی لە دەست خۆی نەدا. لێرەوە بەدرخانییەکان تەنیا کەسانێك بوون وەك هەڕەشە لە سەر دەسەڵاتی تورکەکان مابوونەوە. بەڵام دوای کوژرانی حوسێن بەدرخان لە ساڵی ١٩١٣ دا مەسەلەکە تەواو بێ ناوەڕۆك مایەوە، چونکە حوسێن داینەمۆی سەرەکیی یەکخستنی خەباتی ناڕازیانی دژی دەوڵەتی عوسمانی بوو، رەنگە هەر ئەوەش وایکردبێ، کە راپەڕینێکی یەکدەست دژی ئەستانبوڵ بەرپا نەبوو، بەڵکو لە جیاتی ئەوە دوو راپەڕینی جیاواز، کە هەردووکیان بنەمای ئایینییان هەبوو دژی تورکەکان روویان دا، ئەوانیش بریتیبوون لە راپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی بارزان‌و راپەڕینی مەلا سەلیم‌و شێخ شەهابەددین شێخانی خێزان لە بەتلیس(٣٢٦).

هەواڵنامەی کتێب

## باسی دووەم

## ڕاپەڕینەکانی کورد لە رۆژگاری دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقی

## و

## پەیوەندییان بە سۆفیزمەوە

لەم باسەدا هەوڵدەدەین ئاماژەیەکی کورت بەو راپەڕینانە بکەین، کە رێبەرانی تەریقەتەکانی سۆفیزم‌و پیاوانی ئایینی لە رۆژگاری دەسەڵاتی ئیتیحادو

(٣٢٦) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠-١٩١.

تەرەقیو دژی سیاسەتی ئەوان بەرپایانکرد. دیارترینی ئەو راپەڕینانەش بریتیبوون لە راپەڕینەکەی شێخ عەبدولسەلامی بارزانو راپەڕینەکەی ناوچەی بەتلیس بە ڕێبەرایەتی مەلا سەلیمو شێخ شەهابەددین.

## یەکەم
## ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی بارزان
## لە پەیوەندی بە سۆفیزمەوە

پێویستە ئاگاداری ئەوە هەبین کە ئایینی ئیسلام گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی گەورەی لە نێو خێڵە عەرەبەکانی سەردەمی جاهلیدا هێنایە کایەوەو پێبەندی خوێنی (رابطة الدم) تا رادەیێکی زۆر بە پێبەندی ئایینی گۆڕی. موسڵمانان دەبوو پێبەندی خێڵایەتی لەبیر بکەنو پەیوەندیەکانیان لەسەر بنچینەی هاوئایینی ڕێکبخەنەوە. ڕەنگە ئەم بۆچوونە سەبارەت بەو پێکهاتەیەی، کە پێیدەگووترێت عەشیرەتی بارزان جۆرە لە راستییەکی تێدا بێت، چونکە بارزان لە بنچینەدا عەشیرەت نەبوو، بەڵکو لە ناوەندی ئیرشادو شێخی تەریقەتی سۆفیزمی نەقشبەندییەوە بوون بە سەرۆکی عەشیرەتو لە سەرۆك عەشیرەتیشەوە بوون بە ڕێبەری جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد(٣٢٧). شێخانی بارزان هەوڵیان داو توانیشیان خۆشەویستی ئەندامانی دەرەوەی

هەوالنامەی کتێب

---

(٣٢٧) د. کاوس قفطان، الإنتفاضات البارزانية. صفحات من الحركة القومية التحررية الكردية في النصف الأول من القرن العشرين، مطبعة سركوتن، السليمانية، ٢٠٠٢، ص١٣-١٤؛ ممخان شيرواني، البارزانيون من مشيخة الطريقة.. إلى زعامة العشيرة... إلى قيادة الأكراد، لە:
http://www.kitabat.com/i16469.htm
ناوی عەشیرەتی بارزان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی بارزان ناوەندی ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندی بارزانییەکان. شێخەکانی بارزان دەگەڕێنەوە بۆ زنجیرەی میرەکانی ئامێدی. لەسەردەمی شێخ تاج = = الدین، کە زانایەکی ئایینی بوو ژمارەیەکی زۆر مرید لە دەوری کۆبوونەوەو خانەقای بارزانی دامەزراند. لە ڕۆژگاری شێخ محەممەد کوڕی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم خانەقای بارزان ببوو بە پەناگەیەك بۆ زۆرلێکراوان لە هۆزەکانی دراوسێیان. دوای مردنی لە ساڵی ١٩٠٣ پێنج کوڕی جێهێشت: شێخ عەبدولسەلام، شێخ ئەحمەد، شێخ محەممەد سدديق، شێخ بابو، مەلا مستەفا. مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية- إنتفاضة بارزان الأولى ١٩٣١-١٩٣٢، كردستان، ١٩٨٦، ص١٦-١٧.

هۆزایەتی کەرەعیەتی سەرۆك هۆزەکان بوون بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. لێرەوە هۆزی بارزان، کە لە واقیعدا هۆز نەبوو شێوەو پێکهاتەی هۆزیوەرگرت، چونکە وێڕای ئەندامانی خودی بنەماڵەی بارزان، پەیڕەوانو ئەندامەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو جووتیارە هەژارانە بوون، کە لە هۆزەکانی زێباری، شێروانی، مزوری، دۆڵەمەڕیو...هتد پەنایان بۆ بردبوون. رایەڵی پەیوەندی نێوان تاکەکانی هۆزو شێخەکانی بارزان پەیوەندی خزمایەتی نەبوو، بەڵکو پەیوەندییان لەسەر بنەمای رۆحانیو ئابووری (زەوی) رێکخرابوو. شێخانی بارزان توانییان بنەمایەکی هاوبەش بۆ ئەندامانی خێڵە جیاجیاکان دابنێنو بەیەکدیانەوە گرێبدەن[٣٢٨]. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا ژمارەیەکی زۆر لە جووتیارانی دەرەوەی هۆزەکان کە لە ستەمو زەبری هۆزەکانی دراوسێیان (دراوسێی بارزانییەکان) رایانکردبوو لە دەوری خۆیان کۆکردەوەو هۆزێکیان پێکهێنا[٣٢٩]. پرۆسەی دروستکردنی هۆزی بارزان بریتیبوو لە کردنی خەڵکی دەرەوەی هۆز بەهۆز. ئەوەش، کە فاکتەری سەرەکی دروستکردنو پتەوکردنی هاوکاری بە کۆمەڵی نێوان ئەندامانی کۆکراوە لە نێو هۆزی بارزاندا بوو بریتیبوو لە تەریقەت. واتە بارزان جۆرە یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی نێوان هۆزەکانی دەوروبەری بوو، کە هەواداری (ولاء) و ئینتیمای رۆحییان بۆ ناوەندی ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندیی بارزان هەبوو. ئەم هۆزانە وردە وردە ئینتیمای هۆزایەتییان بەرەو کاڵبوونەوە چووەو ئینتیما بۆ بارزان جێگەی گرتۆتەوە. ئەندامانی ئەم هۆزانە گۆڕان بە سۆفیو بوون بە پەیڕەوانی شێخ. واتە ئەگەر لە رووی هۆزایەتیش

---

لە بارەی بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر ناوی بارزان، بڕوانە: معروف جیاووك، مأساة بارزان المظلومة، المطبعة العربیة، بغداد، ١٩٥٤، ص٥٢ ؛ حەسەن ئەرفەع، کوردەکان–لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيو سیاسی، و: سەردار محەممەد، چ١، دەزگای چاپو بەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٧٠ ؛ http://www.kitabat.com/i16469.htm.

(٣٢٨) د. کاوس قفطان، مصدر سابق، ص١٣–١٤؛ مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧؛ أمین سامي الغمراوي، قصة الأكراد في شمال العراق، ط١، دار النهضة، القاهرة، ١٩٦٧، ص١٩٤–١٩٥، ٢٠١.

(٣٢٩) مك داول، هەمان سەرچاوە، ل٦٢.

سەربەهۆزەکانیان بووبن، ئەوا لە رووی ئینتیمای عەقیدەییو سۆفیگەرییەوە سەر بە بارزان بوون[٣٣٠]. بەم جۆرە بارزان لە گوندێکی بچووکەوە گۆڕا بۆ ناوەندێکی کۆمەڵایەتی کۆکردنەوەو بەیەکەوە گرێدانی ئەندامانی هۆزی جیاجیا لەسەر بنچینەی رۆحیو سۆفیزمی نەقشبەندی، بارزان بووە سەنتەری دروستکردنی ئینتیمایەکی گەورەتر لە ئینتیمای خێڵ کە بریتیبوو لە ئینتیما بۆ ناوەندی رۆحانیی تەریقەت.

بارزانییەکان شێخی ئیرشادی تەریقەتی نەقشبەندی بوون لە بارزان. ئەوانە زانیاری ئایینیو تەریقەتیان لە شێخەکانی نەهری وەرگرتووەو خانەقای بارزان سەر بە خانەقای نەهری بووە[٣٣١]. دوای شکستی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریو دورخستنەوەی خۆیو کوڕەکانی بۆ حیجاز، خانەقای بارزان دەرفەتی گەورەبوونو ئازادی زیاتری لەبەردەمدا کراوەتەوە[٣٣٢].

شێخ عەبدولسەلام نەوەی ئەو بنەماڵەیەو کوڕی شێخ محەممەدی کوڕی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم بوو، شێخ محەممەدی باوکی لەگەڵ شێخەکانی نەهریدا لە

---

(٣٣٠) محمد البريفكاني، حقائق تاريخية عن القضية البارزانية، مطبعة شركة الطبع والنشر الأهلية المحدودة، بغداد، ١٩٥٣، ص٥-٦؛ د. كاوس قفطان، مصدر سابق، ص١٤.

(٣٣١) صديق الدملوجي دەڵێت: شێخ خالیدی نەقشبەندی لە کاتی تێپەڕبوونی بە بارزانو لە رێگەی بەرەو نەهریدا، تەریقەتی داوەتە (شێخ تاج الدين) باپیرەی ئەو بنەماڵەیەو کردوویەتی بە خەلیفەی خۆی. لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی یەکەمدا ئەم تەریقەتە لە بنچینە رەسەنەکانی خۆی دوورکەوتۆتەوەو گەندەڵی تێکەوتووە. هۆکاری ئەمەش بەبڕوای الدملوجي نەزانیو نەفامی خەڵکەکەی بووە، هەروەها لە ناوچەیەکی شاخاوی سەختو دوورەپەرێزدا ژیاونو کوێرانە دڵسۆزی شێخەکانیان بوونو تا ئاستی پەرستن گەورەیان کردوون. صديق الدملوجي، إمارة بهدينان الكردية أو العمادية، تقديم مراجعة: د. عبد الفتاح علي بوتاني، ط٢، مطبعة وزارة التربية، دار ئاراس، أربيل، ١٩٩٩، ص٥٩.

(٣٣٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن. دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٩-١٩٨٣، چ٢، ب. ج، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٣٧.

رۆژگاری شێخ محەممەد سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ناکۆکی هەبوو[٣٣٣]. سەرەنجام توانیویەتی شەمزینانی (نەهرییەکان)و زێبارییەکانیش ناچار بکات گوندەکانی لای چەپی زێی ژووروو (الزاب الأعلی) جێبهێڵن. بەمەش شێخایەتی بارزان گۆڕاوە بۆ شێوازێك لە میرنشینایەتی کە گوندەکانی زێباریو شێروانیو مزورییەکانی لە خۆگرتبوو[٣٣٤].

شێخ عەبدولسەلامی دووەم لە سەر ڕێچکەی باوکی ڕۆیشتو بوو بە چاکسازێکی ئایینیو سەرکردەیەکی نیشتمانی. قورسایی زیاتری بە ناوەندی شێخایەتی بارزان داو چالاکتری کرد لە ڕێگەی: نەهێشتنی موڵکایەتیو دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا، ڕەتکردنەوەی مارەییو بە زۆر بە شوودانی کچ، ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنچینەی یەکسانیو دادپەروەری، دروستکردنی مزگەوت بۆ ئەنجامدانی ئەرکە ئایینییەکانو کردنی بە ناوەندێك بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیو ئایینیو سیاسی، لە سەرانسەری بادیناندا زانای ئایینی لە سەنتەری دینی بارزان نزیککردەوە. شێخ عەبدولسەلام ئەو زانا ئایینیانەی خەڵات دەکردو لە کاروباری شێخایەتیدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسیو زانستی پرسو ڕای پێدەکردن[٣٣٥]. بەگوتەی مەسعود بارزانی دوای ئەوەی هۆزەکانی شێروانی،

---

(٣٣٣) بە گوتەی نیکیتین، شێخ محەممەد سدیقی نەهری بەمردنی شێخ محەممەدی باوکی عەبدولسەلامی دووەم خۆشحاڵبووەو ئیرەیی بە دەرکەوتنو گەورەبوونی نفووزی شێخ عەبدولسەلامی دووەم بردووەو چەند جارێکیش پیلانی لە دژی گێڕاوە، بەڵام لە ڕۆژگاری شێخ تەهای دووەمی کوڕی شێخ محەممەد سدیقدا پەیوەندییەکانی نێوان بارزانو نەهری ئاسایی بۆتەوە. ف. نیکیتین، بنەماڵەی بارزانی. لە: د. کاوس قەفتان، وتاری مێژوویی، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٤٩– ٥٠ ؛ پی ڕەش، مصدر سابق، ص٩٣– ٩٤.

(٤٣٣) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص٢٣٥.

(٣٣٥) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص١٨ ؛ د. عثمان علي، مصدر سابق، ص٢٣٥ ؛ نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل٤٠. د. عوسمان عەلی، لە خستنە ڕووی ئەم زانیارییانەدا پشتی بە هەریەك لە: صديق الدملوجي، إمارة بهدينان و، پی ڕەش، بارزان وحركة الوعي القومي=

دۆڵەمەڕی، مزوری، بەرۆژی، نزاری، گەردیو هەرکی ڕەزامەندی خۆیان لەسەر ئەم چاکسازییانە نیشانداو سەرکردایەتیی شێخ عەبدولسەلامیان قبوڵکرد، لەوکاتەوە زاراوەی بارزانی بەسەر ئەم هۆزانەدا دابڕاوە[٣٣٦]، هەرچی دەمەلۆجیشە بڕوای وایە بارزانییەکان لە ڕێی زەبرو هێزەوە بەشێك لە عەشیرەتە کوردەکانی بادینانیان ملکەچکردووەو بەشێکی تریشیان وەك زێباری، مزوری، شێروانی لەبەر ئەوەی بانگەشەی بارزانییەکان بە ناوی ئایینەوە بووە، کوێرانە دوایان کەوتوونو ملکەچیان بوون[٣٣٧].

هەرچۆنێك بێت بارزان لە ناوەوەی کوردستاندا ببووە ناوەندێکی گرنگی چالاکترکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردو، لە دەرەوەشدا کەوتبووە بەر هێرشو پەلاماری تورکەکان. ئەو بڵاوکراوەو بەیاننامانەی لەلایەن ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییانەی لەدوای ساڵی ١٩٠٨ەوە لە ئەستانبوڵ دامەزرێندرابوونو دەنێردران بۆ بادینان جگە لەوانەی دەگەیشتنە ناوەندە ئایینییەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم بەتایبەت خانەقای بارزان کە بەگەرمی پێشوازی دەکرانو دەخوێندرانەوەو تێیاندەگەیشتن، لە دەرەوەی ئەو ناوەندانەدا کەم کەس هەبوو بیانخوێنێتەوەو تێیانبگات[٣٣٨].

---

=الکردي بەستووەو لاپەڕەکانیشی دەست نیشانکردوون. بەڵام دوای گەڕانەوەمان بۆ ئەم دوو سەرچاوەیە زانیاری لەم جۆرەمان بەرچاو نەکەوت.

مسعود بارزانیو نەوشیروانیش لە خستنە ڕووی زانیارییەکانیاندا سەبارەت بەم چاکسازییانەی شێخ عەبدولسەلام دیار نییە پشتیان بە چ بەڵگەنامە یان سەرچاوەیەك بەستووە. لە نووسینی ئەکادیمیدا زانیارییەکی لەم جۆرە بۆ سەلماندنی ڕاستییەکەی پێویستی زۆری بە بەڵگەنامە یان سەرچاوەی ڕەسەن هەیە، بۆیە ئەم زانیارییانە تا سەلماندنی تەواوی ڕاستییەکانی لە گومان بەدەرنین.

(٣٣٦) مسعود البارزاني، المصدر نفسه، ص١٨.

(٣٣٧) صديق الدملوجي، مصدر سابق، ص٨٦.

(٣٣٨) المصدر نفسه، ص٨٥.

چالاکیی سیاسیی شێخ عەبدولسەلامی دووەم وەك داكۆكیكەرێك لە مافە سیاسیو کولتوورییەکانی کورد لەو کاتەوە دەستیپێکردووە، کاتێك ئامادەی کۆبوونەوەیەکی شێخەکانی کورد بوو لە ماڵی شێخ محەممەد بریفکانی رێبەری تەکیەی تەریقەتی قادری لە گوندی بریفکانو، ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵەکانی کوردیش ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. شێخ عەبدولسەلام لە پشتی دارشتنی ئەو بروسکە مێژووییەوە بوو، کە لەم کۆبوونەوەیەوە ئاراستەی بابیعالی لە ئەستانبوڵ کرا. ناوەڕۆکی بروسکەکە کە تایبەتکراوە بە پێنج قەزای بادینان ژمارەیەك داواکاری نەتەوەییو ئایینی لەخۆگرتووەو بریتین لە:

١. زمانی کوردی بکرێتە زمانی رەسمی لە قەزاکانی دهۆك، ئاکرێ، ئامێدی، زاخۆ، زێبار.

٢. خوێندن بە زمانی کوردی بێت.

٣. دامەرزاندنی قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەکانو فەرمانبەرانی تر لە خەڵکی کورد زمان.

٤. خەرجکردنی ئەو برە باجەی کۆدەکرێتەوە بۆ چاککردنو پاراستنی رێگاوبانەکانی ئەو پێنج قەزا کوردنشینە.

٥. بەپێی بنچینەکانی شەریعەتی ئیسلام یاساو دادپەروەری جێبەجێبکرێت، لەبەر ئەوەی ئیسلام ئایینی دەوڵەتە.

٦. لەو پێنج قەزایەدا قازیو موفتی سەر بە مەزهەبی شافعی دابمەزرێندرێن.

٧. کۆکردنەوەو وەرگرتنی باج بەپێی شەریعەت(٣٣٩).

---

(٣٣٩) المصدر نفسه، ص٨٧، مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص١٩ ؛ جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٦٦. شایانی باسە تەواوی ئەو سەرچاوانەی ئێمە بینیومانو باسی ئەو داواکارییانەی شێخ عەبدولسەلامیان کردووە لە حەوت خاڵدا کۆیانکردۆتەوە، بەشی هەرە گەورەیشیان لە صديق الدملوجي، إمارە بهدينان، وەریانگرتووەو بەبێ قسە لەسەر کردن وەك خۆی نوسیوویانەتەوە بە جیاوازی زۆر کەم لەشێوازی دارشتنیاندا نەك لە ماناو شیکردنەوەو ناوەڕۆکدا. بەڵام ئێمە خاڵی دووەم (بەکوردی کردنی خوێندن) بەدووبارە دەزانین، چونکە بەشێکە لە خاڵی یەکەم

ئەم بروسکەیە، کە لە ماڵی شێخ نور محەممەد لە دهۆك نوسراوە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە ئیمزایان لە سەر کردووەو گەرەکیان بووە بروسکەیەکی تەواو رەسمی بێت، لەسەر داوای شێخ عەبدولسەلام وێنەی دراوە بە هەریەك لە شێخ عەبدولقادری شەمزینی، ئەمین عالی بەدرخان‌و شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای خەندان[٣٤٠]. بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی وێنەی ئەم بروسکەیە بەسەر ئەو کەسایەتییە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و نیشتمانییانە، کە هەرسێکیان ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی تەعاون‌و تەرەقی کورد بوون، بەڵگەی سەلماندنی ئەو راستییەیە، کە شێخ عەبدولسەلام هەوڵی فراوانکردنی بازنەی چالاکییە نیشتمانییەکان‌و مسۆگەرکردنی پشتگیری ئەو کەسایەتیانەی داوە، کە قورسایی‌و کاریگەریی زۆریان لە نێو توێژە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی گەلی کورددا هەبوو[٣٤١].

---

(بەفەرمیکردنی زمانی کوردی). دەمەلۆجی بڕوای وایە دەقی ئەسڵی ئەم بروسکەیە لە خانوویەکی تایبەت بەو سکاڵاو هەواڵانەدا هەڵگیراوە، کە لە ویلایەتەکانی عوسمانییەوە بۆ ئەستانبوڵ دەنێردران‌و لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا سووتێنراوە. بڕوانە: پی رەش، مصدر سابق، ص٩٩، هامش (٧). =

=بە بڕوای ئێمە ئەم داوایانەو ناوەڕۆك‌و مێژووی ناردنی بۆ عوسمانییەکان لە ژێر گومانی مێژوودا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی لە رێگەی بەڵگەنامەیەکی مێژووییەوە راستییەکەی دەسەلمێندرێت. ئەم گومانەش گومانێکی میتۆدی‌و زانستییەو بە هیچ جۆرێك کەمکردنەوە نییە لە پێگەی کۆمەڵایەتی، رۆحی، سیاسیی شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزان، بەڵکو گومانێکە لە پێناوی گەیشتن یان نزیکبوونەوە لە راستییە مێژووییەکان.

(٣٤٠) صديق الدملوجي، المصدر نفسه، ص٨٦-٨٧ ؛ پی رەش، المصدر نفسه، ص٩٨.

(٣٤١) ئەم بروسکەیەی شێخ عەبدولسەلام بۆ عوسمانیەکان وەك چۆن تاوەکو ئێستا بە پێی بەڵگەنامەیەك راستییەکەی نەسەلمێنراوە، سەبارەت بە ساڵی نووسین‌و ناردنیشی بۆ بابیعالی جیاوازی هەیە. هەرچەندە دەمەلۆجی ئاماژە بە هیچ ساڵێك ناکات، بەڵام هەریەك لە مەسعود بارزانی‌و پی رەش‌و جەرجیس فەتحوڵڵا، کە هەرسێکیان زانیارییەکانیان لە دەمەلۆجی وەرگرتووە، پێیانوایە، کە وێنەی ئەم بروسکەیە بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعاون‌و تەرەقی کورد نێردراوە. ئەم کۆمەڵەیەش ئاشکرایە، کە لە دوای کودەتای ئیتیحادو تەرەقی‌و لە ساڵی ١٩٠٨ دا دامەزراوە. بەر لەو

ڕاســـته، داواکــانی نێــو ئــەم بروســـکەیە دوورن لــە داوای ســەربەخۆییو جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانیو تەنانەت دوورن لە مافی خود موختاریش، بەڵام سوربوونو پێداگرتن ئەگەر بە سادەییش بووبێ لەسەر مەسەلەی زمانی کوردیو هەوڵدان بۆ بە ڕەسمی ناسینی دەشێت وەك بنەمایەکی پڕ بایەخ لە گوزارشتکردن لە شوناسی نەتەوەیی کوردی ببیندرێتو لە هەمانکاتیشدا لێدانی زەنگێکی مەترسیدار بوو لە بنگوێی تورکانی لاو[٣٤٢].

ئـەم داوایانـە بەوانەشـەوە، کـە پەیوەندیـدارن بـە مەسـەلەی نەتەوەییـەوە بەرگێکی تەواو لۆکالییانەیان بەسەر دا زاڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی خۆیان هەبوو، چونکە وەك د.کاوس قەفتان دەڵێت: بوونە بنەمایەك بۆ بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە ناوچەی بادینانو، لەسەر ئەو بنچینەیەش یەکەم ڕاپەڕینی کوردی دژی دەسەڵاتی تورك لەو ناوچەیەدا بۆ داواکردنی مافی کورد ئەگەر ناوچەییش بووبێ سەریهەڵدا[٣٤٣].

ناوەرۆکی ئەو یاداشتەی شێخ عەبدولسەلام ڕەنگە ڕاستییەکی ترمان نیشان بدا لە ئاوێتەکردنی بیری ناسیۆنالیستانە بە بیری ئایینی، یان دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە بیری نەتەوەییانە لە بادینان لە نێو زانایانی ئایینیو شێخەکانی تەریقەتی سۆفیزمدا بیرۆکەیەکی ناسراو بووە، هەروەك چۆن لە داواکاندا بەڕوونی

---

کودەتایەش نە دامەزرێنەرانی ئەم کومەڵەیە لە ئەستانبوڵ بوون تا وێنەی بروسکەکەیان بۆ بنێردرێت، نە پارلەمانی عوسمانیش لە کاردا بوو، چونکە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پارلەمانی لە کار خستبوو. بۆیە وا پێدەچێت مێژووی نوسینو ناردنی بروسکەکە بۆ ئەو دەزگاو کەسایەتییانەی باسکران لە ساڵی ١٩٠٨ دا بوو بێ، لەبەر ئەوەی ئەو کەسایەتییانەی کورد دوای کودەتا گەڕانەوە بۆ ئەستانبوڵ و، پارلەمانیش دوای کودەتا دەستی بەکار کردەوە. بۆیە ڕەنگە دەست نیشانکردنی= =ساڵی ١٩٠٧ کە بەشێك لە سەرچاوەکان بۆ نووسینو ناردنی بروسکەکە دەست نیشانیان کردووە ڕاست نەبێت. بڕوانە: مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص١٩؛ پی ڕەش، مصدر سابق، ص٩٨.

(٣٤٢) جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٦٧.

(٣٤٣) د. کاوس قفطان، مصدر سابق، ص٢٢.

هەواڵنامەی کیژ

پەیوەندیی لە نێوان روانینی نەتەوەییانەو پێداگرتن لەسەر شەریعەتی ئیسلامیدا هەستی پێدەکرێت.

د. عوسمان عەلی لە لێکدانەوەی بۆ ئەو داوایانە بڕوای وایە، کە شێخ عەبدولسەلام بۆیە داوای پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی کردووە لە بادینان، چونکە ئیتیحادییەکان رۆڵی شەریعەتیان پشتگوێ خستبوو، بە ناڕەواو دوور لە بنەماکانی شەریعەت باجیان لە خەڵکی ناوچەکە دەستاند، بۆیە بەرگریکردن لە مافی کورد راستەوخۆ بریتیبوو لە بەرگریکردن لە ئیسلام. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەیشی گفتوگۆیەکی شێخ عەبدولسەلام لەگەڵ سدیق دەمەلۆجی وەك بەڵگە دەخاتەڕوو، کاتێك دەمەلۆجی، کە ئەو رۆژگارە قایمقامی ئامێدی بووە لە شێخ دەپرسێت هۆکاری پشتگیریکردنی لە کورد چییە؟ شێخ لە وەڵامدا دەڵێت: "ئێمە زیاتر لەوەی، کە ئەرکی ئایینی دەیخوازێت شتێکی ترمان نەکردووە، کە بریتییە لە نەهێشتنی زوڵمو ستەم لەسەر نەتەوەیەکی چەوساوەو رزگارکردنی لە کۆیلایەتی"[٣٤٤].

ئەوەی لەم چەند دێر لێکدانەوەی عوسمان عەلیدا هەستی پێدەکرێت جۆرە لە هەوڵ دانێکی بۆ بەخشینی روخسارێکی ئایینییانە بە هەوڵەکانی شێخ عەبدولسەلامو، کاڵکردنەوەو تا رادەیەکیش کەمکردنەوە لە بایەخی رواڵەتە نەتەوەییەکانی ناوەرۆکی داواکارییەکانیەتی. بە مانایەکی تر دەیەوێت پێمان بڵێت داواکانی شێخ عەبدولسەلام لە پلەی یەکەمدا لەو گۆشەنیگایەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئیتیحادییەکان هێزێکی عەلمانی بوونو لەسەر بنەمای شەریعەت سیاسەتیان نەکردووە، بۆیە شێخ دژیان وەستاوەتەوەو رووبەڕوویان بۆتەوە.

ڕەنگە ئەم بۆچوونەی عوسمان عەلی بەشێك لە راستی تێدا بێت لەو دیدگایەوە، کە شێخ عەبدولسەلام لەنێو پەروەردەو کولتوورێکی ئایینییەوە هاتووەو مورشیدی تەریقەتی سۆفیزمی نەقشبەندی بووە، بەکەمکردنەوە لە بایەخو قورسایی شەریعەت لە سیاسەتو ئیدارەو دەوڵەتدا، کە بێگومان دەسەڵاتی رۆحیو کۆمەڵایەتیی ئەویشی دەخستە مەترسییەوە توڕەو بێزار بووە. بەڵام ناشێت بێزاریی عەبدولسەلام

---

(٣٤٤) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص٢٣٧.

لە ئیتیحادییەکان بە تەنها لە سنووری کەمکردنەوە لە بایەخی شەریعەت لێکبدرێتەوە، چونکە چ ناوەرۆکی داواکارییەکانی، کە بۆ ئەستانبوڵی ناردووەو، چ لە درێژەی تێکۆشانی دژی سیاسەتی ئیتیحادو تەرەقی ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە خەباتو تێکۆشانی عەبدولسەلام بە تەنها لە پێناوی کارکردنو رێزگرتن لە شەریعەتو ئایینی ئیسلامدا نەبووە، بەڵکو خەبات بووە لە پێناوی رێزگرتن لە کولتوورو مافە رۆشنبیرییەکانی کوردیش، کە بێگومان زمان بنەمایەکی گرنگی ئەو کولتووره نەتەوەییەیەو جێگەیەکی باشی لەنێو داواکانی شێخدا پێدراوە.

وێڕای ئەمانە ناکۆکیو بێزاری ئاغاکانی زێباری لە بارزانییەکان بەوەی، کە بارزان ببووە پەناگەیەك بۆ ئەو جووتیارو ئەندام خێڵانەی لەلایەن ئاغاو سەرۆك هۆزەکانی زێبارییەوە دەچەوسێندرانەوە، هەروەها بنەماڵە دیارە خاوەن دەسەڵاتەکان لە موسڵ هانی دەسەڵاتی تورکەکانیان دەدا بۆ دەست بەسەرداگرتنی گوندە کوردنشینەکانو دەرهێنانی لەدەست خاوەنە ئەسڵیەکانیان[345]، بۆیە شێخ عەبدولسەلام بەترسەوە دەیڕوانییە دەسەڵاتی نوێو خودا نەناس، دەوڵەتیش سوور بوو لەسەر ئەوەی، کە دەبێ شێخانی بارزانو کەسانی تری وەکو ئەوان باجی خۆیان بە دەوڵەت بدەنو لە چوارچێوەی بڕیارو فەرمانەکانی دەوڵەتیشدا بجوولێنەوە[346].

بارزان لە سەردەمی تورکەکاندا یەکێك بوو لەو ناوچانەی ساڵانە باجێکی دیاریکراوی بە خەزێنەی ویلایەتی موسڵ دەداو بۆ ماوەیەکی درێژیش هیچ بارگرژییەکی بەخۆوە نەدیبوو، بەڵام لە ساڵانی بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا حکومەتی تورك هەوڵی دا سەرژمێرییەك لە ناوچەکەدا ئەنجامبدات بەمەبەستی

(٣٤٥) بۆ نموونە محەممەد پاشای سابونچی، کە یەکێك بوو لە کەسایەتییە دیارەکانی موسڵ، چاوی بڕیبووە گوندەکانی بارزان. هەوڵیدەدا ململانێو ناکۆکیی نێوان بارزانییەکانو سەرۆکەکانی زێباری بقۆزێتەوە بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی گوندە کشتوکاڵییەکان بۆ خۆی. عوسمان ئاغای زێباری ژمارەیەك گوندی دایە سابونچی لە بەرانبەر ئەوەی کە سابونچی داوا لە والی عوسمانی بکات هێزێك بۆ سەرکوتکردنی شێخەکانی بارزان بنێرێتە ناوچەکە. المصدر نفسه، ص٢٤١-٢٤٢.

(٣٤٦) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.

تۆماركردنی ناوی گوندەكانو سەرژمێركردنی ئەندامانی خێڵەكانو هەروەها زانینی بڕی سامانی ئاژەڵی لە ناوچەكەدا، شێخەكان دژی ئەو پرۆسەی سەرژمێركردنە وەستانەوە بەو پێیەی سەروەریو سەربەخۆییان دەخاتە ژێر پرسیارو گومانەوە[(٣٤٧)].

بە گوێرەی ئەوانەی باسكران بۆمان ڕووندەبێتەوە، كە تێكچوونی پەیوەندیی نێوان شێخ عەبدولسەلامو دەسەڵاتی ئیتیحادییەكان ناشێتو لە ڕووی میتۆدیشەوە دروست نییە، بە تەنها بۆ مەسەلەی تەریقەتو ئایین كورتبكرێتەوە، چونكە مەسەلەی ناكۆكییە ناوەكییەكانی نێوان هۆزەكانی بادینان لەگەڵ شێخانی بارزانو دواتریش زاڵبوونی رۆحی خێڵایەتیو پاراستنی سەروەریو پیرۆزیی خێڵ، كە ڕاستەوخۆ بە مانای پاراستنی شەرەفی سەرۆكی خێڵو ئەندامەكانی بوو، هەروەها پەرچەكرداری شێخان لە بەرانبەر سیاسەتی ستەمكارانەی توركانی لاو لە ڕووی سیاسیو ئابووریو نەتەوەییەوە، هەموو ئەمانە بەسەریەكەوە هۆكاری تێكچوونی پەیوەندییەكانی نێوانیان بوون.

لە كۆتایی ساڵی ١٩٠٩و سەرەتای ساڵی ١٩١٠ دا ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسەلام لە ناوچەی بادینان دژی ئیتیحادییەكان دەستی پێكردو ناوچەیەكی فراوانی ویلایەتی موسڵی گرتەوە[(٣٤٨)]. دوای چەندین شەڕو پێكدادانو گفتوگۆ سەرەنجام بارودۆخەكە بە تایبەت لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی حزبی حوڕییەتو ئیئتیلافدا جۆرە لە ئاساییبوونەوەیەكی بەخۆوە بینی، بەڵام كاتێك ئیتیحادییەكان دەسەڵاتیان گرتەوە دەستو (سلیمان نەزیف)[(٣٤٩)]یان كرد بە والی موسڵ، والی تازە پەنایبردە بەر

---

(٣٤٧) معروف جیاووك، مصدر سابق، ص٥٥–٥٦ ؛ عبد المنعم الغلامي، مصدر سابق، ص٣٣.

(٣٤٨) لازارێڤ، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٢٣٨ ؛ د.كاوس قفطان، مصدر سابق،ص٢٥.

(٣٤٩) سلیمان نەزیف: لە ساڵی ١٨٦٨ لە دیاربەكر لە دایكو باوكێكی كورد لە دایكبووە. ئەندامێكی دڵسۆزی كۆمەڵەی نهێنیی ئیتیحادو تەرەقی بوو، دوای راكردنی بەرەو ئەوروپا پاش كودەتای توركانی لاو گەڕاوەتەوە بۆ ئەستانبۆڵو لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٣ دا كراوەتە والی موسڵ. بۆ ماوەی یەك ساڵو یەك مانگ والی موسڵ بووە دواتر كراوەتە والی بەغدا. بەردەوام نكوڵی لە ناسنامەی

سیاسەتی زەبرو زەنگو دەمارگیریو سەپاندنی باجی زیاتر بە شێوەیەکی توندتر لەوەی، کە هەبوو، بەمەش ڕێگەی خۆشترکرد بۆ ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسەلامی بارزان لە ساڵانی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا[٣٥٠].

شێخی بارزان دانی باجی زیاترو ناردنی خەڵکی کوردی بۆ سەربازی ڕەتکردەوەو لە هەمانکاتیشدا داوای جێبەجێکردنی ئەو داخوازییانەی کرد، کە دابوونی بە بابیعالیو نزیکەی پێنج ساڵ بەسەریدا تێپەڕیبووو جێبەجێنەکرابوون. جارێکی تر خەڵکی ناوچەکە لە ژێر سەرکرادیەتی بارزاندا کۆبوونەوە، لە نێویاندا موسڵمانو مەسیحیو کوردی دەرەوەی بارزانیش دەبیندران[٣٥١]. دەوڵەت هێزێکی زۆری ناردە سەر بارزانو سەرەنجام شێخ عەبدولسەلام بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاشەکشەی کردو لە گوندی ڕاژانی سەر بە ورمێ بووە میوانی شێخ تەهای شەمزینی[٣٥٢].

ئەوەی لەو ماوەیەدا ئەستانبوڵی نیگەران کردبوو پەیوەندی باشی شێخ عەبدولسەلام بوو بە شێخ تەهای شەمزینی، کە چالاکییەکانی بێزارییەکی زۆری لە لای ئیتیحادییەکان دروستکردبوو، هەردووکیشیان لەلایەن تورکەکانەوە کەوتبوونە ژێر چاودێرییەکی توندەوە. ئاشکرابوونی پەیوەندی ئەم دووانە بە ڕوسیاوە لە ڕێگەی بەشێك لە نامە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوانیان سروشتێکی خیانەتکارانەی لەلای ئیتیحادییەکان بۆ دروستکردن. شێخ عەبدولسەلام، شێخ تەهای لە باش ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی بە ڕوسیاوە ئاگادارکردۆتەوەو دەڵێت: "تورك جێگەی متمانە پێکردن نییە، ڕۆژێك دادێت کورد پێویستی بە یارمەتیو هاوکاری زۆر دەبێت، هاوکارییەکی لەم جۆرەش سەرچاوەکەی ڕوسیایە"[٣٥٣].

---

نەتەوەیی (کوردی) خۆیدەکردو دەمارگیرێکی توندی ئیتیحادو تەرەقی بوو. بۆ زیاتر بڕوانە: جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٧٢-٧٣.

(٣٥٠) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص٢٠ ؛ د. كاوس قفطان، مصدر سابق، ص٢٧.

(٣٥١) لازارێف، سەرچاوەی پێشوو، ب١ ،ل٣٤١ ؛ د.كاوس قفطان، مصدر سابق، ص٢٧،٢٨.

(٣٥٢) عبدالمنعم الغلامی، مصدر سابق، ص٤٥ ؛ مسعود البارزانی، مصدر سابق، ص٢٠.

(٣٥٣) جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٧١-٧٢.

هەر لەو ماوەیەدا، کە شێخ عەبدولسەلام روویکردبووە رۆژهەڵاتی کوردستان دەچێتە دیدەنی سمکۆی شکاکو بەمەبەستی داوای یارمەتی لە نوێنەری روسیای تزاری بەیەکەوە دەچن بۆ تەفلیس، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیدا بە پیلانێك دەستگیر دەکرێتو دەدرێتەوە دەست دەسەڵاتداریێتی تورکەکانو، ئەوانیش لە ١٤/ کانوونی یەکەم/ ١٩١٤ دا لە موسڵ لە سێدارەی دەدەن(٣٥٤).

دوای لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام هێزەکانی تورك گەیشتبوونە ناوچەی بارزان، بەڵام بەهۆی رووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانو ئەو گوشارە زۆرەی کەوتبووە سەر دەوڵەتی عوسمانی بەناچاری ناوچەکەیان جێهێشتو لە کۆتایی ساڵی ١٩١٥ دا بارزانییەکان گەڕانەوە بۆ پایتەختی شێخایەتی بارزان.

پاش نەمانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم نفووزی بارزانییەکان بەرەو بچووکبوونەوە دەچوو، ناوەندی شێخایەتی لە نێوان ساڵانی ١٩١٤–١٩١٩ دا بە دەست نەبوونی رێبەرێكو بۆشایی رۆحییەوە گیرۆدە ببوو، ئەمەش چ لە رووی ئایینیو چ لە رووی سیاسییەوە کاریگەری خۆی بەسەر مێژووی دواتری بارزانەوە دانا. براکانی شێخ عەبدولسەلام بە هۆی بچووکی تەمەنو کەمئەزموونیو ژیانی ئاوارەییەوە ئەزموونێکی ئەوتۆیان لە دونیای رۆحانی تەریقەتو نهێنییەکانیدا نەبوو، بۆیە لەسنووری گوندی بارزاندا بە قۆستنەوەی دەرفەتی لە سێدارەدانی سەرگەورەی بنەماڵەکەو ئەو ئاژاوەو پشێوییەی لە ناوچەکەدا هەبوو، وێڕای دوژمنایەتیی دەسەڵاتی تورکو بەشێك لە ئاغاو سەرۆك هۆزەکان بۆ بنەماڵەی بارزانی، رکابەرییان بۆ پەیدابوو(٣٥٥).

---

(٣٥٤) م.رسول هاوار، کوردو باکوری کوردستان،ب١، ل٤٩٠. بۆ زیاتر لە بارەی پەیوەندیی عەبدولسەلام بە روسیاوە، بڕوانە: پی رەش، مصدر سابق، ص١٣٤–١٣٧.

کاتێك شێخ عەبدولسەلام لە سەردانی سمکۆی شکاك دەگەڕایەوە، سۆفی عەبدوڵلا ناوێك داوای لێکرد لەلای ئەو بمێنێتەوە، شێخیش رەزامەندی نیشانداو لەلای مایەوە. بەڵام سۆفی خیانەتی لێکردو دایەوە دەست تورکەکان. بڕوانە:عبدالمنعم الغلامي،مصدر سابق،ص٤٧؛ پی رەش، المصدر نفسه،ص١٣٨–١٣٩.

(٣٥٥) أیوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤–١٩٥٨، دار نشر حقائق المشرق،جنيف - سويسرا، ٢٠٠٢، ص٣٥، ٣٧.

# دووەم
# ڕەنگدانەوەی سۆفیزم
# لە را پەڕینەکەی مەلا سەلیمدا

سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ئیتیحادییەکانو پێشێلکردنی مافی هاووڵاتییانی کورد پەرەی بە بزاڤی نەتەوەیی کوردی دا. تورکەکان لەگەڵێك ناوچەدا کۆسپیان دەخستە بەردەم کاندیدکردنی نوێنەرانی کورد بۆ پارلەمان. حوسێن پاشای بەدرخان، کە نوێنەری ناوچەی (سێرت) بوو بە بڕیارێکی ئیتیحادو تەرەقی مافی خۆپاڵاوتنی لێ سەندرایەوە، لە ئەنجامی سیاسەتی شۆڤینییانەی تورکانی لاو بەشێکی زۆر لە کوردانی ناوچەی بەتلیس چوونە نێو حزبی حوڕییەتو ئیئتیلاف(٣٥٦).

سیاسەتی توندی ئیتیحادییەکان بەرانبەر بە ڕێبەرانی کوردو دانانی تەواوی هاووڵاتییانی دەوڵەتی عوسمانی بە تورکو بانگەشەی شۆڤینیستیو هەوڵدان بۆ سەندنەوەی مافی پشتاو پشت لە گرووپە خێڵەکیو هۆزەکانی کورد، هەموو ئەمانە دەبوونە هۆی ئەوەی متمانەی دەرەبەگو شێخەکانی کورد بە حکومەتی ئیتیحادییەکان لەق ببێت. ئەریستۆکراتییەتی خێڵەکی کورد ئامادەنەبوو بە ئاسانی دەستبەرداری مافە تەقلیدییەکانی بێت، ئەمەش دەبوو بە هۆی بێزاربوونی لە سیستەمی نوێو خەبات لە پێناوی رزگاربوون لە دەسەڵاتەکەی. هەر ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ هەوڵدان لە پێناوی هێنانەدیی یەکێتیی ریزەکانی کوردو

---

(٣٥٦) جەلیلی جەلیل، بوژانەوەی رۆشنبیریو نەتەوەیی کورد،ل١٥٩.

دیاریکردنی چارەنووسیان لە پێش بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانیو لە ماوەی ساڵانی جەنگیشدا[٣٥٧].

مەلا سەلیم یەکێك لە شێخە گەورەکانو جێگری شێخ سەبغەتوڵڵای خێزانی بوو. لەسەردەمی دەسەلاتی سوڵتان عەبدولحەمیددا لەگەڵ شێخ عەبدولقادری شەمزینیو حاجی موسا بەگ بۆ مەدینە دوورخرابۆوە. بە گوتەی ئیسماعیل شاوەیس لە مەدینەدا لەگەڵ کوردە دوورخراوەکانی ئەوێداو ئەو کوردانەش، کە بۆ حەجکردن چووبوون کۆبۆتەوەو لەسەر گۆڕی پێغەمبەر سوێندیان خواردووە، کە خەبات بۆ جیابوونەوەو مافی سەربەخۆیی کورد بکەن[٣٥٨].

دوای مردنی شێخ سەبغەتوڵڵا، هەرچەندە مەلا سەلیم خەلیفەی ئەو بوو، بەڵام شێخ شەهابەدینی کوڕی شێخ سەبغەتوڵڵای کردە جێنشینیو فێری زانستی سۆفیگەریو ئیرشادی تەریقەتی کرد. مەلا سەلیم رایگەیاند پیاوی ئایینیو سۆفی نابێت بە تەنها بۆ سوودی خۆی هەوڵبدات، بەڵکو پێویستە لە گەورەیی خودادا بتوێتەوەو بۆ دینو دونیاش تێبکۆشێت[٣٥٩].

مەلا سەلیم لەنێو شێخەکانی خێزاندا لە بەتلیس دەستیکرد بە وروژاندنی خەڵك. خێزان بنکەیەکی گرنگی تۆڕی تەریقەتی سۆفیزم بووو لەگەڵ بەدرخانییەکان لە بۆتانو نارازییانی ئیتیحادو تەرەقی لە ئەستانبوڵ پەیوەندی هەبوو. ئەم تۆڕی تەریقەتە لەگەڵ روسەکانیش، کە لە ئێراندا جێگیر ببوون تا رادەیێك نزیکبوو، بۆیە مەترسی ئەوە سەبارەت بە تورکەکان بەدیدەکرا، کە هاندانو وروژاندنی مەلا سەلیم بۆ شێخەکانی خێزان سەرهەڵدانێکی گشتی لێبکەوێتەوە، بۆیە هەوڵیان دا بەر لەوەی

(٣٥٧) البرت م.منتشاشفیلی، العراق في سنوات الإنتداب البریطاني، ت: د.هاشم صالح التكریتي، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٨،ص١٢٥.

(٣٥٨) ئیسماعیل شاوەیس، مەلا سەلیم ئەفەندی، "ڕۆژی نوێ" گۆڤار، سلێمانی، ژمارە (٨)، تشرینی دووەمی ١٩٦٠، ل٢١– ٢٢، ٢٧.

(٣٥٩) هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

راپەڕین دەست پێبکات خەفەو سەرکوتیبکەن[٣٦٠]. بە پێی راپۆرتێکی ئینگلیز، کە لەلایەن جێگری کۆنسۆلی بەریتانیا لەوان بۆ ئەستانبولّ نێردراوە، مەلا سەلیم جگە لە هاندانی کوردەکانی بەتلیسو دەوروبەی بەتلیس بۆ راپەڕین، هانیشیداون داوا لە حکومەت بکەن تا بە گوێرەی شەریعەتو ئاییني ئیسلام حوکم بکەنو دەسەلاّت بۆ پیاوانی ئایینیی بگەڕێننەوە، کە پێشترو لە رۆژگاری دەسەلاّتی عەبدولحەمیددا هەیانبوو[٣٦١].

لە ئاداری ساڵی ١٩١٤دا[٣٦٢] هەرێمی بەتلیس بووە ناوجەرگەی بزووتنەوەیەکی چەکداریی کورد. لە هەمانساڵدا مەلا سەلیم لەلایەن تورکەکانەوە گیرا، بەلاّم کوردەکان توانیبوویان رزگاری بکەن[٣٦٣]. مەلا سەلیم، کە پیاوێکی ئایینی ناسراوی ناوچەی بەتلیس بوو بەمە ناوبانگی گەورەتر بوو. ئەم رووداوە بووە هۆی

---

(٣٦٠) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢ ؛ جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٧٥.

(361) British Vice-Consulate, Van, No.7-4 April 1914, British Embassy, Constantinople

لە: د. وليد حمدي، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، و: محەممەد نوری توفیق، چ٢، چاپخانەی هەواڵ، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ص٢٥٤.

(٣٦٢) بەشی هەرە گەورەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە راپەڕینی مەلا سەلیم بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانیو لە ساڵی ١٩١٤دا سەریهەڵداوە. لازارێڤ، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٣٨ ؛ د. كمال مظهر، كردستان في سنوات، ص١١٠–١١١ ؛ جەلیلی جەلیل، بووژانەوەی رۆشنبیری و، ل١٥٨ ؛ د. عثمان علي، مصدر سابق، ص٢١٥ ؛ د. وليد حمدي، هەمان سەرچاوە، ل١٢، ٢٥٣.

بەلاّم ژمارەیەکی تر لە نووسەران ساڵی ١٩١٣ یان بۆ ئەم مەبەستە دیاریکردووە. زنار سلوپی، مصدر سابق، ص٣٤ ؛ عەلائەدین سەجادی، مێژووی راپەڕینی کورد، چ٢، چاپخانەی ئێران– شاری کورد، ئینتیشاراتی محەممەدی، سەقز، ١٩٩٦، ل٣٥ ؛ جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٧٥.

(٣٦٣) لەبارەی چۆنیەتی دەستگیرکردنی مەلا سەلیم لەلایەن تورکەکانو ئازادکرنی لەلایەن کوردەکانەوە، بڕوانە: د. وليد حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٤ ؛ م. رسول هاوار، کوردو باکوری کوردستان، ب١، ل٣٥٩ ؛ جليلى جليل، انتفاضة الكرد في بدليس، ت: عبدالرحيم عبدالكريم، "مەتین" گۆڤار، دهۆك، ژمارە(٥٣)، حزيران ١٩٩٦، ل١٠٥.

کەوانامەی کتێب

تەقینەوەی راپەڕینێکی گشتی کوردانی بەتلیس. کوردەکان لە زۆرلاوە روویانکردە خێزانو بە هەزاران چەکداریان کۆکردەوە(٣٦٤).

بەم جۆرە لە ئادارو نیسانی ١٩١٤ لە باکووری کوردستاندا راپەڕینێك بە رێبەرایەتیی پیاوانی ئایینی تەریقەتی نەقشبەندی لە بەتلیس سەریهەڵداو لە دیارترین سەرکردەکانیشی مەلا سەلیمو شێخ شەهابەدینو شێخ سەید عەلی بوون. راپەڕینەکە لە خێزانەوە بەرەو بەتلیس تەنیەوەو جگە لە خێڵە کوردییەکان، ناوەندەکانی تەریقەتی نەقشبەندیو زانایانی ئایینی پشتگیری خۆیان بۆ راپەڕینەکە راگەیاند(٣٦٥). تەنانەت بەشێك لە کوردەکانی ریزی سوپای تورك لە دەوروبەری بەتلیس بە خۆیانو چەکەکانیانەوە پشتگیریی راپەڕینیان کرد. سەرکردەکانی راپەڕین مەبەستیان بوو راپەڕین ناوچەکانی تریش لە کوردستان بگرێتەوە، بۆیە هەوڵیان دا سەرەتا بە تەواوی جێ پێی خۆیان لە ناوچەی بەتلیس قایم بکەن، هەروەها داوای کۆمەكو هاوکارییان لە ئەرمەنو ئاسوورییە نیشتەجێکانی ئەم ناوچەیەش کرد(٣٦٦). رووداوو هەنگاوەکانی رێبەرانی راپەڕینو دەنگدانەوەی لە نێو کوردانی ناوچەکانی تردا، ترسی زۆری خستە نێودڵی ئیتیحادییەکانو نیگەرانی کردن، بۆیە هەوڵیان دا بە پەلەو بە هەر نرخێکی بۆیان دەکرێت سنوورێك بۆ راپەڕینەکە دابنێنو بەر لەوەی پریشکی بگاتە هەرێمە کوردنشینەکانی تر، سەرکوتی بکەن، چونکە بە هۆکاری خۆییو ناوچەییو نێودەوڵەتی کوردەکان دژی ئیتیحادییەکان ئامادەی راپەڕین بوون(٣٦٧).

ئەم راپەڕینە لە رووی هۆکارو ناوەرۆكو ئامانجەوە قسەو باسی جیاجیای لەسەر کراوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە ناوەرۆکی باسەکەی ئێمەوە هەیە، بریتییە

---

(٣٦٤) لازارێڤ، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٣٨.

(٣٦٥) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص٢١٥.

(٣٦٦) د. كمال مظهر أحمد، كردستان في سنوات، ص١١١؛ جەلیلی جەلیل، بوژانەوەی رۆشنبیریو، ل١٦٢-١٦٣، ١٦٧-١٦٨.

(٣٦٧) د. كمال مظهر، المصدر نفسه، ص١١١ ؛ د. عثمان علي، مصدر سابق، ص٢١٥.

له پەیوەندیی راپەڕینەكە بە ئایینو ناوەندەكانی تەریقەتو بزووتنەوەی سۆفیزمی كوردییەوە، بۆیە روانینی خۆمان لەسەر ئەم لایەنە چڕ دەكەینەوە.

بەپێی بەڵگەنامەیەكی ئینگلیز، كە (سێر ئەیان سمیس) جێگری كۆنسۆڵی بەریتانیا لە بەتلیس بۆ باڵیۆزی حكومەتی ئینگلیزی لە ئەستانبوڵ ناردووە، چەند رۆژێك دوای رووداوی دەستگیركردنی مەلا سەلیم، شێخ شەهابەدین یاداشتێكی بە (مەزهەر بەگ)ی والی تورك داوەو داوای جێبەجێكردنی یاساكانی شەریعەتی لە كوردستانو گواستنەوەی فەرمانبەرانی گەندەڵی توركی لە ناوچەكە كردووە، چونكە بەپێی لێكدانەوەی كوردەكان ئەوانە كافرن لەبەر ئەوەی باجی ناڕەواو هەمەجۆر بەسەر خەڵكدا دەسەپێنن. شێخ شەهابەدین والی تورك ئاگادار دەكاتەوە، كە ئەگەر وەڵامی یاداشتەكەیان نەداتەوە ئەوا موجاهیدەكان هێرش دەكەنە سەر بەتلیسو تەواوی فەرمانبەرانی تورك دەستگیر دەكەنو لە ناویان دەبەن[(٣٦٨)]. بە گوتەی لازاریێڤیش كوردەكان داوایان دەكرد حكومەتی تورك پابەندی بنەماكانی شەریعەت بێو دامودەزگاو بەڕێوەبەرێتییەكانی تورك لابدرێن، ئەو دەزگایانەی كە "كوردەكان دەڕووتێننەوەو وڵات بە بێگانە دەفرۆشن"[(٣٦٩)]. ماكداولیش ئاماژەیەكی لەم جۆرە دەكات كاتێك دەڵێت: یەكێك لە شێخەكانی خێزان داوای لە والی كرد شەریعەت بگێڕێتەوەو كاربەدەستە خودا نەناسەكانیش لە ناوچەكە دووربخاتەوە[(٣٧٠)]. ژمارەیەكی تر لە نووسەران بڕوایان وایە، كە بزووتنەوەكەی مەلا سەلیم خاوەنی ناوەڕۆكێكی نەتەوەیی بووە لە چوارچێوەیەكی ئیسلامیدا[(٣٧١)]. د. عوسمان عەلی بڕوای وایە ئەم بۆچوونەی دوایی خوێندنەوەیەكی عەلمانیانەی رۆژئاوایی نابابەتیانەیە بۆ ئەو

---

(368) F.O.195 / 2458 الوثیقة رقم (٨)، بتلیس ١٩١٤/٤/١٦

له: د. عثمان علي، مصدر سابق، ص ٢١٦.

(٣٦٩) لازارێڤ، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٣٨-٣٣٩.

(٣٧٠) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

(٣٧١) بڕوانە: د. عثمان علي، مصدر سابق، ص٢٣٠.

جیهـــادەی شـــێخەکانی تەریقـــەت، بەمەبەســـتی بـــەرگریکردن لـــە بیروباوەڕیـــان بـــەرپایانکردبوو. دووفـــاقی (الإزدواجیـــة)ی نێـــوان ئینتیمـــای ئیســـلامیو ئینتیمـــای کوردایەتی لەلای ئـەو نەوەیـەی لـە رۆژگـاری مـەلا سـەلیمو شـێخ شـەهابەدیندا ژیـاون ناسراونەبووە، ئیسلامو کوردایەتی لەلای ئـەوان وەك دوو رووی یـەك دراو وابـووە[٣٧٢]. بزووتنەوەکەی مـەلا سـەلیم بـە گـوێرەی عوسمـان عـەلی دەچـێتە خانـەی بزووتنـەوە جیهادییە ئیسلامییەکانەوە، مەلا سەلیم خۆی بە موجاهیدو هێزە چەکدارەکانیشـی بـە (فیداییانی ئیسلام) ناو نابوو[٣٧٣].

عوسمان عەلی دەیەوێت، بڵێت هەر لێکدانەوەو خوێندنەوەیەك بۆ نـاوەرۆکی ڕاپەڕینەکـەی بـەتلیس دوور لـە بنـەمای جیهـادو شـەریعەتی ئیسـلامی دەبێتـە خوێندنەوەیەکی رۆژئـاوایی نابابـەتیو نـاوەرۆك بـەتاڵ لـە رووی زانسـتییەوە، چـونکە جەوهەری ڕاپەڕینەکە یەکسـانە بـەکارکردن لـەنێو جەوهـەرەکانی ئیسـلامو بنـەماکانی شەریعەت، یان لەبەر ئەوەی یـەکێك لـە داواکـانی راپـەڕین بریتیبـووە لـە پابەنـدبوونو کـارکردن بـە شـەریعەتی ئیسـلام، مانـای وایـە راپـەڕین دەبێتـە هـەڵگری نـاوەرۆکێکی ئیسلامی جیهادییانە، چونکە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە ناکەن، کـە ڕاپەڕینەکـەی مـەلا سەلیم ڕاپەڕینێکی ئایینی رووتو ئامانجیشی دامەزراندنی دەوڵـەتێکی ئـایینی بووبـێ، هەروەها مەرج نییە، هەمیشە خەباتو تێکۆشان لە پێناوی ئایینی ئیسلامدا بریتی بێت لە خەباتو تێکۆشان لە پێناوی بزووتنەوەی کوردایەتیو بە پێچەوانەشەوە. دیـارترین نموونەی ئەو راستییەش رەنگە ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠ی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بێـت دژی سیمبولی رۆحیو خەلیفەی موسـڵمانان سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم. بەشـێکی گـەورەی ئامـانجی ڕاپەڕینەکـەی عوبەیـدوڵڵا پەیوەنـدیی بـە کۆتاییهێنـان بـە سـتەمی عەبدولحەمیـدو بـەدیهێنانی مافـە نەتەوەییـەکانی گـەلی کـورد بـووە، هـەروەکو چـۆن

---

(٣٧٢) المصدر نفسه، ص٢٣٠.

(٣٧٣) المصدر نفسه، ص٢٣٢. جێی ئاماژەیـە لـەو سەرچـاوانەی بەردەسـتمان کـەوتوون زاراوەکـانی موجاهیـدو فیـداییانی ئیسـلاممان نـەبینی. خـودی عوسمـان عـەلیش لـە بەکارهێنانیـدا بەڵگەیـەك بـۆ راستی سەلماندنی بەکارهێنانی ئەم زاراوانە ناخاتە روو.

راپەڕینەکەی بەتلیسیش بە رێبەری مەلا سەلیمو شێخانی تری نەقشبەندی خاڵی نییە لە ئامانجی نەتەوەییو سیاسی سەبارەت بە گەلی کورد. عوسمان عەلی بە بێئاگاییەوە سەرنجەکانی خۆی لە لێکدانەوەی ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسانی ئەورووپایی (کە هەر خۆی بە لێکدانەوەی عەلمانیو نابابەتییان لە قەڵەمدەدا) نزیکدەکاتەوە، کاتێك ئەوانیش دوور لە تێگەیشتن لە ناوەرۆکە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکەی، بزاڤی کوردیان بە رێبەری مەلاسەلیم بە بزاڤێکی ئایینی دەناساند، تا کاڵای بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی دژی ئەرمەنییەکانی بەباڵادا ببڕن.

نووسەرێکی ئەرمەنی لە رۆژنامەی "مشاك"ی ئەرمەنیدا دەڵێت: "شەریعەت لایەنی رووکەشی راپەڕینەکەیە، هەرچی ناوەرۆکەکەیەتی دەبێ بە نەتەوەیی نەك ئایینی لە قەڵەم بدرێت"[٣٧٤]. نووسەرێکی تر بە پشت بەستن بە شارەزاییو لێکدانەوەی خۆی لە بارەی دۆخی کوردەکان، دەڵێت: پێویستە راپەڕینی بەتلیس لە ریزی راپەڕینەکانی دژی تورك دابندرێت. هەروەها گوتوویەتی ئەم راپەڕینە دەرەنجامی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد بووە[٣٧٥]. گ.ئاراکیلیان سەرنووسەری رۆژنامەی "مشاك" سەبارەت بە راپەڕینی مەلا سەلیم گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە: "وردە وردە هەلومەرجی بزاڤی کوردمان بۆ روونبووەوە. دەکرێت لەو هەواڵە کەمو شێواوو جاروبار ناکۆکانەوە ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنین، کە بزاڤی راستەقینەی کورد مۆرکێکی سیاسی هەیەو ناوەرۆکەکەی وەك هەندێك کەس دەڵێن بریتی نییە لە تاڵانو دەمارگیریی ئایینیو دەست بەسەرداگرتنی سامانی خەڵکی، بەڵکو ناوەرۆکەکەی نەتەوەییو مافی خودموختارییە"[٣٧٦]. واتە دەشێت بگوترێت هۆکاری سیاسی ـ ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لە پشتی راپەڕینەکەوە بووەو ئامانجی سەرەکیش رزگار بوون بووە لە ستەمو بێدادی تورکانی لاو.

---

(٣٧٤) لە: جەلیلی جەلیل، بوژاندنەوەی، ل١٨٣.

(٣٧٥) لە: هەمان سەرچاوە، ل١٨٣.

(٣٧٦) لە: هەمان سەرچاوە، ل١٨٣–١٨٤.

بــە پێــی راپــۆرتێکی ئینگلیــزیش لەبەرئــەوەی بەشــی هــەرە زۆری ئــەو کەسایەتییە کوردانەی بەهۆی راپەڕینەکەوە لەلایەن تورکانــەوە گیران‌و دواتـریش ئـەو یازدە کەسایەتییەی لە ٧/ مایس/١٩١٤ دا لـە بـەتلیس لـە سـێدارە دران شـێخ‌و مـەلاو حاجی، واتە پیاوی ئـایینی بـوون، راپەڕینەکـە بـە راپـەڕینێکی ئـایینی دادەنێـت(٣٧٧). بێگومان مەرج نییە هەر بزووتنەوەیەك رێبەرەکەی پیاوانی ئایینی بن ئەم بزووتنەوەیە بـە نـاوەرۆك‌و ئامـانج ببێتـە بزووتنەوەیـەکی ئـایینی، ئەگـەر بـە پێـی ئـەو میتـۆدەی راڤەکردنــە بێــت دەبــێ تــەواوی بزووتنــەوەو راپەڕینــەکانی کــورد لــە عوبەیــدوڵڵای نەهرییەوە تا دەگاتـە راپەڕینـەکانی بـارزان بـە بزووتنـەوەی ئـایینی دابنـێین، چـونکە رێبەرانیان کەسایەتی ئایینی‌و رێبـەرانی تـەریقـەت‌و شـێخەکان بـوون بـە راپەڕینەکـەی مەلاسەلیم ـ شێخ شەهابەدینی نەقشبەندیشەوە.

وێڕای هۆکاری سیاسی ـ ئابووری ـ کۆمەڵایـەتیی راپەڕینەکـە، ناشـێت رۆڵـی ناوەندە ئایینییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لە خێزان وەکو سەنتەرێکی بەهێزی رۆحی ـ کۆمەڵایەتی لەنێو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەبەرچاو نەگرین.

بە پێی بەڵگەنامەیەکی ئینگلیز زۆر لە کوردەکان بڕوایـان وابـوو مـەلا سـەلیم توانای هەیە دەست بەجێ تفەنگی سەربازەکانی تورك وردو خاشـبکات، بـە نوێـژو نـزا کـردنیش لەبــەردەم گــورەیی خــودادا دەتوانێــت تۆپــەکانی هێــزە جەنگییــەکانیان تێکبشکێنێت(٣٧٨).

تەنانەت ئەو کوردانەی هێرشیانکردە سەر شاری بەتلیس زۆریان بێ چەك یان شمشێریان هەڵگرتبوو، هەڵگرتنی شمشێر لـەو بڕوایـەوە بـوو، کـە چـەکێکە محەممـەد پێغەمبـەری ئیسـلام (د.خ) بـۆ لـەناوبردنی دوژمنـەکانی بـەکاریهێناوە(٣٧٩). دیـارە لـە کۆمەڵێکی بەم جۆرەدا، کە دۆخـی کۆمەڵایـەتی‌و سیاسـی‌و ئـابووری لـە ئاسـتێکی زۆر

---

(377)British Vice-Consulate, Van, 16/March/1914 British Embassy Constantinople

لە: د.ولید حمدی،سەرچاوەی پێشوو،ل٢٥٦–٢٥٧.

(378) F.O.195/2458

لە: د.عثمان علي، مصدر سابق ،ص٢١٩–٢٢٠.

(٣٧٩) المصدر نفسه، ص٢٢٥.

خراپدا بووەو بەشی هەرەگەورەی خەڵکی کورد لە ژێر دەسەلاّتی سەرۆك هۆزەکاندا بوونو جووتیاران ناچار دەبوون بۆ باشترکردنی ژیانو گوزەرانی خۆیان بۆ بەرژەوەندی سەرۆك هۆزەکانیان کاربکەن، تایبەت، کە موڵكو سامان لە بندەستی سەرۆك هۆزو شێخەکانی تەریقەتدا کۆببۆوە. وا چاوەڕواندەکرا لە دۆخی دواکەوتووی لەم جۆرەدا خەڵکی سادەی وا دەربکەون کەراماتی لەوەی، کە باسکرا بدەنە پاڵ ڕێبەرە رۆحانییەکانیان. لێرەوە شێخەکانی سۆفیزم دەیانتوانی سوودێکی گەورە لە ملکەچی رەهای خەڵکی کورد لە جموجۆڵو چالاکییە کۆمەلاّیەتیو رۆشنبیریو نەتەوەییەکانیاندا وەربگرن. بۆیە ئاسایی بوو لە چوارچێوەیەکی داپۆشراو بە مانا و چەمکی دینی بزووتنەوەی دژی ستەمی کولتووریو نەتەوەیی لە دایك ببێت، چونکە زۆر جار بزووتنەوەو راپەڕینەکانی کورد وەك پەرچەکردار لە بەرانبەر سیاسەتی سەرکوت کردنو هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی بە دروشمو سیمای نەتەوەیی– ئایینی هاتوونەتە بوون. مەلا سەلیم راستە پاشخانێکی ئایینی هەبوو، بەلاّم چالاکییەکانی خۆی بە تەنها لە بازنەی ئیرشادی دینیدا کورتنەکردبۆوە، بایەخی تایبەتیشی بە چالاکی میللی دەداو دەیگوت: هەتا لە پێناوی ئایینو نەتەوەی کورددا خوێنی خۆم فیدا نەکەم واز ناهێنم[٣٨٠].

دواجار پێویستە ئاماژە بەوە بکەین راستە بزووتنەوەی سۆفیزمو ناوەندەکانی ئیرشادی تەریقەت وەك پێشتر ئاماژەیان پێکرا رۆڵی گرنگیان لەو راپەڕینو بزووتنەوانەدا بینیوە، کە شێخەکانی تەریقەت رێبەرایەتیان دەکردن، بەلاّم زۆر جاریش خودی تەریقەتەکان دەبوون بە هۆی زیاتر لێکترازاندنی هێزو وزەی جەماوەری خەڵکی کوردو پچڕپچڕ کردنی، هەروەك چۆن لە راپەڕینەکەی مەلا سەلیمدا تورکەکان توانییان سوود لە جیاوازیی نێوان رێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزمی کوردی وەربگرن کاتێك شێخەکانی رێبازی تەریقەتی قادری (شێخ عەبدولباقیو شێخ

(٣٨٠) ئیسماعیل شاوەیس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

هەواڵنامەی کتێب

حوسێن)یان شانبەشانی هێزەکانیان دژی شێخ شەهابەدین، کە نەقشبەندیو یەکێك لە ڕێبەرانی دیاری ڕاپەڕینەکە بوو خستە شەڕەوە[٣٨١].

سەرەنجام لەژێر فشاری توندی هێزەکانی تورکدا مەلا سەلیم پەنایبردە بەر کۆنسوڵخانەی ڕوسیا لە بەتلیس[٣٨٢] و سەرکردەکانی تری ڕاپەڕینیش دەستگیرکرانو لە ٧ی مایسی ١٩١٤دا شێخ شەهابەدینو شێخ سەید عەلیو ژمارەیەك سەرکردەی تری ڕاپەڕینەکە لە بەتلیس لە سێدارەدران[٣٨٣]. هەڵواسینی شێخ شەهابەدین، کە بەگوتەی لازارێف بەلای کوردەکانەوە "پیاوێکی پیرۆز"بوو نارەزایی زۆری لە کوردستانداو پشێویو ئاڵۆزی لە گەلێك ناوچەی باکوری کوردستاندا دروستکرد[٣٨٤].

هەواڵنامەی کتێب

(٣٨١) هەمان سەرچاوە، ل٢٢– ٢٣، ٢٥.

(٣٨٢) مەلا سەلیم تا ئەو کاتەی تورکیا دژی ڕوسیا جەنگی ڕاگەیاند لە کۆنسوڵخانەی ڕوسیادا مایەوە، بەڵام دوای ئەوە هێزەکانی تورك پەلاماری کۆنسوڵخانەکەیانداو مەلا سەلیمیان گرتو لە شەقامەکانی شاری بەتلیس هەڵیانواسی. د. بلەج شیرکوە، القضية الكردية. ماضي الكرد وحاضرهم، مطبعة السعادة، مصر، ١٩٣٠، ص٤٩–٥٠ ؛ سروه اسعد صابر، كردستان من بداية الحرب العالمية الأولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤–١٩٢٦،ط١، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠١، ص٣٣.

(٣٨٣) لازاریف، سەرچاوەی پێشوو،ب١، ل٣٣٩ ؛

British Vice-Consulate, Van, 16 March 1914 Britsh Embassy, Constantinople.

لە: د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٧.

(٣٨٤) لازاریف، هەمان سەرچاوە، ب١،ل٣٤٠.

# بەشی چوارەم
# قۆناغێکی نوێ
# لە تێکۆشانی ڕێبەرانی سۆفیزم
# لە کوردستاندا
## ( ١٩١٨-١٩٢٥ )

هەواڵنامەی کتێب

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لە دوو باسی جیاوازدا ئاماژە بە تێکۆشانو چالاکیی سیاسیو نەتەوەیی دوو ڕێبەری گەورەی ڕێبازەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە نێو

کورددا دژی داگیرکەرانی کوردستان بدەین، یان راستتر دەمانەوێت کاریگەریی بیری سۆفیزمو ئاین لە خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی ئەم رێبەرانەی تەریقەتدا دەربخەین، کە تا رادەیەکی زۆر توانیویانە سوود لە پێگەی رۆحانیی خۆیان وەربگرنو رێبەرایەتی جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە دوو پارچەی کوردستانی دابەشکراودا بکەن، ئەوانیش شێخ مەحمود بەرزنجی لە باشووری کوردستانو شێخ سەعیدی پیران لە باکووری کوردستان بوون.

## باسی یەکەم
## شێخ مەحمود
## لە تەریقەتەوە بۆ مەلیکی کوردستان

وەك لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەی پێکرا بنەماڵەی شێخ مەحمود بە خودا ناسیو پێگەی گرنگی شێخایەتیی تەریقەتو پیاوچاکی ناویان دەرکرد بوو، لەبەشێکی گەورەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بە چاوی رێزو خۆشەویستییەوە سەیر دەکران.

مەزاری کاك ئەحمەدی شێخ لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی زیارەتگایەکی گەورەی خەڵکی کورد بووە. کوڕو نەوەکانی کاك ئەحمەد سوودێکی گەورەیان لە پێگەی شێخایەتیی تەریقەتو شوێنگەی ئاینیی باپیرانیان وەرگرتووەو لە ریزی کەسایەتییە ئاینییە گەورەکانو مورشیدە باڵاکانی تەریقەت ئەژمار دەکرێن. ئەم رێزو خۆشەویستیو ناوبانگە لەدوای کوژرانی شێخ سەعید بۆ شێخ مەحمودی کوڕی بەجێمابوو[٣٨٥].

شێخ مەحمود بەپێی کولتوورو پاشخانی ئاینیی بنەماڵەکەی لەسەر بنچینەی رێنماییەکانی ئیسلام پەروەردە کراوەو ژینگەی خێزانەکەی ژینگەی زانستو دینو

(٣٨٥) رفيق حلمي، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٣٣-٣٤.

تەریقەت بووە. شێخ وێڕای خۆشەویستیی بۆ زانستو زانیاری لە قوتابخانەی ئاینی قورئانو زانستی شەریعەتو پرانسیپەکانی سۆفیزمی خوێندووە[٣٨٦]. هەروەها کەسایەتییەکی بەهێزو چاونەترس، راستگۆو بەخشندە بووە لە پێناوی گەلی کورددا، زمان پاكو سادەو رێورەسمە ئاینییەکانی لە کاتی خۆیدا جێبەجێکردووە[٣٨٧]، جگە لە زمانی کوردی فارسیو تورکیو عەرەبیشی زانیوە ئەو رۆژگارەش تورکی زمانی فەرمی حکومەتی عوسمانیو کاروباری رۆژانەو فارسیش زمانی ئەدەبی بووەو خوێندەوارو شاعیران پێویستیان پێیانبووە[٣٨٨]. شێخ مەحمود خۆیشی شاعیر بووەو بەهەردوو زمانی کوردیو فارسی شیعری نوسیووە[٣٨٩]. رێزی زۆری لە شاعیرو نووسەران گرتووەو لە کۆڕو دانیشتنە گشتییەکاندا بەشداری گاڵتەو گەپو قسەی نەستەقی کردووە، حەزی لە قسەی خۆشو گۆرانی کردووەو رێزی لە دەنگ خۆشان گرتووە[٣٩٠]، واتە شێخ مەحمود هەرچەندە پەروەردەی نێو کولتووری تەریقەتو دین بووە، پیاوێکی ئەدەب دۆستو قسەخۆشی دانیشتنە گشتییەکانیش بووە.

لەگەڵ ئەوەی تێکۆشانی سیاسیو دیپلۆماسیو چەکداریی شێخ مەحمود زۆرتر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دەرکەوت، بەڵام بەر لە جەنگو لە ساڵانی سەرەتای جەنگیشدا جێگەی شێخ لە بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوەیی گەلی کوردو ململانێی سیاسیو سەربازیی ناوچەکەدا بەڕوونی دیارە. بۆ نموونە ساڵی ١٩١٣

---

(٣٨٦) میر بصري، اعلام الکرد، ط١، ریاض الریس للکتب والنشر، لندن، ١٩٩١، ص٣٨.

(٣٨٧) ئەحمەد خواجە، چیم دی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شفیق، بەغدا، ١٩٦٨، ل٤-٥ ؛ محمد الخال، مصدر سابق، ص٢٠٠.

(٣٨٨) محمد الخال، المصدر نفسه، ص٢٠٠ ؛ م. رسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و...، ب١، ل١٧٨.

(٣٨٩) ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٤. لەبارەی پەیوەندی شێخ مەحمود بە شیعرو هەروەها شیعرەکانییەوە بڕوانە: عومەر مەعروف بەرزنجی، نوربەخشی (شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی)، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

(٣٩٠) م. رسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و...، ب١، ل١٧٩-١٨٠.

هەوڵیداوە لەگەڵ کامیل بەگو حسێن بەگی نەوەی بەدرخان پەیوەندیی بکات لە پێناوی یەکخستنی وزەو تواناکانی کوردو رزگارکردنی کوردستان لە دەسەڵاتی تورك، هەر لەو ماوەیەدا لەبارەی ئایندەی سیاسی کوردستان نامەی بۆ روسەکان ناردووە[٣٩١].

کاتێك جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا ئیتیحادییەکان هەوڵیان دا کوردەکان تێکەڵ بە جەنگەکە بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پەنایان بۆ بزواندنی هەستی ئاینیی خەڵکی سادەی کورد برد. خەلیفەی عوسمانی لە رێی جیهادی پیرۆزو شێخی ئیسلامیش لە رێی فەتوای جیاجیاوە، کە لە سەرەتای جەنگەوە دژی روسیاو بریتانیاو فەرەنسای (کافر) رایگەیاند بەو بیانووەی ئەوانە هەوڵدەدەن چرای روناکی موسڵمانان بکوژێننەوە. ئەگەر فەتواو بانگی جیهاد لە نێو موسڵمانانی قەفقاسیاو میسرو هیندستان نەیتوانیبوو ئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەست بێنێت، ئەوا لەنێو کورداندا هەندێك ئەنجامی هەبوو، چونکە تورکەکان ئاسانتر تێکەڵ بە خەڵکی کورد دەبوون‌و رۆژنامەکانی ئیتیحادییەکانیش، کە بە دەگمەن دەگەیشتنە هەرێمە ئیسلامییەکانی تر، لە ناوچە کوردییەکاندا دابەشدەکران‌و بە شێوازێکی زۆر ورد کاریان لە سۆزی ئاینییان دەکرد[٣٩٢].

---

(٣٩١) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی...، ل٤٣. بۆ دەقی نامە ئاڵوگۆڕکراوەکان بڕوانە: "یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید"، ساغکردنەوەی: کەمال نوری مەعروف، چ١، بڵاوکراوەی ناوەندی رۆشنبیری‌و راگەیاندنی پ.د.ك، هەولێر، ١٩٩٥، ل٢٨-٣٢.

(٣٩٢) د. كمال مظهر أحمد، كردستان في سنوات...، ص١٤٥-١٤٦.

ئەلمانیاو ئیتیحادییەکان لە ئێرانیش پەنایان بردە بەر هەمان سیاسەت‌و کەوتنە بزواندنی هەستی ئایینی‌و مەزهەبی (سوننە) خەڵك‌و لە ساڵانی جەنگداو بە هاندانی ئەوان رێکخراوێك بە ناوی یەکێتی ئیسلام (اتحاد اسلام) دامەزرێندراو لە زۆر ناوچەی ئێراندا لقی کردەوە. ئەنوەر پاشا بۆ خۆی پەیوەندی بەسەرکردەی جەنگەڵییەکان میرزا کوچك خان کردو شمشێرێکی بۆ نارد کە گوزارەی ((دیاری بۆ موجاهیدی ئێران میرزا کوچك خان))ی لەسەر هەڵکەندرا بوو. المصدر نفسه، ص١٦١-١٦٢.

کوردستان لە سالآنی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانیو دواتریش شێوە ژیانی کۆمەلآیەتی، ئابووریی کشتوکاڵی گوندنشینیو شێوازی سەرەتایی بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵی بەسەردا زاڵبوو. چ لە شارو چ لە گوندەکاندا خێڵ بنەمای پێکهێنانی بونیادی کۆمەلآیەتی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو، ئەوەی سەرپەرشتی کاروبارە جیاجیاکانی خێڵیشی دەکرد بریتیبوو لە دەسەلآتی بێ سنووری شێخو دەرەبەگەکان، بەمانایەکی تر فەرمانو بڕیاری شێخانو دەرەبەگەکانی کورد نە تەنها هێزی کۆمەلآیەتی، بەڵکو هێزی یاساییو کارگێڕیشی هەبوو، بۆیە دەیانتوانی لە سالآنی جەنگو دواتریشدا رۆڵی کاریگەر لە ململانێ ناوچەییو نێودەوڵەتییەکاندا ببینن‌و سەرکردایەتیی جووڵانەوەی رزگاریی نەتەوەیی گەلی کوردیش بە ئەستۆ بگرن.

لە سەرەتای جەنگدا تورکەکان بە پشتیوانیی بەشێك لە خێڵە کوردەکان توانییان ناوچەکانی مەهابادو تەورێزو خویو ورمێ، کە هێزەکانی روسیایان تێدا بوو داگیر بکەن[٣٩٣]. مەسەلەی هاوئایینیو بانگی غەزای تورك کاریگەریی خۆیان لەسەر هاندانی بەشێك لە خێڵە کوردییەکان، تایبەت سوننە مەزهەبەکان بۆ شەڕی دژی روسیا داناوە، چونکە هۆزە کوردییەکانی کەلهوڕو گۆرانو شیعە مەزهەبەکانی تر وەکو کوردانی سوننە مەزهەب بایەخێکی ئەوتۆیان بەشەڕی دژی روسیا نەدا[٣٩٤]، واتە تورکەکان وێڕای بوونی ئەو ناڕەزاییەش، کە گەلی کورد دژی ئەوان هەیبوو لە تێکەڵکردنیان بەجەنگ تا رادەیێك سەرکەتوو بوون، باشترین ئامرازیش بۆ ئەم مەبەستە کارکردن لەسەر هەستو سۆزی ئاینی خەڵکی کوردستانو بەڵێن پێدانیان بوو بە داننان بە بەشێك لە مافەکانیان دوای بڕانەوەی جەنگەکە[٣٩٥].

دوای داگیرکردنی شاری بەسرە لە ٢٢/ تشرینی دووەم/١٩١٤دا لەلایەن هێزەکانی بریتانیاوە، تورکەکان کەوتنە هەوڵدان بۆ رێکخستنی بە بەرنامەی هێرشی پڕوپاگەندەیی لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی عێراقیدا لە رێی پەنابردنیان

---

(٣٩٣) لازارێڤ، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٥٩٨؛ حەسەن ئەرفەع، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

(٣٩٤) حەسەن ئەرفەع، هەمان سەرچاوە، ل٥٤.

(٣٩٥) د. کەمال مەزهەر، کوردستان لە سالەکانی...، ل٥١.

بۆ پیاوانی ئاینی، کە ژمارەیەك فەتوایان دەرکردو موسڵمانانیان بۆ جیهاد هاندەدا. هەروەها کەسایەتییەکانی بەسرە رۆژی ٢٠/ ئایار/١٩١٥ بروسکەیەکیان ئاراستەی ناوەندە ئاینییە پیرۆزەکانی عێراق کردو هانی موسڵمانانیان دابوو بۆ بەرگریکردن لە بەسرەو ئاماژەیان بەوەدا بوو، کە بەسرە بە کافر دەورە دراوەو وڵاتانی تری ئیسلامیش لە ژێر شاڵاوی هەڕەشەو مەترسیدان، هەروەها داوایان لە ئیمامەکانی موسڵمانان کردبوو عەشیرەتەکانی عێراق بۆ بەرگریکردن لە شارەکەو رزگارکردنی لە کافرەکان هانبدەن. ئەم بروسکەیە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەستو دەروونی خەڵکەکە دانا، تایبەت زاناکانیان لە بەغداو کازمیەو نەجەفو کەربەلا کە هەر زوو فەتوای جیهادیان راگەیاندو بەسەر تەواوی عەشیرەتەکانی عێراقیاندا بڵاوکردەوە[٣٩٦].

بڕیاری تورکیا بۆ بەشداریکردنی لە جەنگو بەرزکردنەوەی دروشمی جیهاد بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی خستە بەردەم دۆخێکی تەواو ناسکەوە، سەرەنجام بانگەشەی ئاینی تورك بەناوی بەرگری لە ئیسلامو خەلافەتی ئیسلامی کاریکردە سەر ژمارەیەك پیاوی ئاینی کورد[٣٩٧].

شێخ مەحمود، کە نەك هەر تەنیا پیاوێکی ئاینی، بەڵکو خاوەنی پاشخانێکی ئاینی قوڵیشبوو یەکەمین رێبەری دیاری کورد بوو پشتگیریی بانگەوازی جیهادو غەزای تورکەکانی دژی بریتانیا کردو رۆژی ١٢/ نیسان/١٩١٥ بە خۆیو ژمارەیەك جەنگاوەری کوردەوە شانبەشانی ئەوانەی، کە پێیان دەگوترا موجاهیدانی عەرەب لە بەرژەوەندی تورکە عوسمانییەکان لە شوعەیبە[٣٩٨] دژی ئینگلیز بەشداری شەڕیکرد. هەر لەو

هەواڵنامەی کێپ

(٣٩٦) المس غيرترود بيل، فصول من تأريخ العراق القريب، ت: جعفر الخياط، دار الكتب، بيروت، ١٩٧١، ص١٢-١٤.

(٣٩٧) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص٩٤.

(٣٩٨) گوندی شوعەیبە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای شاری بەسرە لە رووی ستراتیجییەوە زۆر گرنگ بووە چونکە ئەوسا رێگە سەرەکییەکانی بۆ بەسرە دەچوون بەو گوندەدا تێدەپەڕین.

لە بارەی شەڕی شوعەیبەو بەشداری کورد لە شەڕەکەدا بڕوانە: رفيق حلمي، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٤٩-٥٠ ؛ ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل١١-١٢ ؛ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردو شەڕی شوعەیبە، "رۆشنبیری نوێ" گۆڤار، بەغدا، ژمارە (١٢٥)، بەهار ١٩٩٠، ل٣٦-٣٩.

ساڵەدا شێخ بە ژمارەیەك جەنگاوەرەوەو لەسەر داوای بەشێك لە سەرۆك عەشیرەتە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شەڕی دژی هێزەکانی روسیا لە سنووری پێنجوین بەشداریکردو توانی پەلاماری روسەکان بۆ سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان بوەستێنێت[٣٩٩]. بەمەش ناوو ناوبانگی شێخ لە نێو هۆزەکانی کورددا گەورەتر بوو. دوای ئەوەی عوسمانییەکان داوای بەشداریی جەنگیان لە شێخ مەحمود کرد بە ماوەیەکی کەم بە پێی گوتەی ئەحمەد خواجە بە هەزاران سوارەو پیادەی کورد لە عەشیرەتەکانی ناوشارو گوندەکانو بەوانەشەوە، کە سەربازی هەڵاتوو بوون بەناوی غەزاو دینەوە بەچەكو خۆراکی خۆیانەوە دەستە دەستە رژانە ناو شاری سلێمانییەوە[٤٠٠].

---

- وێرای فاکتەری ئایینی، عەبدولفەتاح بۆتانی دوو فاکتەری تریش بۆ بەشداری شێخ مەحمود لەشەڕەکە دەست نیشاندەکات: ١- دەوڵەتی عوسمانی تاوانی کوشتنی باوکی بەهاء ئەفەندی (بەهاء ئەفەندی بەپێی ژمارەیەك سەرچاوە بە هۆکاری هەڵگیرساندنی= =فیتنەکەی موسڵ دادەنرێت، کە شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمودی تێدا کوژرا) لەسەر شێخ مەحمود لادابوو.
- شێخ بەهیوا بوو دوای سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە جەنگو بە پشتیوانی ئەوان ئیمتیازو پێگەی بنەماڵەکەی بەدەست بهێنێتەوە.

عبد الفتاح علي البوتاني، آراء موضوعية عن شيخ محمود الحفيد (البرزنجي) ومطالبه القومية، لە: یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید، چاپخانەی شڤان، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٩٣.

(٣٩٩) رفيق حلمي، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٥٠ ؛ ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل١٢-١٥.

هێزەکانی روسیا لە پێشڕەویان لە باشووری کوردستان زیانێکی زۆریان بە عەشیرەتە کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندبوو ژمارەیەکیشیان ئاوارەی باشووری کوردستان بوو بوون. لێرەوە ئەم سەرۆك عەشیرەتانە داوای هاوکارییان لە شێخ مەحمود کردووەو ئەویش، کە توانای کۆکردنەوەی جەنگاوەرانی کوردی هەبوو بۆ هاوکاری ئەو عەشیرەتانە دژی روسیا دەجەنگێت. عبدالرحمن البياتي، مصدر سابق، ص٨٤.

(٤٠٠) ئەحمەد خواجە، چەند بیرەوەرییەکی مێژوویی، "رۆشنبیری نوێ" گۆڤار، بەغداد، ژمارە (١١١)، ١٩٨٦، ل٨٤.

هەولێرنامەی کتێب

وەك دواتر ئەنجامی ڕووداوەكان دەریانخست جووڵانەوەی سیاسی كورد هیچ بەرژەوەندییەكی سیاسیو نەتەوەیی لەو شەڕانەو كۆمەك بە هێزەكانی توركدا نەبووە، بەڵكو ئەوانە شەڕێك بوون لە بری توركی موسڵمانو بە پلەی یەكەم لە ژێر دروشمی فریودەرانەی جیهادو غەزای تورك دژی ئینگلیزو روسیاو لە بەرژەوەندی سێكوچكەی ستەمكاری توركیدا كراون. توركەكان لە ڕێی ڕاگەیاندنی بانگی جیهادو فاكتەری هاوئاینی توانییان كاریگەریی لەسەر هەستو سۆزی شێخ مەحمود وەك كوڕی نێو پەروەردەیەكی تەریقەتی ئاینی دابنێنو نە تەنها بیكەن بە هاوپەیمانی تورك، بەڵكو لە شەڕی غەیرە دینەكانیشدا (ئینگلیزو روسیا) بەخۆیو جەنگاوەرانی كوردەوە بیخەنە جەنگەوە، ئەگینا لە مێژ نەبوو توركانی بانگەشەكەر بۆ جیهاد نە هەر تەواوی بزووتنەوە سیاسیو كولتوورییەكانی كوردیان بە توندی سەركوت كردبوو، بەڵكو ڕاستەوخۆ لە دوای كودەتاو هاتنە سەركاریان زەبری توندیشیان لە بنەماڵەی خودی شێخ مەحمود بە كوشتنی شێخ سەعیدی باوكیو شێخ ئەحمەدی برایو برینداركردنی خۆی لە موسڵ وەشاندبوو[٤٠١]. بڕواهێنان بەوەی كە شێخ مەحمود بە ئاسانی كوشتنی ئەندامانی بنەماڵەكەی لەلایەن توركەكانەوە بیرچووبێتەوە كارێكی ڕەنگە تا ڕادەیە گران بێت، چونكە لە كولتووری خێڵدا بیری تۆڵە بنەمایەكی گرنگی نیشان دانی هێزو خۆسەلماندنو شەرەفی خێڵ پێكدەهێنێت، ئەو ڕۆژگارەش ستراكتوری كۆمەڵایەتی ــ ئابووریی كۆمەڵگەی كوردی لەسەر بنچینەی پرانسیپەكانی خێڵایەتی دامەزرابووو خێڵ یەكەی كۆمەڵایەتی ـ ئابووریی بنەڕەتیی پێكهێنانی كۆمەڵگەی كوردی بوو، بەڵام چەمكی جیهادو فەتوای ئاینی كاریگەرییان لەوە قووڵتر بووە كە شێخ مەحمود بیر لە تۆڵەكردنەوە لە توركانی هاوئاینو برای دینی خۆی بكاتەوە.

هەرچەندە شێخ مەحمود لە جیهادی دژی روسیا بەشداریكردبوو، بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبوو ئیتر روسیا لە دروستكردنی پەیوەندیی لەگەڵ شیخ بێ ئومێد بووبێ، سیاسییەكانی روسیا هەمیشە گریمانەی ئەوەیان دەكرد، كە دەتوانن لە كاتێكی گونجاوی تردا سوود لە پێگەو نفووزی شێخ مەحمود لە ناوچەكە وەربگرن. لەسەر ئەو

(٤٠١) جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١.

بنچینەیە روسیا لە رێی سەفوەت بەگەوە[٤٠٢] پەیوەندییان بە شێخەوە کرد. سەفوەت بەگ قورئانێكو نامەیەكی بۆ شێخ مەحمود نارد. زمانی داڕشتنی نامەكە لەلایەكەوە داوای پێویستی یارمەتی شێخ بۆ روسیای دەكرد، لەلایەكی تریشەوە لە رێی خستنە رووی هێزو توانای سوپاییو تۆپو فڕۆكەی روسیاوە مەبەستی بوو جۆرە هەڕەشەو گوشارێك نیشانی شێخ مەحمود بدات[٤٠٣]. شێخ مەحمود بە زمانێكی توند وەڵامی نامەكەی داوەتەوە بە جۆرێك وێڕای ستەمكاری روسیا دووپاتی ئەوە دەكاتەوە، كە ئاواتو ئامانجی ئەو ئازادی گەلی كوردەو لە دوژمنێك ناترسێت، كە بیناسێت[٤٠٤].

لە ساڵانی جەنگدا شێخ مەحمود وێڕای هەوڵدان بۆ یەكخستنی ریزی كوردانو پەیوەندیكردن بە توركیاو ئێرانو روسیاوە، هەوڵیشیداوە لەگەڵ ئەو سەركردانە پەیمان ببەستێت كە ئەو رۆژگارە رێبەرایەتی جووڵانەوەی رزگاریی گەلەكانیان لە دەسەڵاتی عوسمانی دەكرد. دیارترین ئەو پەیوەندییانەش لەگەڵ شەریف حوسێنی مەككەو كوڕەكانیدا بوو بە مەبەستی یەكخستنی خەباتو تێكۆشانی هەردوولا دژی دەسەڵاتدارانی ئیتیحادو تەرەقیو لەم پێناوەشدا چەندین نامەی بۆ ناردوون[٤٠٥].

وەك پێشتر ئاماژەی پێكرا رۆڵی سەرەكیی شێخ مەحمود لە بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوەیی گەلی كورددا زیاتر لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانییەوە دەركەوت، بە دیاریكراوی لە دوای كشانەوەی توركەكان لە سلێمانیو بەناچاری دانانی شێخ مەحمود تا بەناوی عوسمانییەوە فەرمانڕەوایی شارەكە بكات.

سلێمانی ئەوسا جگە لەوەی ناوەندێكی مێژوویی گرنگی ئیرشادی تەریقەتەكانی قادریو نەقشبەندی بوو، لە ساڵانی دوای جەنگی یەكەمی جیهانیشدا

---

(٤٠٢) سەفوەت بەگ دۆستێكی دێرینی شێخ مەحمود بوو، لە پێش جەنگدا لە ئەستانبوڵەوە بەرەو روسیا رایكردبووو لەوێ ببووە پەنابەر. روسیا هەوڵیدا بۆ پەیوەندیكردن بە شێخ مەحمودەوە سوودی لێوەربگرێت. ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، ل١٤.

(٤٠٣) بۆ ناوەرۆكی نامەكە بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٥.

(٤٠٤) هەمان سەرچاوە، ل١٥.

(٤٠٥) لازارێڤ، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٦٣٨.

ببووە سێنتەرێکی گرنگی بزووتنەوەی سیاسیو روناکبیریو جوگرافیایی کۆبوونەوەی خوێندەوارانی کورد[٤٠٦]. ئەو رۆژگارەش شێخ مەحمود نە هەر ناسراوترینو پڕ نفووزترین کەسایەتیی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئاینی سلێمانی بوو، بەڵکو تا رادەیەکی زۆر خودی شێخ مەحمود بریتیبوو لە بزووتنەوەی سیاسی کوردو بزووتنەوەکەش بریتیبوو لە شێخ مەحمود. لەوانەیە زێدەگۆیی نەبێت، ئەگەر بگوترێت دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی باشووری کوردستانو بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە سالآنی دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا لکاندنی ویلایەتی موسڵ[٤٠٧] بە دەوڵەتی تازە دامەزرێندراوی عێراقی عەرەبییەوە ئەگەر بە رادەیەکی کەمیش بوو بێ بە کەسایەتیی شێخ مەحمودو جووڵانەوە سیاسیو چەکدارییەکانی ئەوەوە بەسترابۆوە.

ئەو کاتەی هێزەکانی ئینگلیز گەیشتنە کوردستان[٤٠٨]،شێخ مەحمود نە تەنها پیاوێکی سادە، بەڵکو سەرۆکی گرنگترین بنەماڵەی ساداتی باشووری کوردستان

هەواڵنامەی کیژ

---

(٤٠٦) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردی سلێمانیو بەغدا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، "پەیڤین" گۆڤار، سلێمانی، ژمارە (٩)، تەمموزی ٢٠٠٠، ل٢١٠.

(٤٠٧) ویلایەتی موسڵ یەکێك لە کێشە گەورەکانی نێوان بەریتانیاو تورکیاو عێراق بوو، بەڵام پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژیانی سیاسیی خەڵکی کورد، تایبەت لە باشووری کوردستانەوە هەبوو. رۆژی ٣٠/ ئەیلوول/ ١٩٢٤، لەسەر پێشنیاری بەریتانیا کۆمەڵەی گەلان لیژنەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەبارودۆخی ولایەتەکەو زانینی باری سەرنجی دانیشتوانەکەی نارد. سەرەنجام کۆمەڵەی گەلان رۆژی ١٦/ کانوونی یەکەم/ ١٩٢٥ بێگومان لەژێر کاریگەریی بەریتانیادا بڕیاری لکاندی باشووری کوردستانی بە عێراقی عەرەبییەوە راگەیاند. بۆ دەقی بڕیارەکە بڕوانە:" ژیانەوە"، ژمارە (٥٤). لە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، ژیانەوەو شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٢٤-١٩٢٦، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٠.

(٤٠٨) ئینگلیز دوای داگیرکردنی بەغدا لە ١١/ ئادار/ ١٩١٧دا، کانوونی یەکەمی هەمانساڵ شاری خانەقین، ٢٨/ نیسان/ ١٩١٨ شاری کفری، ٢٩/ نیسان دوزخورماتوو، هەروەها ٧/ ئایار/١٩١٨ شاری کەرکوکی داگیرکرد.

بوو[٤٠٩]. هاتنی ئینگلیز بۆ کوردستان بە مانـای ئـەوە بـوو، کـە دەبـێ شـێخ مـەحمود خۆی بۆ مامەڵەی سیاسییانەی هێزێکی گەورەو بڕیار بەدەسـتی دونیـا ئامـادە بکـات، پێویستی دەکرد شێخ لە نێوان سیاسەتی دوو دەوڵەتی ئینگلیزو تورکدا بە روانینێکی تازەو لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییـە نەتەوەییـەکانی کـورد پەیوەنـدیو هاوپـەیمانیو سیاسەتی کوردی دابڕێژێتەوە[٤١٠].

شێخ مەحمود بەبێ لەبەر چاوگرتنی فاکتەری جیـاوازیی ئـاینیو چـەمکەکانی دابەشکردنی دونیا بۆ خانەی ئیمـانو خانـەی کفـر لەیەکـەم نامەیـدا بـۆ ئینگلیـز دوای گەیشتنیان بـۆ کـەرکوک داوای لێکردبـوون بێنـە سـلێمانیو بڕیـار لەسـەر دامەزرانـدنی حکومەتێکی کوردی بدەنو خۆیشی لە ژێر سەرپەرشتی ئەواندا سەرۆکی ئەو حکومەتە بێت[٤١١] شێخ لە نامەکەیدا وێڕای پیرۆزبایی سەرکەوتنی ئینگلیز، ئاماژە بەوە دەکات، کە کورد هیچ چێژو سوودێکی لە عوسمانییەکان نەدیوەو داوا لە ئینگلیـز دەکـات، دان بە مافەکانی کورددا بنێنو ئازادیو سەربەستی لە کوردسـتاندا بڵاوبـــکەنەوەو رێگـــە نـــەدەن جـــارێکیتر تورکـەکـان بگەڕێنـــەوە کوردســـتان[٤١٢]. دوای راگـــەیاندنی ئاگـــربەستـــی مـــودروس (Mudros truce) لە ٣٠/تشرینی یەکەم/١٩١٨داو سپاردنی سلێمانی بە شێخ مـەحمود تـا بـەناوی عوسمانییـەوە فـەرمانڕەوایی بکـات، جـارێکیتر شێخ هەرچەندە پاشەکشەی ئینگلیز لە کـەرکوک رۆژی ٢٤/ ئایـار/ ١٩١٨و گەڕانـەوەی تورکەکان بۆ شارەکەو دەسـتگیر کردنـی شـێخ ناوبـانگی ئینگلیـزی لەکـەدار کردبـوو،

---

أرنلد. تی. ویلسن، بلاد ما بین النهرین بین ولاءین، ت: فؤاد جمیل، ط٢، دار الشـؤون الثقافیـة العامـة، بغداد، ١٩٩٢، ص٣١٩.

(4094) Edmonds, Op. Cit., P. 29.

(٤١٠) جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠.

(٤١١) رفیق حلمي، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٥٠-٥١ ؛ ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، ل١٢-١٥.

(٤١٢) بۆ ناوەرۆکی نامەکە بڕوانە: رفیق حلمـي، سەرچـاوەی پێشـوو، ب١، ل٥٤ ؛ ئەحمـەد خواجـە، هەمان سەرچاوە، ب١، ل١٨ ؛ ویلسن، مصدر سابق، ج٢، ص٣٢٠.

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا کەوتە سەر بیری ئەوەی ئینگلیز بانگهێشتی سلێمانی بکات. بۆ ئەم مەبەستەش نامەیەکی بە ئەحمەد فایەق تۆفیق (فایەقی تاپۆ)و عیززەت تۆپچی (عیززەتی فاتە)و تایەر ئەفەندی بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز ناردە کفریو لە بەرانبەر لەبەرچاوگرتنی داخوازییەکانی کورد، ئینگلیزی بانگی سلێمانی کردبوو[٤١٣]. ئەم دەست پێشخەرییەی شێخ لە پەیوەندیکردنەوەی بە هێزەکانی ئینگلیز بە بڕوای ژمارەیەك لە توێژەران شتێکی دوور لە چاوەڕوانی بوو، چونکە بریتانیاییەکان پێیان وانەبوو وا بەزوویی پەیوەندییان پێوە بکاتەوە[٤١٤].

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت شێخ مەحمود پێچەوانەی سالاّنی جەنگ، کە هاوشانی تورکەکان بەناوی برای دینیو جیهادەوە دژی ئینگلیزو روسیا بەشداری شەڕی کردبوو، ئەوا دوای ئەوەی لەو راستییە گەیشتووە، کە کورد هیچ سوودێکی لە عوسمانییەکان وەرنەگرتووە، وەك لە نامەکەیدا دەڵێت، ئەمجارەیان دەیەوێت لە رێی ئینگلیزەوە خواستە نەتەوەییەکانی کورد بێنێتە دی. رەنگە ئەم هەڵوێستە سیاسییەی شێخ سەلمێنەری ئەو راستییە بێت، کە قایمترین کۆڵەکەی بەستنەوەی کورد بە عوسمانییەوە، کە چەمکەکانی برای دینیو شوناسی ئیسلامییە لە ژێر گوشاری فیکری نەتەوەییدا کەوتۆتە لەرزینو تا رادەیەك بەرەو لێکترازان چووە، تایبەت ئەگەر شێخ مەحمود توانیبای ئەم رایەڵی پەیوەندییەی نێوان کوردو ئینگلیز درێژە پێبدات. لێرەوە بوو خەڵکی کوردستان هاتنی هێزەکانی ئینگلیزیان بۆ کوردستان بە هۆکارێکی گرنگی رزگار بوونیان لە دەسەلاّتی پڕ لە ستەمی تورکانی هاوئاینیان دەزانیو پێیان وابوو دەرفەتی دامەزراندنی چوارچێوەیەکی ئیداری لۆکالییان، کە وەلاّمدەرەوەی خواستەکانیان بێت بۆ دێنێتە پێش. پێشوازیی گەرمو برایانەی مێجەر نۆئێل (Major Noel)[٤١٥] لەلایەن نوێنەرانی شارو گوندە

---

(٤١٣) رفیق حلمي، هەمان سەرچاوە، ب١، ل٥٧ ؛ ((یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید))، ل٣٦–٣٧.

(٤١٤) المس بیل، مصدر سابق، ص١٨٧.

(٤١٥) مێجەر نۆئیل: ناوی تەواوی ئیدوارد چارلز ولیام نۆئێلە. سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩١٩و لەماوەی یەکەم حوکمداریی شێخ مەحمودا هەوڵیداوە رەواندوزیش بخاتە چوارچێوەی دەسەلاّتی

کوردییەکـانی ناوچــەی سلێمانی بەڵگەی ئەو هەڵچنینی هیواو ئومێدەی کورد بوو بـە ئینگلیز[٤١٦].

وەك چۆن تورکەکان هەوڵیاندەدا لە ڕێی بزواندنی هەستو سۆزی ئاینییـەوە پشتیوانیی کورد بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ئینگلیزیش بەهەمانشێوەو لـە ڕێـی کـەناڵی جیاجیای سیاسییو ڕۆژنامەگەرییەوە هەوڵیـدەدا تورکـەکان لـە بـەرگێکی نادینیدا بۆ کوردەکان نیشانبدات. "تێگەیشتنی ڕاستی"[٤١٧]، کە ئۆرگـانی پڕوپاگەنـدەی سیاسـی ئینگلیـز بـوو هەوڵیـدەدا سـۆزی ئـاینیو هەسـتی نەتـەوەیی خـەڵکی کـورد بـەجۆرێك بقۆزێتەوە، کە وەستانەوە دژی عوسمانییەکان پێچەوانەی بەهاو بنـەما ئیسـلامییەکان نییە، هەروها دەیویست ئیتیحادییـەکان لـە بـەرگێکی نادینیـدا نیشـانبدات بـە جۆرێك سەرکردەکانی وەکو ئەنوەرو تەلعەتو جـەمال پاشـا لـە جێگـەی پێغەمبـەر دادەنـێنو هەقو ئاین لە بەرانبەر دەسکەوتی ماددیدا دەفرۆشن. لە زۆر جێگەی ئەم ڕۆژنامەیـەدا

هەواڵنامەی کتێب

---

حوکمدارییەکەی شێخەوە. دوای دڕدۆنگ بوونی ئینگلیز لە شێخ، مێجەر سۆن لـە جێگەکەیدا دەست بـەکاربوو. نۆئێـل سـاڵی ١٩٢١ لـە کۆنفرانسـی قـاهیرە یـەکێك بـوو لەوانـەی داوایـانکرد هەرێمـە کوردنشـینەکان نەخرێنـە نێـو سـنووری دەوڵـەتی عێراقـی عەرەبییـەوە. بڕوانـە: مێجـەر نۆئێـل، سەرنجدانێکی بارودۆخی کورد، و: سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥.

(٤١٦) د. سعد بشير اسكندر، السياسة البريطانية في كردستان الجنوبيـة تشـرين الأول ١٩١٨–آب ١٩٢٠. لە: یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید، ل١٤٩–١٥٠. پێشوازیی گەرمی بەشێك لە خەڵکی کورد لە نۆئیـل بە مانای ئەوە نییە نۆئیـل ویسـتبێتی لـە دەرەوەی خواسـتەکانی کۆلۆنیـالیزمی ئینگلیـز سیاسـەتێك جێبەجێبکات، کە لە ڕاستیدا جێبەجێکەری هەمان سیاسەت بوو بەڵام بە ئامرازو شێوازێکی جودا.

(٤١٧) "تێگەیشتنی ڕاستی": یەکەم ژمارەی ڕۆژی ١/ کانوونی دووەم/ ١٩١٨ لە بەغداو دوا ژمارەیشی ٢٧/ کانوونی دووەم/ ١٩١٩ دەرچووە. تەمەنی ڕۆژنامەکە ساڵێكو بیستو شـەش ڕۆژ بـووەو سـەرجەم (٦٧) ژمارەی لێ چاپکراوە. دروشمی ڕۆژنامەکە بەمجۆرە بوو: ((ڕۆژنامەیەکی سیاسـیو ئیجتیمـاعیو خادمی یەکبوونو سەربەستی کوردانە)). بۆ زیاتر لە بـارەی ئـەم ڕۆژنامەیـەو بایەخـەکـەی بڕوانـە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستیو شـوێنی لـە ڕۆژنامەنووسـی کوردیدا، چـاپخانەی کـۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل٩٧–٢١٢.

ئینگلیز وەکو داکۆکیکەرو پارێزەر، ئیتیحادییەکانیش وەکو نیشانەی تێکدانو شێواندنی ئیسلام نیشاندراون[٤١٨].

لە وەلامی نامەکانی شێخ مەحمود لەسەر راسپاردەی ئارنۆڵد ویلسن (Wilson Arnold)، جێگری حاکمی گشتی ئینگلیز لە بەغدا، مێجەر نۆئێل نێردرا بۆ سلێمانی. نۆئێل رۆژێك دوای گەیشتنیو لە ١٧/ تشرینی دووەم/ ١٩١٨دا لە وتارێکیدا شێخ مەحمودی وەکو حوکمداری کوردستان راگەیاند[٤١٩]. هاوکاریی کورد بۆ بریتانیا لەوانەبوو ببێتە هۆکارێکی فراوانبوونی دەسەلاتی دەوڵەتی بریتانیا لە ناوچەکانی کوردستان، بە پێچەوانەشەوە دوژمنایەتیی کورد بۆ بریتانیا لەوانە بوو، ببێتە رێگەخۆشکەرێك بۆ گەڕانەوەی تورکەکان بە رێگەی سیاسی یان سەربازی. لێرەوە ئەرکی بنەڕەتیی نۆئێل لە "هاوسۆزی لەگەڵ کورد لە رێگەی هاندانی بیری نەتەوەیی دژی نەزعەی ئیسلامی" خۆی دەنواند[٤٢٠].

پەیوەندیی دۆستایەتیی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیز تەمەنی کورت بوو[٤٢١]، بەشێکی گەورەی هۆکاری گرژبوونەوەی پەیوەندییەکانی شێخ بە ئینگلیز پەیوەندیی بە داخوازییە سیاسیو نەتەوەییەکانی شێخ مەحمودو خۆ دزینەوەی ئینگلیز لە سەلماندنی ئەو مافانە بۆ کورد هەبوو. ئینگلیز شێخ مەحمودی وەکو فەرمانبەرێکی

---

(٤١٨) هەمان سەرچاوە، ل١١٤-١١٦.

(٤١٩) بۆ زیاتر بڕوانە: رفیق حلمي، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٦٠-٦١؛ د. ئەحمەد عوسمان ئەبو بەکر، کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا، و: موحەمەد نوری توفیق، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣٣ ؛ د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦.

(٤٢٠) د. سعد بشير اسكندر، السياسة البريطانية في كردستان الجنوبية. لە: یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید، ل١٥٢.

(٤٢١) کاتێك ئینگلیز شێخ مەحمودی کرد بە حوکمداری سلێمانی نە مانای سیاسیو یاسایی حوکمدارو نە سنووری جوگرافی دەسەلاتەکەی بۆ دیاریکرد، رەنگە ئەمەش هۆکارێکی تری تێکچوونی پەیوەندییەکانیان بووبێ. نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی ی کوردی ١٩١٨-١٩٣٨، ب٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦-١٧.

بریتانیایی نەك وەكو ڕێبەرێكی سیاسی كورد قبوڵبوو. كاربەدەستێكی گەورەی وەكو مس بیل حوكمدارییەكەی شێخی، كە هەر خۆیان ئەو نازناوەیان پێدابوو بە نموونەی ئیدارەیەكی دەرەبەگی لە ڕووی پراكتیكیەوە ناو دەبرد بەو پێیەی هەر سەرۆكێك لە سنووری خۆیدا بەرپرسی خێڵەكەی خۆیبوو[٤٢٢]. كاربەدەستانی ئینگلیز بە گوتەی جوەیدە دەسەڵاتەكەی شێخ مەحمودیان وەكو قەوارەیەكی خێڵەكی دەبینی، كە لەلایەن ڕێبەرێكی لۆكالی بەهێزەوە حوكم دەكرێت بۆ پاراستن و ڕاگرتنی هێمنی و ئاسایش لە كوردستاندا[٤٢٣].

وێڕای هەڵوێستی ئینگلیز كوردەكان خۆیشیان لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی تا ڕادەیێكی زۆر كەمتوانایی خۆیان لە دروستكردنی هەڵوێستێكی یەكگرتوو نیشان دا، نەبوونی تۆڕی پەیوەندی و پچڕ پچڕی و ناكۆكییە ناوخۆییەكانی نێوان هۆزەكانی كورد هەڵوێستێكی سیاسییانەی یەكگرتووی نزیك بە ئاستی مەحاڵ كردبوو[٤٢٤]. كەمنەبوون ژمارەی ئەو ئاغاو سەرۆك هۆزو شێخە ئاینیانەی بەرنامەو تێزەكانی بریتانیایان پەسەند كردبوو، چونكە بریتانیا دەیویست بەپێی سیستەمی ساندیمان (Robert Sandeman)[٤٢٥]، واتە لەسەر بنچینەی پشت بەستن و دەسەڵات سپاردنەوە بەسەرۆك خێڵەكانی كورد ناوچەكانی كوردستان بەڕێوەببات، ستراتیجی

---

(٤٢٢) المس بيل، مصدر سابق، ص١٨٥.

(423) Wadie Jwaideh, Op.Cit., PP.167-168.

(٤٢٤) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧١.

(٤٢٥) بەهۆی لەیەكچوونی گروپە خێڵەكییەكانی باشووری كوردستان لەگەڵ گروپە خێڵەكییەكانی باكووری ڕۆژهەڵاتی هند، بەریتانیا دەیویست هەمان ئەزموونی هندستان لە باشووری كوردستان دووبارە بكاتەوە كە بریتیبوو لە مل پێكەچكردنی خێڵەكان بۆ دامەزراوەیەكی ئیداری ـ خێڵەكی، كە بریتیبوو لە قەوارەیەكی خێڵایەتی و لەلایەن سەرۆك خێڵەوە بەڕێوەدەبرا. ئەم جۆرە سیستەمی بەڕێوەبردنە بە سیستەمی ساندیمان كە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆبەرت ساندیمان ناسراوە. بەپێی ئەم سیستەمە، كە تەنها تایبەت نەبوو بە كوردستان، سەرگەورەی خێڵ دەبێتە حاكمی ڕەهای خێڵەكەی و تەنها ملكەچی حكومەتی بەریتانیا دەبێت. بڕوانە: جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٢٠٦–٢٠٩ ; W.Jwaideh, Op.Cit., P.165

بریتانیا دامەزراندنی سیستەمێکی حوکمڕانی ئیداری تەقلیدیو کردنی سەرۆك خێڵەکان بوو بە بەرپرسی رەهای ناوچەکانیان لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی ئەفسەرو حاکمی سیاسی ئینگلیزدا. بەڵام ئەو سیاسەتەی بریتانیا لە نێوان ساڵانی ۱۹۱۸–۱۹۲۰ لە باشووری کوردستان پەیڕەویکرد زۆرتر لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی راستەوخۆی هەرێمەکە دەچوو نەك پێدانی دەسەڵات بەسەرۆك هۆزو شێخەکان[٤٢٦]، بەمانای ئەوەی هەرچەندە لە کوردستان پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان دواکەوتوو بوونو شێوازی ژیانی دەرەبەگی زاڵبوو، بریتانیاش وەك دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان نەك تەنها لە هەوڵی هێشتنەوە، بەڵکو گەورەتر کردنەوەی دەسەڵاتو نفووزی سەرۆك هۆزەکاندا بوو، تا لە رێی بەهێزکردنو زیندوو هێشتنەوەی ئەو پەیوەندییانە لەلایەکەوە رێگە لە پرۆسەی بە نەتەوە بوونو گەشەی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی بگرێت، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی خۆی لە رێی ئەو سەرۆك خێڵانەوە لە ناوچەکە قایمترو مەحکەمتر بکات. مس بیل بەڕوونی ئەو راستییە دەخاتە روو، کاتێك ئاماژە بەوە دەکات، کە ئینگلیزەکان بەر لە هاتنیان بۆ کوردستان پەیوەندییان بە ژمارەیەك لە عەشیرەتەکانی کوردەوە کردووە[٤٢٧].

لێرەوە دەشێت بگوترێت، کە ئەگەر ئەرکی بنەڕەتیی نۆئێل وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا بریتی بووبێت لە وروژاندنی بیری نەتەوەیی کوردی دژی نەزعەی ئیسلامی، ئینگلیز چۆن هەوڵیداوە لەسەر بنچینەی خێڵایەتی، هەم باشووری کوردستانو هەم دەسەڵات لە باشووری کوردستان دابەشبکات، چونکە زیندوو هێشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە خێڵەکییەکان کۆسپێکی گەورەی بەردەم دروستبوونی ئینتیمای نەتەوەییو پرۆسەی بە نەتەوە بوونە. رێشی تێناچێت سیاسەتی رەسمی لە باشووری کوردستان بریتیبووبێت لە هەنگاونان بە ئاراستەی پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی کوردی، بەڵام پشتگیریی هێشتنەوەی پەیوەندییە خێڵایەتییەکانی کردبێت. بۆیە بەپێی باری سەرنجی ئێمە بەرژەوەندی سیاسی ئینگلیز

---

(٤٢٦) د. عثمان علي، مصدر سابق، ص٢٦٨–٢٦٩.

(٤٢٧) المس بيل، مصدر سابق، ص١٤٦–١٤٧.

لە کوێ پێویستی بە وروژاندنی هەستی نەتەوەیی بووبێت کاری لەسەر کردووە، لە چ جێگەیەکیش پێویستی بە مانەوەی هێزو دەسەڵاتی سەرۆك خێڵەکانی کورد بووبێت پشتگیریی کردوون‌و نفووزو دەسەڵاتی فراوانتر کردوون.

شێخ مەحمود، کە وەك حوکمدار ناسێنرا بوو رەفتاری سیاسی‌و دیپلۆماسییانەی بەرەو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی زیاترو گەورەتر دەچوو لە بەرانبەر سیاسەتی ناڕوونی ئینگلیزیش لە باشووری کوردستان تووڕەو بێزار ببوو، تایبەت کە شێخ کەوتبووە هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی‌و کۆکردنەوەی پشتگیریی سەرۆك خێڵەکانی کورد، بۆ نموونە لە ئاداریساڵی ١٩١٩دا پشتگیریی خۆی بۆ شەریف پاشای نوێنەری کورد لە کۆنفرانسی ئاشتی نیشان داو[٤٢٨] مایسی هەمان ساڵیش نامەی بۆ سەرۆك خێڵەکانی ناوچەی سۆران‌و بادینان ناردووەو داوای هاوکاری‌و پشتگیریی بۆ دەسەڵاتەکەی لێکردوون[٤٢٩]. لە بەرانبەردا بریتانیا وەکو سەرۆکێکی هیندی بندەستی خۆی مامەڵەی لەگەڵ شێخ مەحمود دەکرد، لەو روانگەیەوە ئەرکەکەی تەنها بریتییە لە هاوکاری کردنی ئینگلیز بۆ چەسپاندنی سیستەم‌و یاسا لە هەرێمەکە، هەرچی شێخ مەحمود بوو، خۆی وەکو رێبەری گەلێکی پڕ لە شانازی دەبینی‌و پشت ئەستوور بوو بە پرانسیپەکانی ودرۆ ویلسنی سەرۆکی ئەوسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە

(٤٢٨) رفیق حلمي، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٦٥ ؛ ئەحمەد خواجە، چیم دی، پ١، ل٢٢ ؛ ((یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید))، ل٤٠–٤٩.

کۆنفرانسی ئاشتی رۆژی ١٨/ کانوونی دووەم/١٩١٩ لە پاریس کرایەوە. سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ودرۆ ویلسن‌و سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لۆید جۆرج Lioyd George‌و سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا کلیمانسۆ کۆنفرانسەکەیان بەڕێوەدەبرد، لەم کۆنفرانسەدا دوای دەنگ لەسەردان بڕیار درا کوردستانیش بخرێتە ریزی ئەو دەوڵەتانەی کە دەبوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی جیا ببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن. ((کوردستان لە بەڵگەنامەی کونسوڵی فەرەنسی لە بەغدا ساڵی ١٩١٩))، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، ب١، چ١، چاپخانەی شڤان، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٩، پەراوێزی (٩).

(٤٢٩) ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، ل٣٩–٤٠ ؛ د. عثمان علي، مصدر سابق، ص٢٧٥.

بڕیاری مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلاندا[٤٣٠]. بە پێی بەڵگەنامەیەکی ئینگلیز شێخ مەحمود داوای لە بریتانیا دەکرد دەوڵەتێکی سەربەخۆی بە سەرۆکایەتی خۆیو لە ژێر سەرپەرشتی خۆیاندا بۆ دابمەزرێنێت،و داواشی کردووە سنووری دەسەڵاتەکەی لە (خانەقینەوە تا شەمزینان، لە چیای حەمرینەوە تا ناوەوەی سنووری ئێران) بۆ فراوانبکەن[٤٣١]. هەرچی ویلسن بوو زاراوەی کۆنفیدراڵی وەکو یەکێتی تەقلیدی نێوان خێڵەکانی کورد بۆ قەوارەکەی شێخ بەکاردەهێنا لەو روانگەیەوە، کە قەوارەکەی شێخ بریتی نییە لە رێکخستنێکی سیاسی ـ ئیداریو بریتانیاو شێخ مەحمود لەسەری رێککەوتبن، بەمەش ویلسن مەبەستی بوو لە نرخی حکومەتەکەی شێخ مەحمود کەمبکاتەوە[٤٣٢].

ئەوانە هەمووی بەڵگەی ئەوەن، کە دوو روانینی تەواو پێچەوانە بۆ بەڕێوەبردنی باشووری کوردستان هەبوو، یەکێکیان روانینی ئینگلیز بوو بۆ بەڕێوەبردنی راستەوخۆی ناوچەکە لەلایەن کاربەدەستانی خۆیانەوە، تایبەت دوای ئەوەی مێجەرسۆن (Major Soane)[٤٣٣] لە ساڵی ١٩١٩دا لە جێگەی نۆئێل لە سلێمانی دەست بەکاربوو بە زوویی کەوتە نواندنی رەفتاری خراپ لەگەڵ دانیشتوانی شارەکەو دواتریش بەمەبەستی سڕینەوەی سیمای کوردییانەی دەسەڵاتە لۆکالییەکەی شێخ کەوتە گۆڕینی فەرمانبەرانی کورد بە عەرەبو هیندیو ئەفغانی[٤٣٤]. لە

---

(٤٣٠) د. عثمان علي، المصدر نفسه، ص٢٨٤.

(431) F.O., 371/5069/4342. Administration Report of Sulaimaniyah Division for Year 1919, P.1.

(432) Ibid, P.9

(٤٣٣) مێجەرسۆن: کاربەدەستێکی سیاسی ئینگلیز بوو، زمانی کوردیو عەرەبی بە باشی فێرببوو بەجۆرێك سەرپەرشتی دەرکردنی رۆژنامەی "تێگەیشتنی راستی" بە زمانی کوردی دەکرد، ژمارەیەك ئایەتی قورئانی بەشێوەیەکی رەوان کردبوو بە کوردی. لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی کوردەوارییو بارودۆخی کوردستان بووەو پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ژمارەیەك سەرۆك عەشیرەتی جاف دامەزراندبوو.

بۆ زیاتر بڕوانە: د. کمال مظهر أحمد، کردستان في سنوات...، ص٣٦–٣٧.

(٤٣٤) رفیق حلمي، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٧٧، ٩٥، ١٠٧.

کاتێکدا شێخ مەحمود وێڕای دامەزراندنی ئەفسەرانی بەریتانی لەتەواوی دەزگاکانی حکومەتەکەیدا، مەرجی ئەوەیشی دانابوو، کە دەبێ فەرمانبەرانی تر لە دامەزراوە کارگێڕییەکانیدا بەپێی توانا کورد بن نەك عەرەب[٤٣٥]. سەرەنجام دۆخەکە لە پەیوەندیی دۆستایەتییەوە بۆ ناکۆکیو جەنگ گۆڕاو لە مایسی ساڵی ١٩١٩دا شێخ مەحمود دەستی بەسەر سلێمانیدا گرتو کاربەدەستو فەرمانبەرانی ئینگلیزی زیندانیکرد، هەروەها سەربەخۆیی کوردستانی راگەیاندو ئاڵای کوردستانی لە جێگەی ئاڵای بریتانیا بەرزکردەوە[٤٣٦]. دوای ئەوە زۆربەی ئەوکەسانەی دوودڵو راڕابوون لە خۆیەکلاییکردنەوەیان لە نێوان شێخو ئینگلیزدا بوونە لایەنگری دەسەڵاتەکەی شێخ مەحمود، تەنانەت بەشێکی هۆزە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش ویستیان لەگەڵ حکومەتی کوردیو دەسەڵاتی شێخ مەحمود دا بن[٤٣٧].

هەموو ئەوانەی خرانەڕوو بەمەبەستی ئەوەن بزانین تاچەند پەیوەندیی شێخ مەحمود بە ئاینەوە وەکو کەسایەتییەکی نێو پەروەردەیەکی ئاینی ــ سۆفیگەری کاریگەریی لەسەر گرژبوونو دەستپێکردنی شەڕ لە نێوان شێخو ئینگلیزدا هەبووە. ئایا ئەوە رۆحی سۆفیزمو جیاوازیی ئاینییە شێخ بە ئاراستەی شەڕی دژی ئینگلیز دەبات، یان فاکتەری تر لە پشتی گرژبوونی دۆخەکەو ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانیاندا وەستاوە؟

ئەو زانیاریانەی لە چەند لاپەڕەی پێشتر دەربارەی هەڵوێستی ئینگلیز بەرانبەر شێخ مەحمود خستماننەڕوو دەرخەری ئەو راستییەن، کە پێناچێت ئینگلیز ویستبێتی داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد بێنێتەدیو شێخ مەحمود وەکو پیاوێکی ئاینی لەسەر بنچینەی جیاوازیی ئاینیو چەمکە دینییەکانی ئیمانو کفر بەچەك وەڵامی دابنەوە. بە بڕوای ئێمە شێخ مەحمود هێندەی سیاسەتی کردووە دینداری نەکردووە. ئەگەر هۆشیاریی ئاینی لە فۆرمی تەریقەتدا کۆنترۆڵی بیرو هۆشیاریی شێخی بکردایە،

---

(٤٣٥) المس بيل، مصدر سابق، ص١٩١.

(436) Edmonds, Op. Cit., P. 30.

(437) Ibid, P. 31.

یان رەفتاری سیاسییانەی شێخ تەنها لە چوارچێوەی هۆشیارییەکی سۆفیگەریدا بوایە، لەوانەبوو هەرگیز ئامادەیی خۆی بۆ هاوپەیمانیو دۆستایەتی لەوەش زیاتر داوای دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی بە سەرپەرشتی وڵاتێکی غەیرە دینی وەکو ئینگلیزدا نەکردبا. بۆیە ئەوە تەریقەتو دین نییە بە تەنها دەبێتە هۆی ناکۆکیو جەنگی نێوان شێخو ئینگلیز، رەنگە گرێدانەوەی هەڵوێستی بەشداریکردنی هێزەکانی کورد بە رێبەرایەتی شێخ مەحمود لە شوعەیبە دژی ئینگلیزو لە پێنجوین دژی روسیا بە کاریگەریی چەمکەکانی غەزاو جیهادەوە راستی زۆری تێدا بێت، بەڵام هەمان لێکدانەوەو راڤەکردن بۆ کاریگەریی ئەو چەمکە دینییانە لەسەر هەڵوێستی سیاسیو نەتەوەییانەی شێخ لە ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەئەندازەی ساڵانی سەرەتای جەنگ لە رووی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە راست دەرناچێت. ئەگەر لەسەرەتای جەنگدا فەتوای پیاوانی ئاینیو بانگەوازی جیهادو برای دینی هۆکارێکی گرنگی کارکردنە سەر هۆشیاریی شێخ مەحمود بووبێت تا بەخۆیو جەنگاوەرانی کوردەوە لە کوردستانەوە بۆ باشووری عێراق بەرەو پیری جەنگی کافران (ئینگلیز) بچێت، ئەوا لەکۆتایی جەنگەکەدا لە ئەنجامی خوێندنەوەی بارودۆخی نوێ بە خواستی خۆیو بەمەرجی لەبەرچاوگرتنی داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد هەمان ئینگلیزی (کافر) بانگهێشتی سلێمانی دەکات.

لێرەوە ناشێت گرژبوونو جەنگی نێوان شێخ مەحمودو ئینگلیز بە تەنها لە روانگەی جیهادی دژی کافران لێکبدرێتەوەو لە ناوەرۆکە سیاسیو نەتەوەییەکەی خاڵی بکرێتەوە. گومانی تێدا نییە ئەو رۆژگارە مزگەوت، تایبەت لە گوندەکانی کوردستاندا تەنها شوێنێك نەبوو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکانو تێیدا پیاوانی ئاینی ئەندامانی شارو گوندەکان فێری خوێندنەوەو نووسینو قورئان بکەن، بەڵکو رۆڵی باشیشی لە ئامادەکردنی زەمینەی فیکری بۆ بەشی هەرەزۆری ئەو بزووتنەوانە دەرەخساند، کە لە کوردستاندا سەریانهەڵدەدا. بۆیە ئاسانترین زمان، کە بەشی هەرەگەورەی لایەنگرانی شێخ مەحمود تێیدەگەیشتن زمانی کارکردن لە نێو چەمکەکانی ئاینی ئیسلام بوو، بەڵام نە بەو مانایەی پێمان وابێت ئەو فەرمانەی شێخ مەحمود ساڵی ١٩١٩ بۆ شەڕی دژی ئینگلیز دەریکرد فەرمانی جیهاد بوو، نەك

فـەرمانی خـەباتی رزگـاریی نەتـەوەیی هـەروەکو ماکـداول دەڵێـت[٤٣٨]. درایڤـەریش لەمبارەیـەوە دەڵێـت: "هـیچ پاڵنـەرێکی نیشـتمانی کـوردی لـە نێـو نامـەو بەڵگەنامـە دۆزراوەکانی دوای دەست بەسەردا گرتنی سلێمانی بەرچاو ناکەوێت، لایەنگرانی شـێخ مەحمود لە رێـی بانگـەوازی بـەرگری ئیسـلام ورەیـان بـەرزدەبۆوە"[٤٣٩]، واتـە شـێخو راوێژکارەکانی بڕوایان وابوو، کە ئەوە هەستی ئاینییە دەتوانێت ئەندامانی خێڵەکان بجولێنێ نە هەستی نیشتمانیو نەتـەوەیی. ئەنـدامانی خێـڵ ئـەو رۆژگـارە هۆشـیاریی ئەوەیان لەلا دروست نەببوو لە پێناوی مەسەلەی رزگاریی نەتەوەیی کـورد دەسـت بـۆ چەك ببەن، دروشمی ناسیۆنالیزم لەلای ئەوان شتێکی ناسـراو نـەبوو، چـەمکی جیهـاد وەکـو دروشمێکـی کـۆنو سـەرنجڕاکێش ئـەوانو تـەواوی موسـڵمانانی تریشـی دەبزواند[٤٤٠].

ئـەم دوو لێکدانـەوەو بۆچـوونە، چ ئـەوەی ماکـداول چ ئـەوەی درایڤـەر پێویستیان بە قسە لەسەر کردن هەیە. لێکدانەوەکەی ماکداول لەسـەر بینینـی شـێخ مەحمود وەکـو کەسـایەتیو رێبـەرێکی تـەواو ئـاینی دامـەزراوە، نـەك هاوشـانی ئـەوە بینینی وەکو رێبەرێکی سیاسی ـ نەتـەوەییو سـەرکردەی جووڵانـەوەی رزگـاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، کە بە گوتەی ئەحمەد خواجە: شـێخ بـە راپـەڕینی سـاڵی ١٩١٩ هەموو گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزی تێگەیاند، کـە مـرۆڤ نابێت دیـلو ژێـر دەسـت بکرێت، بـانگی ئـازادی بـۆ کـوردو گـەلانی تـریش پەخشـکرد[٤٤١]، تەنانـەت لـە یەکـەم فەرمانی حوکمداردا رۆژی ٢٢/ مایس/١٩١٩، کـە تایبەتـە بـە راپـەڕینی چـەکداری دژی ئینگلیز بە هیچ جۆرێك باسی غەزاو جیهادو مەسـەلەی جیـاوازیی ئـاینیو ئیمـانو کفـر نـەکراوە، بـەڵکو قورسـایی خراوەتـە سـەر مەسـەلەی نیشـتمانیو پاشـگەزبوونەوەی ئینگلیـز لـەو بەڵێنانـەی بـە کـوردی دابـوون بـە پشـتگیریی کردنیـان لـە هێنانـەدی

(٤٣٨) مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨٢.

(٤٣٩) بڕوانە: جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٢٢٧.

(٤٤٠) المصدر نفسه، ص٢٢٧.

(٤٤١) ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، ل٣٨.

مافەکانیان[٤٤٢]. درایڤەریش ناتوانێت بۆچوونەکەی خۆی بکاتە راستییەکی مێژوویی‌و فیکریی رەها، چونکە لە بەشێك لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیز، لە یەکەم نامەی شێخ مەحمود بۆ ئینگلیزو بانگهێشت کردنیان بۆ سلێمانی، هەروەها لە داواکاری شێخ لە ئینگلیز بۆ پێکهێنانی حکومەتی کوردی بە سەرپەرشتی بریتانیا وەك پێشتر ئاماژەیان پێدراوە، راستی ئەم بۆچوونە تاکرەهەندییەی درایڤەر دەکەوێتە ژێر پرسیارو گومانەوە. تەنانەت خودی نۆئێل لە یاداشتێکیدا رۆژی ١٥/ کانوونی یەکەم/١٩١٨ دەربارەی ئایندەی میسۆپۆتامیا دان بەو راستییەدا دەنێت کاتێك دەڵێت ": ئینگلیزەکان دەیانزانی خواستێکی جدی‌و بەهێز بۆ بنیاتنانی بیرۆکەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان هەیە"[٤٤٣]. کەسایەتی‌و هۆشیاریی شێخ مەحمود بە تەنها لە نێو دین‌و تەریقەتدا جێینەگرتووە، بەڵکو لە ململانێی سیاسی‌و راگرتنی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەو داوا کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد جێگەی پڕ بایەخی خۆی گرتووە. ئەگەر هەلومەرجی رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی ئەو رۆژگارە پێویستی بە رەنگکردنی کایەی سیاسی بەبۆیەی دینی هەبووبێ، ئەوا قورسایی نەدان پێی دەبووە هۆی دابڕانی هەر جووڵانەوەیەك لە هێزو وزەی جەماوەری. دەبێ ئاگاداری ئەوەش هەبین، کە نازناوی شێخ‌و پاشخانی رۆحی بنەماڵەکەی بەتەنها

(٤٤٢) ناوەرۆکی فەرمانەکە بەمجۆرەیە:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

ژمارە — ١

رۆژی ٢٢/مایس/١٩١٩

فەرمانی حوکمدار

لە ژێر فەرمانی فەرماندەیی گشتی‌و حوکمداری کوردستان مەحمود کوڕی سەعید، سوپای کورد بەرانبەر بە ناڕەوایی‌و بێزاری لە ئینگلیزەکان‌و تەفرەدانی گەلی کوردو پەیمان شکێنیان بە نەدانی حەقی کورد، پەلاماری چەکیدا. ٢١/مایس/١٩١٩ رۆژی یەکەمی شۆڕشی کوردە بەرانبەر بەریتانیای گەورە.

مەحمود

حوکمدارو فەرماندەی گشتی

لە: م. رسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و،ب١، ل٥٠٤—٥٠٥.

(٤٤٣) جرجیس فتح الله، یقظة الکرد، ص٢٢٩.

پێگەی کۆمەڵایەتی بۆ شێخ مەحمودو نفووزی جەماوەری بۆ مسۆگەر نەکردبوو، بەڵکو دەرفەتی ئەوەیشی بۆ رەخساند بوو، ببێتە سەرکردەیەکی سیاسیو ئەرکی کارکردن بۆ بەدیهێنانی خواستە نەتەوەییەکانی کوردیش بە ئەستۆ بگرێت.

لە سیناریۆی دادگاییکردنیدا ساڵی ١٩١٩ لەلایەن ئینگلیز لە بەغدا، شێخ مەحمود نکوڵی لە دڕاندنی ئاڵای بریتانیا ناکاتو هۆیەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ سیاسەتی پڕ لە زەبری ئینگلیز بەرانبەر بەکورد[٤٤٤]، واتە ئەوە سیاسەتی پڕ لە زەبری ئینگلیز بەرانبەر بە کوردە شێخ مەحمود دەخاتە سەنگەری رووبەڕووبوونەوەیانو ئاڵاکەیان دادەگرێت، نەك سیاسەتو هەڵوێستیان بەرانبەر ئیسلام، بەم مانایە شێخ مەحمود لەبەر خراپیی مامەڵەی سیاسییانەی ئینگلیز لەگەڵ کورد، نە لەگەڵ ئیسلام رووبەڕوویان بۆتەوەو ئاڵاکەی داگرتوونو دڕاندوویەتی. دیارە، کە ئەوە دەڵێین مەبەستمان نییە، داکۆکی لە هەڵوێستی شێخ بەرانبەر ئینگلیز بکەین، چونکە رووداوەکان دەریانخست، کە شێخ مەحمود لە بڕیاردانی شەڕ دژی ئینگلیز نەیتوانیوە وەك سیاسییەکی هۆشیار بە وردی قورسایی هێزەکان وەك هەبوون بخوێنێتەوەو بیری لەو ئەنجامە مسۆگەرە نەکردۆتەوە لە چوونە ناو شەڕێکەوە، کە هیچ جۆرە هاوسەنگییەکی تێدا نەبوو.

بەپێی راپۆرتێك، کە ئینگلیزەکان خۆیان داویانە بەکۆمەڵەی گەلان، شێخ مەحمود دوای ئازاد کردنی لە هندستان لە رێگەی گەڕانەوەیدا لە بەغداوە بۆ سلێمانی، بەر لەوەی بگاتەوە شار پەیوەندیی بە کەمالییەکانەوە کردووە[٤٤٥].

---

(٤٤٤) لەبارەی دادگاییکردنی شێخ مەحمود بڕوانە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، ب١، ل٥٤ ؛ ((یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید))، ل٦١–٦٢ ؛ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و...، ب١، ل٥٢١–٥٣٢.

(445) "Iraq, Report on Iraq Administration, April 1922-March 1923", London, 1924, P.36

لە: د. کەمال مەزهەر، بەڵگەنامەیەکی نهێنی بایەخدار دەربارەی هەڵوێستی ئینگلیز بەرانبەر شێخ مەحمودو بزووتنەوەکانی، "رۆشنبیری نوێ" گۆڤار، بەغداد، ژمارە (١٣٥)، ئاداری ١٩٩٥، ل٣٥.

شێخ مەحمود رۆژی ١٢/ ئەیلوول/ ١٩٢٢ گەیشتەوە بەغدا، دوای دیدەنی مەلیك فەیسەڵ وپێرسی کوکس بەرەو سلێمانی گەڕایەوە، لە رێگەدا پێشوازییەکی جەماوەری زۆری لێکراو رۆژی ٣٠/ ئەیلوول/ ١٩٢٢ گەیشتەوە سلێمانی.

دوای گەیشتنەوەی شێخ بۆ سلێمانی لە ڕێگەی بەشێك لە كاربەدەستانی دەوروبەری خۆی لە ئۆزدەمیر[٤٤٦] نزیكبۆوە. بەگوتەی ڕەفیق حیلمی، ئۆزدەمیر بەوشەو زاراوەكانی ئیسلام، غەزا، دین‌و تۆڵە سەندن لە ئینگلیز شێخ مەحمودی هێنابووە جۆش[٤٤٧]، واتە لە ڕێی بزواندنی هەستی ئاینییەوە شێخی لە توركەكان نزیكدەكردەوە. نزیكبوونەوەی شێخ لە تورك زەمینەی لە باری خۆی هەبوو، چونكە كەسانی نزیكی دەوروبەری شێخ مەحمودو خزمەكانیشی دوژمنایەتی خۆیان بۆ ئینگلیز نەدەشاردەوەو لەسەر بنەڕەتێكی ئاینی دۆستایەتی‌و هاوپەیمانێتیی خۆیان دادەمەزراند، ئینگلیز سەبارەت بە ئەوان كافرو توركەكانیش موسڵمان بوون، ئەوانە بیروباوەڕو بۆچوونەكانیان تایبەت نەبوو بە خۆیان، بەڵكو هەوڵیاندەدا بەسەر كەسانی تریشیدا بسەپێنن. دواجار ئەوانە بوونە ڕێخۆشكەر بۆ دووركەوتنەوەی شێخ لە ئینگلیزو نزبوونەوەی لە تورك[٤٤٨]. ڕەوتێكی تر لە ڕوانگەی بەكارهێنانی ئاینەوە بەپێی چەمكەكانی ئیمان‌و كفر جیاوازییان لەنێوان ئینگلیزو توركەكاندا دادەناو كەوتنە هەوڵدان بۆ بووژاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی، واتە ئەوانە ئینگلیزو هاوكارانی ئینگلیزیان بە كافرو دژە دین دەزانی‌و شێخ مەحمودیش كەوتبووە ژێر كاریگەریی بیرو بۆچوونەكانیانەوە[٤٤٩]. وێڕای ئەوانە ئەو ئالآیەی شێخ مەحمود بەرزیكردبۆوە

---

بۆ زیاتر بڕوانە: رفیق حلمي، یادداشت، ب٢، چ٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری‌و لاوان، هەولێر، ١٩٨٨، ل٥١٥-٥٢٢.

(٤٤٦) ناوی ڕەسمی ئۆزدەمیر، عەلی شەفیقە، لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەر بووەو لایەنگرێكی سەرسەختی مستەفا كەمال (ئەتاتورك) بووە. د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد، ب.٢ چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای موكریانی، هەولێر، ٢٠٠١، ل٨٦، پەراوێزی ١٠.

(٤٤٧) رفیق حلمی، یادداشت، ب٢، ل٥٦٣.

(٤٤٨) عبدالرحمن البیاتي، مصدر سابق، ص٢٣٣.

(٤٤٩) المصدر نفسه، ص٢٣٣ ؛ محەمەد عەبدوڵڵا كاكە سور، ڕۆڵی سیاسی‌و كولتوریی ئەفسەرانی كورد لە بزاڤی كوردایەتی كوردستانی باشووردا (١٩٢١-١٩٤٥)، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٥٢. لە دیارترین ئەو كەسایەتییانە بریتیبوون لە: تاهیر ئەفەندی، ئەمین ئەفەندی،

ئینگلیـزی زۆرتـر بێـزار کردبـوو، چـونکە لـە ئـاڵای عوسمـانی دەچـووو سروشـتێکی ئیسلامییانەی بەسەردا زاڵبوو[٤٥٠]. بەکورتی کەسانی دەوروبەری ڕۆڵێکی گرنگیـان لـە دوور خسـتنەوەی شـێخ مـەحمود لـە ئینگلیـز (کافرەکـان)و نزیکبوونـەوەی لـە تـورك (موسڵمانەکان) هەبوو. سیاسەتی کوردی ئینگلیز ئـەو کاتـە گۆڕانی زیـاتری بەسـەردا هات، کە شێخ لە ڕوسیای سۆڤیەتی نزیکبۆوە. بەلشـەفییەکان ڕۆڵێکی خراپیـان لـە نزیککردنەوەی شێخ مەحمود لە کەمالییەکان بینـی. شـێخ مـەحمود لـە بەشـێکی ئـەو نامەیەدا، کە ڕۆژی ٢٩/ تشرینی یەکەم/١٩٢٤ بۆ کەمالییەکانی ناردووە، دەڵێـت: "مـن ئەوی هەمەو نیمە... بەئەوپەڕی دڵسۆزییەوە تـەرخانم کـردووە بـۆ خزمـەتی جیهـانی موسڵمانانو هەرگیز ڕێگە بەخۆم نادەم ببمە داردەستی ئەو بـیروڕا هەڵخەڵەتێنەرانـەی حکومەتی بەریتانی بڵاویان دەکاتـەوە"[٤٥١]. لـە خـاڵێکی تـری نامەکەیدا شـێخ داوای پارچـەیەك زەوی لـە نزیـك ئەسـتانبوڵ دەکـات، وەك دەڵێـت: "خـۆمو کـەسو کـارم دواساتی ژیانمانی لێ بەرینەسەر" کە "ناوچەیەکی دڵڕفێنی وڵاتێکی موسڵمانانە"[٤٥٢].

ناشێت نزیکبوونـەوەی شـێخ مـەحمود لـە تـورك تـەنها لـەو گۆشـە نیگایـەوە لێکبدرێتـەوە، کـە شـێخ لـە ژێـر کاریگـەریی دوالیزمـی ئیمانـدارو کـافر کـاریکردووەو بڕیـارێکی لـەم جـۆرەی داوە، چـونکە زۆر فاکتـەری تـر لـە پشـتی ئـەم هەڵوێسـتەی شێخەوە وەستاون. بەبڕوای ئێمە مەسەلەی داننەنان بە مافـە نەتەوەییـەکانی کـوردو هێشتنەوەی شێخ وەکو حوکمدارێکی بێ پێناسەو بێدەسەڵات لە ناوچەیەکی جوگرافی سـنووردارردا، لـە بەرانبەریشـدا سـەپاندنی دەسـەڵاتو فـەرمانی ڕاسـتەوخۆی ئینگلیـز بەسەر باشووری کوردستاندا وایکردبوو شێخ مەحمود بەوە ڕازینەبێت بە تـەنها بـریتی

---

سـەید عەبـدوڵڵا حـاجی سـەید حەسـەن، ئەحمـەد تـەقی، ڕەزا ئەفەنـدی، ڕەئـوف ئەفەنـدی، کـە لـە کاربەدەستو خزمـانی نزیکـی دەوروبـەری شـێخ مـەحمود بـوون. م. ڕسـول هـاوار، شـێخ مـەحمودی قارەمان و، ب٢، ل٣٦٩.

(٤٥٠) ئاڵای شێخ مەحمود پانتاییەکی سەوزو لەناویدا هیلالێکی سوورو مانگێکی سپی هەبوو.

(٤٥١) لە: د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ل١١٢-١١٣.

(٤٥٢) لە: هەمان سەرچاوە، ل١١٣.

بێت لە ئامرازێكو ئینگلیز بۆ دەركردنی تورك لە باشووری كودستانو هێنانەدی ئامانجەكانی هەردوو حكومەتی بەریتانیو عێراقی بەپێی ویستو ئارەزووی خۆی بەكاری بهێنێت هەرچەندە شێخ لە چوارچێوەی زامنكردنی مافە نەتەوەییەكانی كورد ئامادەی هاوكاری بریتانیا بوو، چونكە شێخ مەحمود بە گوتەی رەفیق حیلمی" نەك لە هەستی نەتەوەیی بێبەش نەبوو، بەڵكو خاوەنی هەستێكی بەهێزی نەتەوەییو ئامانجیشی سەربەخۆیی كوردستان بوو"(٤٥٣). بە گوتەی وەدیع جوەیدەش كوردەكان، كە بە توندی پابەندی سەربەخۆیی خۆیان بوون لەشەڕو ناكۆكی بەردەوامدا بوون لەگەڵ هەموو ئەوانەی هەوڵیاندەدا دەسەڵاتی راستەوخۆیان بەسەردا بسەپێنن، بۆ نموونە لە رۆژگاری شێخ عوبەیدوڵلای نەهرییەوە كوردەكان زیاتر ملكەچی سەركردە ئاینییەكانیان بوون نەك سەركردە خێڵەكییەكانیان(٤٥٤).

بریتانیا شێخ مەحمودی بۆ ئەوە دەویست، تا كورد لە توركو توركیش لە باشووری كوردستان دووربخاتەوە، تەنانەت بێدەنگیی بریتانیا لە بەرانبەر راگەیاندنی

هەواڵنامەی کتێب

(٤٥٣) رفیق حلمي، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٥٢٩، ٥٤٣ ؛ د. عبدالرحمن قاسملو، كوردستانو كورد، و: عبدالله حسن زادە، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی پێشەوا، ب.ج، ١٩٧٣، ل٧٤.

(454) W. Jwaideh, Op.Cit, P.166

لە راستی دوور دەكەوینەوە، ئەگەر پێمان وابێت تەواوی سەرۆك خێڵەكانی كورد ملكەچی سەركردەكانی تەریقەتەكانی سۆفیزمو پیاوانی ئایینی بوون، چونكە لە شێخ عەبدوڵلای نەهرییەوە تا دەگاتە شێخ سەعیدی پیران كەمنەبوون ژمارەی ئەو سەرۆك خێڵانەی پێچەوانەی ویستو ئیرادەی شێخەكان، كە رێبەری جووڵانەوەی رزگاری نیشتمانی گەلی كورد بوون سەنگەری دژی شێخانو ریزی دوژمنانی جووڵانەوەی كوردیان هەڵبژاردووە. بۆیە ئەو بۆچوونەی جوەیدە، كە عوسمان عەلیش وەك خۆیو بێ قسە لەسەر كردن گواستوویەتیەوە بەو رەهاییە لە رووی میتۆدی زانستیو لێكۆڵینەوەی زانستییەوە دروست نییە.

پێکهێنانی حکومەتی کوردستان‌و خۆناساندنی شێخیش وەکو مەلیکی کوردستان[٤٥٥]، کە بێگومان پاڵنەری نەتەوەیی، نەك ئاینی لە پشتەوە بوو، هەر لەو پێناوەدا بوو.

ئەگەر چاوێك بە رۆژنامەکانی رۆژگاری شێخ مەحموددا بخشێنین بەڕوونی ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەسەلەی نەتەوەیی‌و زمان‌و مێژووو ئەدەبیاتی نەتەوەیی زۆر زیاتر لە مەسەلەی دینداری بایەخی پێدراوەو قسەی لەسەر کراوە. راستە ئەو رۆژنامانە لەلایەن نوخبەی روناکبیرانی ئەو رۆژگارەوە دەردەکران، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت، کە زمانحاڵ‌و ئۆرگانی رەسمی ماوە جیاجیاکانی حوکمڕانی شێخ مەحمود بوون، تەنانەت کاتێ ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی "بانگی کوردستان" بۆ شێخ مەحمود دەنێرن، کە ئەو کاتە لە کوێت بووو هێشتا نەگەیشتبووەوە سلێمانی، شێخ وەکو پشتگیریی لە چاپو بڵاوکردنەوە دووسەد رووپیە بۆ ئیدارەی رۆژنامەکە دەنێرێت[٤٥٦].

ئامانجی رۆژنامەی بانگی کوردستان بڵاوکردنەوەی خوێندەواری‌و پەرەپێدانی بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردی‌و خزمەت بە نەتەوەو بەرەو پێشبردنی زانست‌و زانیاری بوو لە کوردستاندا[٤٥٧].

هەڵوێستی سیاسی رۆژنامەکە وەستانەوە بوو دژی لکاندنی باشووری کوردستان بەعێراقی عەرەبی، یان تورکیاو تێدەکۆشا لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە پشتگیریی ئینگلیز[٤٥٨]. چ لە "بانگی کوردستان"و چ لە رۆژنامەی "ڕۆژی

(٤٥٥) رۆژی ١٠/ تشرینی یەکەم/ ١٩٢٢ شێخ مەحمود بە فەرمانێکی حوکمداری کابینەی حکومەتەکەی لە سلێمانی راگەیاند، رۆژی ١٨/ تشرینی دووەم/ ١٩٢٢ وەکو مەلیکی کوردستان خۆیناساند."بانگ کردستان"، ژمارە (١٠)، ١٥/ تشرینی یەکەم/ ١٩٢٢.

(٤٥٦) "بانگ کردستان"، ژمارە (٧)، ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٢٢.

(٤٥٧) "بانگ کردستان"، ژمارە (١)، ٢ ئۆگستۆسی ١٩٢٢.

(٤٥٨) نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی،ب٢، ل١٤٢.

کوردستان"دا مەسەلەی دینو هاوئاینی لەلایەن کوردەوە هەرگیز نەبۆتە بنەمایەك بۆ رازیبوون بە لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی تازە دامەزرێندراوی عێراقی عەرەبییەوە، تەنانەت "ڕۆژی کوردستان" پشتیوانێکی گەورەی مافی سەربەخۆیی کوردو پێکهێنانی چوارچێوەی سیاسی بووە بۆ باشووری کوردستان(٤٥٩).

ئومێدی ئیستیقلالیش، کە ئۆرگانو زمانحاڵی سێیەمین ماوەی حوکمڕانی شێخ مەحمود بووە (تەمموز/١٩٢٣ – تەمموز/١٩٢٤) لە سلێمانی، بە هەمان شێوەی ڕۆژنامەکانی پێش خۆی هێڵە سیاسیەکە بریتیبووە لە تێکۆشان بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی کوردستان(٤٦٠). واتە لە تەواوی ئەو ڕۆژنامانەدا وێڕای فاکتەری هاوئاینی نێوان کورد ـ عەرەب، کورد ـ تورك هەمیشە پەنا براوەتە بەر زمانو مێژووو جوگرافیاو تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی...هتد وەکو فاکتەری خۆجیاکردنەوە لە عەرەبی هاوئاینو تورکی برای دینی.

هەڵوێستی سیاسی ڕۆژنامەکانی ڕۆژگاری شێخ مەحمود نیشانەی دەرککردنی نوخبەی روناکبیری کوردی بووە بە سەنگی سیاسیو سەربازیو ئابووریی ئینگلیز لە سیاسەتی ناوچەکەو دونیاو کاریگەریی لە بڕیاردانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی بندەستی عوسمانیدا. ئەو ڕۆژگارە ئینگلیز لە دیاریکردنی مافی نەتەوەیی

هەولێرنامەی کتێب

---

بۆ زیاتر لەبارەی هەڵوێستی سیاسیو نەتەوەییانەی بانگی کوردستان وەك نموونە بڕوانە: "بانگ کردستان"، ژمارە (١)، ٢/ ئۆگستۆس/ ١٩٢٢ ؛ ژمارە (٢)، ١٤/ ئۆگستۆس/١٩٢٢ ؛ ژمارە (٩)، ٨/ تشرینی یەکەم/١٩٢٢ ؛ ژمارە (١٤)،

٨/ حوزەیران/١٩٢٣.

(٤٥٩) لەم بارەیەوە وەك نموونە بڕوانە: "ڕۆژی کردستان"، ژمارە (١)، ١٥/ تشرینی دووەم/ ١٩٢٢ ؛ ژمارە(٣)، ٦/ کانوونی یەکەم/١٩٢٢؛ ژمارە (٦)، ٢٧/ کانوونی یەکەم/ ١٩٢٢ ؛ ژمارە (٨)، ١٠/کانوونی دووەم/١٩٢٣ ؛ ژمارە (٩)، ١٧/کانوونی دووەم/١٩٢٣.

(٤٦٠) لەم بارەیەوە وەك نموونە بڕوانە: "ئومێدی ئیستیقلال"، ژمارە (١٣)، ١٣/کانوونی یەکەم/ ١٩٢٤ ؛ ژمارە(١٦)، ٣١ /کانوونی دووەم/ ١٩٢٤ ؛ ژمارە (٢٣)، ٢٤/نیسان/ ١٩٢٤.

گەلانی ژێر دەستەدا خاوەنی قورسایی‌و بڕیاری سیاسی گەورە بووو لەبەرانبەردا تورك، جگە لەوەی دەوڵەتێكی بێ قورسایی سیاسی بوو لە ئاستی نێو دەوڵەتیشدا جوگرافیای دەسەڵات‌و وڵاتەكەیشی بەرەو دابەشبوون دەچوو. لە كاتێكی ئاواداو لە نێوان دوو هێزی وەكو ئینگلیزو توركدا هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی ئینگلیز لە بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەكانی كوردو دووركەوتنەوە لە تورك نیشانەیەكی گەورەی هۆشیاریی سیاسی‌و نەتەوەیی‌و خوێندنەوەیەكی واقعییانەو دروستی نوخبەی روناكبیرانی رۆژگارەكە بووە، كە لە بەرانبەر فیكرو ئاراستەی رەوتی توركخواكاندا گرتبوویانە بەر.

هەرچەندە ئەو رۆژنامانە ئۆرگانی فەرمیی دەسەڵاتی شێخ مەحمود بوون، بەڵام هەڵوێست‌و روانینی شێخ لە پشت بەستن بە هاوكاری ئینگلیز تەواو پێچەوانەی هەڵوێستی ستافی بەڕێوەبەرو نووسەرانی ئەو رۆژنامانە بوو، شێخ مەحمود بڕوای وابوو لە رێی پەیوەندیكردن بە تورك‌و هەروەها ناردنی نامە بۆ سۆڤیەت دەتوانێت خزمەت بە كێشەی كورد بكات،[٤٦١] بێگومان پەیوەندیی لەم جۆرە دەبووە هۆی بێزاری‌و تووڕەیی زۆری ئینگلیزو وەك یارییەكی ترسناك لە لایەن كاربەدستانی ئینگلیزەوە سەیر دەكرا، چونكە لە حاڵەتی سەركەوتنیدا دەسەڵاتیان لە باشووری كوردستان دەكەوتە بەردەم هەڕەشەو مەترسییەوە، بۆیە ئینگلیز لە شوبات/١٩٢٣ دا

---

(٤٦١) شێخ مەحمود رۆژی ٢٠/كانوونی دووەم/١٩٢٣ نامەیەكی بۆ كۆنسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز ناردووەو داوای هاوكاری‌و یارمەتی لێكردوون‌و سۆڤیەتی لەدیدی گەلی كوردەوە بە رزگاركەری گەلانی رۆژهەڵات داناوە. بۆ دەقی نامەكە بڕوانە: د.عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢-١٦٤ ؛ جلال الطالباني، مصدر سابق، ص٢١٩-٢٢١.

كۆنسوڵی سۆڤیەت لە راپۆرتی خۆیدا بۆ مۆسكۆ لە بارەی نامەكەی شێخ مەحمود دەنووسێت: دوور نییە ئەو شاندەی داوای یارمەتی بۆ سەربەخۆیی كوردستان دەكەن‌و دەیانەوێ كوردستان لەلایەن سۆڤیەتەوە یارمەتی بدرێت بە دەستووری ئینگلیزەكان هاتبێت‌و پیلانێكی ئەوان بێت. ئەمە لە كاتێكدا، كە پەیوەندیی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیز لە ئەوپەڕی گرژی‌و ئاڵۆزیدا بووە. د. ئەفراسیاو هەورامی، كورد لە ئەرشیفی روسیاو سۆڤیەتدا، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١١٧.

شـێخی بـۆ گفتوگـۆ بانگهێشـتی بەغـدا کـرد، دوای رەتکردنـەوەی داواکـەی ئینگلیـز سەرەنجام هێزەکانی بریتانیا لە تەمموزی ساڵی ١٩٢٤ دا دوا ماوەی حـوکمڕانی شـێخ مەحمودیان کۆتایی پێهێناو دەستیان بەسەر سلێمانیدا گرتەوە. لـەو مێـژووە بـەدواوە ئیتر شێخ مەحمود نەوەکو حوکمدارو نـەوەکو مـەلیکی کوردسـتان نەگەڕاوەتـەوە بـۆ سلێمانی(٤٦٢).

بەپێی سەرنجی ئێمە شێخ مەحمود لە دونیـای پـڕ لـە کێشمەکێشـی سـاڵانی دوای جـەنگی یەکـەمی جیهانیـدا ئەگەرچـی هەوڵـەکانی لـە پێنـاوی بـەدیهێنانی مافـە نەتەوەییەکانی کوردو فراوانکردنی جوگرافیای دەسەڵاتەکەیدا بووە، بـەڵام نـەیتوانیوە بە وردی سەنگو قورسایی هێزەکـانو کاریگـەرییان لەسـەر رووداوەکـان بخوێنێتـەوە، چونکە لە نێوان دوو هێزی وەکو ئینگلیزو تورکدا بڕیاردان لە هەڵبژاردنی هاوپـەیمانیو دۆستایەتیی کەمالییـەکان تێگەیشـتنێکی زۆر درشـتی شـێخ بـووە لـە هەڵسـەنگاندنی توانای سیاسیو سەربازیو ئابووریی هێـزە ناکۆکـەکانو ئـەنجامی رووداوەکـان. شـێخ مەحمود کاتێك لە بەرانبەر بریتانیـای خـاوەن بڕیـارو هێـز لـە سەرانسـەری دونیـادا لـە تورکەکان نزیکدەبێتەوەو نامە بۆ سۆڤیەت دەنێرێت، کە هیچ یەکێك لەم دوو دەوڵەتـە (تورکیا ـ سۆڤیەت) هێشتا لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی دانیـان پێدانـەنرابوو، تایبـەت کەمالییـەکان خۆیـان لـە قۆنـاغی خـەباتی رزگـاریی نیشـتمانیدا بـوون، ئـەوەمان بـۆ دەردەخات، کە شـێخ مـەحمود نـەیتوانیوە بـە هۆشـیارییەکی سیاسـی وردو قووڵـەوە لەگـەڵ رووداوو پێشـهاتە سیاسـییەکانی رۆژگارەکەیـدا مامەڵـە بکـات. شـێخ مـەحمود بێئاگـا بـوو لـەوەی کـە نـەخۆیو نـە کێشـەی کـوردو نـە چارەنووسـی بزووتنـەوە چەکدارییەکەی دژی بریتانیا لە ستراتیجو سیاسەتی بزووتنەوەی کەمالیدا، کە بەوردی ئاینـدەی بێگومـان لـە بەرژەوەنـدی تـورك لەبەرچـاو گرتبـوو بایـەخێکی ئـەوتۆی پێنەدرابوو، بەڵکو تەنها بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە بەرژەوەنـدی خۆیان بایەخیان بە پێگەی شێخو بزووتنەوەکەی دەدا. بۆیە سەیر نییە ئەگەر ببینین دوای گوشـاری ئینگلیـزو چـۆڵکردنی سـلێمانی لـە ٤/ ئایـار/١٩٢٣دا لەلایـەن شـێخ

---

(٤٦٢) م. رسول هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و، ب٢، ل٥٤٩، ٥٥٦–٥٥٧.

مەحمودەوە، ئۆزدەمیر بە شێخی هاوپەیمانی بڵێت: جێی داخە، کە بەهۆی بێتوانایی ماددیو مەعنەوی نەمتوانی یارمەتیت بدەم[٤٦٣]. ئامانجی کوردو کەمالییەکان زۆر لە یەکدی جیا بوو. کاتێك کەمالییەکان خەونیان بەدەست بەسەرداگرتنی ویلایەتی موسڵەوە دەبینی، کوردەکان دەیانویست لەسەر جوگرافیای ئەو ویلایەتەدا دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنن. تورکەکان گەرەکیان بوو شێخ مەحمود وەکو کارتی گوشار لەبەرانبەر ئینگلیزدا بەکاربهێنن، هەرچی شێخیش بوو مەبەستی بوو لەڕێی هاوکاریی تورکەوە قەوارەی سیاسی ـ نەتەوەیی پێکبهێنێت[٤٦٤].

ئەوانەی باسکران بەڵگەی ئەو راستییە نیشاندەدەن، کە شێخ مەحمود لە سەر بنچینەی سیاسیو نەتەوەیی نە تەنها لەسەر بنچینەی دینی بەڵام بەبێ وەستانو قووڵبوونەوە لە گوزارەو بیرۆکە بەکارهێنراوەکانی نێوانیان پەیوەندیو هاوپەیمانیی لەگەڵ تورکە کەمالییەکاندا دامەزراندبوو. موسڵمانبوون هەمیشە ئەو چەمکە ئاینییە بەهێزە بووە، کە کەمالییەکان هەرچەندە هێزێکی عەلمانی دژە سەڵتەنەتی عوسمانی بوون لە بەرانبەر کوردو لە هاوپەیمانێتیان لەگەڵ شێخدا جەختیان لەسەر دەکردەوە، سەرکردەکانی بزووتنەوەی کەمالی هەورگیز بەلای چۆنیەتیی گوزارەکردنو دەربڕینەکانی وەکو سەربەخۆییو بیری نەتەوەییو مافە کولتووریو نەتەوەییەکاندا نەدەچوون، بەڵکو تەنها لە مانای گشتیداو بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بەکاریاندەهێنان.

لە ئەنجامی هەموو ئەوانەی خستماننەڕوو دەتوانین بڵێین، نە کورد بوونو نە ڕێبازی سۆفیزمی قادری نەیانتوانیوە هەڵوێستێکی یەکگرتووی کوردی لە بەرانبەر دەرەوەی خۆیان (ئینگلیز ـ تورك) لەنێو گرووپو خانە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەو رۆژگارە دروست بکەن. ئەگەر چەند عەشیرەتێکی کورد بەپاڵنەری هۆکاری ئابووریی یان ئاینی (تەریقەت) ببوونە هاوپەیمانی شێخ مەحمود،

---

(٤٦٣) عبدالرحمن البياتي، مصدر سابق، ص٢٨٤.

(٤٦٤) المصدر نفسه، ص٢٩١.

ئەوا ژمارەیەك عەشیرەتی تر لە ناوچەكانی كەركوك‌و كفری‌و هەڵەبجەو پشدەر وەك هاوپەیمان‌و لایەنگری ئینگلیز مابوونەوە(٤٦٥).

هەروەها تەواوی شێخەكانیش چ شێخانی تەریقەتی قادری‌و چ شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی پشتگیرییان لە دەسەڵاتەكەی شێخ مەحمود نەكرد، بۆ نموونە شێخەكانی تاڵەبانی لە كەركوك، كە ئەوانیش وەكو شێخ مەحمود سەر بە ڕێبازی سۆفیزمی قادری بوون‌و شێخەكانی نەقشبەندیش لە بیارەو تەوێڵە نەبوونە هاوكارو لایەنگری شێخ(٤٦٦)، واتە ئەو ڕۆژگارەی، كە شێخ مەحمود ڕێبەرایەتی جووڵانەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی گەلی كوردی دەكرد نە بیری نەتەوەیی كوردی، كە لە پەرەسەندندا بوو، تایبەت لە نێو نوخبەی ڕوناكبیرو خوێندەوارانی كورد، نەبیری سۆفیزم نەیانتوانی ناكۆكییە ناوخۆییەكانی كورد بە هەڵوێستێكی یەكگرتوو لە بەرانبەر هێزە پەلاماردەرەكانی باشووری كوردستاندا بگۆڕن.

هەواڵنامەی كتێب

---

(٤٦٥) رفیق حلمي، سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل٧٠–٧١.

(٤٦٦) جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٢١٠.

# باسی دووەم
# ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران
# لە نێوان بیری ئاینییو بیری نەتەوەییدا

بەر لەوەی قسە لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ناوەڕۆکی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ بکەین، کە بە ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران ناسراوە، پێویستدەکات ئاماژەیەکی کورت بە کەسایەتی شێخ سەعیدو بنەماڵەکەی بدەین، چونکە نە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ بەبێ شێخ سەعیدو نە شێخ سەعید بەبێ ئەو ڕاپەڕینە ناوی دێت، ناوهێنانو قسەکردن لەسەر هەر یەکێك لەوانە ڕاستەوخۆ بە مانای ناوهێنانو قسەکردنە لەسەر ئەویتریان.

شێخەکانی پیران بنەماڵەیەکی ناسراوو بەناوبانگی باکووری کوردستان بوون، لە نێو کوردو گەلانی ناوچە جیاجیاکانی باکووری کوردستاندا خاوەن ڕێزو پێگەی ئاینیو کۆمەڵایەتیی تایبەت بوون، وێڕای ئەوەی خاوەنی تێکۆشانو خەباتی سیاسیش بوون بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کوردو لەو پێناوەشدا زیانی ماددیو گیانیی زۆریان بەرکەوتووە[٤٦٧].

هەرزانەی کتێب

شێخ عەلی باپیری شێخ سەعید لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا لە گوندی سەپتی نزیك دیاربەکر نیشتەجێبووە، دواتر ڕوویکردۆتە ناوچەی پالۆ (Palu) لە هەرێمی گەنجو لەوێ درێژەی بە ئەرکی ئاینیو شێخایەتی تەریقەتی سۆفیزمی نەقشبەندی داوە[٤٦٨]. شێخ عەلی دوای مردنی، بەهۆی ڕێزو پایەی ئاینییەوە گلکۆکەی

---

(٤٦٧) م. ڕسول هاوار، کوردو باکووری کوردستان لەدوا شەڕی یەکەمی جیهانەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، ب٢، چ١، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٩٧.

(٤٦٨) ڕۆبەرت ئۆلسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠-١٦١؛ م.أ. حەسرەتیان، ڕاپەڕینی کوردان ١٩٢٥، و: جەلال دەباغ، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١١.

بۆتە شوێنێکی پیرۆزو بە هەزاران کەس سەردانی مەزارەکەیان کردووەو دیارییان پێشکەشکردووە[٤٦٩]، ئەمەش جگە لەوەی سەلمێنەری ڕێزو خۆشەویستیی پێگەی ئاینیو کۆمەڵایەتییان بوو لەنێو خەڵکی کورددا، بووە هۆی پترکردنی سامانی بنەماڵەکەیشیان.

شێخ سەعید کوڕی شێخ مەحمود کوڕی شێخ عەلی بوو ساڵی ١٨٦٥ لە ناوچەی پاڵو لەدایك بووە. دوای لەدایکبوونی، باوکی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی خنس لە ئەرزەرومو خانەقای نەقشبەندی تێدا دروستکردووە، شێخ سەعید لەو ناوچەیەدا قورئانو زانستە ئاینییەکانی تری خوێندووە[٤٧٠].

دوای مردنی باوکی[٤٧١]، شێخ سەعید سەرپەرشتی بنەماڵەکەیانی گرتۆتە ئەستۆو بۆتە مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی لە پاڵو[٤٧٢]، ژمارەی مریدو

---

(٤٦٩) ئۆلسن، هەمان سەرچاوە، ل١٦١.

(٤٧٠) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە ؛ حەسرەتیان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

شایانی گوتنە بەشی هەرە زۆری ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی ئێمەدان دەڵێن: شێخ سەعید کوڕی شێخ مەحمود کوڕی شێخ عەلی سەپتی نەقشبەندییە، بەڵام حەسەن ئەرفەع دەڵێت: شێخ سەعید کوڕی شێخ عەلی بووە. ڕەنگە ئەرفەع لەو زانیارییەدا بەهەڵەدا چووبێت، بڕوانە: حەسەن ئەرفەع، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(٤٧١) باوکی شێخ سەعید لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی ئیتیحادییەکانو باپیریشی لە ڕۆژگاری کەمالییەکاندا بە گوتەی د. ئەفراسیاو هەورامی لە سێدارە دراون. د. ئەفراسیاو هەورامی، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانو سۆڤیەت، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٨٢.

هەورامی مێژووی ساڵی ١٩٢٤، کە لە بەڵگەنامەی سۆڤیەتی وەرگرتووە بۆ لە سێدارەدانی باپیری شێخ سەعید، کە بە (شباب الدین) ناویبردووە، دیاریدەکات، ئەو ساڵە تەمەنی شێخ سەعید ٥٩ ساڵ بووە، واتە بەلایەنیکەمەوە دەبێ تەمەنی باپیری لە کاتی لە سێدارەدانیدا لە ١٥٠ساڵ زیاتر بووبێت. بەبڕوای ئێمە دە بێ بە پارێزو گومانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو مێژووو زانیارییەی هەورامیدا بکرێت، چونکە دوورن لە ڕاستییەوە.

(472) Arnold Toynbee, The Islamic World, Survey of International Affairs, 1925, Vol.1, London, 1927, P.527;

پەیڕەوکارانی گەیشتۆتە پتر لە دە هەزار کەس و لە نێویاندا جگە لە کورد ژمارەیەك تورکیش هەبوون[473]. بە مەبەستی هەرچی زیاتر فراوانکردنی بنکەی جەماوەری خۆی ساڵی ١٩٠٧ بەنێو ویلایەتە کوردنشینەکاندا گەڕاوەو بەشێك لە سەرۆکەکانی سوارەی حەمیدییە ناسیووە، جگە لەمە لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە لەگەڵ هۆزەکانی کورد پێگەو دەسەڵاتی بەهێزتر کردووە، وێڕای ئەوانە شێخ سەعید بە گوتەی زۆر لە نووسەران یەکێك لە دەوڵەمەندترین کەسایەتییەکانی کوردستان و خاوەنی موڵك و سامانی ئاژەڵی زۆر بووە[474].

شێخ سەعید زانایەکی ئاینی گەورەو ڕەوانبێژ (بليغ) بووە، باوەڕی بەو خورافیاتانە نەبووە، کە خەڵك دەیاندایە پاڵ تواناو کەرامەتی شێخان، ڕازینەدەبوو کەس لەبەردەمیدا بچەمێتەوەو دەستی ماچ بکەن. پیاوێکی نزیك لە ڕۆشنبیرو زانایان بوو، هەوڵێکی زۆری بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و خوێندەواری لەنێو خەڵکیدا دا. بەپێی ژمارەیەك سەرچاوە لە نێوان ساڵانی (١٩٠٨–١٩٢٣)، واتە لە دامەزراندنی ڕێکخراوو کۆمەڵە کوردییەکانەوە چالاکانە بەشداری سیاسی کردووەو پەیوەندیی بەهێزیشی لەگەڵ بنەماڵە گەورەکانی وەکو بەدرخانییەکان و نەهرییەکان و ڕێبەرە سیاسییە هاوچەرخەکانی خۆی هەبووە[475].

---

ئۆلسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢؛ جرجيس فتح الله، يقظة الكورد، ص٢٩٩.

(473) http:\\www.al-waie.org

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی تر شێخ سەعید نزیکەی شەست هەزار مریدو خەلیفەی هەبووەو بەبێ چەندوچۆن دووکەوتەو ملکەچی فەرمانەکانی بوون. "دیاری کردستان" گۆڤار، بەغدا، ژمارە (١٣–١٤)، ٥/ مارت/ ١٩٢٦. لە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، مێژوی ڕۆژنامەوانی کوردی، ب٢، ل٤٦٤.

(٤٧٤) "دیاری کردستان"، ژمارە (١٣–١٤). لە: هەمان سەرچاوەو لاپەڕە؛ ئۆلسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١–١٦٢؛ نیکیتین، کوردو کوردستان، ل٦٢٣؛ جرجيس فتح الله، يقظة الكورد، ص٢٢٩.

(٤٧٥) هادي الچاوشلي، القومية الكردية وتراثها التأريخي، بغداد، ١٩٦٧، ص١١٤.

http://www.al-waie.org ;

ناشێت بە ئاسانی بچینە ژێر باری سەلماندنی ڕاستی ئەو زانیارییانەوە، چونکە بەشی هەرە زۆری ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی ئێمەدان دەربارەی شێخ سەعید، کە کەم نین، ئاماژەیان بۆ زانیاری لەم جۆرە نەکردووە، ئەمە لەلایەك،

هەموو ئەوانە بەسەر یەکەوە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، سیاسی، فەرهەنگیی ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهاندا، تایبەت دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن کەمالییەکانەوەو دەستگیرکردنی سەرکردە راستەقینەکانی "کۆمەڵەی ئازادی" وردە وردە زەمینەی ئەوەیان دەرەخساند شێخ سەعید لە رێبەری تەریقەتێکی سۆفیزمەوە ببێتە رێبەرێکی سیاسیی جووڵانەوەی رزگاریی نەتەوەیی گەلی کورد لە باکووری کوردستاندا، واتە رێکەوت رۆڵی گرنگی بینی لەوەی کە شێخ سەعید ببێتە رێبەری راپەڕینەکە.

ئەو ساڵانەی کەمالییەکان لە جەنگی سەربەخۆیی تورکیادا (١٩١٩–١٩٢٢) بوون، کوردەکان لە خەباتی بەدیهێنانی سەربەخۆیی خۆیاندا بوون، یان لایەنیکەم رووداوەکانی دوای جەنگ ئاماژەیان بەوە دەکرد، کە رەنگە تورکەکان بەشی باکووری کوردستان لە دەست بدەن، بۆیە جارێکیتر پەنایان بۆ چەکە کۆنە ئەزموونکراوەکەیان بردو سەر لە نوێ دەستیانکرد بە خرۆشاندنی هەستو هۆشی ئاینیو جەختکردنەوە لەسەر برایەتی ئیسلامی تورکو کورد[٤٧٦]. کەمالیستەکان بەناوی ئیسلامو برای دینییەوە هاوکاریو کۆمەکی سەرکردەو خەڵکی کوردیان بۆ خۆیان مسۆگەر کردو لە وەدەرنانی داگیرکەران لە تورکیا سوودیان لێوەرگرتن[٤٧٧]، کوردەکان وەك سامی زوبەیدە دەڵێت: "بەسیفەتی موسڵمانبوون دژی پەلاماردەرە مەسیحییەکان لە جەنگی

---

لەلایەکی تریشەوە جگە لەوەی ناوی شێخ سەعید نە وەکو دامەزرێنەرو، نە وەکو ئەندامێکی ئاسایی لە هیچ یەکێك لە رێکخراوو کۆمەڵە کوردییەکانی رۆژگاری دەسەڵاتی ئیتیحادو تەرەقیدا نەهاتووە، هیچ بەڵگەیەکیش لەبەر دەستدا نییە بەشداری راپەڕینی ١٩١٤ی مەلا سەلیمی بەتلیسی سەردەمی ئیتیحادییەکانو راپەڕینەکانی مەلاتیەو قۆچگیریو دێرسیمیشی لە سەردەمی کەمالییەکاندا کردبێت. م. رسول هاوار، کوردو باکووری کوردستان، ب٢، ل٢٩٧.

(٤٧٦) د. کمال مظهر، إنتفاضة عام ١٩٢٥ الكردية في تركيا، ط١، رابطة كاوا للثقافة الكردية، بيروت، ٢٠٠١، ص١٠ ؛ تەلار عەلی ئەمین، سیاسەتی کەمالیو بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان ١٩١٨–١٩٣٨، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوەتەوە)، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٠، ل٣٦–٣٧.

(٤٧٧) جەمال نەبەز، کوردستانو شۆڕشەکەی، ل٩٧.

رزگاریی تورکیادا بەشداریانکرد"[٤٧٨]. ئایار/١٩١٩، مستەفا کەمال گەیشتە ئەنادۆڵو خۆی لە وێنەی (ڕزگارکەری کوردستان)و (بەرگریکەر لە خاکی موسڵمانان دژی مەسیحییەکان) نیشان داو بانگەوازێکیشی ئاراستەی موسڵمانان (تورکو کورد) کرد بەمەبەستی یەکخستنی ریزەکانیان لە پێناوی دەرکردنی داگیرکەرانی بێگانە لە نیشتمانیی موسڵمانان (تورکیا)دا[٤٧٩]، تەنانەت ژمارەیەك لەو سەرکردانەی هاوشانی مستەفا کەمال شۆڕشی رزگاریخوازی نیشتمانی تورکیایان بەرپاکرد، کورد بوون. مستەفا کەمال وەکو رێبەری بزووتنەوەی کەمالی لەسەرەتاوە توانی جێ پێی خۆی لە هەندێك ناوچەی جیا جیای کوردستاندا قایم بکات، بۆ نموونە کۆمیتەی سەرۆکایەتیی کۆنگرەی ئەرزەروم (٢٣/ تەمموز – ٦/ئاب/١٩١٩)، کە بە یەکێك لە پنتە گرنگەکانی بزووتنەوەی کەمالی دادەنرێت لە هەشت کەس پێکهاتبوو کە سیانیان کورد بوونو یەکێك لەو کوردانەش شێخ فەوزی سەرۆکی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەی ئەرزنجانو دێرسیم بوو[٤٨٠].

هەواڵنامەی کتێب

---

(٤٧٨) سامي زبيدة، الدين والإثنية بوصفهما حدودا مسيَّسة. لە: فالح عبد الجبار وهشام داود، الإثنية والدولة. الأكراد في العراق وإيران وتركيا، ت: عبد الإله النعيمي، ط١، الفرات للنشر والتوزيع، بغداد - بيروت، ٢٠٠٦، ص١٤٧.

(٤٧٩) د. خليل علي مراد، القضية الكردية في تركيا ١٩١٩–١٩٢٥. لە: د. خليل علي مراد وآخرون، القضية الكردية في تركيا وتأثيرها على دول الجوار، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ١٩٩٤، ص١٨-١٩.

(٤٨٠) د. كمال مظهر أحمد، إنتفاضة عام ١٩٢٥، ص١١.

جگە لە شێخ فەوزی دوو کوردەکەی دی بریتیبوون لە: سەعدوڵڵا بەگ، کە خەڵکی سیرتو تاساڵی ١٩١٨ ئەندامی ئەنجومەنی مەبعوسان بوو، حاجی موسا بەگ میرزادە سەرۆکی عەشیرەتی موتکی، وێڕای ئەمانە مستەفا کەمال پەیوەندی توندو راستەوخۆیشی لەگەڵ ژمارەیەك رێبەری کوردی ناسراوی تر هەبوو، المصدر نفسه، ص١١.

دوای كۆتاییهاتنی جەنگی سەربەخۆییو دەستگرتنی كەمالییەكان بەسەر دەزگاكانی حوكمڕانیدا، سەرەتای قۆناغێكی نوێ لە مێژووی كێشەی كورد لە توركیا دەستیپێكرد.

لەم قۆناغە نوێیەدا دەوڵەتانی هاوپەیمان لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا پشتیانكردە كێشەی كوردو لە ٢٤/ تەمووز/١٩٢٣دا لە جێگەی پەیمانی سێڤر (١٠/ ئاب/١٩٢٠) پەیمانی لۆزانیان لەگەڵ كەمالییەكاندا مۆركرد، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە كوردەكان كەوتنە بەردەم پەلاماری دەسەڵاتێكی نوێو سیاسەتی توندو پڕ لە زەبری كەمالیستەكان، سەرەتای ئەم سیاسەتەش زوو دەركەوت كاتێك لە تشرینی یەكەم/١٩٢٢دا مستەفا كەمال لە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورك لە ئەنقەرە لە گوتارێكیدا گوتی: "ئەو دەوڵەتەی دروستمانكردووە بریتییە لە دەوڵەتێكی توركی"[(٤٨١)].

لەم هەلومەرجەداو لە كۆتایی ساڵی ١٩٢٢ ژمارەیەك لە كەسایەتیو سەرۆك هۆزەكانی كورد كۆمەڵەیەكی سیاسیی نهێنییان بەناوی "كۆمەڵەی سەربەخۆیی كوردستان" (ئازادی) بە سەرۆكایەتی خالید بەگی جبرانلیو یوسف زیابەگ لە ئەرزەروم دامەزراند[(٤٨٢)]. ئەم كۆمەڵەیە لە ناوچەكانی بەتلیس، خەرپوت، ئورفە، سیرت، دیاربەكرو ناوچەی تریشدا لقی كردەوە[(٤٨٣)]. "كۆمەڵەی ئازادی" ژمارەیەك

(481) Kendal, "The Kurds Under the Ottoman Empire" people without country, The Kurds and Kurdistan, Edited by Gerard Chaliand, London, 1980, P.57.

(٤٨٢) سەبارەت بە ساڵی دامەزراندنی "كۆمەڵەی ئازادی" نوسەران هاوڕانین. جگە لە ساڵی ١٩٢٢، ژمارەیەكیان ساڵی ١٩٢١ بە ساڵی دامەزراندنی كۆمەڵەكە دادەنێن. اسماعیل حقی شاوەیس، كۆمیتەی ئیستقلالی كوردستان، "ڕۆژی نوێ" گۆڤار، ژمارە ١، ١٩٦١، ل٢٠.

ژمارەیەكی تریان ساڵی ١٩٢٣ یان بۆ ئەم مەبەستە دەست نیشانكردووە. زنار سلوپی، مصدر سابق، ص١٠٤؛ جرجیس فتح الله، یقظة الكرد، ص٢٩٥. بەڵام هەموو ئەمانە هاوڕان لەسەر خالید بەگی جبرانلی وەكو دامەزرێنەری كۆمەڵەكە.

(483) Dr. Nuri Dêrsimi, Küdistan Tarihinde Dersim, ikinci Baski, Can Mataacilik, Eylül 2004, S.181 ;

کـوردی سـەر بـە توێـژی کۆمەڵایـەتیی جیاجیـای کۆمەڵگـەی کـوردی لـە رونـاکبیر، کاسبکار، بازرگانو ژمارەیەك ئەفسەری کـوردی نێـو سـوپای عوسمـانی وەك ئیحسـان نوری پاشای(٤٨٤) لە دەور کۆبۆوە(٤٨٥).

ساڵی ١٩٢٣یش ژمارەیەك لە پیاوانی ئاینیو شێخەکانی تەریقەت وەك: شـێخ سـەعیدی پـیرانو ژمارەیـەك لـە ئەنـدامانی بنەماڵەکـەی، شـێخ شـەریف پـالۆ، شـێخ عەبدوڵڵای مەلکانیو سەعیدی نەورەسی چوونەتە ریزی کۆمەڵەکەوە(٤٨٦).

"کۆمەڵەی ئازادی" بە گوتەی ژمارەیەکی زۆر لە سەرچـاوەکان لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە لـە هـەوڵی خـۆ ئامادەکردنـدا بـووە بـۆ راپـەڕینێکی گشـتی، بـۆ ئـەم مەبەستەش کەوتۆتە پەیوەندیکردن لەگەڵ کوردانی دانیشتووی ئەسـتانبوڵو حەلـەب، سـاڵانی (١٩٢٣-١٩٢٤)یـش لـە رووی سـەربازیو چـەکدارییەوە کەوتۆتـە خـۆ ئامـادەکردن(٤٨٧)، لـەم پێناوەشـدا "کۆمەڵـەی ئـازادی" لـە هـەوڵی بەدەسـتهێنانی پشتگیریی دەسەڵاتە لۆکالییـەکانو پیـاوانی ئـاینی خـاوەن نفـووزی کـورددا بـوون لـە باکووری کوردستاندا. شێخ سەعید یەکێك لەو پیاوە ئاینیانە بوو، کە خاوەن نفووزێکی

د. سادقی شەرەفکەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

(٤٨٤) ئیحسان نـوری پاشـا، سـاڵی ١٨٩٣ لـە شـاری بـەتلیس لـە دایکبـووە، دەرچـووی قوتابخانـەی سـەربازی ئەسـتانبوڵە، لـە کـۆنگرەی سـیواس (ئـەیلولی ١٩١٩)و شـەڕی دژی یۆنانییـەکان هاوشـانی کەمالییەکان بەشداریکردووە، سـاڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ رۆڵێکـی کاریگـەری لـە نێـو "خۆیبـون"و راپـەڕینی سەربەخۆیی کـورددا بینیـوە. لـە ئـەنجامی شکسـتی راپـەڕینی ئـاگری سـاڵی ١٩٣٠، پەنایبردۆتـە بـەر ئێرانو ساڵی ١٩٧٦ لە تاران بە کارەساتێك کۆچی دواییکردووە. کریس کوچیرا، سەرچـاوەی پێشـوو، ل١٦١-١٦٢.

(٤٨٥) د. عبدالفتاح البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، ص٤٨٧-٤٨٨.

(486) Dêrsimi, Geçen Kaynak, S.182;

د. عبدالفتاح البوتاني، المصدر نفسه، ص٤٨٨ ؛ شەرەفکەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١-١٤٢.

(487) Kendal, OP. Cit., P.61;

شەرەفکەندی، هەمان سەرچاوە، ل١٤٢.

هەواڵنامەی کتێب

گەورەی کۆمەڵایەتی بەهۆی تەریقەتی نەقشبەندیو سامانێکی ئابووریی گەورەش بوو، بۆیە بووە جێگەی بایەخ پێدانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەکەو لە هاوینی ساڵی ١٩٢٣دا یوسف زیابەگ لەناوچەی خنس چۆتە لای شێخ سەعیدو لەسەر ئەوە رێککەوتوون بۆ رێکخستنی راپەڕینی کوردان کاری هاوبەش بکەن[٤٨٨].

لە پاییزی ساڵی ١٩٢٤دا یوسف زیا چۆتە ئەستانبوڵو لەگەڵ ئەندامانی "حزبی تەرەقی کۆماری" (حزب الترقي الجمهوري)[٤٨٩]، هەروەها لەگەڵ کەسانی ناڕازیو بەرهەڵستکاری سیاسەتی کەمالییەکاندا پەیوەندیی بەستووە[٤٩٠]. "کۆمەڵەی ئازادی" بەشێوەیەکی خێرا لە رێی گوتاردانو بانگەوازو رێنوێنیکردنەوە کە لەلایەن تەکیەو خانەقاکانی شێخانی تەریقەتی سۆفیزمو کاربەدەستانی پێشتری حەمیدییەوە بڵاودەکرایەوە، لەنێو خەڵکدا فراوانتر بڵاوبووەوە، خانەقای شێخ سەعیدی نەقشبەندی ببووە ناوەندێك بۆ کۆبوونەوەی ئیماندارانو گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوەی سیاسیو نەتەوەیی ئەندامانی کۆمەڵەکە[٤٩١]، کانوونی یەکەم/١٩٢٤، کۆنگرەیەکی سیاسی

---

(٤٨٨) م. س. لازاریف وآخرون، تاریخ کوردستان، ت: د. عبدي حاجي، ط١، دار سپیریز للطباعة والنشر، مطبعة حجي هاشم، أربیل، ٢٠٠٦، ص٢١٧؛ حەسرەتیان، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

(٤٨٩) "حزبی تەرەقی کۆماری": لە تشرینی دووەم/١٩٢٤ دامەزرێندراوە، سەرۆکی حزب کازم قەرە بەکر پاشاو ئەمینداری گشتیشی عەلی فوئاد پاشا بوو. ئەمانە لە حزبی گەلی کۆماری دەسەڵاتدار جیاببوونەوە. ئەم حزبە بەرهەڵستکاری سیاسەتی بە عەلمانیکردنی تورکیا لەلایەن کەمالییەکانەوە بوو، داوایدەکرد پایتەخت لە ئەنقەرەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەستانبوڵ، سەڵتەنەتو خەلافەت بگەڕێندرێتەوە بۆ تورکیاو بیروباوەڕی ئایینی رێزی لێ بگیرێتو سیستەمی لامەرکەزی کاری= =پێبکرێت. ژمارەیەك لە کوردەکان بوونە ئەندامی ئەو حزبەو بەمەش دەسەڵاتو نفووزی لە ویلایەتە کوردییەکاندا گەورەتر بوو.

د. عبد الجبار قادر غفور، تاریخ ترکیا المعاصر، ١٩١٨-١٩٨٠. لە: د. إبراهیم خلیل أحمد وآخرون، ترکیا المعاصرة، ص٤٢؛ حەسرەتیان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢-١٣.

(٤٩٠) حەسرەتیان، هەمان سەرچاوە، ل١٢.

(٤٩١) جرجیس فتح الله، یقظة الکرد، ص٢٩٥-٢٩٦.

هەواڵنامەی کتێب

لەلایەن "کۆمەڵـەی ئازادی"یـەوە بـە نهێنـی لـە حەڵـەب بەسـترا، ئامـانجی کۆنگرەکـە تاووتوێکردنی دۆخی سیاسیی باکووری کوردسـتانو دانـانی پلانێکـی گونجـاو بـوو بـۆ وەستانەوە بەڕووی سیاسەتی حکومەتی تورکیاو ناچـارکردنی بـۆ پاشـگەزبوونەوە لـە پلانـی بـە تـورك کردنـی ناوچـە کوردنشـینەکانی بندەسـتی تورکیـا. لـەم کۆنگرەیـەدا بڕیاردرا هێزە چەکدارەکان بخرێنە ژێر سەرکردایەتی ئیحسان نـوری پاشـا(٤٩٢) و عەقیـد خالید بەگی جبرانلیو ڕۆژی ٢١/ ئادار/١٩٢٥یـش بەکاتـژمێری سـفر بـۆ دەسـتپێکردنی ڕاپەڕینی چەکدارانەی کورد داندرا(٤٩٣).

"کۆمەڵـەی ئـازادی" پێچـەوانەی کۆمەڵـەو ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی پـێش خۆی، کە دەسەڵاتو نفووزیان لە دەوروبەری ئەستانبوڵ تێنەدەپەڕی، ئازادی بەبوونی ئەنـدامانی دامەزرێنـەری وەکـو خالیـد بـەگی سـەرۆکی هـۆزی جبرانلـیو دەرچـووی قوتابخانەی سەربازی حەمیدییە، یوسف زیا بەگو لە هـەموانیش گرنگتر بەپشـتیوانی شـێخ سـەعیدی پـیران لـە ئـەرزەڕۆم جـێگیرو لەگـەڵ کۆمـەڵانی خـەڵکی کـوردیش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەبوو(٤٩٤).

دوای پرۆسـەی دەسـتگیرکردنی ڕێبـەرانی دیـاری ئـازادی لـە تشـرینی دووەم/١٩٢٤دا لەلایەن حکومەتی ئەنقەرە، کە بەمانای تێکشـکاندنی گـەورەی ئـازادی بوو، چونکە پرۆسەی دەستگیرکردنەکە ڕێبەرانی وەکو خالید بـەگی جبرانلـیو یوسـف زیا بەگو حاجی موسا بەگی موتکی بەتلیسیو زۆربەی ئەفسەرانی کوردی، کە ئەنـدام یان هاوکاری ئازادی بوون، گرتەوە. لێرەوە ئـەرکی قورسـی ڕێبەرایـەتی ڕاپـەڕین، کـە ڕەنگە بەدەر لە خواستی خۆیانو وەك پێشتریش ئاماژەمان پێـدا بـە ڕێکـەوت بووبـێ، کەوتە ئەستۆی شێخە ڕۆحانییەکانی تەریقەتو پەیڕەوانیان، کە زۆربەیانو لەسـەرووی

(٤٩٢) د. كمال مظهر أحمد، إنتفاضة عام ١٩٢٥، ص٤٤.

(٤٩٣) د. بلەج شیرکوە، مصدر سابق، ص٧٨.

(٤٩٤) کاوە بەیات، شۆڕشی ئاگری داغ، و: ئەبو بەکر خۆشناو، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢٠.

هەموانیشیانەوە شێخ سەعیدی پیران ئامادە بوون، بچنە ژێر باری ئەم ئەرکە قورسەو ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە ببنەوە(٤٩٥).

ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ وەك لە ناوەڕۆكی ئەم باسەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە قسەو باسی جیاجیای لەسەرکراوە، هەندێك نووسەر لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە، ژمارەیەكی تر لە گۆشەنیگای ئاینیو ژمارەیەكی تریش بەپیلانێكی دەرەكیو بزووتنەوەیەكی كۆنەپەرستی دژ بە عەلمانیەتی توركیای نوێیان پێناسە كردووە.

ڕۆژنامەگەریی توركیا ئەو ڕۆژگارە بەهەموو شێوەیەك هەوڵیدەدا لە ناوەڕۆكو بەهای سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابووریو نەتەوەیی ڕاپەڕینەكە كەمبكاتەوەو بزووتنەوەكە وەكو ڕاپەڕینێكی چەتەگەریی چەند خێڵێكی دڕندە بناسێنێت، یان هۆكاری بنەڕەتی ڕاپەڕینەكە بە دەمار توندی ئاینی كوردەكانەوە گرێبداتەوە.

لەبارەی چەتەگەریی ڕاپەڕینەكەوە ڕۆژنامەی "تەنین"ی توركی دەنووسێت: "ڕاپەڕینەكان خاوەنی بیروڕان، بەڵام دەبێ ئەو گەلە دڕندە كۆچەرییە (مەبەست كوردەكانن ـ توێژەر) خاوەنی چ بیروباوەڕێك بن... لە ئەقڵی سادەو پووچی ئەوانەدا نەزانیو مێشك پووچیو سۆفیگەری لەبیروباوەڕو ژیری بێبەشیكردوون، بۆیە لەلای ئەوانە تەنها یەك باوەڕ فەرمانڕەوایە، ئەویش تاڵانیو چەتەگەرییە"(٤٩٦). لە ئینسایكلۆپیدیای حەیاتی توركیشدا هاتووە: "هەندێك لە سیاسییە خائینەكانو نۆكەرانی بێگانە... لەلایەكەوە ئاگری دەمار توندییان هەڵگیرساند، لەلایەكی تریشەوە بەڵێنیان بە چیاییەكان (واتە كوردەكان ـ توێژەر) دابوو كە خەڵكی شارەكان تاڵان بكەن. ئەمانە بوونە هۆی بەرپابوونی ڕاپەڕینەكە"(٤٩٧).

---

(٤٩٥) م.س. لازاریف، النضال والإخفاق. المسألة الكوردیة في سنوات ١٩٢٣–١٩٤٥، ت: صادق الجلاد، مطبعة شڤان، بنكەی ژین، السلیمانیة، ٢٠٠٦، ص٧٩؛ حەسرەتیان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣؛ جرجیس فتح الله، یقظة الكرد، ص٢٩٨.

(496) “Tanin”, 28/2/1925.

لە: حەسرەتیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣–٧٤.

(497) Hayat Ansiklopedisi, Cilt 20, Istanbul, S.4359

کەمالییەکان بە مەبەستو بەرنامەیەکی پێشوەخت ئامادەکراوەوە هەوڵیاندەدا لایەنی سیاسی ـ رزگاریخوازیی راپەڕینەکەی شێخ سەعید داپۆشنو لە دەزگاکانی راگەیاندنو لە کاری سیاسییاندا وەکو بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستی بناسێنن، بزووتنەوەیەك، کە ئامانجی بریتییە لە گەڕاندنەوەی تورکیا بۆ رۆژگاری حوکمی عوسمانی لەناوچوو، واتە بە گوتەی کەمالییەکان بۆ دەوڵەتێك، کە گروپێك لە خەڵکی نەزان (جاهل)و رێبەری خێڵەکیو پیاوانی ئاینی دەمارگیر سەرۆکایەتییان دەکرد[٤٩٨].

ژمارەیەکی تر لە نووسەرانو دەزگا رەسمییەکانی تورکیاش لەڕوانگەیەکی تەواو ئاینییەوە هۆکارو رووداوو دەرەنجامەکانی راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ یان لێکداوەتەوەو لایەنەکانی تریان فەرامۆشکردووە. بۆ ئەوەی باشتر لە ناوەرۆکی راپەڕینەکە تێبگەین پێویستیمان بە ئاماژەیەکی کورت بە سیاسەتی کەمالییەکان لە تورکیا، دەبێت.

دوای ئەوەی مستەفا کەمال، نیسانی/ ١٩٢٣ حزبێکی سیاسی بەناوی "حزبی گەل"ەوە[٤٩٩] دروستکردو لە هەڵبژاردنەکانی هەمانساڵدا لە کۆی ٢٨٦ کورسی پارلەمان ٢٦٥ کورسییان بەدەستهێنا، دوای بەهێزبوونو سەقامگیرتر بوونی

---

لە: هەمان سەرچاوە، ل ٧٤.

(٤٩٨) جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٣٠٩.

(٤٩٩) مستەفا کەمال دوای سەرکەوتنی بەسەر هێزەکانی دەرەوە لە رووی سەربازیو دیپلۆماسییەوە، کەوتە ململانێی دیاریکردنی شێوازی سیستەمی سیاسیی وڵات. لەم پێناوەشدا بڕیاری دامەزراندنی حزبێکی سیاسی داو لە ٨/ نیسان/ ١٩٢٣دا رێکخستنێکیان بەناوی "حزبی گەل" (حزب الشعب) دامەزراند کە دوای راگەیاندنی سیستەمی کۆماریی تورکیا ناوەکەی گۆڕدرا بۆ "حزبی گەلی کۆماری" (حزب الشعب الجمهوري). د. عبد الجبار قادر، تاريخ تركيا المعاصر ١٩١٨-١٩٨٠. لە: تركيا المعاصرة، ص٤٠-٤١.

دەسەڵاتو پێگەکەی چەند بڕیارێکی دا، لەوانە: هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خەلافەت، دامەزراندنی ڕژێمی کۆماریو دانانی دەستورێکی نوێ بۆ وڵات[(٥٠٠)].

ڕۆژی ٢٩/ تشرینی یەکەم/١٩٢٣ سیستەمی کۆماری لە تورکیا ڕاگەیەندراو مستەفا کەمال وەکو یەکەمین سەرۆك کۆماری وڵات هەڵبژێردرا[(٥٠١)]. ڕۆژی ٣/ ئادار/ ١٩٢٤یش ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیا دەسەڵاتی خەلیفەی کۆتایی پێهێناو بنەماڵەی ئال ـ عوسمانی ئاوارەی دەرەوەی تورکیا کردو موڵكو سامانی دەست بەسەرداگرتنو لە ڕەگەزنامەی تورکیش بێبەشیکردن[(٥٠٢)]، هەروەها مەرسومێکی تایبەت بە داخستنی قوتابخانە کوردییەکانیش دەرکرا[(٥٠٣)].

دوای بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت، کەمالییەکان بە مەبەستی نەهێشتنی بنچینەکانی سیستەمی کۆنو سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر وڵاتدا زنجیرەیەك ڕێوشوێنی تریان گرتەبەر، فەرمانگەیەکیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئاینیی لە تورکیا بۆ سەرپەرشتی کردنی مزگەوتو ناوەندەکانی تەریقەتەکانی

---

(٥٠٠) المصدر نفسه، ص٤١ ؛ د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك، ب١، ص٧٤.

شایانی گوتنە جیاوازییەکی کەم لە ژمارەی ئەو کورسییانەی حزبەکەی مستەفا کەمال لە هەڵبژاردندا بە دەستهێناوە لەنێوان ئەم دوو سەرچاوەیەدا بەدیدەکرێت. د. کەمال مەزهەر ژمارەکەی بە ٢٦٥و د. جەباریش بە ٢٦٣ کورسی داناوە.

(٥٠١) د. جبار قادر، المصدر نفسه، ص٤١؛ جورج لنشوفسكي، الشرق الأوسط في الشؤون العالمية، ت: جعفر الخياط، ج١، دار المتنبي، بغداد، ١٩٦٤، ص١٧٣؛ جواهر لال نەهرۆ، چاوپێداخشاندنێك بەمێژووی جیهاندا، و: رؤوف محمد زهدي، ب٢، بەغدا، ١٩٩٠، ل١١٣.

(٥٠٢) د. جبار قادر، المصدر نفسه، ص٤١؛ فيروز أحمد، مصدر سابق، ص١٢٧.

بۆ زیاتر لەبارەی پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خەلافەت، بڕوانە: مصطفى الزين، ذئب الأناضول، ط١، رياض الريس للكتب والنشر، لندن ـ قبرص، ١٩٩١، ص٢٢٧–٢٣٢.

(503) Kendal, O.P. Cit., P. 61 ;

جواهر لال نەهرۆ، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل١١٥.

سۆفیزمو دامەزراندنو لادانی ئیمامو شێخەکان دامەزراند. سەرۆك كۆمـار بـۆ خـۆی لـە ڕێی ئەنجومەنی وەزیرانەوە سەرۆکی ئەم فەرمانگەیەی دیاریدەکرد، ئەمەش بەو مانایە بوو، کـە چـیتر پیـاوانی ئـاینی شـتێکی جیـا لـە فەرمانبـەرانی دەوڵـەت نـینو لەلایـەن دەوڵەتەوە دادەمەزرێندرێنو مووچەیان پێدەدرێت. دادگا شـەرعیەکانیش یـەکێکی تـر بوو لەو دەزگا ئاینییانەی کە هەڵوەشێندرایەوە[٥٠٤].

گومان لەوەدا نییە، کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خەلافەت رایـەڵی پەیوەندیی چەندین سەدەی نێوان تورکو کورد، هەنگاونانی بە کردەوەی کەمالییەکان بۆ هەرچی زۆرتر بەرتەسکردنەوەی دەسەڵاتی شـێخەکانی تەریقـەتو پیـاوانی ئـاینیو بێ بەهاکردنی ناوەندەکانی ئیرشادی دینی لە وروژانـدنی نـاڕەزایی نـە تـەنها خـەڵکی کورددا، بەڵکو لە وروژاندنی ناڕەزایی بەشێك لە تورکەکانیش کاریگەربوون، بەڵام نەك بەو مانایەی کە تەواوی راپەڕینەکەی شێخ سەعید لە روانگەی تەنها فاکتەری ئاینیەوە لێکبدرێتەوە. لێرەوە پێویستدەکات بەر لە هەڵوەستەکردن لەسەر لایەنە جیاجیاکانی، ئاماژەیەك بە لایەنە ئاینیەکەی راپەڕین بکەین.

دوای دەست بەسەرداگرتنی شاری دارەهەنی ناوەندی هـەرێمی گـەنج لـە ١٤/ شوبات/ ١٩٢٥دا لەلایەن هێزەکانی راپـەڕین، هـەمان رۆژ شـارەکە کـرا بـە پایتـەختی کـاتیی کوردسـتانو جـەنگاوەرانیش نـاونران (مجاهـد)[٥٠٥] و شـێخ سـەعیدیش کـرا بەرێبـەری هێزەکـانی راپـەڕینو نازنـاوی (أمـیر المجاهـدین النقشـبندی)یان پێـدا[٥٠٦]. ژمارەیەك سەرچاوە بەرەهایی گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە راپەڕینی سـاڵی ١٩٢٥ لـە گەوهەردا هـەڵگری گوتـارێکی تـەواو ئـاینی بـووەو ئامـانجی گەڕاندنـەوەی سیسـتەمی

---

(٥٠٤) ئۆلسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١-١٥٢ ؛ د. حامد محمـود عیسـی، القضـیة الكردیـة في تركیـا، ط١، عربیة للطباعة والنشر، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٢، ص١٩٥.

(505) Dêrsimi, Geçen Kaynak, S.184 ;

لازاریف وآخرون، تاریخ كوردستان، ص٢١٩.

(506) Ayni Kaynak, S.184 ; http:\\www.al-waie.org ;

لازاریف، النضال والإخفاق، ص٨٣.

خەلافـەتو جێبـەجێکردنی شـەریعەتی ئیسـلامی بـووە، شـێخ سـەعید گوایـە، بزووتنەوەکـەی بـە نـاوی خـودا دەسـتپێکردووەو ڕەنگـی سەوزیشـی وەك هێمایـەکی ئیسلامی کردووە بە ئاڵا، هـەروەها دروشمـی بـژی خەلافـەتو بڕوخـێ ڕژێمـی کۆمـاری بەرزکردۆتەوەو نازناوی (خادم المجاهدين)یشی بۆ خۆی هەڵبژاردووە[٥٠٧].

لێکدانەوەی فـەرمیی حکومـەتی تورکیـاش، کـە بزووتنەوەکـەی کوردیـان بـە ڕاپەڕینی شێخێکی کۆنەپەرست، کە کار بۆ گەڕاندنەوەی شەریعەتو سەڵتەنەت لە ژێر سەرپەرشـتی بریتانیـادا دەکـات دەدایـە قەڵـەم[٥٠٨]. تورکـە کەمالییـەکان لـەم پڕوپاگەندانەدا دوو ئامانجی سەرەکییان هەبوو، یەکەمیان ئـەوەبوو هەوڵیانـدەدا ڕووی ڕاسـتەقینەی تـەواوی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی گـەلی کـورد بشـێوێنن بـە ئامـانجی دابڕینـی بـەر لـە هـەر شـتێك لـە جـەماوەری تـورك، تایبـەت ئەوانـەی بەرهەڵسـتکارییان بـوون. دووەم، کەمالییـەکان مەبەسـتیان بـوو بـەم پڕوپاگەندانـە بزووتنەوەکە لـە ڕای گشـتی جیهـانی دابـبڕن بـە داپۆشـینی ڕاسـتییەکانی تایبـەت بـە ڕاپەڕینەکـەو دروسـتکردنی زنجیرەیـەك قسـەی هەڵبەسـتراو کـە لـە دونیـای ڕۆژئـاوادا کاریگەریو قورسایی خۆیان هەبوو. لێرەوە بوو، کەمالییـەکان سـەبارەت بـە نـاوخۆی تورکیا بزووتنەوەکەیان بـە دروسـتکراوی ئینگلیـز نیشـاندەدا بـەگوێرەی ئـەوەی دژی بەرژەوەندییـە باڵاکـانی گـەلی تورکـە، لەبەرانبـەر دونیـای دەرەوەشـدا وەکـو بزووتنەوەیـەکی دەروێشـییان وێنـا دەکـرد بـەو پێیـەی دەیـەوێت لەبەرانبـەر دەسـتکەوتەکانی ژیـاریی نـوێی ئـەوروپادا بوەسـتێتەوە[٥٠٩]. سـەرەنجام کەمالییـەکان دەیانویسـت زەمینەیـەکی گونجـاو لەسـەر هـەردوو ئاسـتی نـاوخۆو دەرەوە بـۆ

هەواڵنامەی کیتێب

---

(٥٠٧) م. رسول هاوار، کوردو باکووری کوردستان، ب٢، ل٣٤٨ ؛

http://www.al-waie.org ; http://www.shanama.org

(٥٠٨) لازاريف وآخرون، تاريخ كوردستان، ص٢٢١.

(٥٠٩) د. كمال مظهر أحمد، إنتفاضة عام ١٩٢٥، ص٦٥-٦٦.

سەرکوتکردنی بێبەزەییانەی ڕاپەڕینەکە بسازێنن بە جۆرێك کەس لەسەر ڕاپەڕیوان نەیەتە دەنگ.

ئەو تێ ڕوانین‌و لێکدانەوەیەی حکومەتی تورکیا کاریکردە سەر ژمارەیەك ڕۆژنامەنووسی ڕۆژئاوایی لە پێدانی مۆرکی کۆنەپەرستی بە ڕاپەڕینەکە، بۆ نموونە ئۆگەست ڕێتەر ڤۆن کرال (A.R. Von Kral)، دەڵێت: "بەڵگەکان دەریانخستووە کوردەکان بە ڕێبەرایەتی شێخ سەعید لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانی دوا خەلیفەی عوسمانی‌و داوایاندەکرد میر سەلیم کوڕی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بێتە سەر کورسی خەلافەت، ئامانجی ڕاپەڕینەکەش بریتیبوو لە بەرگری کردن لە ئاین، لەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕووی ببۆوە..."[٥١٠]. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتێك، کە لەلایەن مستەر لیندسییەوە باڵیۆزی بریتانیا لە تورکیا بۆ مستەر ئۆستن چامبرلینی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا نێردراوە، لە بەشێکیدا ئاماژە بەوە کراوە، کە سەلیم ئەفەندی کوڕی سوڵتان عەبدولحەمید، کە ئێستا لە تاراوگەو لە بەیروت دەژی وەکو سەرۆکی بزووتنەوەکە، یان تەنانەت وەکو میری کوردستان لەلایەن کوردانەوە نیشاندراوە[٥١١]. لە هاوپێچی ژمارە دووی هەمان ڕاپۆرتدا هاتووە: یاخیبوونەکە کۆنەپەرستانەیەو کوڕی سوڵتان عەبدولحەمید بزوێنەریەتی[٥١٢]. ج. لنشوفسکیش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ ناڕازیبوونی کوردەکان بەرانبەر

---

(٥١٠) لە: جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٣١٠.

(٥١١) لە مستەر لیندسییەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین، ژمارە: ١٧٨ نهێنی، قوستەنتەنییە، ٣/ مارس/١٩٢٥. لە: "بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لە بارەی کێشەی کوردی تورکیاوە ١٩٢٤-١٩٣٨"، ئامادەکردنی: بیلال ن. شمشیر، و: سەلمان عەلی، پێداچوونەوەی: سدیق ساڵح، چ١، چاپخانەو ئۆفسێتی ئاسا، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٠٤. ئۆگەست کرال دەڵێت: میر سەلیم کوڕی سوڵتان عەبدولحەمید لە سوریا دەژیا نەك لە بەیروت. بڕوانە: جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٣١٠.

(٥١٢) لە مستەر لیندسییەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین، ژمارە: ١٧٨ نهێنی، قوستەنتەنییە، ٣/ مارس/١٩٢٥ هاوپێچی ٢. لە: "بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لە بارەی کێشەی کوردی تورکیاوە ١٩٢٤-١٩٣٨"، ل١١٠.

دەستپێکردنی پرۆسەی بە رۆژئاواییکردن و مۆدێرنیزەکردنی تورکیا[٥١٣]. بەپێی بەڵگەنامەیەکی تری ئینگلیز راپەڕین ئەوکاتە روویدا کاتێك شێخ سەعید بینی کەمالییەکان دەستبەرداری ئەو پێبەندییە ئیسلامییە (الرابطة الإسلامية) بوون، کە تورك و کوردی بەیەکدییەوە دەبەستەوەو سیستەمی خەلافەتیان لە وڵات هەڵوەشاندۆتەوە[٥١٤]. رۆژنامە رەسمییەکانی تورکیاش پێیان وابوو راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ی کوردان راپەڕینێکی تەواو ئاینییەو خودی مستەفا کەمالیش لە بانگەوازێکدا بۆ خەڵك و فەرمانبەران و سوپای تورکیا گوتوویەتی: "راپەڕین لە ژێر پەردەی ئاینییدا بەڕێوەدەچێت"[٥١٥]. واتە زۆر رێی تێدەچێت بۆچوونی فەرمیی تورکیا، کە ئامانجێکی پڕ بایەخی بێبەشکردنی راپەڕینەکە بوو لە دەربڕینی هاوسۆزیی رای گشتی جیهانی، کاریگەریی خۆی بەسەر بەشێك لەو بۆچوون و راپۆرتانەوە دانابێت، کە رۆژنامەنووس و نوێنەران و دیپلۆماسانی رۆژئاوا بۆ وڵاتەکانیان ناردوویانەتەوە.

پێدانی سروشتی ئاینییانەی رووت بەراپەڕین مەبەستی ئەوەی لە پشتەوە بوو، روخساری نەتەوەیی راپەڕینەکە بشێوێنن و وەکو بزووتنەوەیەکی دەروێشیی و کۆنەپەرستانەی بناسێنن، بەگوێرەی ئەوەی بانگەشە بۆ گەڕانەوە بۆ رابردوویەکی کۆن و بەسەرچوو دەکات. گومان لەوەدا نییە، کە هیچ رووداوێکی مێژوویی ناشێت بە تەنها لە یەك لایەنەوە یان پشت بەستن بەتاکە هۆکارێك زانستییانە لێکبدرێتەوە، بە مانایەکی تر هەر قسەکردنێك لەسەر راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥و هەڵسەنگاندنی بەبێ قسەکردن لەسەر لایەنی سیاسیی و نەتەوەیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی ئەو رۆژگارەو خودی سەرکردەکانی راپەڕین تا ئاستێکی زۆر لە بابەتی بوون و بنەماکانی میتۆدی

---

(٥١٣) جورج لنشوفسکی، مصدر سابق، ص١٧٣.

(514) F.O. (371) 1867, Mr. Lindsay to Mr. Austin Chamberlain, Constantinople, 14 February, 1925.

لە: د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.

(٥١٥) بانگەوازی کمال پاشا، ئەنقەرە، ١٩٢٥/٣/٨. لە: د. ئەفراسیاو هەورامی، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و سۆڤێت، ل١٢١.

هەولێرنامەی کێر

لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی دوورماندەخاتەوە. بۆیە پێویستە بەوردی ئاگاداری سیاسەتی کەمالییەکان بین بەرانبەر کورد، تا بتوانین ئاگایانەتر بڕیار لەسەر ناوەرۆکو ئامانجو ستراتیجی ڕاپەڕینەکە بدەین.

له دەستوری نوێی تورکیادا، کە ساڵی ١٩٢٤ داندراوە بوونی کورد وەکو نەتەوەیەك دانیپێدا نەنراوە، لە ماددەی (٢)ی دەستورەکەدا هاتووە: "زمانی تورکی زمانی رەسمی دەوڵەتە"، لە ماددەی (٨٨)یشدا هاتووە: "دانیشتوانی تورکیا وێڕای جیاوازیی ئینتیمای ئایینیو نەتەوەییان، هەموویان تورکن"(٥١٦). واتە بەپێی ئەم دەستوورە، کورد یەکێك لەو نەتەوانە بوو لە تەواوی مافە سیاسیو کولتوورییەکانی بێبەشکرابوو، ئەو کەسانەی توانای خوێندنەوەو نووسین بە زمانی تورکیان نەبوو لە بەشداریکردنی پرۆسەی سیاسیی وڵات وەك خۆ کاندیدکردنو مافی دەنگدان بێبەشکرا بوون.

له ساڵی ١٩٢٤ به دواوە کاربەدەستانی تورك لە کوردستان داوایان لە خەڵکی دەکرد زمانی تورکی بەکاربهێنن، هەر لەوساڵەدا ژمارەیەك ڕێبەری کورد لە زێدی خۆیان دوورخرانەوەو تەواوی چاپەمەنییە کوردییەکانیش قەدەغە کران(٥١٧). ئامانجی حکومەتی تورکیا لەم سیاسەتەیدا بەگوتەی نووسەری ئینگلیز ف. رایند (F.F.Rynd) بریتیبوو لەوەی "تورکیا بکرێتە دەوڵەتێکی یەك نەتەوەیی"(٥١٨).

پرۆسەی قەدەغەکردنی چالاکی نەتەوەیی، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەییو پەنا بردنە بەر سیاسەتێك، کە بەرنامەی بەزۆر بەتورك کردنی هاووڵاتییانی کوردی تێدا داڕێژرا بوو، ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێت، کە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید

---

(٥١٦) د. جبار قادر، قضايا كردية معاصرة، ط١، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٦، ص١٦١.

(٥١٧) د. كمال مظهر أحمد، إنتفاضة عام ١٩٢٥، ص١٧؛ د. جاسم توفيق خۆشناو، مەسەلەی کوردو یاسای نێودەوڵەتان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٧٩–١٨٠.

(٥١٨) لە: د. كمال مظهر أحمد، المصدر نفسه، ص١٧؛ د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك، ب١، ل٧٦.

تـەنها لـە دیـدگاو دونیـابینی ئاینییـەوە لێکنادرێتـەوە، بـەڵکو دەبـێ دیـوە سیاسـیو نەتەوەییەکەی راپەڕینیش بپشکنرێت.

پرۆسەی ریفۆرمی سیاسیو کۆمەڵایـەتیو ئـابووریی کەمالییـەکان لـە تورکیـا ئەگەرچی لەگەڵ رۆحی سەردەمەکەدا دەگونجا، بەڵام بە هـیچ جۆرێك لەگـەڵ واقیعـی وڵاتێکی فرەنەتەوەو ئاینو سیاسـەتی شـۆڤینییانەی کەمالیسـتەکاندا گونجـاو نـەبوو، بۆیە گومان دەکرێ، ئەگەر ریفۆرمی کەمالی وەڵامدەرەوەی هەلومەرجی رۆژگاری خۆی بوایـەو مـافی سیاسـیو کولتـووری گـەلانی نـاتورکی تێـدا لەبەرچـاو بگیرابـا، لەلایـەن نەتەوەپـەروەرو شـێخەکانی تەریقەتـەوە رەتبکرابایـەوە، بـەڵام هێڵـە گشـتییەکانی ریفۆرمکردنی وڵات بەجۆرێك بوو، کە بەر لە هەر شتێك کـوردی تێـدا دەکـرا بـە تـورك. بۆیـە دەبێـت بـەدەر لـە دیـوە ئاینییەکـەی، راپـەڕینی سـاڵی ١٩٢٥ وەك نیشـان دانـی شێوازی ململانێی نێوان شۆڤینیزمی تورکو نەتەوەپەروەرانی کورد ببینین، نەك وەکـو ململانێی نێوان کۆنەپەرستیو پێشکەوتنخوازی[٥١٩].

راسـتە لـە چـاوی ئیمانـدارانی کـوردەوە بڕیـاری رەتکردنـەوەی خەلافـەتو هەڵوەشاندنەوەی کـارکردن بـە بڕیـارە شـەرعییەکان بـەمانای سـەرەتای کۆتـایی ئـەو پەیوەندییە دێرینە بوو، کە چـەندین سـەدە بـوو لەسـەر بنچینـەی بـرای دینـی تـوركو کـوردی بەیەکدییـەوە گرێـدابوو، بـەڵام سـەرەڕای ئەمـەش کوردەکـان کـە لـە هـەوڵی سـەلماندنی شوناسـی کوردبـوونی خۆیانـدا بـوون، تورکـە کەمالییـەکان لـە پـەنای ریفۆرمەوە هاتن گوتیان ئێوە تورکن[٥٢٠]. لێرەوە هەوڵـدانی رێبـەرانی کـورد بـۆ سـوود وەرگرتن لە زاراوەو چەمکە ئاینییەکان وەك بەشێکی تەواوکەر بۆ مەسەلەی نەتەوەیی بە مانای ئەوە نییە، راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ هەڵگری ناسنامەو گوتارێکی کۆنەپەرسـتانە بوو‌بێت، چونکە پەنابردنی رێبەرانی راپـەڕین بـۆ دینو تەریقـەت هێنـدەی لـە پێنـاوی یەکخستنی ریزی کوردانو هەوڵدان بۆ دروستکردنی گوتارێکی نەتەوەیی تێکەڵ بـەدین

(٥١٩) جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، ص٣١٢.

(٥٢٠) المصـدر نفسـه، ص٣١٣؛ د. ئەفراسـیاو هـەورامی، شۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پـیرانو سـۆڤێت، ل١٦٠.

بووه لەبەرانبەر گوتاری ناسیۆنال–شۆڤینی تورکو ئەو هەڕەشەیەی لەلایەن ئەوانەوە بۆ سەر شوناسی نەتەوەیی‌و ئاینی کوردەکان بەڕێوە بوو، هێندە هەوڵدان نەبوو بۆ کارکردن لەسەر گوتاری دینی وەکو دین‌و دامەزراندنی دەوڵەتی دینی. دەبێ ئاگاداری ئەوەش هەبین، کە ئەوە بۆ یەکەمجارو یەکەمین راپەڕینی کوردیش نییە، کە هەوڵدەدرێت گوتاری دینی تێیدا بخرێتە خزمەت گوتاری نەتەوەیی. لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە تا دەگاتە راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران، پەنابردن بۆ بەکارهێنان‌و سوود وەرگرتن لە چەمك‌و زاراوەکانی دین نەریتێکی جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بووە. لە رۆژگاری عوبەیدوڵڵاوە تا ساڵی ١٩٢٥ رێبەرانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە شوێن‌و کاتی جیاوازو دژی دەسەڵاتی جیاواز لە هەوڵی ئاوێتەکردنی چەمکە دینییەکان بەمەسەلەی نەتەوەیی‌و پێدانی مانای ناسیۆنالیستانە بە دین بوون. بێگومان ئەم نەریتەش بە تەنها تایبەت بە راپەڕینەکانی کورد نەبووە، چونکە عوسمانییەکان، تایبەت لە رۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم‌و دواتریش خودی کەمالییەکان خۆیان لە زۆر جێگەدا لە زۆر بۆنەو کاتی جیاجیادا بۆ یەکێتی‌و یەکخستن، یان پارچە پارچە کردن بەپێی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان پەنایان بۆ بەکارهێنانی دین‌و شێخەکان‌و ناوەندەکانی تەریقەتی سۆفیزم بردبوو.

وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت بەمانای هەڵوەشاندنەوەی سیمبولی برایەتی دینیی تورك‌و کورد بوو. لێرەوە دەتواندرا تورك لە ئەنقەرە بە دوژمن‌و دژە ئاین نێو ببرێت‌و لەوەش زیاتر بە کافر تاوانبار بکرێت، خودی سیاسەتی کەمالییەکانیش بەنکوڵی کردنیان لە بوونی کوردو راگواستنی سەرۆك هۆزو رۆشنبیرانی کورد بۆ بەشی رۆژئاوای تورکیاو دەست بەسەردا گرتنی موڵك‌و سامانی دەرەبەگە کوردەکان‌و... هتد، پشتگیریی ئەو تۆمەتبارکردنەیان دەکرد. ئەم سیاسەتی پەنابردنە بۆ دین بەگوتەی برونەسن بۆ زۆر کوردی ئیماندارو خاوەن باوەڕ لە گشت بیانوویەکی دی کاریگەرتر بوو(٥٢١).

---

(٥٢١) برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٢٨٣.

له رۆژگاری راپەڕینەکەی شێخ سەعیددا لەبەر ئەوەی هێزە ئایینییە کۆنە پارێزەکانی تورك[٥٢٢] دژی مستەفا کەمال وەستابوونەوە بە مانای ئەوە بوو، کە تورکەکان لە نێو خۆیاندا یەکڕیزو تەبا نەبوون. لێرەوە قسەکردن بەچەمكو زاراوەکانی دین، یان پێدانی رووپۆشێکی ئاینی بە راپەڕین لەدوو لاوە سوود بەخشبوو، لەلایەکەوە نە تەنها لایەنگیری شێخەکان، بەڵکو زۆر لەو کوردانەیشی بۆ مسۆگەر دەکردن، کە پێشتر لە بەشداریکردنی راپەڕینەکەدا دوودڵو راڕا بوون، لەلایەکی تریشەوە کەسایەتییە کۆنسێرڤاتیڤو ناڕازییەکانی مستەفا کەمالی بۆ مەیلی پشتگیریکردنی دەبردو وا چاوەڕواندەکرا لە ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیادا لە دەربڕینی ناڕەزایی دژی راپەڕینی کورد یەکدەنگی تورك دروست نەبێت. بۆیە هەوڵدرا پەیوەندیی بە وەحیدەدینی[٥٢٣] کۆنە سوڵتانی عوسمانییەوە بکرێت، چونکە مسۆگەر کردنی پشتگیریی سوڵتانو خەلیفە هەلو دەرفەتێکی گونجاو تری بۆ سەرکەوتنی

هەواڵنامەی ژین

(٥٢٢) هێزە ئایینییە کۆنە پارێزەکانی تورك تا دوای راگەیاندنی سیستەمی کۆماری لەگەڵ کەمالییەکاندا نەچوونە نێو هیچ ململانێیەکەوە. لەدوای ئەمەوە چەمکی خەلافەت وەکو سیمبولو هێزێکی دینی دژی مستەفا کەمال بەکارهێنرا. کاتێك موسڵمانانی هندی ـ بەریتانی بە رێبەرایەتی (ئاغا جان) هەوڵیان دا بە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی خەلافەت لە جیهانی ئیسلامیدا هاوکاری کۆنەخوازانی تورك بکەن ئاڵۆزیو پشێویی سیاسی پتر پەرەیسەند. ئەمەش هەمان ئەو ئەڵقەیە بوو، کە کەمالییەکان دەیانویست تێکی بشکێنن، چونکە پێچەوانەی رۆحی دەوڵەتی نیشتمانی بوو. ئاشکرا بوو تا بوونی خەلافەتو دامەزراوە ئیسلامییە جیاجیاکان بەردەوام بوایە، هاوکارانی سیستەمی کۆن هەمیشە دەیانتوانی پەنا بۆ بەکارهێنانی ئەو سیمبولە رۆحانییانە ببەن لەو روانگەیەوە، کە چەکێکی بەهێزی دژی ریفۆرمخوازو بەرنامەکانیان بوو. فیروز أحمد، مصدر سابق، ص١٢٦.

(٥٢٣) سوڵتان وەحیدەدین ساڵی ١٩٢٢ بەر لەوەی کەمالییەکان هێرش بکەنە سەر ئەستانبوڵ بەسواری کەشتییەکی ئینگلیز بۆ دەرەوەی تورکیا رایکرد. دوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت هەوڵی دا لە ماڵتاو ولاتانی عەرەبییەوە بەرهەڵستکارانی دژی سیستەمی نوێی تورکیا رێکبخات، بەڵام هەوڵەکانی بێئاکام بوون. برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٤٠١.

راپەڕینەکە دەرەخساند[٥٢٤]. لێرەوە دەتواندرا بە بەشداریی شێخەکان بەرگێکی ئاینی بە بەر راپەڕینەکەدا بکرێت، تایبەت بە بەشداری کەسایەتییەکی گەورەی وەکو شێخ سەعیدی رێبەری تەریقەتی نەقشبەندی، چونکە شێخ سەعید بە تەنها بریتی نەبوو لە شێخێکی رۆحانی تەریقەتی خاوەن نفووز لەنێو خێڵەکانی کورددا، بەڵکو کەسایەتییەکی ئەدیبو زمانزانو خاوەن ئاستێکی رۆشنبیریی بەرزو زانست پەروەر بوو، شێخێکی بەئاگا لە رووداوە جیهانییەکان، نزیك لە روناکبیرو خوێندەواران، کۆبوونەوەکانی ناوەندێکی سیاسی - رۆشنبیری رۆژگارەکە بوون[٥٢٥]. لێرەوە وێڕای پروپاگەندەی کەمالییەکان بۆ چەواشەکردنی رای گشتی سەبارەت بە راپەڕینەکە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو مێژوونووسان راپەڕینەکەیان بە راپەڕینێکی نەتەوەیی لە بەرگێکی ئاینییدا وەسفکردووە بەو سیفەتەی شێخ سەعید رێبەرێکی نەتەوەپەروەر بووە[٥٢٦].

ئەو تیۆرانەی پێیانوایە مەسەلەی نەتەوەپەروەریو ئیلتیزامی ئاینیو رۆحانیەت لەگەڵ یەکدیدا گونجاونین بە گوتەی ئۆلسن سەبارەت بە راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران راست دەرناچێت، چونکە شێخ سەعید وێڕای ئەوەی ئیماندارێکی مولتەزیم، رێبەرێکی نەتەوەپەروەریش بوو. رەنگە بەشێك لە سەرکردەکانی "کۆمەڵەی ئازادی"و راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥یش بەبڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خەلافەت نیگەران بووبن، بەڵام ئەوە رێگری بەردەم ئاوێتەکردنی مەیلی نەتەوەییو ئاینی کوردان نەبوو. زۆربەی کوردەکان لەو باوەڕەدا بوون ئەو شێخانەی رێبەرایەتی راپەڕینیان دەکرد خەڵکێکی ئاینی، بەڵام لەوە گرنگتر کورد بوون[٥٢٧].

---

(٥٢٤) هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٢٨٤؛ ئۆلسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

(٥٢٥) د. كمال مظهر أحمد، إنتفاضة عام ١٩٢٥، ص٣٣.

(٥٢٦) ئۆلسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٨.

(٥٢٧) هەمان سەرچاوە، ل٢٤٩.

حەسرەتیان لەبارەی ناوەرۆکی راپەڕینەکە دەڵێت: ئەوانەی زەمینەسازییان بۆ راپەڕین کرد شێخەکان نەبوون، بەڵکو "کۆمەڵەی ئازادی" بوو بە رێبەرایەتی کەسانی ناسراوی وەکو خالید بەگی جبرانلی، کە لە سوپای عوسمانیدا عەقیدو کەمال فەوزی رۆژنامەنووس و دکتۆر فوئادو کەسانی تر بوون، وێڕای ئەوەی دروشمی (پەیڕەوکردنی شەریعەت) کەوتبووە پاش (سەربەخۆیی کوردستان)، کە دروشمی سەرەکی راپەڕین بوو[٥٢٨]. لە ژێر دروشمی رێزگرتنی ئاینی ئیسلامدا، رێبەرانی کورد هەوڵیان دا سوود لە دەسەڵاتو نفووزی شێخەکان وەربگرن بۆ ئەوەی لە پێناوی بیروباوەڕی نەتەوەییاندا بەکاریبهێنن. پێویستە ئەوەشمان بیرنەچێت لەهەلومەرجی ئابووریی، کۆمەڵایەتی، کولتووری دواکەوتووی ئەو رۆژگارەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە باکووری کوردستاندا ئاسایی بوو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەرگێکی ئاینی بەبەردا بکرێت. بەگوتەی حەسرەتیان دروشمی (رزگارکردنی ئاین) لە کەمالییەکان لەلایەن راپەڕیوەکانەوە تەنها وەك تاکتیك لە خەباتی سیاسی–نەتەوەییدا بەکارهێنراوە[٥٢٩].

مێژوونووسی گەورەی ئینگلیز ئارنۆڵد تۆینبی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هۆکارەکانی راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ دەبێ لەبەرهەڵستی نەتەوەیی کورد بۆ حکومەتی ئەنقەرەو سیاسەتی کەمالییەکان لە بەتورك کردنو سێنترالیزەکردنی دەسەڵات، وێڕای هەستی شەخسی رێبەرە خێڵەکییەکانو کەسایەتییە ئاینییەکان دژی سیاسەتی بە رۆژئاواییکردن (Westernization)و مەترسییان لەسەر لە دەستدانی ئیمتیازە تەقلیدییەکانیاندا ببینین[٥٣٠]. تۆینبی لە سەردانێکیدا بۆ تورکیا ساڵی ١٩٢٣و چاوپێکەوتنی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی رژێمی نوێو هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی بڵێت: مستەفا کەمالو هاوڕێکانی حیکمەتی زیاتریان نیشاندەدا ئەگەر ژیرانەتر مامەڵەیان بکردباو لەسەرەتاوە پێش رووداوەکان بکەوتبانو مافی هاووڵاتیبوونی یەکسانیان هاوشێوەی تورکەکان بەکوردەکانیش بدابا، بەڵام پێچەوانەی

(٥٢٨) حەسرەتیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤–٧٥.

(٥٢٩) هەمان سەرچاوە، ل٧٦.

(530) Toynbee, OP. Cit., P.508

ئـەوە رێگـەی هەوڵـدان بـۆ تواندنـەوەی گـەلی کـورد لـە بۆتـەی نەتـەوەی تورکیـان هەڵبژارد[٥٣١].

جـەواهر لال نـەهرۆش لەمبارەیـەوە گوتوویـەتی: "مەسـەلەی ئـاینی لـە بزووتنەوەکـە کاریگـەریی خـۆی هـەبوو، بـەڵام لەوانەیـە مەسـەلەی نەتـەوەیی لـە بەرپابوونیدا کاریگەریی پتر بووبێ"[٥٣٢].

ڕاپەڕینی شێخ سەعید بەرهەمی بێزاریی کورد لە دەسەڵاتی تورك‌و ئارەزووی بەهێزی سـەربەخۆیی بـوو، جگـە لـەو هەسـت‌و بێزارییـەی کـە حکومـەتی ئەنقـەرە بـە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت ورووژاندبووی[٥٣٣]. ڕاستە نابێت کاریگەریی هەستی ئـاینی بەکەم بگرین، بەڵام هێزی بزوێنەری ڕاپەڕین بەگوتەی قاسملو تێکۆشان بوو لە پێناوی سـەربەخۆیی‌و بـەدیهێنانی مافـە نەتەوەییـەکانی کـورد[٥٣٤]. ڕاپـەڕینی شـێخ سـەعید بریتیبـوو لـە بزووتنەوەیـەکی میللـی‌و زۆر ناوچـەی کـوردی لـە بـاکووری کوردسـتان گرتـەوە. شـێخ سـەعید بەگوتـەی کوردییەکانـدا دەگـەڕاو جووتیـارانی لـە پێویسـتی دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی کـوردی‌و ڕزگاربوونیـان لـە سـتەمی تـورکی هۆشـیار دەکـردەوە[٥٣٥]. سەرچـاوەش هەیـە پێیوایـە (بـژی سـەربەخۆیی، بـژی کوردسـتان) دروشمی هێزەکانی ڕاپەڕین بووە[٥٣٦].

---

(٥٣١) لە: د. كمال مظهر أحمد، إنتفاضة عام ١٩٢٥، ص١٨-١٩.

(٥٣٢) جواهر لال نەهرۆ، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل١١٦.

(533) Geoffrey Lewis, Modern Turkey, Ernest Benn Limited, London and Tonbridgem, 1974, P.98

(٥٣٤) قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

(٥٣٥) د. حنان أخميس، أصل الاكراد، ج١، لە:

http://www.kitabat@kitabat.com ;

د. عـەزیز شـەمزینی، سەرچـاوەی پێشـوو، ل١١٨؛ د. جاسـم توفیـق خۆشـناو، سەرچـاوەی پێشـوو، ل١٨٠.

لە بەشێکی زۆری بەڵگەنامەکانی ئینگلیزیشدا بە روونی ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان دینو ناسیۆنالیزم لە راپەڕینەکەدا کراوە. لە راپۆرتێکی مستەر لیندسی بۆ مستەر ئۆستن چامبرلیندا هاتووە: رۆژنامەکان لەمەڕ هۆکارەکانی راپەڕین ئەوەیان راگەیاندووە کە هۆکاری شەڕەکان دینو ناسیۆنالیزمی کوردییە. لیندسی بەردەوام دەبێو دەنووسێت: بەسەرهاتی شێخ سەعید دەبیستم، کە گوتوویەتی: ئیسلام تاکە هاوبەندی نێوان تورکو کورد بووە، تورك ئەو هاوبەندییەی تێکشکاند، پێویستە کوردیش ئایندەی خۆی مسۆگەر بکات[٥٣٧]. لە راپۆرتێکی تری لیندسیدا هاتووە کە: راپەڕینەکەی شێخ سەعید دینیو نەتەوەییو دژی سیستەمی کۆمارییە[٥٣٨]، لە دادگایشدا سەرۆکی دادگا دوای راگەیاندنی بڕیاری دادگا بەسەر شێخ سەعیدو نیشتمانپەروەرانی تری کورد، گوتوویەتی: "ئێوە وێڕای جیاوازییەکانتان، بەڵام هەمووتان بۆ یەك مەبەست تێکۆشاون ئەویش دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆیە"[٥٣٩].

لە قسەکانی عیسمەت ئینۆنۆشدا بەڕوونی پەیوەندیی نێوان دینو کاری سیاسیو بیری شۆڤینیزمی تورکی دەردەکەوێت، کاتێك لە کۆنگرەی یانەکانی راگەیاندنی رۆشنبیری تورکدا گوتبووی: "ئێمە بەئاشکرا نەتەوەپەرستین...

---

راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ ناوچەکانی موش، خنس، ماردین، ئورفە، سیڤرك، سیرت، بەتلیسو چەندین ناوچەی تری کورد نشینی باکووری کوردستانی گرتبۆوە.

(٥٣٦) لازاريف وآخرون، تاريخ كوردستان، ص٢٢٠.

(٥٣٧) لە مستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین، ژمارە (١٥٤)، قوستەنتەنییە، ١٤/ شوبات/١٩٢٥. لە: "بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لەبارەی کێشەی کوردی تورکیاوە"، ل٩٤.

(٥٣٨) لە مستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر ئۆستن چامبرلەین، ژمارە (١٧٨)، نهێنی قوستەنتەنییە، ٣/ مارس/ ١٩٢٥. لە: هەمان سەرچاوە، ل١٠٤.

(539) F.O. (371) 1867, Mr. Hoar to Mr. Austin Chamberlain, No:522, Therapia, 1 July 1925.

لە: حەسرەتیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨؛ د. ولید حمدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٧–٢٩٨.

ناسیۆنالیزم تاکە هۆکاری یەکێتیمانەو رەگەزێکی تر جگە لە زۆرینـەی تـورك، نفـووزی نییە، دەبێ بەهەر نرخێك بێ هاونیشتمانییەکانمان بکەین بەتورکو ئەوانە لەناو ببەین، کە دژایـەتی تـورکو تورکایـەتی دەکـەن. دەمانـەوێ ئەوانـەی خزمـەتی وڵات دەکـەن، تورکو تورك پەرست بن، دەڵێن گوایـە، ئێمـە گروپـە ئاینییـەکانمان فەرامۆشـکردووە، بـەڵام هەرکەسـێك لـە رووماندا رابوەسـتێو دیـن بکاتـە ئامرازێـك بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانی لەناوی دەبەین"[٥٤٠].

ڕاپەڕینەکـەی شـێخ سـەعید بـە تـەنها بـە پاڵنـەری ئـاینیو نەتـەوەیی لێـك نادرێتـەوە، چـونکە هۆکـاری ئـابووریو کۆمەڵایـەتی رۆڵـی گرنگیـان لـە رەخسـاندنی زەمینـەی بەرپابوونیـدا بینیـوە. کەمالییـەکان، کـە هاتنـە سـەر حـوکم بـە مەبەسـتی بێهێزکردنـی سـەنتەری کۆمەڵایـەتی، سیاسـیی چـینی دەرەبـەگو گـۆڕانی شـێوازی بەرهەمی فیوداڵیو پێشخستنی پەیوەندییە سەرمایەدارییە کشتوکاڵییە لە گوندەکانو بوارەکانی پیشەسازیو بازرگانی لە شارەکاندا ژمارەیەك هەنگاویان نا. ئەم هەنگاوانە، کە لە بنەڕەتـدا بـەو ئامانجـە بـوون دەسـەڵات لـە دەسـتی چـینی فـەرمانڕەوای نوێـدا کۆبکەنەوەو پێگەی ئابووریان بەهێز بکەن، بە هـیچ جۆرێك نەبوونـە هـۆی باشـکردنی دۆخـی خراپـی چـینە کۆمەڵایەتییـە زەحمەتکێشـەکانی وڵات، بـەڵکو ئەمانـە پـتر چەوسێندرانەوەو ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیشیان خراپتر بوو[٥٤١].

هەموو ئەوانـەی خرانـە روو دەرخـەری ئـەو راسـتییەن، ئەگـەر ناسـیۆنالیزمی کوردی وەك ئۆلسن دەڵێت: لە منداڵدانیشدا بووبێت توانیویەتی یان دەیتوانی هەڕەشە

(٥٤٠) لە: مستەر لیندسەیەوە بۆ مستەر چامبرلەین، ژمارە (٣٣١)، قوستـەنتەنییە، ٢٨/ نیسـان/١٩٢٥. لە: "بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لەبارەی کێشەی کوردی تورکیاوە"، ل١٤٦-١٤٧.

(٥٤١) بۆ زیاتر لـە بـارەی هۆکـاری ئـابووری، کۆمەڵایـەتی لـە بـەرپابوونی راپـەڕینی سـاڵی ١٩٢٥ دا، بڕوانە: د. كمال مظهر احمد، انتفاضة عام ١٩٢٥، ص ١٩-٤٢.

لەو ناسیۆنالیزمە تورکییە بکات، کە لەسەر بنەمای شۆڤینیزمی تورکی لە بیستەکانی سەدەی بیستەوە کەمالییەکان دایانمەزراند[٥٤٢].

ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ بریتی نەبوو لە بزووتنەوەیەکی ئاینی کۆنەپەرستانە بۆ وەستاندنی هەنگاوەکانی نوێبوونەوەو بەرەو پێشچوون لە تورکیا وەك ڕۆژنامەکانی تورکیا بانگەشەیان بۆ دەکردو ژمارەیەك لە نووسەرانیش لە ژێر کاریگەریی ئەواندا دووبارەیان دەکردەوە.

زۆر ڕاستیی مێژوویی هەن، پەردە لەسەر ئەو تۆمەتانە هەڵدەدەنەوە، کە دەیانویست بەهۆیەوە ڕووی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینەکە بشێوێنن. بەر لەهەر شتێك سیاسەتی کەمالییەکان تا ئاستێکی زۆر شتێك نەبوو، جگە لە بەردەوامیی سیاسەتی سەرۆکەکانی ئیتیحادو تەرەقی پێش خۆیان، کەمالییەکان تا دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدیش لەهەمان چوارچێوەی کاری سیاسیدا دەجووڵانەوە، تەنها شتێکی نوێ، کە کردیان هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خەلافەت بوو وەك ئەرکێکی گرنگی بەردەم بۆرجوازیەت یان شۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتمانی تورکی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، لە کاتێکدا تواناو مەرجەکانی جێبەجێکردنی کارێکی لەم جۆرە لە ڕۆژگاری ئیتیحادییەکاندا نەخەملیبوو، ئەگینا کەمالییەکان لە دەستوری نوێدا وەکو دینی فەرمی دەوڵەت دانیان بە ئاینی ئیسلامدا نابوو، ئەم ماددەی دانپێدانانە تا ٩ی نیسانی ساڵی ١٩٢٨، واتە نزیکەی سێ ساڵ دوای ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید لە دەستوردا نەسڕایەوە[٥٤٣].

بەگوتەی برونەسن ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید نەتەواو ئاینیو نەتەواو نەتەوەییانە بووە. ڕاستە لایەنە نیشتمانپەروەرییەکە هاندەری یەکەمی بووە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی خەلافەتیش هەستی هەژاندوەو ئازاری پێ چێشتووە،

---

(٥٤٢) ڕۆبرت ئۆلسن، مەسەلەی کوردو پەیوەندییەکانی ئێرانو تورکیا، و: ڕێبوار کەریم وەلی، چ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٤٩.

(٥٤٣) د. کمال مظهر احمد، انتفاضة عام ١٩٢٥، ص ٧٠-٧١.

شێخ سەعید پیاوێکی ئیماندارو پاكو سەر راست بووە، بەڵام هێندەو زیاتریش نیشتمانپەروەر بووە. فەهمی بیلال ئەفەندی کە یەکێك لە هاوکارە نزیکەکانی شێخ بووە، پیاوێك بووە بڕوای بە مەسەلەی ئاینی نەبووە، بەڵام باوەڕ پتەوو نیشتمانپەروەر بووە[٥٤٤]. بێگومان، ئەگەر شێخ سەعید رێبەرێکی رۆحانی دەمارگیر بوایە، هەرگیز بەوە رازینەدەبوو لە تێکۆشانی دژی سیاسەتی کەمالییەکاندا پیاوێکی دژە دینی وەکو فەهمی بیلال هاوکارو هاوسۆزی بێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە دەبێ ئاگاداری ئەوە هەبین کە رۆژی نەورۆز بۆ بەرپاکردنی راپەڕین دیاریکرابوو، دەست نیشانکردنی جەژنی نەتەوەییو سەری ساڵی نوێی کوردان بۆ دەستپێکردنی راپەڕین ناشێت هەروا بە سادەیی سەیر بکرێتو دوور لە رەهەندە نەتەوەییەکەی لێکبدرێتەوە.

ئەو بۆچوونانەی خستماننە روو بەڵگەی سەلماندنی ئەو راستییەن، کە ناشێت راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ بە هۆکارو ناوەرۆكو ئامانجەکانییەوە بە راپەڕینێکی ئاینیو دەروێشیی کۆنەپەرستانە بناسێنین. شێخ سەعید، کە ئامانجی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ بووە دەرکی بەو راستییە کردووە، کە بۆ راکێشانو دنەدانو مسۆگەر کردنی گەورەترین هێزی کۆمەڵایەتی - جەنگی خەڵکی رەشۆکی کوردو نارازییانی کۆماری تورکیای نوێ کارکردن لەسەر فاکتەری دینی لە کارکردن بە فاکتەری نیشتمانیو نەتەوەیی کاریگەرتر دەبێت، بۆیە لە زۆر جێگەدا لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکاندا پەنای بۆ بەکارهێنانی زاراوەو چەمکە ئاینییە ورووژێنەرو هەستیارەکان بردووە. ئەم کارەی شێخ سەعید وەك د. کەمال مەزهەر دەڵێت: وەك هەر بزووتنەوەیەکی تر پەیوەندیی بەشوێنو کاتی دیاریکراوی راپەڕینەکەوە هەیەو لە خودی زەمینەی ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی کوردستانیشەوە سەرچاوەی گرتووە. ناشێت لە دۆخێکی وەکو دۆخی کوردستاندا هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی هەستی ئاینیو ناوەندەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم بۆ بزواندنی جووتیارانو کەرتە کۆمەڵایەتییەکانی تری کۆمەڵگەی کوردەواری لەپێناوی

---

(٥٤٤) برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٣١٥.

بەشداریکردن لە تێکۆشانی رزگاریی نەتەوەییدا بەکارێکی پێچەوانەی لۆجیکی مێژوو دابندرێت[٥٤٥]. وێڕای ئەمانە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بەرانبەر راپەڕینەکە لەزۆر جێگەدا ئەو بۆچوونە پشت راستدەکاتەوە، کە راپەڕینەکە بەمەبەستی سیاسیو لە پێناوی مافی رەوای گەلی کورددا ئاینی بەکارهێناوە، بۆ نموونە حکومەتی ئینۆنۆ وێڕای دەرکردنی یاسایەکی نوێ، کە بە هۆیەوە بەکارهێنانی دین بۆ مەبەستی سیاسی قەدەغەکرا، لەوەش روونتر لە سەرەتای راپەڕینەکەدا لەبەردەم رۆژنامەنووسانی تورکو بێگانەدا گوتوویەتی: "لە پشت دروشمی گەڕاندنەوەی سوڵتانو خەلیفەو شەریعەتو پێدانەوەی تاجی خەلافەت بە یەکێك لە کوڕەکانی عەبدولحەمیدی دووەم، یەك ئامانج هەیە، ئەویش بریتییە لە رۆحی ناسیۆنالیزمی کوردیو هەموو کەسێکیش دەتوانێت دەرك بەو راستییە بکات))[٥٤٦].

راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی خەڵکی کورد بوو، لە م رووەوە کە مەسەلەی نەتەوەیی لە هۆکارە سەرەکییەکانی رێکخستنو گەشەسەندنی بوو. راپەڕین ئەو ئاماژە نەتەوەییو ئاینییەی بە روونی نیشان دا، کە دەبوایە، ناسیۆنالیزمی کوردی بیگرێتە بەر[٥٤٧]. ئۆلسن بڕوای وایە، کە ئەم راپەڕینە نموونەو مۆدێلی سەرەتایی راپەڕینە نەتەوەییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بوو. راپەڕینەکە نوێنەری ناسیۆنالیزمێکی سەرەتایی بوو لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمێکی بەهێزتردا، مێملێ ناسیۆنالیزمی تورکو هەڕەشەش بوو لەسەر تموحەکانی تورکیا[٥٤٨]، یان بە گوتەی لازارێڤ ئەم راپەڕینە یەکەمین وەڵامدانەوەی جەماوەری کوردانی بندەستی تورکیا بوو بۆ ئەو سیستەمەی، کە دوای کۆنگرەی لۆزان نە تەنها لە هەوڵی

---

(٥٤٥) د. كمال مظهر أحمد، إنتفاضة عام ١٩٢٥، ص٧٢.

(٥٤٦) لە: المصدر نفسه، ص٧٥.

(٥٤٧) ئۆلسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل٢٤٩.

(٥٤٨) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٢-٢٥٣.

زینـدە بـە چـاڵکردنی خـەون‌و هیواکـانی کـورددا بـوو، بـەڵکو نـەیتوانی بڕیـارێکی دادپەروەرانەش سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی کورد بدات.(٥٤٩)

ڕاسـتە، شـێخ سـەعید پیـاوێکی ئـاینیی‌و لەسـەر بنـەمای سـەرمایەی ڕەمـزی سۆفیزمی نەقشبەندی بنەماڵەکەی هێزو پێگەی کۆمەڵایەتی، ئـابووریی خـۆی بـەهێزتر دەکات، بەمانایەکی تر سەرمایەی ڕەمزی دینی دەبێتە فاکتەرێکی گرنگی کۆکردنەوەو دواتریش ڕێکخستن‌و بزواندنی خەڵکی کورد، بـەڵام تـەواو پێچـەوانەی لـۆجیکی مێـژوو ڕەفتـار دەکـەین، ئەگـەر هۆکـارە سیاسـیی‌و کۆمەڵایـەتیی‌و ئابوورییـەکانی ڕاپـەڕین فەرامۆش بکەین‌و پێمان وابێـت مـادام شـێخ سـەعید پـەنای بردۆتـە بـەر بـەکارهێنانی چەمك‌و زاراوە ئاینییـەکان ئیـدی دەبێـت ڕاپەڕینەکـە ڕاپـەڕینێکی دینـی بێـت. ئەگـەر بەپێی ئەم لۆجیکە دیینییە ناوەرۆکی ڕاپەڕینەکە ڕاڤە بکەین، ئەوا دەبێ لـە ڕاپـەڕینی ساڵی ١٨٨٠ی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییـەوە تادەگاتـە ڕاپـەڕینی سـاڵی ١٩٢٥ی شـێخ سـەعیدی پـیران بـەپێی هـەمان میتـۆدو ڕوانـین لێکبدەینـەوە، چـونکە جووڵانـەوە نیشـتمانیی‌و نەتەوەییـەکانی پـێش ڕاپەڕینەکـەی شـێخ سـەعیدیش لـە پـەنابردن بـۆ بـەکارهێنانی زاراوەو دروشمـە ئاینییـەکان‌و کارکردن لـەنێو چـەمك‌و مانـا دینییەکانـدا درێغییـان نـەکردووە، ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەکی تریشـەوە کەمنـەبوون ژمـارەی ئـەو جووڵانەوە ڕزگـاریخوازە نیشـتمانییانەی لـە ئاسـیاو ئەفریقاو ئەوروپاشـدا لـە پێنـاوی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانیاندا پـەنایان بردۆتـە بـەر بـەکارهێنانی سیمبول‌و هێماکـانی دیـن. بـۆ نموونـە ڕۆڵـی پیـاوانی ئـاینی لـە شۆڕشـی بیسـتی عـێراق، ڕۆڵـی عەبدولقادری جـەزائیری وەکـو شـێخێکی تەریقـەتی قـادری لـە جـەزائیر، بزووتنـەوەی سەنوسی لە لیبیاو بزووتنەوەی مەهدی لە سودان‌و گـەیلان لـە ئێران‌و...هتـد. ئەمانـە تێکۆشەر، یان بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشـتمانی دژی داگیرکـەران بـوون، بـەڵام ناشـێت لەبەر ئەوەی پەنایان بردۆتە بەر مانای دینی، بە بزووتنـەوەی ئـاینی ڕووت دابنـدرێن. وێڕای ئەوانە لە خودی دەوڵەتی عوسمانیدا گەلانی باڵکان لەسـەدەی نۆزدەوە لەسـەر بنچینەی جیاوازیی ئاینی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانی دژی دەوڵەتی عوسمانییان درێژە

(٥٤٩) لازاريف، النضال والإخفاق، ص ٧٣.

پێدا، دواتریش مستەفا کەمال ئەگەرچی پیاوێکی ئاینیش نەبوو، بەڵام لە قۆناغی خەباتی سەربەخۆیی تورکدا، سیمبولی موسڵمانبوون‌و چەمکی برای دینی کردە بەشێك لە دروشمەکانی خۆی لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیادا.

